ن / هنری ترۆایا

# مردووی زیندوو

یان

# دزیی ئەدەبی

و : حەمەکەریم عارف

## پێرست

حەمە کەریم عارف پیاوێک لە.....شێرکۆ بێکەس

وتەیەک

دەقی ڕۆمانەکە:

بەشی یەکەم (یازدە"١١" فەسڵە)

بەشی دووەم (پازدە"١٥" فەسڵە)

## حەمە کەریم عارف

# پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێک وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێک لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە ڕۆژنامەیەک ونە گۆڤارێک و

نە شەقامێکی کەرکوک ونە مەقامێکی

عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم

کەسی تر نا.

کەرکوکییەک

پڕ پڕ لە کوردستان و

لێوانلێو لە جیهان!

کەرکوکییەک

هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو

پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.

لە دنیاوە

چەندین دەریاچەی ڕۆمانی

ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.

چەندین نزاری چیرۆکی

هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.

چەندین ئاوێنەی دیرۆکی

بە دەوونماندا هەڵواسی.

کەرکوکییەک

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەک..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاک لەندەن. گۆگۆل.

سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای رێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەک کە سەر رێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سلاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سلاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سلاو!

**سلەیمانی ١٥/٧/٢٠٠٩**

**ئەدەب وهونەر/ ژمارە (٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٣/٧/٢٠٠٩**

وتەیەک

هنری ترویا ( ١٩١١ — ٢٠٠٧ ) ، کە ناوی ڕاستەقینەی ئەو لیڤ تاراسوفە ، لە ساڵی ١٩١١ لە مۆسکۆ هاتووەتە دنیا . لە ساڵی ١٩١٧ دا ، لە کاتی شۆڕشی ڕووسیەدا ، بەخاو وخێزانەوە ، ڕووسیا بەجێدێڵن و زۆر وڵات و دەڤەرێن وەک قەفقاز ، تورکیا و ئیتاڵیا و فەرەنسا تەی دەکەن و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٢٠دا لە فەرەنسا و لە شاری پاریس دەگیرسێنەوە و خوێندن لەوێندەر تەواو دەکات . ترۆایا ، بەشی مافی خوێند و شادەتنامەی بەکالوریۆسی وەرگرت و ناسنامەی فەرەنسی وەرگرت . ترۆایا ، لە تافی لاویدا و لەساڵی ١٩٣٥ دا ، ڕۆمانێکی بە ناونیشانی (کازیوە) بڵاوکردەوە کە خەڵاتی باشترین ڕۆمانی میللی پێ وەرگرت . پاشان لەساڵی ١٩٣٨ دا ، خەڵاتی گنکوری لە سەر ڕۆمانی (جاڵجاڵۆکە ) وەرگرت . کە ئەم خەڵاتە گەورەترین خەڵاتی ئەدەبییە لە فەرەنسادا . هەر وەها بەر لە (جاڵجاڵۆکە) چەند چیرۆکێکی دیکەی بڵاوکردنەوە ، لەوانە (حەوزی ماسی) کە ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد و هەروەها (شکۆی سروشت) و (کلیلی گومەز) ، کە خەڵاتی ئەدەبیی (ماکس بارتو) ی لە سەر وەرگرت . هەرچەندە ئەم نووسەرە لە فەرەنسادا گەورە بووەو لەژینگە ڕۆشنبیرییەکەی ئەوێندەر ، پەروەدە بووە ، بەڵام لە قووڵایی ناخیا ماک و هەوێنی ئەدەبی ڕەسەنی ڕووسی هەڵگرتووە ، بۆیە ئەو کەسەی بەرهەمی ئەم دەخوێنێتەوە ، وا هەست دەکات بەرهەمی یەکێک لە ئەدیبانی ڕووسی وەک تولستوی و دۆستویفسکی دەخوێنێتەوە .

دەشێت بەرهەمی هنری ترۆایا بکرێت بەسێ بەشەوە :

١ — ڕۆمانی مێژوویی کۆمەڵایەتی ، کە زۆربەی ئەم بەرهەمانە ڕۆمانی گەورەی چەند بەرگین و ڕووداوەکانیان لە وڵاتانی فەرەنسا و ڕووسیا ڕوو دەدەن ، لەوانە : ( تۆودان و دروێنە (١٩٥٣ — ١٩٥٨) پێنج بەرگە . تازەوی زیندووە (١٩٤٧ — ١٩٥٠ ) سێ بەرگە ، دادپەروەران ( ١٩٥٩ — ١٩٦٣) ، پێنج بەرگە .

٢ — ژینامە ، بریتیە لە بیوگرافیای کەسایەتیانی ئەدەبی یان مێژوویی و لەوانە : دوستۆیفسکی ١٩٤٠ ، پوشکین ١٩٤٦ ، تولستوی ١٩٥٦ ، گوگول ١٩٧١ ، چیخوف ١٩٨٤ ، گورگی ١٩٨٦ و فلوبیر ١٩٨٨ .

٣ — چیرۆکی کورت و ڕۆمانێن سەربەخۆ کە زۆربەیان مامەڵە لە گەڵ لایەنە قووڵە دەروونییەکاندا دەکەن و زۆربەی کاراکتەرەکانیان خەڵکانی هاوعەسری نووسەرن .

هنری ترۆایا لە ساڵی ١٩٥٩ دا بووە بە ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسا ، بە یەکێک لە نووسەرە گەورە وهاوچەرخەکانی فەرەنسا دەژمێردرێ .

سەبارەت بەم ڕۆمانە (مردووی زیندوو یان دزیی ئەدەبی ) یەکێکە لەو داستانە ئەخلاقیە مرۆڤانیانەی مەگەر شاکارێکی وەکو ( تاوان و سزا )کەی دوستویفسکی هاوتای بکاتەوە . ئەوەی نەیخوێنێتەوە پەشیمانە . وەکو حەڵوای تەن تەنانی تا نەیخۆی تامی نازانی .

٢٠١٨/٦/٥

# بەشی یەکەم

## فەسڵی یەکەم

ئایا ئەمشەویش ، بیانوو دەدۆزمەوەو خۆم لەم کارەم دەدزمەوە ؟ ئایا ئەم لاپەڕەیە دەدڕم کە دە کەڕەتم لە هەوەڵەوە نووسیوەتەوە و ئەم هەموو ڕەشکردنەوە و خەت پێداهێنانەی ، نیشانەی ماندوویەتی و پەرێشانی منە ، ئایا ئەم لاپەڕەیە دەدڕم ؟ ئەم دەفتەرەی کە من تیایدا دەنووسم ، هەڵوەشاوەتەوە و داوەکەی هەڵپچڕاوە و ، تەنیا چەند پەڕەیەکی زەردی پێوە ماوە . تیشکی چراکە لە دەستم دەدات و تەنیا تا مەچەکم دەر دەکەوێت ، لە گەڵ ئەم پەڕە کراوەیەدا .

ئەم دوو دەستە دەبێ بجوڵێن . دەبی بنووسم .

سوزان ، من باسی تۆ دەکەم . باسی تۆ کە دەنگی پێیەکانت لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەژنەوم . بێگومان جلەکانت دادەکەنی ، بەو ڕەفتارە خاوەتا دیارە کە شەوان تووشی دەبی ، لە ئاوێنەکەدا دەڕوانیتە ڕوخسارە باریک و سپیەکەت ، جەناگە باریک و تیژەکەت ، گۆنا پانەکانت ، چاوە قاوەییەکان و لێوەکانت . بە بێدەنگی ، بۆ هیچ دەگرژیتەوە ، وا وێنا دەکەیت کە من شاد و بەختەوەرم . چۆن شاد نابم ، ئەدی موناقەشە و گەنگەشەکە تەواو نەبوو ، من تەسلیم بووم و هەرکارێک تۆ بتەوێ دەیکەم ؟

ئەوەندەم لە سەرە دەست بەرم و ئەو بەستە گەورە و سافەی ، کە بەپەتێکی نارنجی بەستراوە و لە سەر مێزەکەم دانراوە ، هەڵگرم . سبەینێ ئەم بەستەیە بە پۆستەدا ڤڕێ دەکەم و ، بەم کارە سادە و ڕۆتینییە چارەنووسمان دەگۆڕێت . لە ئێستاوە ئەو هەنگاوانە دەستی پێکردووە کە بەرەو هەموو مەترسییەکم دەبەن ، بەرەو هەموو ئەو دەرفەت و شانسانەم دەبەن کە تۆ داوای دەکەیت و من زۆریان لێدەترسم . من بە ڕاستی لە ئێستاوە کۆنترۆڵی خۆم لە دەست داوە . خۆم نیم ، بەشێک نیم لە خۆم . دەڕوانمە ئەم بەستە شووم وبێ مانایە ، کە تۆ بەخەتە خوارو خێچەکەی خۆت ، لە گۆشەیەکیا ، ئەو ئەدرەسەت نووسیوە کە بۆی ڤڕێ دەکرێت .... وەشانخانەی برایانی پریور .... و لە ژێریا ناوی نێرەر .... جاک سوربییە .

لە ناوەکەی خۆم کە بەم خەتە خۆشە نووسراوە دەترسم . ئەم ناوە لە سەرووی پیتە سفت و مکوومەکانییەوە ، بە جۆرێ تەمەشام دەکات وەکو ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە نەبێ ، لێم جیابوو بێتەوە ، لێم دابڕابێ ، بووە بە قەوارە و

بوونەوەرێکی بەردین و هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە ، خۆی سازداوە و ئامادەکردووە لە دوای من بمێنێ و بژی . جا بۆئەوەی ئەم ناوە لەمەو دوا ترس نەخاتە دڵمەوە ، لەو شتە نەترسم کە ئەم ناوە دەینوێنێ و دەیگەیەنێ . ئەم بیرەوەریانە بەوپەڕی سەبر و دڵسۆزییەوە دەنووسم .

حەزدەکەم باسی نهێنییەکەمان ، باسی کارەکەمان بکەم . بەڵام دەبێ بۆڕابردووی زۆر دوور بگەڕێمەوە تا هەموو ئەوشتانە روون بکەمەوە . دەبێ گڵی سەر ڕوخساری مردووان لابەرم ، نیگا کوژاوەکان دووبارە ڕوناک بکەمەوە ، سەر لە نوێ وشە بخەمەوە سەر زارە لاڵ بووەکان .

ئایا من بە ڕاستی ئەو لاوە باڵابەرزە قژ لوول و چاو ڕەشەم ، کە هەموو بەیانییەکی زوو بلەز بۆ قوتابخانەی ئامادەیی دەڕۆیی ؟ باوکم تا حەساری قوتابخانەکە لە گەڵمدا دەهات و لەوێندەر بەرەڵڵای ناو ئاپۆڕای پڕ سەرو سەدای هاوپۆلەکانمی دەکرد . ئەوجا ئاوڕم دەدایەوە تا بیدینم کە چۆن بەهەنگاوی لەرزۆکەوە خۆی بە زارکی تاریکی ئەو تونێلەدا دەکرد و دەچوو بۆ وێستگەی میترۆ . دەچوو بۆ بانک ، ئەو بانکەی کە تا ئەمڕۆش کاری تیادەکات . تا دوا هەناسەش هەردەچێ بۆ ئەو بانکە ، مەگەر بە زۆر بەر لە مردن دەری بکەن . من هەمیشە بەزەییم بەو بێ نەوایی و دیمەنە کلۆڵەی بابمدا دەهاتەوە کە تۆ ئیرادی لێدەگریت و لۆمەی دەکەیت . بابم پیاوێکە خاکی ، کۆشیار و زەحمەتکێش و ، غەمگین و قوربانی خانەوادە .

بابم جاران لەبەر خاتری دایکم کاری دەکرد و ڕەنجی دەدا ، کە دایکم مرد ، ئیدی لە پێناوی مندا کاری دەکرد ، بەڵام ئێستا ، دوای ئەوەی من لێی جیابوومەوە ، ئیدی لە ڕای کەسدا کار ناکات . بووە بە پیرەمێردێکی ناشیرینی واز وازی خڵەفاو ، کە تەنیا لە پشت باجەی بانکەوە شاد و بەکەیف دێتە بەرچاو ، ئیدی بۆخۆشی و سەرگەرمی خۆی هەندێک لە تۆمار و دەفتەرەکانی بانک بۆ ماڵەوە دەباتەوە و لە ماڵەوە کاریان تێدا دەکات . کەواتە نابێ گاڵتەی پێ بکەی سوزان گیان .

من قوتابییەکی بێدەنگ و خەمبار بووم . دەمزانی کە هەژار و نەبووم ، جلەکانم خراپ شەپرێو بوو ، سەیر ئەوە بوو ئەم هەژاری و نەبوونی و شەپرێوییەم بەلاوە خۆش و لەزەت بەخش بوو . بابم هەردەرفەتێکی بۆ ڕەخسابا ، یەکسەر بیری دەخستمەوە و پێی دەگوتم کە پێویستە ڕێزی سەروەت و سامانی پایەدار و پێگەی مکوومی کۆمەڵایەتی بگرم . تکای لێدەکردم کە بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم بەرین بکەم . دەیگوت :

– کەمی مووچەکەی من ، هی ئەوەیە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیم نەبوو . بەڵام تۆ دەتوانی لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتەوە ، پێگەیەکی باش بە دەست بێنی . سەبارەت بە دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، نابێ دوای بخەی ، تا زووتر دەست پێبکەی درەنگە !

منیش ، وەکو هەموو کوڕانی هاوتەمەنی خۆم چەند دۆست و برادەرێکم هەبوو . ئەوەی ئێستا لەبیرم ماوە تەنیا ناوەکانیانە ، لە گەڵ هەندێ سیما و ڕەواڵەتی کەمیاندا . یەکێک لەوانە ناوی سوپار بوو . قوتابییەکی قەڵەوی تەپۆو تەمەڵ بوو ، لە پۆلدا دەخەوت . مامۆستاکان هەرکاتێ یەکێک لە قوتابییەکان سەرپێچی کردبایە ئەویان دەکردە دەرەوە . یەکێکی دی هەبوو ناوی ڤوتوی بوو ، ئەمە قژ زەردێکی سوورە بوو ، لە کچان دەچوو ، بە درێژایی پشووی بەینی وانەکان ، لە ئابخانەکاندا خۆی دەشاردەوە ، بە بچووکترین تەشەر دەگریا . بەڵام لە هەموویان گرینگتر کەسێک بوو بە نێوی جۆرج گالار ، ئەمە قوتابییەکی ڕەشتاڵەی سەرسەختی شەڕانی و ناجسن بوو ، ئەمە ڕابەری بێ چەند وچوون و بێ هەڤرکی گرووپەکەمان بوو . گالار کەسێکی زۆر بەشەخسیەت بوو ، تەنانەت مامۆستاکانیش لە وەڵام و بەرسڤە ددان شکێنەکانی دەترسان ، ئەو لە هەموو وانە و بابەتەکاندا ، بەپێی زەوق و مەیلی خۆی یان کەسی یەکەم بوو یان دواکەس بوو . ئەو کتێبە فەلسەفیە سەختانەی دەخوێندەوە کە کەسانی دی نە دەوێران بەلایدا بچن ، هەروەها گۆڤاری جەڵەبی و بێ پەردەی دەخوێندەوە و سکێچ و وێنە ڕەش و سپییەکانی بۆیە و کۆپی دەکرد . ئێستاش دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە دەڵێت :

– تەمەشا .... هەنووکە خاڵێک لە سەر سمت و کەفەڵی ئەم ژنە دادەنەم .

دەیگوت یا دەبێت بە کەشیش یان دەبێ بە شەقاوە و چەقۆکێش . ئێمەش بە ستایشێکی ترس ئامێزەوە گوێمان لێدەگرت . ڕۆژێک تەنیا لەبەر ئەوەی مامۆستای مێژوو بە نەهەق نەی هێشتبوو بێتە پۆلەوە ، چەقۆیەکی بە قامکی خۆیدا کرد . ڕۆژێکی دی کاتێ بۆ قوتابخانە هات بۆدرەیەکی ئامال سووری لە دەم وچاوی هەڵسوو بوو و لێوی سوورێکی تۆخ کردبوو ، کاتێ بەڕێوەبەر گازی کردبوو ، گوتبووی کە بەیانی لەخەو هەستاوە ، ڕەنگ و ڕووی زەرد بووە و ، بۆ ئەوەی باب و داکی نیگەرانی نەبن ، هەستاوەو ئەم بۆیانەی بە کاربردووە .

ڕۆژێکی دیکە ، ڕۆژێکی دی لە یاد و ئاهەنگی سان شارلمانیدا داوای لێدەکەن وتارێک بدات ، کەچی قەسیدەیەکی تووند و هەڕەشەئامێزی خۆی دەخوێنێتەوە کە پڕبوو لە وشە وزاراوەێن وەکو "زریانی کۆمەڵایەتی " .... و "بووکەڵەبازی سەربڕاو " و " ئەو جەماوەرەی بەرەو ڕۆشنایی باڵادەچن " . بەڕێوەبەر ، بە ئانقەست خۆی لە ستایش کردنی ئەم کۆپلە شیعریە دزییەوە . بەڵام من بە هەناسەیەکی تەنگ و لاقێن لەرزۆکەوە داوام لە گالار کرد کە کۆپییەکی قەسیدەکەیم بداتێ . دوو مانگێک پێش ئێستا ئەو بەیتە شیعرانەم ، لە کۆنە نامیلکەیەکدا دۆزییەوە .

جۆرج گالار ، تا دوا ڕۆژەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ ، هەر قارەمانی سەرەکی ڕووداوە تایبەتیەکانی قوتابخانەکە بوو . دوای ئەوە ئیدی نەم بینییەوە . نە ئەو و نە من کەسمان هەوڵی ئەوەمان نەدا ، جارێکی دی یەکدی بدینینەوە .

من بەشی مافم تەواوکرد . لە گەرمای پۆلێن گەورەی جامخانەداراندا ، کە بەڕێوەبەران و چاودێرانی بێدەنگ پیاسەیان تێدادەکرد ، بۆ بڕینی تاقیکردنەوانی بێفایدە ناونووسیم کرد . کاتێ تاقیکردنەوەکانم بڕی ، کەوتمە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی کارێکدا ، پەی دەرپەی لە دایەرەکاندا ، لە کۆمپانیاکانی بیمەدا ، لە بنکەبازرگانیەکاندا کارم دەکرد .... سەرەنجام بە کۆمەکی هەندێک لە دۆستانی بابمەوە ، پۆستی سەرنووسەری گۆڤاری ( ڕاتاپلان ) م " واتا تەپڵ لێدان " بە دەستکەوت ، کە تایبەتە بە مێرمندالان .

بە هەر شێوەیەک بوو ، خەرجی ژیانم دەردێنا . هەر سێ مانگ جارێک ، لەو دەستنووسانەوە کە خوێنەران بۆ گۆڤارەکەیان دەنارد ، چیرۆکێکی سادەم دەردێنا و دەمنووسی . هیچ خەم و خولیایەکم نەبوو جگە لەوەی خەرجی ژیانم دابین بکەم ، ئەگەر ئەو ڕۆژە تۆم نەدیبا بێگومان هەرگیز دووچاری هیچ بەرزە خەیاڵییەکی دی نەدەبووم سوزان .

سێ دانە ساڵ بەسەر ئەم دیدارەدا بوریوە ، کەچی هیچ شتێکی ئەو چەند سەعاتەم بیر نەچووە کە تۆم لەگەڵ بوویت .

من و بابم خەریکی خواردنی فراڤین بووین کە پۆستەچیەکە وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی ، دوو جاران لە دەرگای دا ، نامەیەکی لە ژێر دەرگاکەوە خستە ژوورەوە و هاواری کرد :- پۆستەچی هاتووە !

من هێشتاش ئەو زەرفە سپیە قەراخ ڕەشە دەبینم کە لەژێر دەرگاکەوە و بە سەر ئەرزە پارکێت کراوەکەدا خزییە ژوورەوە ، زەرفەکەم هەڵگرت و لە دەستمدا هەڵمسەنگاند ، ئەوجا بەنینۆک هەڵم پچڕی ، کارتێکی تیابوو ، کە هەواڵی مەرگی کۆنە هاوپۆلەکەمی ، دوکتۆر جۆرج گالاری ، ڕادەگەیاند . نامەکە ، بە ئەدرەسی ماڵە کۆنەکەمان ڤرێ کرابوو و ، دوو ڕۆژ دوای ڕێ و ڕەسمی ناشتن و پرسەکەی گەییە دەستم . یازدە دانە ساڵ بوو ، گالارم نەبینی بوو و کەسیشم لە ماڵباتەکەی نەدەناسی . پاشان لە سەرووی لیستی ناوی کەس و کار و خزمەکانیا ، ناوی مەدام جۆرج گالارم بەرچاو کەوت ، ئیدی کارتێکی هاوخەمی و سەرخۆشیم بۆڤرێکرد .

دوای دوو ڕۆژ سوپاسنامەیەکم لە مەدام گالارەوە پێگەیی کە سوپاسی هاوخەمی کردبووم و دەعوەتی کردبووم کە هەرکات و ڕۆژێک بۆم بلوێ بچمە سەردانی و لەنامەکەیدا نووسیبووی : " هەستدەکەم پێویستم بە دیتنی هەموو کۆنە دۆستەکانی جۆرجە تا لەڕێگەی دەردەدڵ و بیرەوەرییەکانی ئەوانەوە ، کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو پیاوە بدۆزمەوە کە خۆشم دەویست " .

بەداخەوە بووم کە خۆمم تووشی ئەو تەنگەژەیە کردبوو و ، ئەو دەعوەتەم قەبووڵ کرد . چونکە دیمەنی ژنێکی غەمگین و چاو بەگریان دڵی دەگوشیم و ناڕەحەتی دەکردم . ئەم جۆرە ژنانە بە جۆرێ گریە و زاری دەکەن لە

تۆوایە پێداویستییەکی فیزیۆلۆجی تێردەکەن . بابم پێداگرییەکی زۆری کرد تا ئەو دەعوەتەم قەبووڵ کرد ، دەیگوت :- بێگومان ژنێکی زۆرچاکە ، تۆش خەڵکێکی زۆر ناناسیت . ئەگەر بتەوێ خەڵکی یارمەتیت بدەن ، دەبێ کەمێک وەدەر بکەوی و خۆت نیشانی خەڵکی بدەیت ! من بۆینباخە ڕەشەکەی خۆمت بە قەرز دەدەمێ و تۆش دەستکێشەکانت لە دەست بکە !

بەچاوانی گەش و سمێڵە نەرمەکەیەوە کەوتە هاتو چۆ بەم لاو بەو لادا ، ئەوجا بە ئەسپایی کەوتە نەوازشتی پشتم و گوتی :- ئاە ! خۆزگە ئەو ئیمکاناتەی تۆم دەبوو کوڕەکەم !

***

دوای چەند ڕۆژێک کارەکەرێکی ، دەم وچاو نموسی شملاوی ، بۆ هۆڵی میوانی ماڵباتی گالار پێشم کەوت . هۆڵێکی ، بچووک بوو . دیوارەکانی بە کاغەزێکی کەسکی کاڵی نیتک نیتکی زیوین داپۆشرا بوو . ڕیزێک گۆڤاری ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر مێزەکەی ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دانرابوو . هەوای هۆڵەکە بۆنی سپرتۆ و سملی کێوی لێدەهات . لە سەرووی دەرگاکەوە وێنەیەکی کاریکاتۆری گالار ، بە باڵاپۆشی سپی دوکتۆری و کڵاوی پزیشکییەوە هەڵواسرابوو . وێنەکە هی ئەو ساڵانە بوو کە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بوو . یەکسەر دەم و چاوە وردیلە فێڵبازەکەی ، چاوە زیتەڵە و وریا و زەقەکانیم ناسییەوە . نیگارکێشەکە بزەیەکی زەقی شێتانەی خستبووە سەر لێوی . چەند پەڵە خوێنێک لێرەو لەوێ بە بەرکۆشەکەیەوە بوو . هەندێ دەستی بڕاو لە گیرفانەکانییەوە سەریان دەرهێنابوو . پزێکی (جنین) ئاوساوی سەوزباوی بە دەستەوە گرتبوو . بۆچی ئەم نیگارە ترسناکەیان لە دوای مردنی گالار لا نەبرد بوو ؟

سەعاتێکی گەورەی دێهاتی لە ڕاڕەوەکەدا لێی دا . چەند پێڵاوێکی کۆنە لە سەر پارکێتەکە کەوتبوون . باران لە دەرێ ڕا دەستی پێکرد و بە شووشەی پیسی پەنجەرەکەدا دەچۆڕایەوە . یەکێک لە گۆڤارە ڕەنگاو ڕەنگەکانی سەرمێزەکەم هەڵگرت . چەند پەڵەیەکی گەورەی قاوەییم بە پەراوێزی بەرگی گۆڤارەکەوە بینی ، گۆڤارەکەم لە جێی خۆی دانایەوە . لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە . ژنێک لە هەنبەرمدا وەستا . ڕوخساری زۆر زەرد و گۆناکانی پان بوون . چاوە ڕەشەکانی خەمیان لێدەباری . بزەیەکی کاڵ بە سەر لێویەوە بوو .

لە نێو هەموو ئەو وێنانەی تۆدا کە لە زەینمدا هەڵمگرتووە و ماوە ، ئەم وێنەیەیە کە تا نەهاژی سەرسامم دەکات ، بەژن و باڵات لە جلە ڕەشەکانتا جەڕی بوو و هێندەی دی باریکی دەنواندی و لە جەستەی کچۆڵەیەک دەچوو . دەستە نەرم و سپییەکانت ، بێ جووڵە ، لە هەردوو لاوە لە ئاستی کەمەربەندە ڕەشەکەتدا شۆڕ بوو بوونەوە . جۆرە

سەرگەردانی و شپرزەیی و لاوازییەکی لە ڕادە بە دەرت پێوە دیاربوو . هەنگاوێ دوان هاتیە پێشەوە و هەستم کرد خەریکە دەکەوی . کەچی تۆ سەرت هەڵبڕی و چاوانت لە دوڕ چاوانم بڕی و گوتت :

– فەرموو دانیشە قوربان ، بمبوورە کە دەعوەتم کردیت بێیتە دیدەنیم ، خەم و پەژارە ، مرۆڤ خۆ پەرست دەکات . ئەزیەتم داوی ؟

– نا ، خانم .

– من پێویستیم بەوەیە زۆرترین زانیاری لەمەڕ شووەکەم کۆبکەمەوە ، چونکە دەرگای ئایندەم لێداخراوە ، لە ڕابردوودا بۆی دەگەڕێم . دوای مردنی ئەو .... دروستە ، تۆ نازانیت .... بە شێرپەنجەی جگەر مرد .... ئاە ! بەڵام زۆر باش پێی ڕادەگەیشتین و دەرمانمان دەکرد .

لە پڕ گۆناکانت سوور هەڵگەڕان ، لووتت بە دەستەسڕەکەت سڕی و من ڕوشانێکم بە سەر دەستەوە بینی . پرسیم :

– ئەدرەسی منت لە کوێ دەست کەوت ؟

– لە یەکێک لە کۆنە دەفتەرەکانی مێردەکەمدا دۆزیمەوە ، لە گەڵ ئەدرەسی هەندێک لە هاوڕێکانی دیکەی سەردەمی قوتابخانەی ئامادەییدا دۆزیمەوە . نامەم بۆ هەموویان نووسی . لە ناو هەموویاندا تەنیا تۆ وەڵامت دامەوە . ئایا لەبەر ئەوەبوو کە زۆرت خۆش دەویست ؟

– زۆرم خۆشدەویست وبگرە زۆریش دڵبەندی بووم . بەڵام لە دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی ئامادەییەوە ، ئیدی ئەوم نەبینی ، ئیدی مەشغەڵەتی جیاواز و فاکتەرێن هەڤدژ ، خەم و خولیا و حەز و خۆزگەین جیاواز لێکدی دووری خستینەوە ....

ئاهێکت هەڵکێشا ، هەردوو دەستت ، بێ جووڵە نانە بەر هەردوو زرانیت و پێت گوتم :

– مخابن ! زۆرجار خەفەتم لەوە دەخوارد کە تاقە یەک هاوڕێی سادە و دڵسۆز و ئارامی بە دیارەوە نییە . ڕاستە نەخۆش بوو ، نەخۆشییەکەی کوشندە بوو . بەڵام تەنیایی کوشتی . بە هۆی تەنیایی و نەخۆشییەوە مرد . تەنیایی و غرور ، تووڕەیی و بێزاری بەردەوامی ....

– هەست دەکەم نە گۆڕابوو . لە قوتابخانەشدا زۆر ئاڵۆز بوو ، ڕەفتاری ئەوەندە ئاڵۆز بوو کە مامۆستاکان نەیاندەتوانی لێی تێبگەن ، لە بیرمە ڕۆژێک ....

تۆ بە دەم گوێگرتنەوە ، لەو بیرەوەریانەی کە من سەبارەت بە کردنە دەرەوە و فەرتەنە نانەوە و تاقیکردنەوەوە دەم گێڕایەوە ، ڕوخساری ڕەنجاو و شپرزەی خۆت بە جۆرێ لە من نزیک کردەوە کە ترسام . چاوەکانت پرشنگیان دەدا ، دەنگی هەناسە کورتەکانتم دەژنەوت . بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە گوتت :

- بەڵێ .... بەڵێ ! .... دەقاو دەق وابوو ! .... کەسێکی زۆر نائاسایی بوو ! هیچ کەسێک تێی نەدەگەیی !

سەعات چواری دوای نیوەڕۆ ویستت چای و شەرابم بۆ بێنی ، داب و نەریتی بورژوایی وایدەخواست کە ئەو شتانە بەو میوانانە بدرێ کە دەهاتن بۆسەرخۆشی ، تۆ مداراکردنی ئەم داب ونەریتەت ، لە خەمباری خۆت بەلاوە گرینگتر و فەزتر بوو . بە کارەکەرەکەت گوت :

- ماری .... بوتڵێک لەو شەرابە هەڵێچرە کە ئاغات لە سەفەرەکەیدا دەگەڵ خۆی هێنابووی ....

ئەم ڕەفتارەی تۆم بەلاوە سەیر بوو . تەریق بوومەوە ، نەمدەزانی چ بکەم . پێم ناخۆش بوو ، لە بەر چاوی بێوەژنێکی گەنج و جواندا ، بەو گوساخیە مەی بخۆمەوە و جگەرە بکێشم . شەرمم لە سەلامەتی و تەندروستی خۆم ، لەدەستە گەرمەکانم ، لە دەنگ ، نیگا ، تینوویەتی و تامەزرۆیی خۆم دەکرد ، چۆن دەتتوانی تەحەمولی ئەوە بکەی من بژیم ، لە کاتێکا ئەوی دی مردبوو ؟

ژێرا وژێر تەمەشام دەکردیت . بەڵام نا ، نەخێر تۆ ڕقت لێم نەبوو . بگرە پێدەچوو بە دیتنی من ، کە بە قومی بچووک شەرابەکەم دەخواردەوە ، لەزەت ببینی ، پێت گوتم :

- بەڵێ .... دەبوایە دۆستانێکی زۆری وەکو تۆی لە دەوری خۆی خڕ بکردایەتەوە ، تا فێربوایە چۆن بژی ، تا کەمێک لە کورسی غرور و بورجی عاجی هاتبا خوارەوە . ژنێک بە تەنیا ناتوانێ بە گژ پیاوێکی وەکو ئەودا بچێت ، زۆرم لە گەڵدا گوت ، تکام لێکرد ، لێی پاڕامەوە کە کەمێک ئاقڵ بێت ، هەڕەشەم لێکرد ، بەڵام فایدەی نەبوو ، وازی لە سەرسەختی خۆی نەهێنا و نەهاتە ڕەدا و نەهات ....

هەستم کرد ، چاوەڕوانی ئەوەی کە من زەمینەت بۆ خۆشبکەم ، تا یەکسەر بکەویتە دەردەدڵ ، لە بن لێوانەوە گوتم :- بێگومان زۆرت عەزاب کێشاوە !

بە پەلە و بە شێوەیەکی ترسناک سەرت لەقاند و گوتت :

- هیچ گرینگ نییە . هەستم دەکرد کە قەدەر و چارەنووس ئەرکی قورس و گەورەی بەملی مندا داوە ، هەستم بە خوشحاڵی دەکرد ، کە لە پێناوی جۆرجدا ، قوربانی بەخۆم بدەم . هەموو شتێکم لێی قەبووڵ دەکرد ، زۆر جار لە

ماڵ وەدەردەکەوت ، سێ دانە ڕۆژی پێدەچوو ، کە دەهاتەوە تاقە قسەیەکی دەگەڵ مندا نەدەکرد . دەمزانی بە دیتنی چارەی نیگەران و دەستانی لەرزۆکی من ، لەزەتی دەبینی . هەندێجار ئەوەم لە چاوانیا دەخوێندەوە کە حەزدەکات سەری گەنگەشەیەکی گەوجانە بکاتەوەو مستێک بە مێزەکەدا بکێشێت و هەموو شتەکانی سەری ژێرو ژوور بکات . شەڕێکی گەورە بنێتەوە . من زەمینەی ئەم شەڕەم بۆ خۆشدەکرد ، تا بتوانێ تا زاری دەگرێت هاواربکات و دەرگاکە بە توندی ، شاق بدات بەیەکدا و بەجێم بهێڵێ . جاری وا هەبوو بۆ ماوەی چەندین شەو خۆی لە نووسینگەکەیدا حەپس دەکرد . ئیدی من دەبوایە لە ژوورەکانی تەنیشت ژوورەکەی ئەودا لە سەر نووکی پێیان ڕێ بکەم . ڕۆژنامەکەی لە سەر مێزی نانخواردن دەخوێندەوە ، کەس بۆی نەبوو بێزار و ناڕەحەتی بکردایە ، تەنانەت ئەگەر لە تەلەفۆنیشدا داوا بکرایە ، کەس بۆی نەبوو بانگی بکات . دۆست و ئاشنای نەبوو . تێکەڵی هاوکارەکانی نەدەبوو . لە هەمووان بێزاربوو ، خۆی لە هەمووان دەدزییەوە . کەسێکی تووڕە و توندە تەبیعەت و بەتانە و تەشەر بوو ، ئەمە وایکرد بوو کە مشتەرییەکان لێی بتۆرێن ، ئیدی زۆر زوو ناچار بووین کە باربکەین و ماڵەکەمان بگوازینەوە ، چونکە کرێی یەکەمین ئاپارتمانمان زۆرگران بوو . ئیدی بارمان کرد و لێرە گیرساینەوە ....

به ناخۆشی و کەسەرەوە لێوت هەڵقورتاند و من دەستم گرتیت و لێم پرسیت :

– قەت شادی و جۆش و خرۆشی بۆ نە دەگەڕایەوە ؟

– با ، ئەدی مەعنای چی ! ئەگەر هەندێجار هەست و سۆز و فرمێسک و ناڵە یان میهرەبانی برایانەی دەر نەبڕیبا چۆن دەمتوانی بەرگەی ئەو ژیانە بگرم ؟ .... ئەوە هیوای پێ دەبەخشیمەوە و ئیدی لە دنیای دەسکردی کتێبان و موزیقا دەرم دەهێنا و دەمبرد بۆ سەرگەرمی ئاسان و سادەی شانۆ و سینەما .... بەڵام لە ناکاوا ، لە گەرمەی نمایشدا ، هەستم دەکرد لە من دوور دەکەوێتەوە و دووبارە بۆ شێتاتیەکەی دەگەڕێتەوە .... ئاه ! ئەگەر دەزانی چ ڕۆژگارێکم بە سەر برد ! ....

به زمانە لاڵکێوە گوتم :– چەند ترسناکە !

ڕق و کینەیەکی کت و پڕم دەرهەق بە جۆرج گالار لا دروست بوو ، بە شێوەیەکی گۆنگ و ئاڵۆز وام هەستکرد کە ئەگەر بێ بەزەییانە هەموو خەتایەکان بەملی ئەودا بدەم ، تۆ سوکناییت دێت و باری دەروونت سووک دەبێت ، گوتم :– تەحا لەو خۆپەرستیە ! چ بێ ویژدانێک بووە !

تۆ بە دەنگی نەوی گوتت :– هیچی دی مەڵێ .... چونکە هەم حەیفە و هەم فایدەی نییە .

جارێکی دی لێم پرسیتەوە :- باشە هیچ شتێکی درست نەکرد ، هیچ شتێکی بەرهەم نەهێنا ، هیچ بەرهەمێکی بەچاپ نەگەیاند کە بەڵگە و نیشانەی بلیمەتی ئەو بێت ؟

- نە ، هیچ شتێک ، وەکو ئەستێرە ڕاخۆشی و ڕۆیی . هەموو ئیمکاناتێکی هەبوو ، هەموو شتێکی لەبەر دەستدا بوو ، بەڵام بە کەماڵی ئارەزوو و بە ئانقەست دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بوو .

***

ڕوناکی ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو . تەمەشام کرێت ، پشتت کوور بوو بووەوە ، هەردوو دەستت بە ئەژنۆکانتەوە بوون ، ئازارت دەچشت . بۆنێک لە قژتەوە هات و تێکەڵ بەبۆنی خمی کراسەکەت بوو . دەمارێک بە نێو چەوانە زەردەکەتەوە بەرجەستە بوو . وام خەیاڵ دەکرد کە ساڵەهایە دەتناسم ، ساڵانێک لەوە پێش لەم ماڵەدا لە گەڵتا ژیاوم . ئەو پێکە شەرابەم هەڵدا کە جاری دووەم بۆت تەژی کردم . قامکم بەزار و لێوە تەڕەکانمدا هێنا .

پاسێکی گەورە تێپەڕی و شووشەکانی لەراندەوە ، سەرم کەمێک دەسوڕا . گەرمام بوو ، شەرمم دەکرد ، حەزم دەکرد هەڵێم . چاوم هەڵبڕی ، دووبارە نیگام لە سەر کاریکاتۆرە ترسناکەکەی گالار گیرسایەوە ، وام هاتە بەرچاو کە بەرکۆشەی قەسابی لەبەرە ، چاوێکی نووقاندبوو ، پزێک بە دەستە خوێناوییەکەیەوە بوو . گوتم :

- دەبێ بڕۆم .

- تۆزێکی دی دانیشە ، زۆر کەم دەرفەتم بۆ دەڕەخسێ کە قسان لەگەڵ کەسێکدا بکەم و برێک لەخۆم دوور بکەومەوە .

- ئەدی لە گەڵ کەس وکار و داک و باوکتا ؟ ....

- ئەوان لە دەرێی شار دەژین .

- ئەدی کەس وکار و داک و بابی جۆرج ؟

- قسەم لە گەڵیان نییە ، ئەوان پێیان وایە من کار و پیشەکەی جۆرجم تێکداوە و ئەو شایستەی هاوسەرێکی باشتر بوو ، دەڵێن مشتەرییە باش و دەوڵەمەندەکانی جۆرج ، دوای زەماوەندەکەمان لە جۆرج تەکینەوە ! هەرکە لە ناشتنی جەنازەکەی بووینەوە ، بە تۆپزی و نە بەدڵی تەوقەیەکیان لە گەڵم کرد و ڕۆیشتن .

فرمێسک لەبەر دەرگای چاوتا دەلەرزی . دیتم فرمێسکەکان یەک یەک ترازان و بە ئەسپایی بە سەر گۆناکانتدا ڕژان . دەست برد و فرمێسکەکانت سڕین ، ئەوکم دەگیرا . گوتم :- خۆت بدە بە سەرمنا با یارمەتیت بدەم .

بە چاوە درشتە گەشەکانت بزەیەکت بۆکردم . چەند جوان بووی سوزان ! چەندم بە دڵ بووی ! چەند دڵم بەحاڵت دەسووتا !

سەعات شەشی ئێوارە بەجێم هێشتی و قەراری دیدارمان بۆ هەفتەی داهاتوو دانا .

ئاە ، ئەو دیدارە یەک لە دووی یەکانە ، لە ماڵەکەی تۆدا ، لە مەیداندا ، لە چاخانە یا لە کەنارێن ڕوباری سین دا . کە هەوڵمان دەدا گوایە باسی جۆرج بکەین ، لە باسەکانماندا ستایشی ئێمە سەبارەت بە جۆرج تێکەل بە جۆرە نەفرەت و کینەیەک بوو بوو . ڕەفتاریمان شیدەکردەوە و بە دوو قۆڵی گلەییمان لێدەکرد ، تا لە سەر حیسابی ئەو ، لە سەر کوشتەی ئەو لەزەت لە دیدارەکەمان بدینین . جۆرج تەنیا بیانوو بوو ، دوای ماوەیەکی کەم ئیدی پێویستمان بەو نەما .

حەزم دەکرد جوانترین وشە بۆ باسی ئەم ئەشقە هەڵبژێرم ، بەڵام ئیدی تاقەتم چوو ، تەنیا یادگارییەکانی مانگەکانی هەوەڵی دیدارەکانمان بگێڕمەوەو کاوێژ بکەمەوە . بەڵام خوازگاری و دەزگیرانداری و زەماوەندە سادەکەمان ، لە گوندی و لە لای ماڵبات و خانەوادەکەی تۆ و ، پاشان گەڕانەوەمان بۆ پاریس ، و هەوەڵێن دژوارییەکانی ژیانمان ، پاشان باسی هەمووی دەکەم .

بۆیە ئەم لاپەڕانە ڕەش دەکەمەوەو دەنووسم ، تا دان بە بابەتێکی دیکەدا بنەم ، بەڵام دان نانێکە هەوڵدەدەم بە هەزار و یەک بیانوو خۆمی لێبدزمەوە .

***

دەستم لە نووسین هەڵگرت ، چونکە سوزان لە دەرگای دا و گوتی :

- کارت زۆر ماوە ؟

- تەنیا چەند دەقیقەیەک .

- باشە من دەخەوم ، لەوەیە ئەگەر بزانی چوومەتە جێگاوەو چاوەڕوانی تۆم ، کەمێک پەلەبکەی .

ئەم دەنگە گەرم ، دڵگیر و شادە ، ئازاری دەدام . چۆن دەتوانی بەم ڕادەیە ئارام و بە سەبر وبە هێز بی سوزان گیان ؟ کاتێک لە پشت دەرگاکەوە دەنگی پێت دەژنەوم ، ئەم ئیعترافەم بەلاوە دەبێ بە شتێکی تورەهات وبێتام و هیچ ، کە بیری لێدەکەمەوە ، گاڵتەم بەخۆم دێ ، ئیدی هیچم لە زەینا نامێنێ جگە لەوەی خۆمت بگەیەنمێ .

***

نیوەشەو ، بە دەم لەرزەوە بێدار بوومەوە . بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشابوو ، سوازن هێشتا لە غوڕابی خەودا بوو ، لە قەراخ تەختە خەوەکەدا بەخواری لوول بوو بوو ، لە سەر نووکی پێ لە ژوورەوە وەدەرکەوتم ، چوومە نووسینگەکەی خۆم ، گڵۆپم پێکرد .

دیسان وام لە بەردەم ئەم دەفتەرچەیەی کە بانگم دەکات . سەعات سێی بەرەبەیانە . هەستی زەرووڕەتی دەربڕین و دان نان بە هەموو شتەکاندا ، تەنانەت خۆمیش سەرسام و نیگەران دەکات . ئیدی ناتوانم بێدەنگ بم ، ناتوانم ڕووداوەکان لە بیربکەم . بێئەوەی بەخۆ بوەستم ، بیرم بۆ هەفتەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی چارەنووسی من بوو .

لە پشت هەمان مێزەوە ، لە ژێر هەمان ڕوناکیدا دانیشتووم ، هەمان شەوی مانگی یونیە ، لە هەمان پەنجەرەی نیوەکراوەوە بە هەموو ئەستێرەکانیەوەو بە هەموو بێدەنگییەکی جوانیەوە لێی دەدایم . سەعات یازدە بوو ، بەستەیەک کاغەزی سپی ، کە بە خەتێکی توند و تووڕە لە سەری نووسرا بوو ، لە بەردەممدا کرابووەوە . خەتی گالار بوو ، ڕێک وەکو جاران بوو ، وەکو ئەو سەردەمەی کە قوتابی ئامادەیی بوو ، هیچ نەگۆڕابوو ، خەتەکەی هەمان چوکڵەی لاکێشەیی ، هەمان خاڵێن ئەستوور و هەمان خواروخێچی پێوە بوو . دەست و خەتێکی شێت و شێتانە بوو .... بەڵام چ خەتێکی دیکە دەیتوانی دەگەڵ ئەم گوتە زبر و هۆڤیانەدا تێکبکاتەوە ؟

تۆ دوو ڕۆژ لەوەپێش ئەم دەستنووسەت دامێ و تکات لێکردم کە بە زووترین کات بیخوێنمەوە ، پاشان ئەم پێشنیازەت بۆ کردم ، کە نیگەرانی کردم .

ناولەپم نایە سەر ئەم بەستەیەی کە ئەم کاغەزە بەنرخ و پیرۆزانەی لە خۆ گرتبوو ، لەبن لێوانەوە گوتم :

– سوازن گیان شتێکی زۆر جوانە . زۆر بەرزە . بە ڕادەیەک جوان و بەرزە ، کە لەو پێشنیازە دەترسم کە بۆ منی دەکەی !

بەڵام تۆ شانەکانت هەڵتەکاند . تۆ لە سەر دەسکی قەنەفەیەکی نەرم دانیشتبوویت ، هێدی هێدی بە فلچەیەکی ناسک ، نینۆکەکانت بۆیە دەکرد . لایەکی دەم وچاوە باریکەکەت کە لە بەر ڕوناکیەکەدا بوو ، سێبەری دەخستە

سەر دیواری کۆتایی ژوورەکە ، چەپکێک لە قژە ڕەشەکەت ، بە خواری کەوتبووە سەر هەنیەت . بە دەنگی نووساو درێژەم بە قسەکەم دا :

- باشە چۆنە ئەم دەستنووسەی بە کەس نیشان نەداوە ، یان بۆ کەسی باس نەکردووە ؟

- لە بڵاوکردنەوە دەترسا ! شەوان ، دوای معایەنەی نەخۆشان ، بە دزییەوە شتی دەنووسی . بۆ خۆی دەنووسی ، بۆ تۆڵەکردنەوە لە کەسانی دی ، تان تۆڵە سەندنەوە لە خۆی ، شتی دەنووسی ، بۆ چارەسەر و دەرمانی ڕۆح و دەروونی خۆی شتی دەنووسی ....

- بەڵێ .... بەڵێ ....

- چەند ڕۆژێک پێش مردنەکەی ئەم دەستنووسەی دایە من ، تکای لێکردم بیخوێنمەوە و لە زەرفی چل و هەشت سەعاتدا بیسووتێنم .

- و ئێستا سێ ساڵ بە سەر مردنەکەیدا تێپەڕیوە .

- دەقاودەق وایە . من نەک ئامادە نیم کتێبەکەی بسووتێنم . بگرە داواش لە تۆ دەکەم ئەم کتێبە چاپ و بڵاوبکەیتەوە . ئەمە شتێکی باش نییە ؟

پێکەنینێکی هێواش و کورتت بۆکرد ، چرچێکی ناشیرین کەوتە سەر پەڕەی کەپووت . بەڵام من سەرم لەقاند و بە دەم بۆڵەیەکەوە گوتم :

- بەڵام من تێناگەم بۆ زووتر بیرت لەوە نەکردووە . کە لەم بارەیەوە قسەم لە گەڵدا بکەیت !

- باوەڕم نەدەکرد ، کە شتەکەت ئەوەندە بەلاوە گرینگ بێ .

بە دەنگی بەرز گوتم :- دەبوایە باوەڕت بکردایە، بە ڕای من کەسێکی وەکو جورج گالار نەیدەتوانی شتێکی بێ کەڵک بنووسێت . یان لاسایی هیچ کەسێک بکاتەوە ! .... کەسێکی وەکو گالار ....

- بەگیانی خۆم .... ئەوەی تۆ دەیڵێی وەکو ئەوەیە بۆی بڵاوێنیەوە !

ئەو کاتەم وەیاد هاتەوە کە بۆ یەکەمجار یەکترمان بینی . ئەو کاتانە چەند گالارت خۆشدەویست ! من لە قووڵایی ئەو ڕاز و نهێنییەدا سەرگەردان بووم ! لەو سەرو بەندەدا ، هەرگیز تەحەمولی ئەوەت نەدەکرد کە کەسێکی بێگانە هەمان ئەو وشانەی دەرهەق بە کاربەرێ ، کە خۆت ئێستا بەکاری دەبەیت . ئەگەر بەمجۆرە باسیان بکردایە ،

چارەت دەدا بەیەکا و لە تووڕەیی و بێزاریدا ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕا . هاوارت بە سەریا دەکرد کە بێدەنگ بێت و باسی موقەدەساتی تۆ نەکات . کەچی ئێستا زۆر بەلاتەوە ئاساییە کە لە گالار بێزار و وەڕز بی . ئایا ئەمە هی ئەو پەڕی بەهێزی من و ئەو پەڕی لاوازی تۆیە ؟

بە تووڕەیی تەمەشام کردیت و گوتم :- ئۆف لە ژنان ، ژنان ! چ دەگەڵ پیاوێکی گومناودا بژین و چ دەگەڵ بلیمەتێکدا ، هەمیشە هەست بە هەمان شادی و هەمان کینە دەکەن ! ئێستا تەگبیرمان چییە ؟ دەبێ چ بڕیارێک بدەین ؟

تۆ فووت لە نینۆکەکانت دەکرد ، چونکە وشک بوونەوەی بۆیەکەی سەری دوا کەوتبوو . ماوەیەکی زۆر تەمەشات کردم ، ئەوسا بە دەنگێکی ئارام و لێبڕاوانە گوتت :

- وەکو پێمگوتی ، دەبێ ئەم کتێبە بە ناوی خۆتەوە بڵاوبکەیتەوە .

- باشە بۆچی بە ناوی خۆمەوە ؟

- چونکە ئەگەر بەناوی جۆرجەوە بڵاوی بکەیتەوە ، خانەوادەکەی دەستبەرداری نابن . هەنگێ دەبێ دەرامەتی کتێبەکە دەگەڵ دایک و باب و کەس و کارەکەیدا دابەشبکەی و پرۆڤەکانی کتێبەکەیان پێ نیشان بدەی .... بە خۆت چاک دەزانی چونکە دووساڵ دوای مردنی جۆرج شووم بە تۆ کردووە ، قینیان لێم هەڵگرتووە و .... بە ئاسانی ئەمەیان لە بیر ناچێتەوە ، بۆیە هەوڵدەدەن تۆڵەمان لێبکەنەوە و لە بەشەکەی ئێمەش بخۆن . جا گیانەکەم دەبێ ئەوەشت لە بیربێ کە ئێمە پێویستمان بە پارەیە !

ئەوە بوو ئیعترازم گرت و گوتم من لە کۆڤاوی راتاپلان (دۆڵکوت) پارەی باشم دەستدەکەوێ و قەراریشە لە کۆتایی ساڵدا مووچەکەم زیاد بکرێت .

تۆ دەستت دا بەیەکدا و گوتت :

- سەیرە ، ئێمە کرێی دوو مانگی تەلەفۆن قەرزارین ، یەک هەفتەیە تەلەفۆنەکەیان بڕیوین ، من جلەکان بە دەست و لە ناو دەستشۆرەکەدا دەشۆم ، کەچی تۆ لافی دەست و دڵ تێری و ڕۆشنبیری لێدەدەی ! بە ڕاستی سەیرە ! ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر کتێبەکە بەو شێوازە بڵاوبکەینەوە کە ئەمە تاقە بەرهەمی ئەدەبییە و پاش مەرگی نووسەرەکەی جۆرج گالار ، ئەو نووسەرە گومناوە ، بڵاودەکرێتەوە، مانای وایە کتێبەکە دەکوژین و هیچ سەرکەوتنێک بە دەست ناهێنێ ! ....

- بۆچی ، تێناگەم لە بەرچی !

- چونکە خوێنەران و ڕەخنەگران حەزدەکەن نووسەرێک کەشف بکەن و پەیگیری چالاکییەکانی بکەن ، کە لە ژیاندا بێ ، پەیامی کەسێکی مردووییان بەلاوە گرینگ نییە . جا بۆ تۆش لەوە مەخسەرەتر نییە ، بێی پارێزگاری لە ڕۆمان و چیرۆکێک بکەیت کە مێردی یەکەمی ژنەکەت نووسیویەتی ! من لە ئیستاوە لە بەر چاومە کە ڕۆژنامە ساتیری و بازاڕییەکان چ شتانێک لەمبارەیەوە دەنووسن ! ....

لە جێی خۆم هەستام ، بەهەنگاوی هەڕاوەوە، بە ناو ژوورەکەدا کەوتمە هاتو چۆ . دنیا گەرم بوو . کراسەکەم لە ئارەقەدا هەڵکشابوو ، هێندە تەڕ بوو بە ناو شان و ورگمەوە دەچەسپا . سەرم کەمێک دەسووڕا . وام هەستدەکرد ناتوانم وەکو پێویست بیر بکەمەوە ، یان وشەکان بدەمە دەم یەکەوە . لە بن لێوانەوە گوتم :

- ئەم شتانە گرینگ نییە ، ڕەنگە هیچ بایەخێکی نەبێ .... من نامەوێ ببم بە دزێکی ئەدەبی .... نامەوێ کاری کەسێکی دیکە بدزم .

هەستم دەکرد ، بەرگری و داکۆکییەکەم لاوازە ، مایەی پێکەنینە . لە دڵی خۆدا بەغیلیم بە تۆ دەبرد کە دەتوانی بەو هەموو خوێنساردییەوە ، ئەو هەموو درۆ و دەغەڵبازیە دەکەیت . گاڵتەت بە من دەکرد ، سەرت برد بووە دواوەو ، چاوەکانت بچووک کردبووەوە ، شادییان لێ هەڵدەقولا ، وتت :

- چەند حەزت لە وشە و زاراوەی قەبە و قەڵەو و بە بریق و باق و ئاهەنگدارە ، بە ڕاستی هێندە لاف و گەزافی دروستکاری و بێگوناهی لێدەدەی ناخۆشت کردووە ! بە ڕاستی سەختگیریە ئەخلاقیەکانت ، تەحەمووڵ ناکرێ !

بە هەڵچوونێکی توندەوە گوتم :

- من دەمەوێ ویژدانم ئاسوودە بێ ، ڕاستەو ڕاست تەمەشای خۆم بکەم ، بۆیە ڕێک و ڕەوان ، بە ڕاشکاوی دەیڵێم ، شەرمە پیاو ناوی خۆی بخاتە سەر کتێبی کەسێکی دیکە . کارێکی زۆر دزێوە .

- دەبێ خۆت بگۆڕی ، دەبێ زمانێکی دی بە کاربەری . هەنگی هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت . تۆ بە زمانی هونەرمەندان باسی مەسەلەکە دەکەیت ، لە کاتێکا دەبێ بە ئەقڵییەتی بازرگان مەسەلەکە تاوتوێ بکەی ، هەنگێ دەبینی یەکپارچە سوود و قازانجە ، هیچ زەرەر و زیانێکی بە دواوە نییە .

- بە ڕاستی تۆ کەسێکی گوساخ و بێپەروای ! .... باشە ئەگەر مەسەلەکە کەشف بوو ؟

- هەرگیز کەشف نابێت ، تەنیا من بە مەسەلەکە دەزانم ، خۆ من ناچم کەشفت بکەم .... وانییە ؟

- نا ، بێگومان لە قاوم نادەی .

لە جێی خۆت هەستایت ، تووند مەچەکت گرتم و ڕەق لە بەر دەممدا وەستایت ، چاوت بڕیە دەم وچاوە پانەکەم کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوو و لە نیگەرانیدا سوور هەڵگەڕا بوو ، ئەوجا پێت گوتم :

- جاک ، کەمێک بیربکەوە .... ئەگەر ئەم کتێبەمان بە ناوی تۆوە بڵاوکردەوە ، چ عەیبێکی هەیە ، زەرەر بەچ کەسێک دەگەیەنین ؟ بە جۆرج ؟ جۆرج مرد و برایەوە . زەرەر بە دایک و بابی دەگەیەنین ؟ ئەوان ، هێندە دەوڵەمەندن کە قەت چاویان لەم شتە تووڕەهاتە نییە . زەرەر بەخەڵکی دەگەیەنین ؟

بە ناڕەحەتیەکی بێهوودەوە گوتم :

- بەڵێ ، زیان بە خەڵکی دەگەیەنین . ئێمە خەڵکی فریو دەدەین .

- ئەمە کاری هەموو بازرگانانە . بۆ خەڵکی چ فەرقێ دەکات کتێبێ بخوێنێتەوە ناوی جۆرج گالاری بە سەرەوە بێ یان ناوی جاک سووربیە ؟ خەڵکی ئەمەیان بەلاوە گرینگ نییە ، تۆش پێت وانییە ؟ بە ڕاستی خەڵکی ئەمەیان بەلاوە گرینگ نییە ....

من لە ژێر گوشاری تۆدا بە ناڕەحەتی و ناشیانە دەستە تەڕەکانم لێک دەسوو تا وشک ببنەوە . ئیدی زۆر پەشۆکاو و شپرزە و بێزار بووم . تۆ لەم گەمەیەدا زۆر تەڕدەست ، لێبڕاو ، زۆر گۆساخ و زۆر ئاسوودە و دڵنیا بووی ، زۆر متمانەت بەخۆ بوو ، بە وشە و نیگاکانت گێژت دەکردم . زۆر بە ئاسانی و بە پێکەنینەوە بە سەرما سەردەکەوتی ، بەڵام وێڕای ئەمەش هەستم دەکرد کە تۆ هەڵەی ، پێشنیازەکەت بۆ من ، ئابڕو بەرانە و مایەی شەرمەزارییە و نابێ قەبووڵی بکەم . ئەم هەموو ئەو یاسا وڕێسا ئەخلاقیانەی کە ئەم ڕەفتارەی تۆیان مەحکووم و شەرمەزار دەکرد ، بە شێوەیەکی گونگ لە زەینم و لە بەر چاومدا بەرجەستە دەبوون ، بەڵام نەمدەزانی چۆن ڕوونیان بکەمەوە یان بە دڵی خۆم گوزارشتیان لێبکەم . بێگومان ئەگەر هەوا گەرم نەبوایە و کەمێک فێنک بوایە ، دەمتوانی وەڵامێکی دروستت بدەمەوە . بەڵام ئەو شەوە بێ سروە و شنەیەی مانگی حوزەیران ، غەڵبەغەڵب و هەراو هەنگامەی شار ، بۆنی درەختانی ئاقاقیا و بەنزینی بەهەڵم بوو ، زۆریان بۆ مێشکم دەهێنا ، بە دەم بۆڵاندنەوە گوتم

- چ گەرمایەکی ناخۆشە !

تۆ پێکەنیت ، هەموو ددانە ورد ودرەخشانەکانت بە دیار کەوتن . ڕوناکی گڵۆپەکە دەیدا لە دەم و چاوت و ڕەنگی ڕوخسارت پەمەیی دەینواند و چەناگە باریکەکەت و چاوە پرشنگدارەکانتی بەرجەستە تر نیشاندەدا . جلێکی ناسکی

ماڵەوەت لە بەر بوو ، جلێکی گوڵ گوڵی ئاماڵ شینی خەت خەت ، لە سەر سینگتەوە نیمچەکراوە بوو ، بازووە درێژ و سپییەکان و لاقە ڕووتەکانتی دەنواند ، گوتت :- منیش گەرمامە !

دەستت بەرزکردەوە تا عەتری تیژی ژنانی سەوزەڵە بگەیەنیتە کەپووم . ئەوسا بەدەم باوێشکدانەوە لە سەری ڕۆیشتی :

- ئەم گەنگەشەیە هەر دووکمان تووڕە دەکات . من لە تۆ تێناگەم ، نا ئازیزەکەم بۆچی دوو دڵیت .... من بیرم لە هەموو ئاکام و ئەنجامێکی ئەم فێڵە چکۆلەیە کردووەتەوە . بیرم لەو دەستکەوتانە کردووەتەوە کە ئەم شۆخی و سوعبەتە سادەیە بۆمانی فەراهەم دەکات ! .... بریتیە لە پارە و ، لە سەرکەوتن .... و کاتێ بە یەکەم کتێب شۆرەتت پەیدا کرد ، بۆچی هەوڵنادەیت بە خۆت کتێبانی باش و جدی بنووسیت ؟ بۆ نە ؟ مادامێکی کاری ڕۆژنامەوانی دەکەی ، مانای وایە تۆش ئەهلی قەڵەمی !

- وادیارە بە تەمای بەراوردمان بکەی ؟!

- نە نا .... بەراوردتان ناکەم .... بەڵام خۆ .... خۆ تۆ نووسەرێکی تازە کورە و تازەکار نیت .... شارەزای بواری نووسینی .... کە تەمەشای تەرزی کارکردنت دەکەم ، هەستدەکەم ....

هەڵبەتە لەم تاریف و ستایشە بێتامە تەریق بوومەوە ، بە دەم زمانە لاڵکێوە گوتم :

- جارێ بەلای کەمەوە دەبێ کتێبەکەی جۆرج پاکنووس بکەم ..

- ئەمە کارێکی ئەوتۆی ناوێ ، لە هەوەڵەوە تا کۆتایی پاکنووسی بکەوە ، ئەگەر بە پێویستیشت زانی ڕاستیشی بکەوە .

شانەکانم هەڵتەکاندن و گوتم :- قسە بەلاش مەکە !

- نە ، نا ، دەبێ هەڵەچنی بکەی و ڕاستی بکەیتەوە . دوکتۆر جۆرج گالار ، کەمێک بێ سەرو بەر بوو . من ئەمە لە هەموو کەس زیاتر دەزانم . لەگینە لەهەندێ شوێندا تووندڕەوی کردبێت ، بەخۆت دەیبینی ! و هەر کاتێ لە پاکنووسی بوویتەوە ، هەنگێ بە پۆستەدا بۆ یەکێک لە وەشانکارە گەورە و ناودارەکانی دەنێرین و ئەوجا چاوەڕوان دەکەین ! ئۆە! جا چ چاوەڕوانیەکی پڕ تاسە !

باسکت گرتم و بەرەو بەر پەنجەرەکەت بردم ، هەردووکمان شان بە شانی یەکدی وەستاین و کەوتینە تەمەشای ئەم شارە گەورەیەی کە ڕوناکی گڵۆپەکان ، تاریکییەکەی لێ دەڕەواندەوە و هەڵمی وەنەوشەیی باڵی بە سەردا

دەکێشا و خەمناکی دەکرد ، ئانیشکمان نایە سەر قەراخی پەنجەرەکە . شەو ، خەمناک و ناخۆش ، گەرد و تۆزاوی بە دەم و چاوماندا دەلکا . دارو درەختەکانی بولڤاری سولت ، بە کڵاوەێن گەڵاو گوڵی ئەلەکتریکییەوە سەریان بەرز کردبووەوە و ، حەپەساو و بێ جووڵە چاوەڕوانی هەڵکردنی بایان دەکرد . ڕێڕەوی ڕێگای ئاسن ، شین و شینباو ، لە نێو دۆڵێکی تاریکەوە ، کە بەرەو ناوەندی پاریس دەڕۆیی ، دەدرەوشایەوە . لە بن لێوانەوە گوتت :

– ئەرێ بە ڕاست ئەم شارە گەورە خڵەفاوەی کە لە ژێر پێماندا وەرکەوتووە ، هیچ ئارەزوویەکی شانازی و نەمری و دەسەڵات و سەروەت و سامان و خەبات و تێکۆشانت لە دڵدا بێدار ناکاتەوە ؟ بیر لە هەموو ئەوانە بکەوە کە لێرەدا لە ناو جێگای نەرم و گەرمدا خەوتوون . ئەوانە ئەمڕۆ هیچ شتیک دەربارەی تۆ نازانن ، ناوت نازانن ، سیمات ناناسن ، بەڵام لەگێنە لە زەرفی چەند ڕۆژێکدا ...

– بێدەنگ بە ، هیچ نەڵێی .

– بۆچی بێدەنگ بم ؟ من متمانەم بە تۆ هەیە .

– باشتر وایە بڵێی متمانەت بە گالار هەیە .

– بە ڕاستی تۆ گەوجی !

دووبارە دەستت بە پێکەنین کرد ، هەمان پێکەنینی پڕ جۆش و خرۆش کە هەستی غرووری لا چێدەکردم و کەمێکی دەترساندم . باسکە قورسەکانم لە دەوری شانەکانت ئاڵاند . خۆت ڕاست کردەوە و لەبن لێوانەوە بە چپە گوتت :– بەڵێنم دەدەیە ؟

– بەڵێنی چی ؟

– خۆت لە گێلی مەدە ، زۆر چاک دەزانی مەبەستم چیە .... قیتارێک ، بلەز و بە هات و هاوار ، بە ڕوناکییە زنجیرەیی و دووکەڵە چرەکەیەوە تێپەڕی . چاوم نوقاندن ، وام وێناکرد کە ئەو قیتارە دامانیە پێش ، بە دەم هەرا وهەنگامەی چەرخەکانی و دەنگی تیژی شووتەکانیەوە دەمان بات . گوتم :

– دوایی باسی هەموو ئەوشتانە دەکەین . دوایی .... دوایی ....

– بۆچی دوایی ؟

نەمدەزانی چی بڵێم ، چ وەڵامێک بدەمەوە . هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و گوتم :

- کارێکم بە سەرا دەسەپێنی کە هیچ پێم خۆش نییە ! کێ دەڵێ ، سەبارەت بە بایەخ و بەهای ئەم کتێبە بە هەڵە نەچووین ؟ لەگینە وەشانکارەکە ڕەفزی بکات و چاپی نەکات .

- پێدەچێ خواخوای ئەمە بی !

بەرسڤم نەدایەوە ، گڵۆپەکەم کوژاندەوەو تەواو . ئاه .. لەو ساتە ئەفسووناویە سەیرە ! تریفەی توندی هەیڤەشەو دای لە ناو ژوورەکە ، کردی بە ئەشکەوتێکی شینباو . ئەوجا تارماییەک بەرەو ڕووم هات ، دوو دەستی بەخوێنی هەبوو ، لە دەوری ملمی ئاڵاند ، گوێم لە دەنگێکی ئارام و خاکی و ملکەچ و گوێڕایەل بوو ، کە بە گوێمیدا چپاند :- سوپاس جاک ! سوپاس ! ....

***

گەرمای ئەو شەوە لەکێشا نەبوو ، تا بەرە بەیان چاومان نە چووە خەو .

پێرێ لە پاکنووسی کتێبەکە بوومەوە . بە ڕاستی کە پیاو نووسینی کەسێکی دی دەخوێنێتەوە ، بەڵام بە دەست خەتی ئەم نووسرابێتەوە ، دوو چاری هەستێکی سەیر دەبێت . وام هەست دەکرد کە چونکە ئەم دەقەم پاکنووس کردووەتەوە ، پێم نامۆ نییە و کەم دابێژێک بووم بە شەریکی ئەم بلیمەتیە . ئەم بلیمەتیە سووکە پەیوەندییەکی بە منیشەوە پەیدا کردووە ، لە ساتی سەرمەستی و نەشئەدا ئەو جۆرە قسانەم بە خۆم دەگوت . وێڕای ئەمەش دەسکارییەکی زۆرم نەکرد ، جورئەتی ئەمەم نە دەکرد . زۆر لەو پیاوە دەترسام . بە دەستێکی پتەو ئەم وشانەم لە سەر نوسخە پاکنووسکراوەکە نووسی :

غەزەب

ڕۆمان ، نووسینی جاک سوربیە

ئێ ، تەواو بوو . زۆر سەیرە . وا هەستدەکەم لەوەتای ئەو درۆیەم شەرح کردووە کە لەگینە کاریگەری بە سەر سەرانسەری ژیانمەوە هەبێ ، باشتر و خۆشتر هەناسە دەدەم . لە ئێستا بە دواوە ، دەبێ ئەم نهێنییە بپارێزم ، لە گەڵیا ڕابێم و بزانم چۆن دەیشارمەوە. بەردێکی بنەمە سەر و لە قووڵایی ناخمدا بینێژم تا نەبێتە کۆسپی ڕەوتی ژیانم . دەبێ لە بەردەم خۆمدا ڕۆڵی بێگەردی و ئاسوودەیی بیر و خەیاڵ بگێڕم ، ئیدی ئەم شتانە پێویستن .

لەم ساتەدا ، لەپڕ هات بە سەرما کە ئەم دەستنووسە هەڵگرم و لەچەکمەجەیەکدا بیشارمەوە و چاو لە شانس و یەغباڵی خۆم بپۆشم . دەتوانم کتێبەکەم بۆ وەشانخانەی بریور نەنێرم ، هێشتا کات بە دەستەوە ماوە . هێشتا

ئازادم .. دەڵێم هێشتا ئازادم ، بەڵام سوور دەزانم کە هەموو شتێک سەبارەت بە من بڕاوەتەوە و بڕیاری لێدراوە . یەک دنیا وشە و نیگا و جووڵە و ئومێدی هەست پێکراو ، بێ ویستی خۆم بەرەو چارەنووسێکی نادیارم ڕادەماڵن . کۆمەڵێک پلان و نەخشەی ورد ، کۆمەڵێک بویەر و ڕووداوی ئاسایی و بە ڕواڵەت کەم بایەخ ، ئایندەم دیاری دەکەن . من و سوازن ، بە ڕادەیەک چووینەتە قوڵایی ئەم ڕیسکەوە کە دەرفەتی گەڕانەوەمان لێبڕاوە ، خودایا کارێکی وەها بکە .... پەشیمان نەبمەوە لەو شتەی کە دەستبەرداری بووم .

# فەسڵی دووەم

تا ئێستا هیچ شتێک ڕووی نەداوە .

دە دانە ڕۆژە دەستنووسەکە لە وەشانخانەی (بریور) ە ، هێشتا چاوەڕوانی ئەو نامەیە دەکەم کە لەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە ڕزگارم بکات . بەڵام سوزان لە جاران شادتر و بە ورەترە ، ئێژی نزیک بوونەوەی مەترسییەکە ، سەرمەست و ورە بەرزتری دەکات . هەستدەکەم بۆ هەر دەغەڵبازی ، هەر فیداکاری و هەر خراپەکارییەک کە هەڵوێستەکە بیخوازێ ، تەیارو ئامادەیە . سەبر و هەداری وی لە ڕادە بەدەرە ، سنووری نییە ، بەڵام من سەبرم سواوە .

ئەمڕۆ ، لەبارەگای گۆڤاری راتاپلان کۆڕی پێشوازی میوانان ساز کرا ، بە ڕاستی کارێکی زەحمەتە . پانکەیەکی شەق وشڕ لە نووسینگەکەی من ، وەکو سەر نووسەر ، دانراوە ، ئەم پانکەیە بە تووڕەیی و بە زیکەزیک دەسووڕێتەوە ، بۆنی مەرەکەب و تەپ وتۆز و بۆنی ئاودەستەکانی دەور وبەر بڵاودەکاتەوە . تاپپێک لە پشت دیواری ژوورەکەی منەوە هەر تەقەتەقیەتی . چەند لاپەڕەیەکی وێنەدار و هەندێ وێنەی ئەکتەران بە خەندەی گەوجانەی سەر لێوانیانەوە ، بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە .

میوانان ، پۆل پۆل بە دووی یەکدیدا دێن . ماندوون ، بە خاوی دەجوڵێن . هەژارن ، لە دنیای بێتاقەتی و بێزارییەوە سەر دەردێنن و بە زمانێ دەپەیڤن کە تێی ناگەم . یەکێکیان پێشنیازی ئەوەی بۆ کردم کە گروپێکی پێشەنگ بۆ کەشفی جەمسەری باشوور ڤڕێ بکرێ ، یەکێکی دی ئامادەیی خۆی دەربڕی کە لە خشتەی وشەێن یەکتربڕدا هاوکاریمان بکات ، یەکێکی دی چەند سکێچێکم پێ نیشاندەدات کە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاوی بکەینەوە .

من ئەم میوانەی دوایی باش دەناسم و خۆشم دەوێ . ناوی گراپیلایە ، یەکێکە لە هاوکارە چالاکەکانی گۆڤاری راتاپلان . پیرەمێردێکی کورتەباڵای گەنمڕەنگی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵەیە . دوو چاوی غەمگینی پێوە بوو ، دەستەکانی زبر و زەلام ، دوگمەکانی بلوزە ڕەشەکەی لە خوارەوە تا سەرەوە داخرابوو ، پانتۆڵەکەی لە سەر ئەژنۆکانی و لە لای سمت و کەفەڵییەوە تاڵکێش بووە . دەستەیەک قەڵەم ڕەساسی لە گیرفانی سەرەوەی چاکەتەکەی نابوو . کە قسان دەکات زمانی کەمێک دەیگرێت ، بە دەستە لەرزۆک و زەلامەکانی چەند نیگارێکی سێ ڕەنگ دەخاتە سەر مێزەکەم . بە سەر شانما دانەوییەوە و گوتی :

- ئەمە بیلی دیکە بە سەر ئەسپە سپیەکەیەوە .... ئەمە ئاگری ئوردووی ڕێبوارانە .... تەمەشا ئەمە ڕەنگدانەوەی ئاگرەکەیە بە سەر درەختانەوە .... ئەمەش ماسکوی ڕەش پێستە .... ماسکۆ ڕەشی من بە ڕاستی بەسام و هەیبەتە ! .... بەلای تۆوە چۆنە ؟ ..

گراپیلا ، کە قسەی دەکرد ، بۆنی هەناسەی توند و ناخۆشی پیرەمێرانی لە زار دەهات . سکێچەکانیشی یەجگار خراپ بوون . پێی دەڵێم :

- ئەمجارە قەبووڵیان دەکەم ، بەڵام بۆ ئاینده هەوڵبدە بڕێک زیاتر خۆتیان پێوە ماندوو بکە ..

گراپیلا ، بە دەم زەردەخەنەیەکی ماندووی پیرەمێردێکی بەد بەختەوە سوپاسی کردم ، کە بەخاوی لە ژوورەکە وە دەردەکەوێ لە دواوە تەمەشای دەکەم . بیر لە ژیانی ئەم پیاوە دەکەمەوە کە ماندوویەتی بڕستی لێبڕیوە . لە لاویدا خۆزی و خولیای زۆری هەبووە ، حەز و ئارەزووی گەورەی هەبووە ، نەخشە و پلان و پرۆژەی زۆری هەبووە و پاشان بەرەبەرە ، ناکامی بە ناکامی سپاردووە و ڕۆژی گەییوە بەم ڕۆژگارە نا لەبارە . حاڵی حازر ئومێدی بە هیچ شتێک نییە ، هەندێ نیگاری ناشیرین و مردوو بۆ گۆڤاری مێرمندالأن دەکێشێت ، نانێکی بژی و مەمر پەیدا دەکات . چاوەڕوانی مردنە .

هەزاران کەسی وەکو ئەم پیاوە هەن کە لە ناو لەشکری شکست خواردووی بەشەراندا ، بەو ژیانە نالەبارەوە ڕۆژان بەڕێ دەکەن . هەزاران کەس تەنیا بۆ ئەم ژیانە نالەبارە دێنە دنیاوە ، ژن دێنن و دەمرن . پیاو چی بکات تا وەکو ئەوی لێنەیەت ، دوو چاری هەمان چارەنووس نەبێت ؟ ئێمە لە نێو ئەم جۆرە خەڵکەدا دێین و دەچین ، دەخۆین و دەخۆینەوە ، کار دەکەین ، بە هزرین و سیمایان ڕادێین ، بەرە بەرە لە بۆنی لەشیانا ، لە ئەتوار و ڕەفتاریاندا ، لەخەم و ملکەچیاندا نقوم دەبین . ئەمە ئافەتی ژیانی نەبوونیە ، ئافەتێکی گیرۆیە . بەرە بەرە ، ژێراو ژێر ، بێ ئەوەی هەستی پێبکرێت هەموو بەشەر دەگرێتەوە . خوێنی دڵیان دەخواتەوە . ، پێستیان بە سەر ئێسکیانەوە وشک دەبێتەوە و ، بەو داماویە تووڕیان دەدات .

لە پڕ پیاو بۆی دەردەکەوێ کە بووە بە مردوویەکی زیندوو . من بیر لەوە دەکەمەوە لەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان وەکو گراپیلا ، ببم بە پیاوێکی داماو و ئاتاج و ناچاربم بچمە بەر ئەم دەرگا و ئەو دەرگا و چاوم لەوەبێ یەکێک بە خێری خۆی کارێکم بداتێ یان ناچار بم نووسینەکانم ببەمە بەر ئەم دەرگا و ئەو دەرگا ، لە ژوورێن چاوەڕوانیدا ئیکلام بۆ ئەم و ئەو بکەم ، کە بیر لەوە دەکەمەوە لەرزم لێدێت . هەر نەگبەتی و بەد بەختیەک لەمە باشترە .

خۆزگە ئەو زریان و بۆمەلەرزە گەورەیە دەهات و لەم دنیایەی ڕزگار دەکردم ، ئەو دنیایەی کە لە ئێستاوە هەستدەکەم خەریکە تیایدا دەگۆڕێم و شێوەیەکی دیکە وەردەگرم ، ئەو ڕێگەیەی بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم جۆرە ڕەوشە، دەیگرینەبەر چ بایەخێکی هەیە ؟

ترس ، ترس لە چارەنووسێکی نالەبار و خراپ ، پاکانە بۆ هەر تاوان و ڕەفتارێک دەکات . ئەگەر ڕەفتارێکی ناڕەوا بتوانێ ئایندەیەکی درەخشان و پڕ خۆشیم بۆ دەستەبەر بکات ، هەرگیز لێی ژیوان نابمەوە .

زۆر بەم بیرۆکە کوت وپڕە خۆشحاڵ بووم ، دەبێ هەمیشە لەزەینما هەڵیگرم . هەر کاتێ هەستم بە کەمترین پەشیمانی کرد ، یان کەمترین خەم و پەژارە سەرو دڵی گرتم ، دەبێ ئەو جووتە دەستە زبر و دەماراویانە وەبیر خۆم بێنمەوە ، ئەو دەستانەی کە نیگارەکانی دەخستە سەر مێزەکەم و دەنگێکی شەکەت و ماندوو دەیگوت : " ئەمە بیلی دیکە ، بە سواری ئەسپە سپییەکەی .."

***

هەوڵمدا چیرۆکێکی زنجیرەیی بۆ گۆڤاری ڕاتاپلان بنووسم . بە ڕاستی لە نووسینی ئەم بابەتە تورەهات و سواوانە بێزار دەبم . تۆ بڵێی شایستەی چارەنووسێکی دیکەبم ؟ لەم نووسینگەیەدا لە خۆم بێزارم ، ئایا ئەم هەستە بۆ خۆی بەڵگە و نیشانەیەکی تەواو نییە بۆ ئەم کارە ؟ بەڵێ ، من شایستەی کارێکی لەمە زیاترم .

سەیرە . ناوی خۆم خستە سەر دەستنووسی کەسێکی دیکە و کەچی ئەمە کردیە کارێک لە خۆ بایی ببم و خۆم بەگەورە بزانم . دەتگوت بە بەرهەمەکەی گالار ، زەینی ئەو ، مافی ئەوم لە کۆمەڵگەدا و توانا و بەهرە تایبەتیەکانی ئەوم کردبوو بە هی خۆم . دەتگوت لە سۆنگەی ئەمەوە ، دڵ و ڕوخساریشم گۆڕا بوو .

بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕاتاپلان خۆی بە ژووردا کرد تا ڕای من سەبارەت بە دیزاین و نەخشەی بەرگێک بپرسێت . بۆرە پیاوێکی تووکن و قەڵەوە ، لە گوریلا دەچێت ، کابرایەکە توورە و ترۆ ، هەموو کارمەندەکان سڵی لێدەکەنەوە . سەماعەیەکی بە گوێوەیە و وایەرەکەی لە گیرفانیایە . من کە لە هەوڵی ئەوەدام ، بە ئارامی دەگەڵ ئەم پیاوە زبر وتووندە تەبیعەتدا بدوێم و قسان بکەم ، ئێستا بە ئاستەم گوێی لێدەگرم و زۆر بە سارد و سڕی بەرسڤی دەدەمەوە . سەری لە گۆساخیەی من دەسوڕمێ. بەڵام جڵەوی خۆی دەگرێت و توورە نابێت ، بەدەم بۆڵە بۆڵەوە دەڵێت : " باشە ، باش ، تۆ ڕای خۆت هەیە و من ڕای خۆم .... ئەم چوارچێوە سوورە ، ناشیرینە .... تایتڵەکە ، لە نزیکی ئەم ڕەنگەوە هیچ ڕەونەقێکی نییە .." .

قسه دەکات . قسەدەکات . وایەری سەماعەکەی هەڵدەکات . بەڵام هەستدەکەم ، کە زۆر بە وردی و کونجکاوانە چاودێریم دەکات . تۆ بڵێی هەستی کردبێ کە گۆڕانکارییەک لە دەوروبەرمدا ڕووی دابێت و چارەنووسێکی دی بەپیرمەوە بێ و حاڵی حازر بە دەورما دەسووڕێتەوە ؟ بە بیانووی سەریەشەوە ، لە ڕۆژان زووتر ، لە نووسینگەکەم وەدەر دەکەوم . لە ڕاستیدا ، لە نێو ئەم چوار دیوارەدا هەست بە بێزاری و بێتاقەتی دەکەم، ئیدی لە ناو ئەم چوار دیوارەدا هەست ناکەم کە لە ماڵی خۆمدام . جا حاڵی حازر کوا ماڵی خۆم "ماڵی خۆم " لە کوێیە ؟

❊❊❊

ئەوە بیست دانە ڕۆژە دەستنووسەکە گەییوەتە وەشانخانەی پریور ، خەریکە سەبرم دەبڕێ ، مێشکی خۆم بە گریمانە و گومانانی بێهودەوە ماندوو دەکەم . هەموو بەیانی و ئێوارەیەک بە پەلە و بە پەرۆشەوە تەمەشای ئەو زەرف و نووسراوانە دەکەم کە لە ڕێگەی پۆستەوە دێن ، دوێنێ بە خۆم چووم بۆ ژووری دەرگاوانەکە ، تا دڵنیا بم ، وەکو ئەو دەیگوت ، سەندووقی پۆستەکەم بە ڕاستی خاڵییە . ئەمە جۆرە واز وازییەکە . من زۆرچاک دەزانم کە وەشانکاران هەزاران کیلۆ کاغەز و دەستنووسیان بە سەردا کەوتووە . نایان پەرژێ سەری خۆیان بخورێنن . خۆ ئەوانەی کە بەکرێ ئەم کتێب و دەستنووسانەیان بۆ دەخوێننەوە چەند بلەزیش بن ڕۆژێ سێ ڕۆمان دەخوێننەوە ، خۆ هیچ کەس و خێرخوایەکیش نییە ، ڕایان بسپێرێت کە ئاگایەکیان لەڕۆمانی (غەزەب) بێت و نۆرە بڕییەکی بۆبکەن و کەمێک پێشی بخەن . وێڕای ئەمەش لەم دواکەوتنە دوورو درێژە نیگەرانم . تۆ بڵێی خوێندبێتیانەوە و بە دڵیان نەبوو بێ و بەگەنیان نەکردبێ ؟ سوازنم لە نیگەرانیەکەم ئاگادار کردوەوە ، گاڵتەی پێکردم . ئایا بۆ من ، بۆ ئێمە و بۆ هەموو دنیا ، وا باشتر نییە کە یارۆی وەشانکار کتێبەکەم ڕەفزبکات و بڵاوی نەکاتەوە ؟

❊❊❊

( پالوشو )ی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە لێبڕاوە ، ژمارەیەکی تایبەت بە بۆنەی یازدەیەمین ساڵوەگەڕی راتاپلان بڵاو بکاتەوە . داوای لێکردووم کە سەر وتارەکە لە گەڵ بابەتێکی دیکەدا دەربارەی ڕووداوەکانی ترانسڤال بنووسم . (ترانسڤال : دەڤەرێکە لە ئەفریقای باشوور کە لە ساڵی ۱۹۱۰ دا ، چووەتە یەکێتی ئەفریقای باشوورییەوە ) .

بە ڕاشکاوی داواکەیم ڕەفزکرد ، چونکە ئەوە ئیشی من نییە کە بەشداری لە نووسینی ئەم شتە تووڕەهاتانە بکەم .

❊❊❊

شەڕێکی گەورەم لەگەڵ پالوشۆدا بوو ، سوور بوو لە سەر ئەوەی بابەتەکەی بۆ بنووسم یا گۆڤارەکە بەجێ بێڵم . ئەو وتارەی بۆ دەنووسم کە داوای کردبوو .

***

وەشانخانەی پریور ، هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە .

***

هێشتا هیچ دیار نییە . دوێشەو باو بۆران و هەورە تریشقەیەکی وەها هەڵیکرد ، نەمتوانی بخەوم . بریسکەی هەورە تریشقەک لە شێوەی بڵاچەی سپیدا دەهاتە ژوورەوەو لە ئاوێنەکەی دەدا . بایەکی گەرم هەڵیکردبوو و لە پشت پەردەی تەنکی پەنجەرە وازەکەوە ( کراوە ) دەیلوراند و گێژی دەخوارد . لە گەڵ هەر بریسکە و بڵاچەیەکدا ، ڕوخساری سوزان ، وەکو ئەوەی دەمامکێک بێ لە بەردی کەسک ، لە تاریکییەکەوە دەردەکەوت . من لە سەمتی ڕاستی خۆمەوە ئەو دەم وچاوە سەیر و گونگەم دەبینی ، دەم و چاوێک کە لە سافی و لووسی و ناسکیدا تەحەموول نەدەکرا، ڕوخساری لە قوڵایی تاریکییەکەوە دەهاتە دەرێ و لە چاو تروکان و کەفلەکونێکدا دووبارە ، لە تاریکییەکەدا نقووم دەبوو .

لە قوڵایی ئەم تاریکییەدا کە باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو ، تەنیا دەنگی سوزان دەمایەوە کە بە پچڕپچڕی دەیگوت :- جاک ، چ شەوێکی جوانی بەبا و بۆرانە ! ...

باران ، دایکرد ، بە ڕێژنە و دڵۆپی درشت و سەر بەکڵاوە بە هەمان توندی و زبری ژنانە . پەتۆکە لە سەر خۆم لابرد ، خەریک بوو لە گەرما ولە بێتاقەتی و تووڕەیی پەنگ خواردوودا دەخنکام .

***

وەڵامەکە هاتەوە . پریور تکای لێکرد بووم کە سبەی بەیانی بچم بۆ نووسینگەکەی و بیدینم . ئایا بۆ ئەوەیە کە کتێبەکەم ڕەفز بکات و بمداتەوە ؟ یان گرێبەستێکم لە گەڵدا دەکات و پێمی ئیمزا دەکات ؟ ئەمشەو هیچ شتێکی دی نانووسم ، جورئەت و شەهامەتی پێویستم نییە .

# فەسڵی سێیەم

بینیم ، چەند حەزدەکەم هەمان ئەو ئازاییە بە دەست بێنمەوە کە بۆ ڕۆمانەکەم زەرووریيە . بەڵام دڵم لە سینەمدا ناحەوێتەوە و بە تووندی لێدەدا و دەستم بە قەڵەمەکەوە سست دەبێت ، لە سەعات نۆی بەیانییەوە ، لە بەردەم بینایەکەی وەشانخانەی برایانی پریور بووم .

بینایەکە لە بەردی خاکی دروستکراوە ، سێ نهۆمە ، کەوتووەتە بەینی دیوارە بەرزەکانی بیناکانی دەورو بەرییەوە . پەنجەرەکانی ڕەشن ، دەرگایەکی گەورەی هەیە بە سەر ڕاڕەوێکی بەرد ڕێژدا کراوەتەوە ، شاگردانی کتێب فرۆشیەکان بە پاسکیل و عەرەبانەوە دێن ، تا چاپەمەنی و بڵاڤۆکانی تازە باربکەن وبیبەن . ئەدەب و نەزاکەت وادەخوازێ کە بەم بەیانییە زووە سەرو دڵی پریور نەگرم و بێزاری نەکەم . ئیدی سەر دادەخەم و بە ناو شەقامەکانی ئەو دەورووبەرە دەکەوم و خۆ بە خۆ هەنگاو دەنەم . هەستدەکەم کە ڕێبوارەکان تەمەشام دەکەن و باسم دەکەن . سەرنج و تەمەشاکردنەکەی وان هەموو ئەو شتانەم وەبیر دێنێتەوە کە گەرەکمە فەرامۆش و لە بیریان بکەم . سەعات نۆ و چارەک هیلاک و شەکەت ، بەهەستێکی پڕ لە نیگەرانی ، ئومێد و بێ سەبرییەوە ، خۆم بە بیناکەدا دەکەم . ئیدی بە سەرهاتەکە لێرەوە دەست پێدەکات . پێیان گوتم :- تکایە یەک دەقیقە سەبر دەکەی ؟

پێشخزمەتێکی پیر و لەنگ ، ئەو کارتە دەبات کە بە دەستێکی پتەو ناوی خۆمم لە سەری نووسیوە . زوو بە زوو دەگەڕێتەوە و بە ئاستەم و بە ناسکی سەرێکم بۆ دەلەقێنێ و دەڵێت :

- ئێستا بانگت دەکەن .

لە هۆڵێکی گەورەی دیوار زەردا ، لە سەر کورسییەکی زۆر راویج ( راویج ، خراپ و ناپەسەند ) دادەنیشم . خەڵکی دێن ، دەڕۆن بەبێ موبالاتی تەمەشایەکم دەکەن و ڕەتدەبن . ئەمانە کرێکار و کارمەندانی ئەم دام ودەزگایەن ، لەوەشە نووسەرانی بناڤ و دەنگ بن . بە بەغیلییەوە تەمەشای هەر هەموویان دەکەم .

سەرەنجام ، زەنگێکی بچووک لێدرا ، کابرای پێشخزمەت دیار نەما ، دوایی گەڕایەوە ، دوای خۆی دام بۆ نووسینگەکەی پریور ، خۆم لە ژوورێکی زۆر ڕووناکدا بینیەوە ، بۆنی توتنێکی نەرمی لێدەهات ، بە چەندین ڕیزە کتێبان ڕازابووەوە . مێزێکی گەورەی دار عەبەنووس لە بەرایی ژوورەکەدا بوو و چەند کورسییەکی پەراگەندەی لە بەردەمدا دانرابوو . ڕوناکییەکی ئارام و خۆش لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە کە چاوی نەوازش دەدا.

گوێم لە دەنگێک بوو دەیگوت :

- تۆ جاک سوربیەی ؟ بە دیتنتان خۆشحاڵم ، هەڵبەتە دوای خوێندنەوەی کتێبەکەتان .

پریور ، لە بەرانبەرم وەستاوە و من دەلەرزم . کابرایەکی باڵابەرز ، باریکەڵە ، سیماپاک و سەر ڕووتاوەیە . دەم و چاوی سێ گۆشە ، چاوەکانی درەخشان ، بە ڕەنگی ڕەش و هەنگوینی ، سمێڵێکی چر و کورت ، چەناگەی ڕەق . کەپوویەکی هەستیاری بە دوو کونی پانەوەی هەبوو ، کۆڵمەکانی سوور ، خوێنیان لێهەڵدەقوڵا ، نگینێکی زومرود بە سەر موستیلەکەی پەنجەیەوە دەدرەوشایەوە . قاتێکی گرانبەهای فاخیری بە دەن چەسپی لە بەربوو .

وام وێنادەکرد کە یەکسەری و بێهیچ پێشەکییەک باسی کتێبەکەم لە گەڵدا دەکات ، یا ڕەخنەی لێدەگرێت ، یابێ چەند و چوون ستایشی دەکات و پێیدا هەڵدەڵێت . بەڵام لە هەوەڵەوە کورسییەکی پێ نیشاندام کە دانیشم ، خۆیشی ، ئاسوودە و سەرحاڵ دانیشت ، بەدەم بزەیەکی پرشنگدارەوە ، جگەرەیەک و چەرخێکی زیوی بۆم ڕاگرت .

من یەکسەر لە بیری خۆما وای بۆچووم کە هۆی ئەم هەموو دواخستنە ، ئەوەیە کە کتێبەکەمی بەدڵ نییە و دەیەوێ بە نەزاکەتەوە بەڕێم بکات . ئەمە جگە لەوەی کارێکی ئەدەبی وەکو (غەزەب) بەو هەموو تووندی و زبرییەوە ، چۆن دەبێتە مایەی پەسند و ڕەزامەندی ئەم پیاوە سەر ڕووتاوە ناسک و نەرم ونیان و بە ئەدەب و نەزاکەتە ؟

پریور ، جگەرەیەکی ڕۆژهەڵاتی داگیرساند ، پڕ بەناخی مژی لێدەدا . بۆ ماوەیەکی کورت چووە ژێری ، پێڵوەکانی هێنایەوە یەک . ئایا بەلای کەمەوە دەزانێ من کێم ، بۆچی هاتووم ، و ئەم چاوەڕوانیە دڵم لە لێدان دەخات ؟ بێدەنگیەکە درێژەی کێشا ، لە چاوەڕوانیدا ئارەقەم کردەوە . دەستە سڕێکم دەرهێنا و لێوەگەرم و گڕ گرتووەکانم پێ سڕی . پریور ، بزەیەکی کرد و سەری لەقاند ، لە ناکاوا کەوتە قسە وگوتی :

- چ شتێک وای لێکردی ئەم کتێبە بنووسیت ؟

چاوەڕوانی هەموو شتێکم دەکرد تەنیا ئەم پرسیارە نەبێت ، وەکو ئەوەی لەقافا گیرابم کەوتمە مینگەمینگ .

- نازانم ، بیرۆکەیەک بوو و لە مێژبوو لە زەینمدا پەنگی خواردبووەوە ..

- بەڵێ .... بەڵێ ، پێشتر هیچی ترت بڵاو نەکردووەتەوە ؟

- با ، هەندێ چیرۆکی منداڵانم بە زنجیرە لە گۆڤارێکی تایبەت بەمنداڵان بڵاوکردووەتەوە ....

شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی :- مەبەستم ئەمەیە کە ئایا ئەمە یەکەمین ڕۆمانی تۆیە ؟

- بەڵێ .

- ئەم بەرهەمە وەکو یەکەم ڕۆمان ، دەخەیە بەردەستی ئێمە ؟

ناولەپی بە سەر مێزەکەدا کێشا ، سەری بردە دواوە تا بەباشی لە سەراپام وردبێتەوە و سەراپامی بە نیگا دابێژێت . زومرودەکە لە قامکیا دەبریقێتەوە ، ئەوسا گوتی :- باشە تۆ لە کتێبەکەت ڕازیت ؟

- بەڵێ .... نا ..

- نازانیت ؟

- نا .

- گرینگ نییە ، من ئەم هەستە دەزانم .

لە جێی خۆی هەستا ، کەمێک سەری داگرت ، دەستی بۆلام ڕاکێشا و گوتی :

- کوا دەستت بێنە برادەری ئازیز ، کتێبەکەت شاکارێکی گەورە نییە ، بەڵام ، بمبورە کە ئەو وشەیە بەکار دەبەم ، بەڵام وەکو دەڵێن بەرهەمێکە جۆرە بلیمەتیەکی پێوە دیارە ! هێشتا زۆر شت ماوە فێربی . بەم حاڵەوە ڕەخنەگران کەوڵت دەکەن ، خوێنەران لێت دەتۆرێن . بەڵام وێڕای ئەمەش ، من بە حوکمی ئەوەی ئیشەکەی خۆمم زۆر خۆش دەوێ و ئەزموونم لەو بارەیەوە هەیە و حەزم لە خەتەرکاری و ڕیسکانە ، بۆیە پێت دەڵێم تۆ ئەو کەسەی کە ئێمە دەمانەوێ . دەتوانین گرێبەستێکی چکۆلە و ئاساییت دەربارەی سێ کتێبان لە گەڵدا بکەین ، چۆنە ؟

لە جێی خۆم جووڵام . کەمێک خۆم گردوکۆ کردەوە ، هەستم کرد لە ترس و شادیدا ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا . کەواتە من بە هەڵە نەچوو بووم ، کتێبەکەی گالار شایستەی ستایش و مایەی ئومێدە . واتە منیش هەنووکە یەکەم هەنگاوم ناوە و خەریکە لە ڕیزی خەڵکانی ئاسایی دەردەچم و دەگەمە ڕیزەکانی پێشەوە . لە بن لێوانەوەو بە دەمەلاڵکێ گوتم :

- تۆ .... تۆ .... بە ڕاستتە ؟

هەستم کرد خەریکە لە خۆشیا دڵم دادەخورپێ . ئەم پیاوەم خۆشدەوێ ، لێم تێدەگات . چاوەکانی ، سمێڵی و دەنگیم خۆشدەوێ ، پڕ بە دڵ حەزدەکەم ببێ بە دۆستی گیانی بە گیانیم . پڕیور تەمەشای کردم ، بە ئاشکرا لەزەتی لە حایرمانەکەی من دەبینی وگوتی :

- برادەری ئازیز شپرزە مەبە ، خۆت هێور بکەوە . من دوو بارەی دەکەمەوە کە کتێبەکەت خوێنەرێکی زۆری نابێ و ، پێموایە من لەم هەڵسەنگاندن و پێشبینییەمدا زۆر بە هەڵە نەچووم . بەڵام دەتوانی لە بەرهەم وداهێنانەکانی داهاتوودا ، پەرە بە شێوازی نووسینت بدەیت و لە نێو خوێنەرانی بژاردەدا ، سەنگ و پێگەیەک پەیدا بکەیت ، مارسیل بواسییر ، خوێنەری پێشەییمان ، ڕۆمانەکەتی بۆ خوێندووینەتەوە و هەڵی سەنگاندووە و زۆر حەز دەکات بتانناسێت ، ئێستا لە دووی دەنێرم .

پریور ، وەکو چۆن پیاو گوڵێک هەڵدەگرێت ، بەو ئاوایە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بە دەنگێکی نەرم و ئارام داوای لە بواسییر کرد کە بێت .

بواسییر ! پێستر کتێبێکی زۆر گرینگی ئەم فەیلەسووفە خۆشەویستەم خوێندبووەوە ، زۆرم بە دڵ بوو ، کەچی ئێستا ئەو ستایشی من دەکات و بەگەنم دەکات ، بە ڕاستی ئەمە ئیدی لە تەحەمولی من بەدەرە .

پشتم بە دیوارەکەوە دا ، چاوانم ئەبڵەق و دەم و چاوم لە ئارەقەدا هەڵکشا . بە زەحمەت هەناسەم بۆ دەدرا . چەند حەزدەکەم ئیسراحەت بکەم و بیر لە هیچ شتێک نەکەمەوە . بەڵام کۆمەلێک وێنا و خەیاڵی جوان هێرش بۆ زەینم دێنێ ، ئەوەتا ناوم بە خەتێکی درشت و جوان و پرشنگدار چاپ بووە ، وێنەکانم لە کتێبفرۆشیەکاندا هەڵواسراوە ، وتارێن ڕەخنەیی لە ڕۆژنامە ئەدەبییەکاندا دەربارەی من بڵاو بووەتەوە ، نامەی ئەو خوێنەرانەم بە سەردا دەبارێت کە توانیویانە لە من تێبگەن .

بێ جووڵە لە کونجی ئەم ژوورەدا دانیشتووم و ، وا هەستدەکەم بایەکی خۆش ڕامدەماڵێ ، شاد و خورەم ، وەکو ئەوەی لە بەلەمێکدا بم کە نازانم بەرەو کوێ دەڕوات . نەخێر تەواو دەڕۆم ، بۆ پێشەوە دەڕۆم ، دەبم بە کەسیکی مەزن ، گەورە دەبم . خۆم و خەڵکی سەرسام دەکەم . خەریکە لە شادیدا پەڕو باڵ دەربکەم ، شادمانی قەفەزەی سینگم دێنێتە ژان . حەزدەکەم سوپاسی کەسێک بکەم . گوتم :- سوپاس ، مسیو پریور .

بزەیەکی ناسک و میهرەبانی کرد و گوتی :

- من سوپاسی تۆ دەکەم . من حەزم لەو کتێبانەیە کە بۆنی بلیمەتییان لێدێت .

بە دەم ئەو قسەیەوە ، دەستی بەجۆرێ جووڵاند وەک ئەوەی زەرفێکی پڕ هەڵسەنگێنێ . ئەوسا لە سەری ڕۆیی و گوتی :- جا کتێبەکەی تۆ ڕێژەیەکی گەورەی داهێنان و بلیمەتی تێدایە ، بۆیە دەست خۆشێت لێدەکەم و ئافەرینت دەکەم و پێشنیازی لە سەدا دەی فرۆشەکەی و زەمانەتی چاپی سێ هەزار نوسخەت بۆ دەکەم .... ئێمە عادەتەن دوو هەزار و پێنج سەد نوسخە بۆ نووسەرانی تازەکار چاپ دەکەین .... بەڵام بۆ تۆ .... ڕازیت ؟

- ڕازیم .

ئێ ، شتەکە تەواو بوو ، تا کۆتایی لەگەڵ گەمەکەدا ڕۆیشتم ئەم بیرۆکەیە تووشی سەرگێژکەی کردم . بیر لە سوزان دەکەمەوە کە لە ماڵەوە چاوەڕوانم دەکات و بە دەست بێتاقەتی و دوودڵییەوە شەکەت و ماندوو بووە . ئەگەر لەم ساتەدا بیزانیبا هەموو ئاوات و ئارەزووەکانی بەجارێ هاتووەتە دی ئاخۆ چی دەکرد ؟ بەدەم وێناکردنی شادمانیەکەی ئەوەوە ، بزەیەکم هاتێ و هەستم بە شادی کرد و دەستەکانم لێکدی ماڵی . دەرگا کرایەوە . دەنگێک گوتی :- ئاقیبەت هات !

پیاوێکی کورتەباڵا ، لاواز وکۆماوە ، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە ، عەینی سێوێکی باڕنی ڕزیو ، وەژوورکەوت . ئەوجا بەرەو پیری من هات ، قۆڵی گرتم ، چاوە شینەکانی دەتگوت دوو هەڵماتن و بە ڕوخساریەوە نراون ، برۆی نەبوو . هاواری کرد :

- من .. بواسییرم .. ئاە برادەری ئازیز، بە ڕاستی داهێنەری ! دوێشەو ئەوەندەم بیر لێکردیتەوە خەوم زڕا !

پریور گوتی :- گیانەکەم زۆری پێوە مەنێ .... با لەخۆی بایی نەبێت . کتێبەکەی ، کتێبێکی باشە ، موحتەرەمە بەڵام ..

هەنگی بواسییر بە دەنگی بەرز گوتی :- نا ، نا ، کتێبەکەی باش نییە ، موحتەرەم نییە ، گوساخانەیە . جوانییەکەی لەم گوساخیەدایە . تۆ ناتەوێ ستایشی بکەیت ، بەڵام من بە دەنگی بەرز ستایشی دەکەم !

بواسییر دەنگێکی زیقن و کچانەی هەبوو . بە دەم پێکەنینەوە بەرەو لای پەنجەرەکەی بردم ، بە سەر سامیەکی ڕاستگۆیانەوە لە سەراپای هەڵڕوانیم . ئەوسا گوتی :

- برادەری ئازیز من دەمەوێ ڕوو و ڕوخسارت بدینم ! ڕووت خۆشە ، زۆر لەو کتێبە جیاوازە ، لە گەڵ ناوەڕۆکی ئەو کتێبەدا تێکناکاتەوە . وام وێنا دەکرد کە پیاوێکی ڕووگرژ و مۆن و عەبووس بیت . کەچی لە گوڵەباخی گەشاوە و بە ڕەونەق دەچێت ! باشتر .. !

پریور ، دەستی خستەسەر باسکی و گوتی :

- بواسییر زۆری هەڵمەدە ، با بەڵانسی تێک نەچێت .

بواسییر هاواری کرد :-بە پێچەوانەوە ، ئەو بەکتێبەکەی بەڵانسی منی تێکداوە ، ئیدی هەموو شتێک بە نۆرەیە .

دووباره له قاقای پێکەنینی دایەوە ، پێکەنینێکی ناخۆش به گوێ . پریور له ژوورەکه وەدەرکەوت تا دەستوور بدات که گرێبەستەکه ئامادەبکەن . من و بواسییر به تەنیا له ژوورەکەدا ماینەوە . ئەویش وادیار بوو وەکو من نیگەران و هەڵچووە . هەستا ، چەند هەنگاوێک ڕۆیی و به دەست کەوتە کێشان به هەنیەیدا ، گوتی :

- بەڵێ ، مایەی ستایشە ! بەڵێ .... هیچ وشەیەکی تری لەوە باشتر شک نابەم ! چ جورئەت و گوساخیەکی تێدایە ! نه نەخشەی تیایە ، نه دەسیسە و پیلان ، کاراکتەرانێک دەردەکەون و پاشان دەکەونە داوێکەوە و دیار نامێنن ، له هەموو ئەمانەش گرینگتر ، شێواز و ستایلەکەیەتی ، شێوازێکە تان و پۆیەکەی له زێڕ و خوێنە ! گوێت لێمە گیانەکەم ؟ شێوازێکت هەیە له خوێن و زێڕ !

- تکایە ، موباڵەغە مەکە مامۆستا .

- پێم مەڵێ مامۆستا ، ئەگینا دەکێشم به سەر و چاوتا .

- ئاخر من کتێبەکانی تۆم خوێندوونەتەوە و ....

- منیش کتێبەکەی تۆم خوێندووەتەوە ، تۆ بلیمەتی .... سوێند دەخۆم که هەردووکمان یەکسانین ، وەکو یەکین . تۆ تەمەنت چەندە ؟

- سی و دوو ساڵ .

- ژنت هێناوە ؟

- بەڵێ .

- بەختەوەری ؟

- بەڵێ .

- باشە ، کاتیە . ئەدی کارت چیە ؟

هەڵوێستەیەکم کرد ، بواسییر گوتی :- لەو کارانەیە که نەگوترێ ؟

- سەرنووسەری گۆڤارێکی مێرمندالانم .

چاوە شینەکانی بچووک کردەوە و به دەم قاقای پێکەنینەوە گوتی :

- بەلەنگاز خۆتان مێر مندالآن ! هەڵبەتە دەقی ئەدەبی گەرماو گەرمیان بۆ دەنووسیت ..

- نا .... نا .... بەڵام چیرۆکی ڕیسک و سەرکێشیان بۆ دەنووسم ....

- هێی سوربییەی داماو ! بزانە چۆن خۆی دەشارێتەوە ! هەندێجار وا وێنادەکەم ، کوڕێکی گەورەو ئاقڵ لە بەردەممدا وەستاوە کە خۆشی نازانێت چی نووسیوە . بێگومان نازانی چیت نووسیوە ، ئەم ڕستانە خۆ بە خۆ و بێ هیچ نیاز و مەبەستێک لە زەینتەوە داڕژاون ، بۆیە داڕژاون ، کە دەبوایە دابڕژێن .

به دەستەسڕێکی خانەخانە ، ئارەقەکەی هەنیەی سڕی و هاواری کرد :

- خودایە ، تووشی چ جۆش و خرۆشێکت کردووم ، گەرمامە ! تۆ سەیری ئەم پریورە کەودەنە ، بزانە چۆن ئەدا و ئەتواری سەختگیری دەنوێنێ ، بەئەندازەی پێویست ئەمە نییە .... لە ڕادە بە دەر ئەوەیە .... کارێکی زۆر پیشەیی نییە .... بابەتەکەی زۆر سفت و گونجاو نییە .... باشە ئەگەر بابەتەکەی سفت و هاوئاهەنگ وگونجاو نەبوایە ، من بەمجۆرە تووشی هەڵچوون و سۆز و گوداز دەبووم ؟ تەنیا بە هەڵچوون و سۆزوگوداز بەمجۆرە ئارەقە دەکەمەوە ... من لە ئێستاوە بیر لە کتێبەکانی ئایندەی تۆ دەکەمەوە ، نابێ تەمەڵی بکەی ، بە کاوەخۆ و بەجدی بنووسە ..بەڵام نا..بە کەیفی دڵی خۆت بنووسە! تۆ لە ئاستێکای پێویستت بە ئامۆژگاری من نییە ! عەجەب پیاوێکی ! ... توحفەیەکی لەو گۆرەی ! ..

دڵم بە جۆرێ لێدەدا لە زگ بوو لە سینگمەوە بێتە دەرێ . قەدرزانی ئەم پیرەمێرە سادە و ئانڕوومەندە ، ئازاری دەدام و لە هەمان کاتدا جۆش و خرۆشی پێدەبەخشیم . بە داخەوەم کە (غەزەب) بەرهەمی من نییە و ئەم خۆشەویستیە گەرم و گوڕە ، بە ناوی منەوە ، پێشکەش بە گالار دەکرێت و من لەو بەختەوەرییەوە یەجگار دوورم . هەست بە شەرمەزاری دەکەم . ئازار دەچێژم . ئارەزوو دەکەم کە بواسییر بێدەنگ بێت و لە هەمان کاتدا دەترسم کە چیتر دەنگی نەژنەوم . بەسە ! بەسە ! هەست و سۆز و ستایش بەسە . دەنا تیا دەچم ! نەفرەت لە شەیتان . دەبێ کەسێکی واقعبین بم ! پریور کتێبەکەم چاپ دەکات . زوو بە زوو پارەدار و دەوڵەمەند دەبم ، شۆرەت و ناوبانگ پەیدا دەکەم . گرینگ ئەمەیە . ئەوسا ئیدی دەتوانم شایستەی ئەم ستایشانە بم کە ئەمڕۆ بەناهەق پێما هەڵدەگوترێ ، هەنگێ شایستەی مەدحی ئەو کەسانە دەبم کە ستایشم دەکەن ! نیگام لە چاوە گەش و کزەکانی بواسییردا گوم دەبێ . دەڵێم :

" سوێند دەخۆم ، هەموو توانایەکی خۆم بخەمەکار تا هەرگیز لە من نائومێد نەبیت .." .

ئایا من ئەم ڕستەیەم بەکارهێنا ؟ ئایا ئەم هەڵچوون و سۆز و گودازە منی هەژاند  و تا سەر مۆخ سووتاندمی ؟ ئایا من لە ناکاوا ئەوەندە گەورە و مەزن ، ئەوەندە سادە و بێ غەل و غەش بووم ، کە ژوورەکە دەڵێی یەکپارچە ڕووناک بووەتەوە ؟ بەعەمراتم ، ئەوەندە هەستم بە شادی نەکردبوو . حەزدەکەم لە خۆشیا ، لەخۆشی ئەم سەرکەوتنە پڕ بەزار هاواربکەم ، ڕوندک چاوانم دەکزێنێتەوە . بە دەمەلاڵکێ و لە بن لێوانەوە دەڵێم :

" بمبورە .... خۆشحاڵی ، پیاو گێژدەکات ..."

بواسییر چەقەنەیەک لێدەدا : " گیانی من ، ئەمە نیشانەیەکی باشە . ئێستا پریور بە کاغەزەکانەوە دەگەڕێتەوە . جەنابی پریور ، سەبارەت بە چاپ کردنی کتێبەکەی تۆ ، هەر ئەوەندەی من دەسەڵاتی هەیە ، کە من هیچ دەسەڵاتێکم نییە . ئەو لە ڕاستیدا پیاوێکی خۆش مەشرەب و کۆمەڵایەتی و بابایەکی بازرگانە . تۆ گرێبەستەکە بخوێنەوە و پاشان قەبووڵی بکە . جا من چونکە ئەندامی ئەم دەزگایەم ، نابێ ئەم قسانە بۆ تۆ بکەم ، بەڵام هەمووان لێرەدا دەزانن کە بەڕاستی کابرایەکی گەوجم .." .

لە ناکاوا سەری بە گێژەوە دەچێ و سەری بە ڕاست و چەپدا با دەدات ، وەک بڵێی چاوەڕوانی ڕەزامەندی کۆمەڵێکی نە دیار بکات . ئەوجا بەستەیەک نەبات لە گیرفانی دەردێنێ و بلەز دانەیەکیان لە زاری دەبێ ! ..

کاتێ پریور بە گرێبەستەکەوە گەڕایەوە ، بواسییر لە بن لێوانەوە گوتی :

– جەلادەکەی عەزابی ڕۆحت هاتەوە . تۆ بەو دەسپێرم برادەری ئازیز . کەی جارێکی دی یەکدی دەبینینەوە ؟

– بەڵام ..

– بەڵامی ناوێ ! تۆ کەسێکی زۆر مەزنی و تازە کە کەشفم کردوویت و ناسیووتم ، بە ئاسانی دەستبەردارت نابم . کەواتە ڕۆژی پێنج شەممە ، سەعات پێنج وەرە بۆ نووسینگەکەم ، ئێستا کە قسەی دڵی خۆم کرد ، جێگاکەم بۆ پیاوی سەوا و مامەڵە ، کاغەزێن مۆرکراو ، ئیمزا و ئیمزاکاری چۆڵ دەکەم .... جارێ خوا حافیز !

بواسییر ، بلەز وەکو تاپۆ و سێبەران ، دیارنەما و لە چاو ون بوو .

پریور ، دوو کاغەزی بۆ درێژکردم کە بە شاشی تایپ کرابوون " لە لای ئیمزاکەرەکانی خوارەوە ، جۆزێف پریور ، نوێنەری وەشانخانەی برایانی پریور " وە ئیمزام کرد . پریور مۆرێکی سورمەیی بە توندی لە سەر ئیمزاکەم دا .

کاتێ لە نووسینگەکە وەدەرکەوتم ، مێشکم خاڵی خاڵی بوو ، هەناسەم تەنگ بووبوو ، کە بە ڕاڕەوەکەدا دەڕۆیشتم ، خانمێکی تایپیست ئاوڕی دایەوە و سەیری کردم . لە ئێستاوە دەزانێ من کێم ، ئەو کونجکاوییەم لە

گیان خۆشبوو . دیسان با لەزێ بکەم و زوو بگەمە ماڵەوەو سوزان بدینم و بیکەم بە شەریکی ئەو شادی و خۆشحاڵییەم .

سوزان لە سەحنی قاڵدرمەکان وەستابوو و چاوەڕوانی سەرکەوتنی باڵاڕۆکەی دەکرد ، پێش ئەوەی دەرگای باڵاڕۆکە بکەمەوە ، بە دەنگی بەرز گوتی :- ها چیت کرد ؟

- گرێبەستەکەم ئیمزاکرد !

سووکە هاوارێکی کرد و بە جۆرێ ڕەنگی هەڵبزرکا کە لە سەرەتاوە ترسام . بەڵام خێرا چەپڵەیەکی لێدا . قۆڵی گرتم و شێت ئاسا و بلەز بۆ نووسینگەکەی خۆمی بکێش کردم و بە تۆپزی لە سەر قەنەفەیەکی دانیشاندم و بەخۆی لە بەردەمما و لە عاردی دانیشت ، گوتی :- دەی شتەکەم بۆ بگێڕەوە .

ڕوخساری لە خۆشیا چریسکە چریسک پرشنگی دەدا ، وام هەست دەکرد ، بەرلەوەی دەم هەڵێنم دەزانێ چی دەڵێم . لە هەمان کاتدا قسەی دەکرد و گوێی لە منیش دەگرت ، منیش لەگەڵ ئەودا گوێم لە خۆم دەگرت . ئیدی شتەکانم تێکەڵ دەکرد ، سەرم بە گێژەوە دەچوو . بە پێ خاوسی بەناو کەوتبووم و هەرچیم بەدەممدا دەهات نەم دەگێڕایەوە و ئیدی لە خۆمەوە ڕستەێن ستایش ئامێزم دادەهێنا و بێ هیچ شەرم و حەیایەک خۆم هەڵدەکێشا و هەستم بە عەزابی ویژدان نەدەکرد . کاتێ گەییمە دوا ستایشەکانی بواسییر ، سوزان لە جێی خۆی هەستا ، لاونیو لە سەر دەسکی قەنەفەکە دانیشت ، ڕاستەوخۆ چاوی بڕیە چارەی من و هەناسە گەرمەکانی بە سەرمدا هات و گوتی :- چ ڕۆژێکی گەورەیە جاک ! چەند بەختەوەر و شادم !

ئەم قسە ئاساییانە ، خوێنی هێنامە جۆش . بەغروورێکی زۆرەوە ڕوانیمە ئەو ژوورە بچووک و پەڕپووتەی کە تیایدا ئاکنجی بووین . بە خەیاڵ هەر هەموو ڕەفەدارینەکان ، کە پڕبوون لە نامێلکەێن ڕێنما ، مێزە لاق شکاوەکە ، پەردە کەتانەکان ، کاغەزدیوارییە ناشیرینەکانی ناو ژوورەکەم پارچە پارچە کرد و تووڕم دان . هەستمدەکرد ، کە بەخت و یەغباڵێکی خوایی ، لەو خەڵکە داماو و بێنەوایەی هاتۆچۆی گۆڤارەکەیان دەکرد ، لە پالوشوو و گراپیلام دوور دەخاتەوە و بەرەو پێشم دەبات و هەموو ڕووناکییەکی ئاسمانم بە سەردا دەڕێژن . ئەم خەیاڵ پڵاوە تەنیا یەک ساڵی خایاند . بەڵام ئەو توانایەی کە هەستم پێدەکرد هێندە زۆر بوو ، کە ئێستاش بیرم دەکەوێتەوە لەرزم لێدێت .

سوزان گوتی :

- بینیت ؟ باشە من هەڵە بووم کە هانم دەدایت مل بەم ڕیسکەوە بنەی ؟ بەڵام تۆ یاغنیش بووی کە دەترسایت !

بە دوو دڵی و میهرەبانییەوە هەقم پێ دا .

گوتی :- چەند پێشەکی دەدەن ؟

- سێ هەزار .

سوزان قەناعەتی وابوو کە پریور دەستی بڕیوین و فێڵی لێکردووین ، بەڵام قەیدی ناکات ، ئاخری هەر تۆڵەی لێدەکەینەوە . کاتێ دەرگاوانەکە پۆستەکەی هێنا ، سوزان لەبری ئەو زەحمەتەی کە کێشابووی ، نیو پەرداخ شەرابی نایابی مالاگای ، دایێ .

دەرگاوانەکە ، حایر و سەرسام دەمی پێوەنا و سمێڵە پڕەکەی لێهەڵکێشا ، ئەوسا وەکو پسپۆڕێکی کارامە سەری لەقاند و گوتی :- ئەمە باشترین جۆری شەرابە خانم !

سوزان گوتی :- ئاخر بۆیە تەنیا ڕۆژانی جەژنان پێشکەشی دەکەین .

سوزان ، بە دەوری دەرگاوانەکەدا دەهات و دەیویست بە هەر شێوەیەک بووە هۆی ئەم خۆشحاڵییەی خۆی بۆ باس بکات . پێویستی بەوە بوو ئەم سەرکەوتنەی کە پێشبینی کرد بوو ، بە دەنگی بەرز بە هەموو خەڵکی دنیا ڕابگەیەنێ . ئەنجام خۆی پێنەگیرا و گوتی :

- مسیۆ فابەر ، ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەورەیە ، شووەکەم کتێبێکی نووسیوە کە بەم زوانە چاپ و بڵاو دەبێتەوە .

فابەر ، بە دوو قامکان سمێڵی سڕی . ئەوسا چاوی هەڵبڕی و گوتی :

- ئەدی مەعنای چی ! پیاو کە کار بکات بەرەکەی دەدروێتەوە ، کە کاریش نەکات هیچ بە هیچ ناکات !

سوزان لە سەری ڕۆیی :- کتێبەکەی ڕۆمانە مسیۆ فابەر .

من لە شوێنی خۆمدا هەڵکورمابووم و بزەیەکی کاڵم بە لێوەوە بوو و بە درۆوە خۆم فەقیر کردبوو ، مسیۆ فابەر گوتی :- ڕۆمانە ؟ ئەگەر ڕۆمانەکەش وەکو ئەو شەرابە خۆش بێ ، دەبێ بە نرخێکی باش بیفرۆشن !

ئیدی هەڵوێستەکە وابوو کە دەبوا پەرداخێ شەرابی دیکەشی بۆ تێبکەین ، پاشان بەچاوانی حەپەساو و مات و ، بە پێڵاوە کۆنەکانیەوە بە خشەخش ڕۆیی .

ئیدی نۆرەی ئێمە بوو کە بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە بخۆینەوە ، بێهیچ قسە و ئاخاوتنێک ، ئاشقانە و سەر ڕێژ لە سۆزوگوداز ، پەرداخەکانمان لەیەک دا و ئەو شەرابە خۆشەمان خواردەوە . بەڵام سوزان ، لە خۆشیا ئارام و

ئۆقرەی نەبوو . دەبوایە کەسێکی دیکە بکات بە شەریکی ئەم خۆشی و شادیە ، پێشنیازی کرد بابم بۆ فراڤین دەعوەت بکەین .

من چووم بۆ چاخەنەکە تا تەلەفۆنی بۆ بکەم . هەرچی یاسا و ڕێسا هەبوو ، هەموویم بن پێ ناو تەلەفۆنم بۆ بانک کرد . بابە داماوەکەم سەری لەم کارەی من سووڕما ، بەڵام بێئەوەی لە هۆی ئەم مکووڕ بوونەوەی من بپرسێت ، دەعوەتەکەی قەبووڵ کرد .

که له تەلەفۆن کردن بوومەوە ، کەمێک بەناو بوفیەی چاخانەکەدا پیاسەم کرد ، هەوڵم دا بە سیمای گەش و شادم ، کونجکاوی و سەرنجی کوڕیژگە قاپ شۆرەکەی چاخانەکە ڕابکێشم . شتێکم لە سەر پێشخوانەکە هەڵگرت و خواردم ، شاگردانە و بەخششێکی زۆرم بۆخستە سەر پێشخوانەکە :

- ئەمە بۆ تۆ کوڕی باش ! ئەمڕۆ بەختێکی باش ڕووی تێکردم .

- لە پێشبڕکێی فورن دا لە سەر جاردینێت (پێدەچێ ناوی ئەسپ بێ) گرەوت کرد ؟

- نە لە سەر خۆم گرەوم کرد .

- دەسکەوتی هەبوو ؟

- زۆر .

کوڕیژگە قاپ شۆرەکە ، بە دەم گوشینی پەڕۆیەکی تەڕەوە پێکەنی .

- ئادەی بۆمی بگێڕەوە !

- کتێبێکم نووسیوە کە لە مانگی یازدەدا چاپ و بڵاودەبێتەوە .

- بابەتەکەی ئاشقانە و ڕۆمانسیە ؟

- بەڵێ !

- دەستخۆش ! واتە باش دەفرۆشرێت !

ساکاری و بێتامی ئەو قسانە ، ساردی نەکردمەوە ، لە خۆشی و شادی نەخستم . منیش وەکو سۆزان حەزم دەکرد زۆرترین خەڵک لەم شادیەم ئاگادار بکەم .

دوو بوتڵ نۆشابە ( ساردی ) ، ساردین و پەنیری کامامبرم لە دووکانێک کڕی و لەوێش هۆی ئەم دەست بڵاوی و زیادە مەسرەفەم باسکرد . هەستم دەکرد هەموو ئەوانەی گوێیان لێدەگرتم ، سەر ڕێژن لە هاودڵی و ستایشی من . چ خەڵکانێکی باش و میهرەبانن ! حەزم دەکرد یەک بە یەکیان لە هەمێز بگرم ! بابم سەعات دوازدە ونیو بۆ نیوەڕۆژە هات . زۆر بە زەحمەت توانیم مانا و بایەخی ڕاستەقینەی ئەم سەرکەوتنەی خۆمی بۆ شرۆڤە بکەم . لە ڕوونکردنەوە ئەدەبی و هونەرییەکانی من حاڵی نە دەبوو . بەردەوام قسەکانی پێدەبڕیم وەدەیپرسی ئایا دڵنیام کە یارۆی وەشانکار ، کتێبەکەم بە خۆڕایی بۆچاپ دەکات ، ئایا لە کتێبەکەمدا بیرو بۆچوونی ئەوتۆم دەرنەبڕیوە کە زەرەری بۆ پەزەکانی دەوڵەت هەبێت . ئایا ئەم مەسەلەیە فێڵ و تەڵەکەیەکی لە پشتەوە نییە .

بابم ، بێ گوێدان بە جۆش و خرۆشی مە ، بەنووکی چنگاڵەکەی پێستی ماسیە ساردینەکانی دادەماڵی ، بەدەم بیرکردنەوەوە برۆی وێکهێنانەوە و چارەی گرژ کرد و گوتی :

- گوێ بگرن ڕۆڵەکانم .... من پیرەمێردێکی خەرەفیوم ، بەڵام زۆرباش دنیام جەرباندووە ، ساردی و گەرمی ڕۆژگارم چەشتووە ، هەوراز و نشێوم بڕیوە .

بە تەوەسەوە لێم پرسی :- بە چی جەرباندووتە ، بەوەی لەوەتای هەی لەبانکدا دانیشتووی ؟

قامکی برد بۆ دەمی تا کلکی ساردینێک لە زاری دەربێنێ .

- هەر چۆنی دەڵێی وایە .... ڕاستە من لەبانکدا دانیشتووم . بەڵام کە لە پشت پەنجەرەکەوە دانیشتووم هەموو شتێکم دیوە و هەموو شتێکم زانیوە ، بانک قوتابخانەیەکە بۆ خۆی .... من بەو پەڕی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی دەیڵێمەوە کە لەم مامەڵەیەی ئێوە بە گومانم ، ئەقڵم نایبڕێ ، ئاخر پریور لە بەرچی کتێبەکەی تۆ چاپ دەکات ؟

- چونکە کتێبەکەمی بەدڵە .

- ئەمە چ قسەیەکە ! بە گاڵتەتە ! تۆ پۆستێکی باشت لە گۆڤاری (راتاپلان) هەیە . کار دەکەیت و مانگانە مووچەیەک وەردەگریت . هیچ فرۆفێڵێک لە ئارادا نییە ، ئارەزووی پێشکەوتنت هەیە ؟ بابە پیرەکەت لەم ڕووەوە هیچ گلەییەکت لێناکات ، هەقی خۆتە ، بە خۆت لە بیرتە ، چەندم ئامۆژگاری کردوویت کە با پەیوەندییەکانت فراوان بێ . بەڵام کە بێی و وەختی خۆت بە نووسینی ڕۆمانەوە بە فیڕۆ بدەیت و ئەو چوار عانەیەی لە باخەڵتدایە ، بخەیتە قوماری چاپی کتێبانەوە ، من ئەمەم بە دڵ نییە ، ئەقڵم نایبڕێ . ببورە کوڕی خۆم هیچ زاراوەیەکی دی بۆ ئەم حاڵەتە شک نابەم : بە ڕاستی بە دڵم نییە ، ئەقڵم نایبڕێ ..

سوزان هاواری کرد .

– بەڵام ، خۆ ئیمە وتمان کە جاک هەقی چاپ نادات . سێ هەزار فرانک پێشەکی وەردەگرێت و لە سەدا دەی فرۆشی کتێبەکەش وەردەگرێت .

کاتێ راگۆیەکەمان ( راگۆ : خواردنێکە لە گۆشت یان ماسی ) هێنایە سەر خوانەکە ، بابم گەییە ئەو قەناعەتەی کە بڕێک پارەم لەم مامەڵەیە دەستدەکەوێ ، بەڵام تکای لێکردم کە لەبەر خاتری کارێن ئەدەبی ، دەستبەرداری راتاپلان نەبم . کە شیرینەمەنی هات ، بە دەم شیرینی خواردنەوە باسی دەرامەتی چەند نووسەرێکی بە ناو بانگم کرد ، هەڵبەتە ئەم ژمارانەم لە خۆمەوە دروست کردبوو ، خەریک بوو شێت دەبوو ، هەناسەی تەنگ بوو ، گوتی :

– نەنە ! شتی وا مەحاڵە .... ئەوانە خەڵکانێکی تەمەڵ و تەوەزەل و ، گەندەڵن !

سوزان ، باسی ئەو هەیبەت و پێگەیەی کرد ، کە بەبۆنەی سەرکەوتنەکەی منەوە ، خانەوادە و ماڵباتی سوربییە پەیدای دەکرد و ئەوسا گوتی :

– وتارانی ناو ڕۆژنامەکان ، وێنەکان ، کۆڕ و کۆبوونەوەکان بێنە بەر چاوی خۆت . کوڕەکەت دەبێت بە کەسایەتی زۆر ، بە ناو و سیمایەکی دیار و بگرە جیهانی ، کەچی تۆ بەرانبەر بەم هەموو شادی و شانازییە ، چارەت دەدەی بە یەکا ؟

بە دەم ئەو قسانەوە ، شەرابی سپی دەکرد بە سەر ئەو مرەبا قۆخەی کە لە بەردەم باوکمدا دانرابوو ، بابم نەرم و شەنگول بوو بوو ، بە دەم مەستییەوە چاناگەی بە سەر قاپەکەوە دەجوڵاند و دەیگوت :

– ڕۆڵەکانم ، ئێوە گەرەکتانە ڕەزامەندی من بە دەست بێنن ، هەڵبەتە ئەمە کارێکی زۆر خراپە ! ئەمە چ خەونێکە ! چ خەیاڵ پڵاوێکە ! هەڵبەتە ئەگەر تێکەڵاوی دەگەڵ کەڵە ئەدیبانی کۆڕ و ئەنجوومەنەکاندا پەیدا بکەی ، مانای وایە دەتوانی بازنەی پەیوەندییەکانت فراوان بکەی .

– بێگومان وایە !

– کە دەڵێم پەیوەندی ، مەبەستم کرانەوەی بەخت و یەغباڵە ، واتە پارە و پول ، ئەمانە یەکتر تەواو دەکەن ، نە پەیوەندی بە بێ پول دەبێ و نە پول بە بێ پەیوەندی ! بەڵام دەبێ وریا بی .. من کتێبەکەم نەخوێندووەتەوە .... هیچی دەربارە نازانم ، هیوادارم کتێبێکی ئاسایی بێ ، دژە باو نەبێت ، دەگەڵ داب و نەریتی ڕۆژدا تێکبکاتەوە .... لە مەبەستم تێدەگەیت ؟

سوزان بە دەم پێکەنینێکی بەرزەوە گوتی :

- نا ، هەرگیز کتێبێکی باو و ئاسایی نییە ، کتێبێکە ، دژەباو ، تازە ، پڕ لە جورئەت و گوساخانە و بە سەنگ و شکۆ ، کتێبێکە ناوازە و ئاوارتە ، بێ وێنە ، وەکو بۆمبا لە دنیای ئەدەبدا ، دەتەقێتەوە و وەکو ئاگر دەتەنێتەوە !

بابم ڕاپەڕی ، ناوکە قۆخەکەی تفاندەوە نێودەستی و هاواری کرد .

- وەکو ئاگر ؟ ئێوە دەمترسێنن ، ڕۆڵەکانم ، ئێوە نابێ ئەم فەرتەنە و ئاژاوەیە بگێڕن .... من کتێب خوێنێکی گەورە نیم ، بەڵام سەر لە هەندێ شتان دەردەکەم و بۆچوون و سەلیقەی خۆم هەیە .... ئەمڕۆ مۆد و باوی چیرۆکێن سۆزدارییە ، ئەو جۆرە چیرۆکانە بازاڕ و ڕەواجیان هەیە .... پێم بڵێ ڕووداو و بویەری کورتە ڕۆمانەکەی تۆ لە ژینگە وناوەندە باڵا و ئەرستوکراتیەکاندا ڕوو دەدەن یان لە ناوەندە کرێکارییەکاندا ؟

گوتم :- جا ئەمە کەی گرینکە ؟

- ئەدی قارەمانانی ڕۆمانەکەت ؟

- قارەمانی تیا نییە . تەنیا قوربانی تیایە !

- باشە کۆتایی ڕۆمانەکە شادە ؟

- بە خۆکوژی کۆتایی دێت !

- کە خراپە ! زۆر خراپە !

بابم کەوتە سەربادان و هەڵگڵۆفتنی دەستەکانی و گوتی :

- جاک ، جاک بە ڕاستی تۆ خەمبارم دەکەیت ! چۆن دەبێت کوڕە بچووکەکەم باسی ئەم شتە ترسناکانە بکات ؟ کوڕە بەلەنگازەکەم کەواتە تۆ بەختەوەر نیت ؟

- ئەمە چ خەیاڵ پڵاوێکە !

- نا ، نا ، تۆ بەختەوەر نیت ، بەڵگەشم ئەوەیە کە لە خەڵکانی دی بەگلەییت ! بمبورن ڕۆڵەکانم ، ئەم ڕیسک و سەرکێشییەی ئێوە نیگەرانم دەکات .... خۆ کوڕەکەی من ئاقڵ بوو ، زۆر خاکی و بەختەوەر بوو ، کەچی ئەوەتا لە ناکاوا ئەم گۆڕانە گەورەیە .... بە ڕاستی من نەک پیاوی فەرتەنە و گۆڕانی گەورە نیم ، بەڵکو لێی دەترسم .. بەڵام ڕەنگە هەق بە ئێوەبێ ، جاک من بەسەلامەتی تۆ ، بە هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتیت دەخۆمەوە .. وەختێ بە پلەکانی نەردەوان و پەیژەی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتیت ، باوکە پیرەکەت لەیاد مەکە ..

بابم پەرداخە شەرابەکەی تەواوکرد ، زمانی لە مەلاشوی گیرکرد و تەقەیەکی وشکی لە زارییەوە دەرهێنا ، و چاوەکانی بە دەستەسڕی سەرسفرەکە سڕی . قەیرانەکە تێپەڕی . لە سۆز و میهر و خەمخۆری باوکانە دەرباز بوو ، بە دڵخۆشییەوە کەوتە پێکەنین . ئیدی ئێمەش وامان دەنواند کە پرۆژە و نەخشەی سەیر و ترسناکمان بە دەستەوەیە و سەرمان دەکردە سەری و بەو پرۆژە خەیاڵیانە دەمان ترساند . من گوتم بەم زووانە پارەیەکی زۆرم دێتەدەست ، ئوتومبیلێک دەکڕم و ماڵێکی گەورە لە ئوتوی ( گەڕەکێکی بە شکۆو ئەشراف نشینی پاریسە) بەکرێ دەگرم ، لە هۆڵەکانی ماڵەکەمدا ، ئاهەنگی گەورە سازدەکەم و پیاو ماقوڵان دەعوەت دەکەم . سوزانیش هێندەی دی ترش وخوێی بە قسەکانی منەوە دەکرد . بابم بە هانکە هانک ، دەستە باریک و چکۆلەکانی با دەدا و بە چاوانی ئەبڵەقەوە گوتی :

- باشە لەم خانووە بار دەکەن ؟ شێت بوون ؟ ئێوە سێ ژوور ، موبەق و تەوالێت و هەموو شتێکتان بە زیادەوە هەیە ..

- ئاخر ئەو خانووە دوورە ، ئیدی ئەم گەڕەکە بۆ ئێمە نابێت .

- ئەدی ئەم ئوتومبیلەی .... دەزانی لێی بخوڕی ؟

- فێر دەبم .

سوزان گوتی :- منیش دەبێ ئوتومبیلم هەبێت ، دەبێ دانەیەک بۆ منیش بکڕین .

من گوتم :- دانەیەکیش بۆ باوکم .

دەم وچاوی بە تەواوەتی سوور هەڵگەڕا و چەناگەی بە شێوەیەکی کۆمێدی کەوتە لەرزین :

- حای حای ؟ من و ئوتومبیل ؟ .... شتی وا مەحاڵە ! ..

لێم پرسی :- بۆچی ؟

بە دەنگێکی نووساو گوتی :- نازانم .

ئەوجا بە دەم پێکەنینێکی منداڵانەوە سمێڵە پڕەکەی لادا و هاتە پێشەوە تا ماچم بکات ، گوتی :

- تۆ کوڕێکی باشیت .

نازانم بۆچی ئەو ڕستەیە زۆر کاری تێکردم ، لە پڕ دڵم لەپێکەنین تۆرا .

❊❊❊

ژیانی بەشەر ، بە درۆوە بەندە ، ڕەگی لە درۆدایە و لە درۆدا گەشە دەکات . بۆ نموونە خەڵکانێک هەن نازناوێکی ئەشرافی ، ئەرستۆکراتی هەڵگرتووە کە هەرگیز ئەو پێگە و پایەیان نەبووە ، هی واهەیە خۆی بەتوانا و بەهرەیەکەوە با دەدات کە نییەتی ، هی واهەیە خۆی بە ژنێکەوە هەڵدەکێشێت ، کە بە خەویش نەیدیتووە . ئیدی ئەم درۆیانە دەبێت بە سەرچاوەی ژیان و توانای ئەوان و جیلوەیەکی ڕۆمانسیانە و شاعیرانەی ئەوتۆ بە ژیانیان دەبەخشێت کە لە خەڵکانی دیکەیان جیا دەکاتەوە . ئیدی ئەم فێڵ و تەڵەکانە دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنێ کە لە باڵاترین ئاستی ئایدیال و بەهادا بگیرسێنەوە و خۆ ببیننەوە . منیش ڕێک وەکو ئەوانەم ، درۆ و ساختە بەرزی کردوومەتەوە و ناو و شۆرەتی پێ بەخشیوم . ڕاستە من ناوی خۆم خستووەتە سەر کتێبی پیاوێکی دی ، بەڵام من بەو کتێبە نامۆ نیم . ماوەیەکی ئەوەندە زۆر لە گەڵیا ژیاوم ، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ لە بابەت و ناوەڕۆکەکەیدا شەریک نەبووم ، بەڵام ئەو شۆرەت و شانازییەی لە سۆنگەی ئەو کتێبەوە بە دەستم هێناوە ، زۆر پووچ و بێ بنج و بناوانیش نییە .

هەوڵدەدەم ئەو هەستی موڵکایەتیەی کە سەبارەت بە کتێبەکەی گالار لە لام دروست بووە ، شی بکەمەوە . ئەمە کارێکی قورس و دژوارە ، ئەو کەسەی کە منداڵێک دەدۆزێتەوە و هەڵیدەگرێتەوە ، دەتوانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان شانازی بەجوانی و زیرەکی ئەو منداڵەوە بکات و سەرنجام ئەوە لە یاد بەرێتەوە کە شانازی بە کچ یان کوڕی پیاوێکی دیکەوە دەکات ، دەتوانێ بگاتە ئەو وێنا و قەناعەتەی کە باوکی واقیعی منداڵێکە کە لە ڕاستیدا بە ڕێکەوت دۆزیویەتیەوە و ئەم نەیهێناوەتە دنیاوە . هەنگێ درۆکە دەبێت بەحەقیقەتی بێ چەند وچوون و ئیدی شادی و بەختەوەری ، بەدڵنیاییەوە ، لە ڕۆحی ئەو کەسەدا دەگیرسێتەوە ، ئەمەش مانای وایە ئەو لە دنیای بەڵگە و دوکیومێنتان و یاسا بەهێزترە .

هەڵبەتە ڕەوش و سەربهووردی منیش شتێکە لەو بابەتە . درۆ لە بوونی مندا ، کاردانەوە نییە . کار دەکات ، دەژی ، دەبێت بە جۆرە حەقیقەتێکی لاوەکی . ئەگەر هەست بەم غروور و شادییە تایبەتیە دەکەم ، لەبەر ئەمەیە کە ئەم کتێبە بووە بە کتێبی من ، هەرگیز گالار ناوێک نەبووە ، من شایانی هەموو شتێک هەم و قەرزاربار و منەتباری هیچ کەسێک نیم . سوێند دەخۆم کە لە کاتی نووسینی ئەم بابەتانەدا ڕاستگۆم .

# فەسڵی چوارەم

پشوویەکی کورتمان لە (تونون — لی — بن) بەسەر برد ، لە ئوتێلێکی بچووکی نوێ دابەزین ، نەخش و نیگارە تازەکانی هێشتا دەبریسکایەوە ، توحفەیەک بوو لەو گۆڕە . ئوتێلێکی بۆن خۆش و پاک و خاوێن دەتگوت سەدەفە . بینایەکی پرتەقاڵی بوو ، کەوتبووە ناوجەرگەی لمەڵانێکی سپی بەرینەوە و سەراپای لە لق وپۆ و گەڵای کەسکا نقووم بوو . لەو دیو ڕێگا گشتیەکەوە ، گردێکی سەرسەوزی پڕ لە گوڵی کێوی بەرەو خوار نشێو دەبووەوە و لەو دیوەوە دەگەییە شارۆچکەیەک کە لە ڕوناکییەکی شینباودا مەلەی دەکرد . ئەمە ڕەنگی ئەو دەریاچەیە بوو کە ئاسمانی شینی گرتبووە باوەش و دەریاچەکەش لە ئاسماندا ڕەنگی دابووەوە . شینیی دەریاچەکە و شینیی ئاسمان ئاوێتەی یەکدی دەبوون . جیلوەیان بەیەکدی دەبەخشی . هەر یەکەیان ئەویتریان پاراو دەکەن و هەر دووکیان لە تەمەشای هاوبەشدا ئاوێتە دەبن . لەم پانتاییە شینباوەدا هەورێکی یاخی سپی و بایەوانێکی نووک تیژ ، لە جووڵە دەکەون و چاوەکانم فریو دەدەن . بەختەوەرم ، بەختەوەرییەکی سادە ، پاک وەکو سرووەی بەیانی و ، سوازنیش شەریکی بەختەوەرییەکەمە و تەواوی دەکات .

کە گەیینە ئوتێلەکە دەبوا ناومان لە تۆماری ئوتێلەکەدا تۆمار بکەین . سوزان ویستی وشەی نووسەر بخەمەپاڵ ناوەکەم . بە خۆشحاڵییەوە داواکەیم قەبووڵ کرد . ئێستا وا هەستدەکەم کە مشتەرییانی ئوتێلەکە ، بە مکووڕییەکی تایبەتییەوە تەمەشامان دەکەن و گوێ لە گفتوگۆکانمان دەگرن ، ئەمەم لەگیان خۆشە .

هەفتەی ڕابردوو ، هەوەڵین پرۆڤە چاپکراوەکانی (غەزەب) م پێگەیی کە پریور نارد بووی .لە ئوتێلەکە، لە هۆڵی پێشوازی دادەنیشم . دەست بە هەڵەچنی ڕۆمانی (غەزەب) دەکەم ، دەیخوێنمەوە ، دووبارە دەیخوێنمەوە ، وشە ڕەش دەکەمەوە ، وشە زیاد دەکەم بۆ ئەم دەقە پڕجۆش و دژە باوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەستدەکەم من لێی بەرپرسم . هەندێجار بە دەم خوێندنەوەوە ڕستەیەک ڕام دەگرێت ، سەرنجم ڕادەکێشێت ، سەرسامم دەکات " بۆ ئەم ڕستەیەی بەبیردا هاتووە ؟ بۆ ئەم ڕستەیەی نووسیوە ؟" هەوڵدەدەم ڕستەبەندی یەکەم دەسکاری بکەم ، یا ئاوەڵناوێک بگۆڕم ، یا جێگۆڕکێ بە فرمانێک بکەم . لەپڕ هەست بەترس لەم گوساخی و جورئەتەی خۆم دەکەم . ئایا بە دەسکاری کردن و ڕازاندنەوەی ئەم باخە کێوییە ، هەموو شتەکان ناشێوێنم ؟ ئایا هەوڵی ڕاڤەکردنی بیری گالار ، بە گوێرەی سەلیقەی خۆم ، ناکاتە خیانەت لە بیری ئەو ؟

هەنێجار وام دێتە بەرچاو کە بە ڕەزامەندی گالار کاردەکەم ، و ڕێککەوتنێکی نهێنیمان لە نێواندایە . ئەو تەمەنەی کە ئەو نەیویستووە یان نەیتوانیوە بە سەری بەرێت ، من لە جیاتی ئەو بەسەری دەبەم ، واتە من درێژەی ئەوم و

به شێوەیەکی ئاڵۆز ونهێنی ئامێز ، ئەو دەژێنمەوە ، دەیگێڕمەوە بۆ ژیان . هەرگیز باسی ئەم هەست و پەیوەندییە مەعنەویەم ، کە ئەفسوونم دەکات و گەشکە بەرۆحم دەدات ، بۆ سوزان نەکردووە .

***

ئەم بەیانییە نامەیەکی پریورم پێگەیی ، داوای کردووە فەسڵی یازدەیەم ، کە برێک درێژ دێتە بەرچاو دەسکاری و کورت بکەمەوە . سوزان بە پێشنیازی پریور ڕازی بوو . منیش لە لای خۆمەوە پێموایە هەردووکیان ڕاست دەکەن و هەق بەوانە ، بەڵام توانای بڕیاردانی ئەم کارەم نییە . هەستدەکەم ئەمە کارێکی نەکردەنیە و مەسئولیەتیکی قورسە بە ئەستۆمەوە . نیگایەکی سەنگین بۆم لە کەمینداپە و چاودێری ئەم ڕەفتارە کفرئامێزەم دەکات . بێدەنگیەکی ترسناک دەوری مێزەکەم دەدات . بە چ هەقێ ئەو کارە بکەم ؟ دوو دانە سەعاتە لە دلێ خۆدا بەگژ ئەم ترس و شەرمەزارییە ترسناکەدا دەچم . کات درەنگە ، سەعات نزیکەی نیوەشەوە . شێی ئاو و پاراوی لق و پۆپ و گەڵا و پەلکێن نووستوو ، لەپەنجەرە وازەکەوە دێتە ژوورەوە . گەنجانێک بە جلکێن سپییەوە لە جادەکە تێدەپەڕن ، پێدەکەنن . دەنگی تیژ و بە درێژای کیژێک ، وەکو دەنگی باڵندە لە گویمدا دەنگدەداتەوە :

" فلیکس ، شاڵەکەم وێدەوە .." .

دوای دوو سەعات کار ، شەش دێڕم لە دەقەکە کوژانەوە ، وەکو دزێکی ناشی و تازەکار ، دەلەرزم ، تا حەزکەی شەکەت و ماندووم .

***

لە گەڵ سوزاندا ، بە سواری بەلەم پیاسەیەکی ناو دەریاچە شین و بۆنخۆشەکەمان کرد ، سەوڵم لێدەدا ، سەوڵەکانم دەکرد بە نێو ئاوەکەدا ، کە وێنەی ئاسمانی دەنواندەوە . بەلەمەکە لە ژێر گوشاری بازوو و سەوڵ لێدانەکەی مندا سەمای دەکرد و دەجووڵا . سوزان ، بە بەدەنی سپی ، باریک و شووشەوە لە بەشی پشتەوەی بەلەمەکەدا ، لە بەر تیشکی توندی خۆرەکە ڕاکشابوو . گوتی :

– جاک ئەرێ لە ڕاستکردنەوەی پرۆڤە ونموونەکان بوویتەوە ؟

– نزیکەی سی لاپەڕەم ماوە .

– هەڵەی زۆری تیایە ؟

– هەڵەی چاپی تیایە .

- تەنیا هەڵەی چاپ ؟

- بەڵێ .... دەمەوێ کتێبەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، وەکو چۆن ئەو بیری کردووەتەوە ، وەکو چۆن نوسیوویەتی ، بەو ئاوایە بمێنێتەوە .

- ئەو نە بیری کردووەتەوە ، نەهیچی نووسیوە . هەموو کتێبەکە کاری تۆیە و تۆ خاوەنی هەموو شتێکی .

تەمەشای سوازنم کرد . زانیم قسەکانی ئەو دروستن . ئاسمان و ئاوەکەی دەورو بەرمان ، یەک ڕەگەزیان پێک دێنا ، ڕەگەزێکی ناجێگیر ، ڕەگەزێک جۆرەها ڕەنگی زێڕینی ئاگرین ، سێبەری پاراوی سەوزی دەنواندەوە . ئێمە بە سەر درۆیەکی تەبیعەت و سروشتەوە لە مۆڵەقدا بووین ، لەم دنیایەدا کە بە ئارەزووی خۆم بەلەمم داژۆ ، هیچ شتێکی جێگیر ، مایەی دڵنیایی ، یان دیاریکراو نەبوو ، وێنەی ئایندەی خۆمم بە وردی لە بەر چاو بوو . گوتم :

- ڕاستە ، هەر بە ڕاستی قەناعەتم وایە کە خۆم ئەم کتێبەم نووسیوە . بە ڕاستی وا بیردەکەمەوە وەکو بەشێکی زیندوو و بەنرخ لە خودی خۆم ، شانازی پێوەدەکەم و خۆشم دەوێ . گالار دەکاتە کێ ، ئایا تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان پیاوێکت بەو ناوە ناسیوە ؟

سوزان گوتی :- من جگە لە تۆ هیچ پیاوێکم نەناسیوە .

- ئایا بەدەر لەو ئومێدەی کە یەکترمان خۆش بوێ ، پێکەوە ژیابووین ؟

- ژیانی ئێمە بەو ئومێدە دەستی پێکرد .

سوزان ، وشەکانی تۆ لەو تەنیاییە بێ سنوورەدا ، لەو بێدەنگییە بێ پایانەدا ، وەکو وشەێن خوایی بە سەرما دادەباری . وازم لە سەوڵەکان هێنا ، کرنۆشم بۆ بردی ، لە بەردەمتا بەچۆکدا هاتم . ئەژنۆ سارد و ڕووتەکانتم لە ژێر کراسەکەتەوە ماچ کرد . دوای ئەوە ، بێ هیچ قسەیەک ، کەوتمە سەوڵ لێدان بەرەو کەنداوێکی چکۆلە ، کە ژێرەکەی تەژی بوو لە بەردی سپی . بە ناو ئەو شەفافیەتە پرشنگدار و ڕەخشانە کەوتین ، ماوەیەکی زۆر مەلەمان کرد ، بە ڕادەیەک کە جەستەی خۆمان لە بیر کرد ، لە ئاوەکەدا تواینەوە ، بووین بە دڵۆپێک لەو هەموو ئاوە ، بووین بە کەمۆکەیەک لەو هەموو بیر و ئەندێشانە . بەلەمێکی ماتۆردار لە دوورەوە تێپەڕی ، بە شەپۆلە یەک لە دووی یەکەکانی ، جم و جوڵێکی ئارامی بە بەلەمەکەی ئێمە بەخشی . بەلەمە ماتۆڕییەکە لە دوای خۆیەوە هێڵێکی کەفی سپی بەجێهێشت ، کە لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا تاوێک دەدرەوشایەوە و پاشان دادەمرکایەوە .

هەر هەموو ئەو ڕووداوانە ئاسایی بوون . بەڵام نازانم بۆچی وا هەستدەکەم کە ئەو ڕۆژە لە بونیادی ژیانمدا ڕۆژێکی زۆر بنەڕەتی و بناغەیی بووە . هەستدەکەم ئەو ڕۆژە ، هەزاران ڕووداوی هێشتا پێشبینی نەکراو ، ڕوون دەکاتەوە و یەکێک دەبێت لەو چاوئەنداز و خەونانەی لەم دنیایەدا دەگەڵ خۆمی دەبەم .

دوای ئەوەی بۆ ئوتێلەکە گەڕاینەوە ، سوازن لە ژوورەکەی ڕاکشا و منیش چووم بۆ هۆڵی پێشوازی تا کار لە سەر پرۆڤەکان بکەم و تەواویان بکەم . یەکێک لە کیژۆڵەکانی ناو ئوتێلەکە سێ جاران بە پشتما ڕەت بوو ، تا بەدزییەوە چاودێریم بکات و بزانێت چ دەکەم . بە دەم کونجکاویەکی بە نەزاکەتەوە دەتلایەوە . هەناسەی لەخۆ دەبڕی ، ئەوسا لە ناکاوا بەمنی گوت :

– قوربان ، من لە تۆپێکی پینگ پۆنگ دەگەڕێم ، تۆ نەتدیتووە ؟

گۆناکانی سوو سوور بوونەوە ، لێوی گەست .

– نەخێر کیژەخان .... من هیچم نەدیوە .

– ببورە قوربان ، بە باری زەحمەت نەبێ ، ئایا تۆ کار لە سەر کتێبکەت دەکەی ؟

– چۆنت زانی ؟

– دەرگاوانی ئوتێلەکە پێی گوتم کە تۆ نووسەریت . چەند حەزدەکەم منیش ببم بە نووسەر . چەند خۆشە مرۆڤ هەندێ لە خەونەکانی بخاتە کتێبەوە و بیری خەڵکانی تری پێ دەوڵەمەند و فراوان بکات ..

ئیدی بە دروستی لە بیرم نەماوە کە چ بەرسڤێکی ئەم کیژۆڵە تامەزرۆیەی ئەدەبم دایەوە . بەڵام باسی ئاریشە و دژواری و دەردە سەرییەکانی نووسین و داهێنان ، باسی ئیلهام و سەرۆی کوتوپڕ کە نووسەر ناچار دەکات چەند وشەیەک لە سەر زەرفێک یان لە سەر بەرگی ڕۆژ ژمێرێک تۆماربکات ، باسی ئەو کێشماکێشەی کە هەندێجار لە نێوان نووسەر و بۆ نموونە وشە و ویرگۆلاندا چێدەبێ . باسی ئەو نیگەرانیە دەروونیەی کە نووسەر بەرانبەر بە هەوەڵین بەستە پرۆڤە ، کە هێشتا هەڵمی مرەکەبی تازەی لێهەڵدەستێ و ئاوساوە و هەرچی بە بیری نووسەردا هاتووە ، بۆ هەتا هەتایە جێگیر بووە ، باسی هەموو ئەوانەم بۆکرد و گوتم :

– ئیدی کتێبەکە لێرەدا ، تەواوە . خۆی بوونی خۆی هەیە ، هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نامێنێ . ئیدی ناتوانم هیچ شتێ بۆ ئەم کتێبە بکەم ، کتێبەکەش ناتوانێ هیچ کارێک بۆ من بکات . دیارە ئەمە بۆ هەر دوولامان حەیفە .

هەموو ئەو قسانەم یەکبین و هێندە بە ئاو و تاو و دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە کرد ، کە تا ئێستاش سەرم لە خۆم سوڕماوە . تەنانەت یەک ساتیش هەستم نەکرد کە خۆم و ئەو کیژە کونجکاوە فریو دەدەم .

کیژۆڵەکە بەلێنی دا هەر کە کتێبەکەم بڵاوبووەوە و کەوتە بازاڕەوە بیخوێنێتەوە . ئەوسا ڕۆیی . دوای تۆزێک لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گویم لە دەنگی سووکی تۆپی پینگ پۆنگ بوو کە بەر ڕەکتەکان دەکەوت .

ئێوارە ، لە کاتی شێودا ، هەمان ئەو کیژەم بینی لەو سەری هۆڵی نانخواردن دا ، لە پشت مێزێکی گەورە و لە ناو خانەوادەیەکی دە نەفەریدا دانیشتبوو ، دۆستە بچکۆلەکەی من لە ناو چەند کوڕیژگە و کچۆڵەیەکدا ون بوو بوو ، بە دزییەوە بزیەکی بۆ کردم . بابی شتێکی پێگوت ، بەڵام ئەو بەرسڤی نەدایەوە . بێگومان ئەم کیژۆڵەیەی بیری لە من دەکردەوە .

کاتێ دەگەڵ سوزاندا مێزەکەمان جێهێشت ، بە بەردەم ئەو خانەوادەیەدا تێپەڕین . ژێراو ژێر پێدەکەنین و بە ئانیشکان بەیەکیانەوە دەژەند و یەکیان ئاگادار دەکردەوە . لە پشتەوە گوێم لە دەنگی کیژۆڵەکە بوو دەیگوت :

– ئێوە هەمووتان گەوجن ! هیچ شتێک تێناگەن .

❊❊❊

باران دا دەکات .

بەیانی ئەمڕۆ ، پرۆڤەکانم بۆ پریور ناردەوە ، هەنووکە بێکار ماومەتەوە ، زۆر نیگەرانم . هەموو میوانەکانی ئوتێلەکە لە هۆڵە گەورەکە و لە ژووری پێشوازی ، و لە ژوورە بچکۆلەکەی پینگ پۆنگ و بلیاردی ڕووسیدا خڕ بوونەتەوە . هەندێکیش لە دەوری بارومەترەکە وەستاون تا باری کەش و هەوا بزانن . خانمی خاوەن ئوتێل ، داوای کتێبێکی لێکردم کە بیخاتە کتێبخانەی ئوتێلەکەوە . ناچار بووم دان بەوەدا بنەم کە جارێ هیچ کتێبێکم بڵاو نەکردووەتەوە ، بەڵام بەڵێنم دایێ ، هەر کە ڕۆمانەکەم کەوتە بازاڕەوە نوسخەیەکی بۆ بنێرم . سەیرە ! پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ، لەو ساتەدا هەموو ئەو میوانە کەمانەی ئوتێلەکە ، سەرسام و حەیران بکەم ، ئافەرین گەوجێتی !

❊❊❊

سەردانێکی خەمینی ئیڤیان ( یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی ئاوی مەعدەنی لە فەرەنسا )مان کرد . هێشتا هەر بارانە ، هێشتا یەک هەفتەی دیکەمان لەم کونە مشکەدا ماوە .

ئەو خێزانە قەرەباڵغە ، جانتاکانیان پێچاوەتەوە و بە قیتاری ئەمشەو تونون بەجێدێڵن . لە سەر خوانی بەیانی ، کاتێ خاولی سەر خوانەکەم کردەوە ، کارتێکم بینی کە ناو و ئادرەسی ئەو کیژۆڵەیەی تیابوو . بە درێژایی کاتی شام ( شێو ، شێڤ ) چاوی لێ نەگواستمەوە . ڕەنگی تەواو بزرکا بوو ، حەزم دەکرد چەند قسەیەکی دەگەڵدا بکەم ، بەڵام بەر لەوەی بتوانم لێی نزیک ببمەوە ، لە ڕستۆرانەکە وەدەرکەوت . ئوتومبیلی ئوتێلەکە ، هەر هەموویانی هەڵگرت و بەو بارانە بردنی ، پەستم . زۆر خەمبارم .

***

کتێبەکەم ، زۆر زووتر لەوەی کە چاوەڕوان بووم ، دەردەچێت . قەرارە لە ٩/٣٠ دا تەواو بێ .

ئوتێلەکە گرانە ، هێشتا باران بە سەر دەریاچەکەدا دەبارێ . داوام کرد لیستی حیسابەکەم بۆ ئامادە بکەن .

# فەسڵی پێنجەم

یەک دانە مانگە هیچ شتێکم لەم دەفتەرچەیەدا نەنووسیوە ، بڵاوبوونەوەی کتێبەکەم و بانگەشە بۆ کتێبەکەم ، کردوویانەتە کارێک کە نامپەرژێتە سەر ئەم کارە دڵخوازەی خۆم . (غەزەب) کتێبێکی ئەستوورە ، شەش سەد لاپەڕەیە ، بەرگێکی مقەوایی سپی هەیە و بە پیتی سووری خوێن ئاسا عینوانەکەی نووسراوە . ئەو نوسخانەی پێشکەش بە چاپەمەنیان و بڵاقۆکان کراون ، بە نووسینی گونجاو ڕازێنراونەتەوە و ڕەوانە کراون :" لەگەڵ ڕێز و حورمەت .... وێڕای ڕێز ، هاوکارتان .... بە عەرزی ڕێز و سڵاو ، پێشکەشە بە .... " ڕیز و حورمەتی تەواوم بە سەر هەموو ڕخنەگراندا هەڵڕشت . سێ ڕۆژە کتێبکەم کەوتووەتە بازاڕەوە ، کتێبفرۆشییەکان ، لە دووکانەکانیاندا نمایشیان کردووە . پیاسەیەکی گەڕەکی ( کارتیەلاتین )م ، ( کارتیە لاتین : گەڕەکێکە لەپاریس کە زیاتر شوێنی هاتوچۆی خویندکارانی زانکۆیە) کرد تا لە جامخانەکاندا تەمەشایەکی کتێبەکە بکەم . کتێبەکەم لە پشت جامخانەکانەوە ، لە نێو دنیایەک نامیلکەی ڕێنمای کاڵەوە بوودا ، گیرساوەتەوەو بێپەروا و ئاگایانە داوای سەرنجی ڕێبواران دەکات . هەڵبەتە ئەرکی خۆی وەکو کتێب ئەنجام دەدات .

کە ئەم ڕانان و نمایشە بازرگانیەم بینی هەستم بە شانازی و ناڕەحەتی کرد . لە ناکاوا خۆم وێڵ و سەرگەردان لە بەردەم جۆرەها ڕاو بۆچوون و حوکمدا بینییەوە ، خۆم لە بەردەم قەزا و قەدەری کڕیار و خوێنەراندا بینییەوە . تا پازدە ڕۆژێک لەوەپێش ، تەنیا چەند کەسێکی کەم ، نزیکەی پازدە کەسێک دەیانناسیم ، بەڵام ئێستا بازنەکە زۆر فراوانتر بووە ، پیاو تیایا ون دەبێ . من پەیوەندیم بە جەماوەرەوە پەیدا کردووە ، ئیدی شۆرەت و نێوبانگم سنووری دیاریکراوی نییە . هەر هەموو ئەو چاوانەی بە سەر کتێبەکەمدا دەخزێن ، هەر هەموو ئەو دەستانەی هەڵی دەگرن و پەڕەکانی هەڵدەدەنەوە ، هەر هەموو ئەو گیرفانانەی دەیگرنەخۆ .... ئەمان لە حیساب و ژمارە نایەن ... من ئێستا کەوتوومەتە چ ناوەند و ئەنجومەنانێکەوە ؟ چەند سیمای نەناس هەنووکە بە هزر و بیرێن منەوە مژووڵن و ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر باندۆر و کاریگەرییەوە ؟ هەزار .... دوو هەزار .... کە بیر لەوە دەکەمەوە ئەم هەموو خەڵکە من دەناسن و من ئەوان ناناسم ، سەرم بە گێژەوە دەچێ .

بە دەم پیاسەکەمانەوە ، سوزان لە ناکاوا لەبەر جامخانەیەک وەستا کە چوار نوسخەیان  لە کتێبەکەم ، لە سەر چوارگۆشەی وێنەیەکی ڕتوشکراوم دانا بوو . من لەو وێنەیەدا لە نێوان ئاگر و ، چاوانێکی ئەبڵەقی پیاوێکی خاوەن ئیلهام و خەوندا دەردەکەوتم . سوزان باسکی گوشیم و بە دەنگێکی دڵگیر و ئەسپایی گوتی :

– تەمەشاکە جاک .... وێنەی تۆیان لە پشت جامخانەکەوە داناوە .... ئەمە هەوەڵی کارەکەیە .... با بڕۆینە ژوورەوە ، دەمەوێ بزانم ئایا تۆ دەناسن ؟ ..

له سەرتاوە بەم کارە منداڵانەیە قایل نەبووم ، بەڵام سوزان ، ڕژد ، مکووڕ و ئاشق ، پێداگری دەکرد و سەرنجام هاتمە ڕەداو و بە دووی ئەودا خۆم بە موغازەکەدا کرد .

پیرە ژنێک بەعەینەکێکی یەک چاوی هاتە پێشەوە تا یارمەتیمان بدات . ئەوەندە باریک و بنێس و ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە بوو دەتگوت گەردو تۆز و ، مەرەکەب و ورتکە کاغەزان دەخوات . تاریکی ڕۆشنبیرانەی موغازە چکۆلەکەی ، شانەکانی دێنایەوە یەک . چاوە شەکەت و پروشەکانی تەژی نا ئومێدی و ناڕەحەتی بوو . بە دەنگێکی خەمین گوتی :- فەرموون .

سوزان ، بە جورئەت و بێباکییەکی حیرەت ئەنگێزەوە گوتی :

- هێشتا بڕیارمان نەداوە . دەمانەوێ تەمەشای کتێبە تازەکانتان بکەین .

لەم کتێبەوە دەچووە سەر ئەو کتێب و بە قامکی دەستکێش پۆشەوە ، ئاماژەی دەکردنێ .

- ئەمە کتێبێکی باشە ؟ .. ئەدی ئەمە چۆنە ؟ ..

پیرەژن دەیگوت :

- ئا ! ئا ! من نازانم ، کوڕەکەم دەتوانێ زانیاریتان بداتێ . چووەتە دەرێ شت بکڕێ . من کتێبان زۆر ناخوێنمەوە .. هەموو ئەو کتێبانەی لەم چل ساڵەی دواییدا دێنە چاپکردن .... هەرچەندە هەق نییە ئەمە بە ئێوە بڵێم .... هەر هەمووی بێهودەیە ! قسەی قۆڕ و هەلەق و مەلەقە !

سوزان خوا بەختەکی کتێبێکی هەڵگرت ، ئەم دیو و ئەو دیوی کرد . هەڵیسەنگاند :- ئەمە هەڵدەگرم .

- بە دڵی خۆت .

وام دەزانی دوای ئەم کڕینە بێهودەیە لە کتێبفرۆشییەکە وەدەر دەکەوین ، بەڵام سوزان ، لە بەردەم ڕەفەی کتێبە تازەکاندا وەستا ، خۆی دەخافڵاند . پێمگوت :- بابڕۆین ، دەبینی کە منیان نەناسی ..

سوزان ، سەری لەقاند ، نێوچاوانی گرژ و لێوەکانی هەڵقورتا بوو . لە ناکاوا تاقەتی چوو و بلەز وتووند پرسی :

- تا ئێستا زۆرتان لە (غەزەب) ، ڕۆمانەکەی جاک سوربییە فرۆشتووە ؟

دەم وچاوم سوور بووەوە ، خوێنی تێزا ، گەرم داهات . لەم گوساخی و بێ پەروایییەی ئەو تووڕە بووم . حەزم دەکرد زەوی بقڵیشێت و قووتم بدات ، یا بۆساتێک ڕوو و ڕووخسارم بگۆڕێت . بەڵام یەکسەر گوێم بە ڕستە سەرسام ئامێزەکانی پیرەژن زرینگایەوە :

– دروستە ! دەبوایە بە وێنەکەتدا بمناسیباتیەوە ! بەڵام ، وێنە ، ڕوخساری بنیادەم دەگۆڕێت ، وانییە ؟ مسیۆ لە وێنەکەدا لاوازترە بۆیە ، هەڵبەتە ..

کوڕەی کتێبفرۆش ، ڕێک لە گەرمەی ئەم گفتوگۆیەدا هاتەوە . گەنجێکی چاپوک و بە سەرنج ، قژ لوول ، بە دەم و پل ، چاوانی وەکو شووشە بریقەدار بوو ، بە تاریف و قسەکانی گێژی کردم .

– چاوم بە کتێبەکەدا خشاندووە . باوەڕبکە فرۆشێکی باشی دەبێت . تا ئێستا چوار نوسخەیان بردووە ، هێشتا زووە . ئەمە سەرەتایەکی باشە . حەیفێ کە ڕەخنەگران بەم زووانە ڕاو بۆچوونی خۆیان دەرنابڕن .... من وەکو کاسبکارێک دەڵێم دەنگدانەوەی خۆی دەبێت ، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت .

دووبارە ، بە چاوی فرۆشیارێکی دوو دڵەوە تەمەشای منی کرد ، وەکو کەسێک باوەڕ نەکات ، وەکو کەسێک باوەڕ نەکردوو ، لەبن لێوانەوە گوتی :

– بەڵێ ! بەڵێ ! بەڵێ ! ئێ ، یانی مسیۆ جاک سوربییە جەنابتی ؟ زۆر چاکە ! زۆر چاکە! بانگەشەت بۆ دەکەین !

بە دەم مینگەوە گوتم :– سوپاستان دەکەم ..

– ببورە دەبێ لە ژیانا بەرگری و پشتیوانی لە یەکدی بکەین . من هەمیشە بەرگری و پشتیوانی لە ڕۆمانانی جوان دەکەم . ئەمە کاری منە . بە خۆت دەبینی کە تەواو لەیەکەوە نزیکین و هەمان باوەڕی سیاسیمان هەیە !

– ببورە ؟

– بەڵێ ، لە هەوەڵین دێڕەکانی کتێبەکەتانەوە ، تێدەگەین کە کەسێکی چەپ و سۆسیالیستی ، بەڵام بە دنیابینی و ئاراستەیەکی نەتەوەیی . گروپی (ئانگیڤن) م مەبەستە .

– بەڵام باوەڕ بکە کە ..

– " وس " حاڵی بووم .

چاوێکی لێداگرتم و ئەوسا لە سەری ڕۆیی :

- تێگەیشتم ، پێویست ناکات هیچ شتێک لەمبارەیەوە بڵێی !

زۆر لەوە توورە بووم ، کە مەسئولیەتێکی سیاسیان بەملدا دابووم کە لێی بێ بەری بووم . کورێژگە کتێبفرۆشەکە دووبارە گوتی :- رۆژنامە چەپگەراکان ، پشتیوانی و بەرگریت لێدەکەن .

بەرسڤم دایەوە :- پێویستم بە بەرگری و پشتیوانی وان نییە .

بە درێژایی ئەو ماوەیەی قسانمان دەکرد ، کابرایەکی کورتەباڵا و رەشتاڵەم بینی کە کڵاوێکی لە سەر و چەترێکی بە دەستەوە بوو ، چاوێکی بە کتێبەکەمدا دەخشاند . زۆرم لە گیان خۆشبوو ، دەتگوت نەوازشم دەکەن . ئایا ئەم نەناسە مەحبووبە ، ئەم هاورازە ، ئەم برادەرە، ئەفسونی خۆم دەکەم ؟

پیاوەکە دەستی بە گیرفانیدا کرد . لە قووڵایی جزدانەکەیدا چەند سکەیەکی (دراو) وردی دەرهێنا و سەری لەقاند . روخساری چرچ و لۆچی ، نارەحەتی و دوودڵی ئەوی نیشان دەدا . بێگومان لە خەرج کردنی پارەکەی دوودڵ بوو . دڵم پێی دەسووتا . لە خۆم تەریق بوومەوە .

پیاوەکە هێشتا کتێبەکەمی بە دەستەوە گرتبوو ، حەزم دەکرد کتێبەکەی بە دیاری پێشکەش بکەم ، تا پاشان هیچ لۆمەیەکم نەکات ، بەڵام ئەو لە هەمان ساتدا کتێبفرۆشەکەی گازکرد و گوتی :- ئەم کتێبەم دەوێ .

و بلەز پارەکەی خستە دەستی کتێبفرۆشەکەوە .

- بۆتی بپێچمەوە ؟

- نە ، نە سوپاست دەکەم .

کتێبەکەی نایە بن باخەڵی و لە موغازەکە وەدەرکەوت . ئەو منی دەگەڵ خۆیدا برد . من و سوازن خواحافیزیمان لە کتێبفرۆشەکان کرد . لە دەرەوە ، لە شەقامەکەدا پیاوە کورتە باڵاکەم بینی کە بە درێژایی شوستەکەدا بلەز هەنگاوی دەنا . بێگومان بە پەلە بەرەو تەختێکی مەیدانی یان ژوورێکی ژێر شیروانی دووکەڵاوی دەرۆیی . کتێبەکەمی وەکو خورجینێکی گرانبەها یان تێشوو بەرەیەکی پڕ خوراک ، توند لە بن هەنگڵی نابوو . سوزان گوتی :

- خوێنەرێکی راسەقینە و جدییە ! زۆر جوانە .

بەرسڤم نەدایەوە ، گریان ئەوکی گرتبووم . خوێنەری نەناس ، دۆستی خاکی و بێ فیز ، هاو دەستی گومناوی من ، هەرگیز نازانیت کە رەفتاری تۆ چ ئەشق و خۆشەویستیەکی لە بوونمدا پەیدا کرد . ئێستا لە نێو ئەم ئاپۆڕا

جەنجاڵەدا ، لەم دنیا قەرەباڵغەدا ، بیرو ئەندێشەی دوو مرۆڤ پێکەوە گرێ دەدات . ئەمە کارێکی سادە و ئاساییە و وێڕای ئەمەش بە ڕاو بۆچوونی من هیچ شتێک لەم پەڕجووە ڕۆژانە مەعنەوییە جوانتر نییە .

لە ناکاوا هات بە بیرما کە بە غار دووت بکەوم و هاوار بکەم : " منم ! منم !"

بەڵام بێگومان واباشترە ڕوخسارم نەناسیت . ئایا من تۆشم وەکو خەڵکانی دی خاپاندووە ؟ ئایا پارەکەتم نە دزیوە ؟ ئایا من سەرنجی تۆ ، ستایشی تۆ ، قووڵترین و تایبەت ترین ، گرانبەهاترین شتی ناخی تۆ ، بوونی تۆم بە خورتی لێنەسەندوویت ؟ چۆن دەتوانم ڕاستە و ڕاست بڕوانمە چاوانت ؟

***

لە گۆڤاری راتاپلان دەست بەکار بوومەوە . نوسخەیەکم لە کتێبەکەم بۆ پالوشو ناردبوو . بۆ ئۆفیسەکەی خۆی بانگی کردم . جەستە زەلام و قەڵەوەکەی لە قەنەفەیەکدا نقوم بوو بوو ، وا دەهاتە بەرچاو ، هێندەی بیرکردووەتەوە ، دەم وچاوی ئاوساوە . بەدەنگێکی زبر گوتی :

– سوربییە زۆر سوپاس بۆ کتێبەکەت . خوێندمەوە . من وای بۆ دەچم کە تۆ زۆرت ڕق لە هاوڕەگەزانی خۆتە ! بە ئاشکرا دەکێشیت بە سەریاندا و بن پێیان دەنەیت ! باشە تۆ داخ و خەشی خۆت دەڕێژی ، یان دەتەوێ چاکیان بکەی ؟

بۆ ساتێک بێدەنگ بووم و هیچ وەڵامێکم نەدایەوە . هەمیشە قەناعەتم وا بوو پالوشو پیاوێکی زۆر کەرە ، کەچی پرسیارەکەی هەناسەی سوارکردبووم . گوتم :– کاری ئەدەبی چەکێک نییە بۆ تۆڵە ئەستێنی .

– با ، تو وا دیارە دەتەوێ بە زەبری شولی تەڕ و شەلاخ هاوعەسرانی خۆت چاک بکەیت . ئەمە شێوازێکی باش نییە . برادەری ئازیز ، تۆ خەڵکانێکی زۆری شەکەت و ماندوو و ، داماوت بە دەورەوەن ، کە سیاناوی ڕۆژگاریان پێدا هەڵپژاوەو لەوتاون و ئەوان کەسیان نەلەوتاندووە. ئەمانە پاک نابنەوە ، چاک نابن ، سەدان ساڵە ئەوە حاڵیانە ، لەوەتای دنیا دنیایە واهاتوون . ئەمانە بە هەموو گرفتاری و شەکەتیەکیانەوە ، بە هەموو قورسی و پۆخڵەواتیەکیانەوە ، بە زەوییەوە چەسپیوون . ناتوانن بجوڵێنەوە ، خەڵکانی دی ، زیرەکتر و بە هۆشتر لە تۆ هەوڵیانداوە بیان جوڵێنن . بەڵام ئاویان لە دنگدا کوتاوە . جا ئێستا کە لە نەگبەتی و بەد بەختی خۆیاندا نقوم بوون ، نابێ ئەمەیان پێ بڵێین ، پێویستە بەقسەی خۆش و موزیک و ئاهەنگی جوان سەرگەرمیان بکەین ، بیان خافڵێنین ، دەبێ تا سەر ، تا دوا هەناسە گێژو بەنجیان بکەین . مەسەلەکە بەزەییە . بەڵام تۆ دەتەوێ ڕۆڵی ڕۆشنگەری بگێڕی . تۆ بە بلاجکتۆرێکەوە هاتووی و هاوار دەکەیت :" خەڵکینە ، چاو بکەنەوە ، تەمەشا بکەن ،

ئێوه هەق نییه ، بەم شێوەیە بژین ، کە تیایدا دەژین " و تیشک و ڕوناکی دەخەینە سەر ماڵە وێرانەکانیان ، سەر شەقامانی پڕ گەندەڵی ، سەر منداڵە زامار و نەخۆشەکانیان ، سەر ئەو کەسەی خۆی کوشتووەو لە پاینی ئەسکەلەیەکدا کەوتووە ! ..

- بەڵام ئەمە حەقیقەتە !

- با حەقیقەتیش بێ ! حەقیقەت بۆ ئەوە دروست بووە ، کە خەڵکی خۆیانی لێ گێل بکەن . ئەوانە خەڵکانێکن خوویان بە ژیانی خۆوە گرتووە ، پێیان خۆشە ، کەچی تۆ هاتووی ، نازانم بە چ هەقێک ؟ چاویان بکەیتەوە ! ئێستا کە بێدار کردوونەتەوە ، هەنووکە کە وشیار و برسی خستوونتە سەرپێ ، دەتەوێ چییان بدەیتێ ؟ دەتەوێت بە ئەدەبیات تێریان بکەیت ، ئەدەبیاتیان دەرخوارد بدەیت ؟

دەم وچاوی سوور هەڵگەڕابوو ، بە هەر دوو دەستان سەماعەکەی لە گوێ دەپەستا .

- تۆ بەوە هەژارێک ڕزگارناکەی کە بێداری بکەیتەوە ، بەڵکو بەوە خزمەتی دەکەی لای لایەی بۆبکەی ، بیخەڵەتێنی . تۆ بەو توڕەهاتانەی لە گۆڤارە بازاڕییەکەی مندا دەتنووسین ، لای لایەت بۆ هەژار و بێنەوایان دەکرد . ئەو داماوانە بە نووسینەکانی تۆ سەفەریان دەکرد ، دەجەنگین ، سەردەکەوتن . دڵنیات دەکەم کە ئەوە بۆ ئەوان باشتر بوو . من کەسێکی پیری خەرەفیووم ، کەسێکی پاشڤەڕۆم ، خۆم ئەمە باش دەزانم . بەڵام با پێت بڵێم ، من ڕیسکە گەوجانەکەی تۆم لە ئەریزۆنادا ، زۆر پێ باشترە لەوەی لەم ڕۆمانەدا دەیڵێیت . لە وێدا زەرەرت بە کەس نەدەگەیی .... بەڵام لەمەدا ..

گوتم :- خەیاڵت ڕەحەت بێ ، هەژاران و بێنەوایان کتێبەکەی من ناخوێننەوە .

مۆڕەیەکی توندی لێکردم و لەبن لێوانەوە پرتاندی و گوتی :- هیوادارم وابێ !

حایر مابووم و نەمدەزانی چ وەڵامێکی ئەم هێرشە توندەی ئەو بدەمەوە . پالوشو ، جگەرەیەکی پەستایە دەمیەوە و پێکرد ، ئەوسا گوتی :- کەمێک سەر ودڵم گرتیت ، خۆ لێم زویر نەبوویت ؟

دەستە زەلام و شینەکەی بۆ درێژ کردم . کاتێ لێبڕام لە ئۆفیسەکەی وەدەر بکەوم ، گوتی :

- من ئامۆژگاریت دەکەم کە ئاگات لە ڕۆژنامە چەپەکان بێت ، تووشت دەکەن ها . کتێبەکەت زۆر بەلای ڕاستدایە ، ئەمەت لێنابڕنەوە . جگە لەمە ، هیچی ترم بەلاوە گرینگ نییە ! بەڵێ بەلامەوە گرینگ نییە تۆ چ دەکەی ! گوێت لێمە ؟ وێڕای هەموو ئەمەش ، کاتێ بزانن کە نووسەرە پاک وبێگەردەکەی بەسەرهاتەکانی بیلی دیک ، هەمان

نووسەری هیچ و گەندەڵی (غەزەب)ە ، داک و بابی ئەو مێرمندالأنەی کە ئابوونەیان لە گۆڤارەکەماندا هەیە پێیان ناخۆش دەبێ ها ؟ چێ ؟ هیچ وەڵامێک مەدەوە ، پێویست بە وەڵام و قسە ناکات ! خوا حافیز !

ئەم یەکەم ڕەخنەیە ، متمانەی لەق کردم . باشە ئەگەر هەق بەو بێ چی ؟ ئەگەر چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانیش ، هەمان ڕاو بۆچوونی ئەو کاوێژ بکەنەوە چی دەبێ ؟ هەنگێ ، لە سەر کتێبێک کە من نەمنووسیوە ، سخێف و جنێوباران دەکرێم . هەنگێ باجی هەڵەی کەسێکی دی دەدەم ، لە جیاتی کەسێکی دی سزا دەدرێم بێئەوەی مافی ئەوەم هەبێ بەرگری لە خۆم بکەم . ئەم بیرۆکەیە چوارپەلی شکاندم ، لە پەل و پۆی خستم ، بەنجی کردم ، من ئامادەم باجی هەڵە و گوناحی خۆم بدەم ، بەڵام ئامادەنیم بەرپرسیاریەتی گوناحی گالار هەڵگرم . خۆ غەزب بەرهەمی من نییە !

❊❊❊

بەلای خۆمەوە ڕێک وەکو ڕێبوار و موسافرێکی فێڵباز و دەستبڕ وام کە بە بلیتی نمرە سێ ، سواری فارگۆنی نمرە یەک بووبێ و خۆی لە ناو خەڵکان و ڕێبوارانی ئاساییدا بشارێتەوە و دەورو ڕۆڵی خۆی بەباشی بگێرێت و ، دەنگێکی ئارام لە کانگای دڵییەوە ، لێکدا لێکدا بڵێت :" خوا بکات تیتی قیتارەکە نەیەت بەسەرا !" .

# فەسڵی شەشەم

لە ئاژانسی ئارگوسدا ناوی خۆم نووسی . (ئارگوس : ئاژانس و دەزگایەکە ، پەیگیری ئەو بابەتانە دەکات کە لە ڕۆژنامان‌دا دەربارەی کەسێک دەنووسرێن ، بابەتەکان ، لە ڕۆژنامە جیاوازەکان دەبڕێت و بۆ ئەو کەسەی دەنێرێت ) . ئەم بەیانیە یەک زەرفی پڕ پارچە ڕۆژنامە و ئاگادارینامەی ڕۆژنامەوانی و بانگەشەیی بۆ ناردەم . بە نیگەرانی و دڵە ڕاوکێوە ، کەوتمە تەمەشاکردن و خوێندنەوەی ئەو وتار و هەواڵانەی دەربارەی سەرکەوتنەکەم بڵاوکرابوونەوە .

بە ڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەیە ، وەشانکارەکە ئەوەی پێگوتم ، هەروەها بواسییر و خەڵاکانی دیکەش ، کە لە پرەنسیپەکانی ئەم گەمەیە دەزانن ، هەمان شتیان پێگوتم .

کتێبەکەم ، هەموو ئەو ڕەخنەگر و خوێنەرانەی ، کە تا دوێنێ ، لەو پەڕی بێدەنگی و بێموبالاتیا بوون ، سەرسام کردووە . هەڵبەتە چەند کۆنە ڕەخنەگرێکیش هەن کە زۆر بە توندی ئیرادیان لە زبرییەکەم گرتووە و چونکە نەیانزانیوە چۆن دەربارەی من بیربکەنەوە و چی بڵێن ، بە یەک دوو دێڕان وازیان لێهێناوم . بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خۆشحاڵم و بە تایبەتی بیر لەو سێ وتارە دەکەمەوە کە سەر ڕێژن لە ئافەرین و ستایش و پەیڤ و ڕستەێن ڕازاوە و جوان .

" جاک سوربییە ، بە تاقە ڕۆمانێک ، بە قەد هەموو ڕۆماننووسە فشەکەر و سکرابەکانی ئەم بیست ساڵەی دوایی ، خزمەتی ئەدەبی فەرەنسی کردووە ! " .

وتاری دووەمیش نووسیویەتی :

"جاک سوربییە ، تا دوێنێ گومناو بوو ، بەڵام ئەمڕۆ ناوە ، ڕەنگە سبەی بچێتە ڕیزی کەڵە پیاوانەوە " .

وتاری سێیەم نووسیویەتی :

" جاک سوربییە ، دەتوانێ بە کەماڵی دڵنیایی دەست بخاتە سەر کتێبەکەی و بڵێت : کتێبێکی باشە " .

سوزان ئەم پارچە ڕۆژنامانەی نا بە ئەلبوومێکی تایبەتیەوە . بەڵام من ، کە بیرم لەم هەڵکشانە ستوونییە بەرەو شۆرەت و نێوبانگ دەکردەوە ، سەرم بە گێژەوە دەچوو .

پریور ، ئامۆژگاری کردم ، کە وەکو قەدرزانی و منەتباری چەند نامەیەکی جوان و ماقووڵ ، بۆ ئەو چوار پێنج ڕەخنەگرە بنووسم کە خوێندنەوەی باشیان بۆ کتێبەکەم کردووە و ڕەواجیان پێداوە . کەوتمە نووسینی نامەێن پڕ لە

تەوازوع و خاکیانە ، بە چەپ و ڕاستدا نامەم ڤڕێ دەکرد ، سوپاسی ، خەڵکانێکم کرد کە نەمدەناسین . سۆز و میهرەبانیم بۆ خەڵکانێکی نەناس دەربڕی .

هەست بە شادی دەکەم . هەموو خەڵکی دنیا شادن ، هۆیەکەشی دیارە .

کە شەو دادێ ، گڵۆپی پەنجەرەکان هەڵدەبن . شەقامەکان ، لە درێژی ئاسایی خۆیان درێژتر دەنوێنن ، خانوو و سەربانەکان پڕ دەبن لە زەمزەمە و چپە دووی ڕەمز و ڕازان ، کاتێ فەرمانبەران ، شەکەت و ماندوو لە دایەرە وەدەردەکەون و دەست لە کاری تاقەتبەر هەڵدەگرن ، کاتێ کیژانی تەنیا بە سەر ڕۆخانەیەکی ئارام و مەندا ، بەلای موحەجەراندا ڕەتدەبن ، کاتێ باوکان ، لە قیتارانی دەوروبەری شاردا ، بیری خراپ لە مێشکیاندا پەروەردە دەکەن ، کاتێ زەنگی دەرگای سینەمایانی پڕ لە وێنە و ئاگاداری و بانگەشەی ڕۆشنایی ، لێدەدا ، هەنگێ ترس و دوو دڵی ، دزە دەکەن بۆ ناو دڵم . من وێڕای هەموو ئەو ئەگەرانەی کە خۆشیم لێدەتارێنن ، هەر کۆڵنادەم و لە ڕای خۆشی و بەختەوەریدا تێدەکۆشم ، بە هیچ کلۆجێ دەستبەرداری خۆشی و شادی نابم . ئەمشەویش ، دەبێ بە سەر ئەم ماندوویەتی وبێزارییە ترسناکەدا زاڵ بم . سەرکەوتنی (غەزەب) دەبوایە غەرقی شادی و خۆشیم بکات . بەڵام عەزابی ویژدان ڕێگەم نادات ، لەو شادی و خۆشییەم دەکات . هیچ کەسێک بەمە نازانێ ، کەس ئاگای لێنییە . ئەدی خودی خۆم ؟ ئاخ ، هیچ شتێکم لەم ململانێ دەروونییە ، لەم حوکمەی خۆم دەربارەی خودی خۆم ، لەم نەفرەتەی لە خودی خۆمی دەکەم دزێوتر و ترسناکتر نییە . خۆزگەم دەخواست هیچ وێنایەکی زەینی و هیچ ئاگاییەکم لەمەڕ چاکە و خراپە نەبوایە ، یان مەیل و ئارەزووی شۆرەت و نێوبانگم ، ئەوەندە بە هێز بوایە کە بیتوانیبا ، دەنگ و گازی ویژدان لە ناخمدا خەفە بکات . بەڵام ئەوەندە لاوازم ، ئەوندە دوو دڵ و نیگەرانم ! بووم بە کۆیلەی هەستەکانم ، هەستەکانم چییان بوێ ، ئەوەم پێدەکەن . هەر ئاوڕێکی میهرەبان ، هەر تیشکە ڕووناکیەکی هەتاو ، هەر نیگایەک ، هەر جۆڵەیەک دەتوانێ بە سەرما زاڵ بێت .. من پیاوی فڕت و فێڵ و ساختەکاری و دەغەڵبازی نیم . هیوادارم فێربوونی ئەو شتانە زۆر درێژە نەکێشێت .

***

یەکەم ڕەخنەی توند ، وتاریک بوو بە ئیمزای ( ئینتریم ) ، ئەم ئینتریمە ، ئیراد و ڕەخنەی ئەوەی لێم هەیە کە لە ڕۆمانەکەمدا تەنیا لایەنە دزیو و خراپ و نەرێنییەکانم وێنە گرتووە . بە ڕای ئەو من کەسێکم لە ناو ڕەنگەکاندا تەنیا ڕەنگی ڕەش بەکار دەبەم "دەستە زەلام و زبر و رەشەکانم" بەر هەر شتێ بکەون ، دەیلەوتێنن ، پیسی دەکەن . ناونیشانی وتارەکە : "سیفۆنی تەوالێت " بوو ، هەڵبەتە زۆر ناخۆش و بێ مانا بوو . لێرەدا بە شێک لە وتارەکە وەکو خۆی دەگوازمەوە :

" کاتێ کتێبەکەی مسیۆ سوربییە دەخوێنینەوە ، وا وێنا دەکەین کە هەمووماڵەکانی پاریس گول بوون و ئارەقەی گەندەڵی و وێرانی لە سەرو ڕوویان دەتکێ . هەموو تەوالێتەکان گیراون . چڵم بە کەپووی گشت زارۆک و منداڵەکاندا شۆڕ بووەتەوە ، هەموو ژنەکان لەشفرۆشن و لەشی خۆیان هەڕاج کردووە و هەموو پیاوەکان و گشت پیاوەکان مەست و خومارن . لەم ئەدەبیاتە پیسە ، ئەم وشە سواو و بێتامانە ، لەم کەسایەتیە نەخۆشانە ، لەم پەرێشان و دڵڕەشانە ، لەم نووسەرانەی گەرەکیانە بە ناوی واقیعگەراییەوە خەڵکی ڕەمەکی تەفرە بدەن ، وەڕەز و بێزا بووین . هەوای تازەمان گەرەکە ! هەوای تازە ! کەچی مسیۆ سوربییە ، زڕ وزبڵمان پێشکەش دەکات . با سیفۆنی تەوالێتەکە ڕاکێشین !" .

ئەمە ئەنجامگیری و کۆتایی وتارەکەیە . بەو پەڕی سەرسامی دووبارە وتارەکە دەخوێنمەوە . ئەم هەموو ڕق وکینەیە پەستم دەکات . هەست دەکەم لە هەر هەموو ئەو تۆمەتانە بێبەریم کە ئاراستەم کراون ، ئەم تۆمەتانەش ، وەکو سەرزەنشت و گلەییەکانی پالوشو ڕەتدەکەمەوە ، بە خۆما دەچمەوە و خۆم لە کتێبەکەم نەبان دەکەم . پڕ بە دڵ حەزدەکەم هاوار بکەم :" من فرم بەم کتێبەوە نییە !" .

❊❊❊

ئەوەی ڕاستی بێ ، کاتێ ئەم بەرهەمە ستایش دەکەن ، ئامادەم خۆم بکەم بە خاوەنی ، بەڵام گاڤێ بە بێ پەروایی هێرشی دەکەنە سەر ، خۆمی لێ بە خاوەن ناکەم و خۆم لە هەموو بەرپرسیارییەک دەدزمەوە . ئەم دوو دڵی و ترسنۆکییەی خۆمم بەلاوە سەیر نییە ، چونکە بەشێکی بنەڕەتییە لە تایبەتمەندی و تەبیعەتی من . دەبێ چاکی بکەم ، بیگۆڕم . بە هەموو توانایەکی خۆمەوە بڕیارم داوە بەوپەڕی خوێنساردی و ژیری ڕوو بە ڕووی ڕەخنەکان و ستایشەکانیش ببمەوە . تازە من شانم داوەتەبەر ئەم ڕیسکە و دەبێ تاسەر لەگەڵی بڕۆم . وا چاکترە ، گۆم تا قووڵتر بێ ، مەلەی خۆشترە . بۆیە بڕیارم داوە وەڵامیکی تەنزئامێزی ( ئینتریم )ی نووسەری ( سیفۆنی تەوالێت ) بدەمەوە .

❊❊❊

چاپی یەکەمی (غەزەب) تەواو بووە ، بەم زووانە چاپی دووەم دەکرێتەوە .

پریور ، لە خۆشیا لە پێستی خۆی ناهێورێ :

– من زۆر لەوە دڵنیابووم کوڕەکەم ! من کە گرەو لە سەر کتێبێک دەکەم مەحاڵە براوە نەبێت !

من ئێستا لە ژووری چاوەڕوانی ماتەڵ نابم ، یەکسەر خۆم بە ژوورەکەی ئەودا دەکەم . تایپیستەکان ، کە تێدەپەڕم ، بۆم پێدەکەنن . هەوڵدەدەم لە ئاست ئەم سەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراوەدا ، هێدی و هێوربم .

***

ئەمڕۆ گفتوگۆیەک لە نێوان من و بواسییردا چێبوو . نووسینگە و ئۆفیسەکەی لە قاتی سێیەمی وەشانخانەکەی پریوردایە ، نووسینگەیەکی نزمە ، شووشەی پەنجەرەکانی زۆر گەورەیە ، زیاتر لە فانووسێک دەچێت . دنیایەک دەستنووسی لە بەردەست و لە دەورو پشتە . ئیدی وەکو دێوێکی ئاسیودیدە و پڕکار ، حوکمڕانی ئەم کاغەز و دەستنووسانە دەکات و بە وردی خوێندنەوەیان بۆ دەکات . هەر کە دەرگام ڤەکرد و وەژوور کەوتم هاوارێکی کورتی کرد ، چاوە شینەکانی لە ژێر پێڵوە چرچەکانیەوە دەدرەوشانەوە و گوتی :

– هاتووی تا لە دەخمەکەمدا بمدینی ؟ تەمەشا بکە ، دەبێ چەند بخوێنمەوە تا کەسێکی وەکو تۆ بدۆزمەوە ! تۆ وەکو پارچە شیرینییەکی بە لەزەت و بە تامی ، دوای ژەمە خواردنێکی بێتام و دێر هەرس . سەر بە ڕاست و بەچەپ دا وەربگێڕە سەرکەتن هەر لە خۆت دێ ، بە ڕادەیەک سەرکەوتنت بە سەردا دەبارێ کە لێت دەترسم !

– لێم دەترسیت ؟

– بەڵێ ، نووسەری سەرکەوتوو ، ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت . ئەم هەرا و هەنگامانە کەڕی دەکەن ، ئەم هەموو مەشخەڵە ڕووناکانە بە شەوارەی دەخەن . کوێری دەکەن . لە نێو جەماوەردا ، هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدات ، جڵەوی دەداتە دەست جەماوەر . ئەم مەترسییە لە ڕێی هەمووتانە . نووسەری گەورە هەمیشە سنعەتکارە ، هونەر پیشەیە ، کار بۆ ژمارەیەک مشتەری دیار ولێکدی نزیک و یەکگرتووی گەڕەک دەکات . گەڕەکی زەین و ڕۆح ، گەڕەکی پەیوەندێن ڕەسەن . بەڵام هەرکە شۆرەتی لە سنوور و ئاقاری مشتەرییە دڵسۆز و وەفادارەکانی دەرچوو ، هەنگێ ناچارە بازنەی دەوری خۆی بەرین بکات ، لە ڕادە بە دەر سەری قاڵ دەبێت. دەیەوێ خزمەتی هەمووان بکات، هەموان ڕازی بکات، دەکە و سەکۆکەی دەبێ بە پێشخوان و مێز ، پێشخوانەکەی دەگۆڕێ بە دووکان . بەوە قاییل نابێ کە دەستگێڕی بکات و بەرە بەرە دەبێ بە کۆنە فرۆش ، خەڵکی بە ڕێز و ویقار لێی دوور دەکەونەوە ، ئەمە بە زۆری مایەی کەسەر و داخە !

بواسییر ، بە خەم و پەژارەوە تەمەشای کردم ، پاکەتێ نەباتی بۆ ڕاگرتم و گوتی :

– دانەیەک هەڵگرە ، نەباتی نەعنایە .

ئەوسا سەری دەلەقێنێ ، مستە چکۆلە سپییەکەی ، کە لە دەستی بووکە شووشە دەچێت ، دەکێشێت بە سەر مێزەکەدا و لە پڕ هاواردەکات :- جەماوەر ، دەبێ وەکو ئەسپ ڕام بکرێت ، ئەگەر ویستت جەماوەر قەدرت بگرێت ،نابێ زۆر قەدری بگریت و بە گوێی بکەی . ئەگەر ویستی بە ڕاستا بڕۆی ، تۆ بە چەپا بڕۆ ، ئەگەر ویستی بە چەپا بڕۆی تۆ بە ڕاستا بڕۆ . هەنگێ بەخۆی دوات دەکەوێ . ئیدی دەبێ بە دەم وقەپۆزیا بکێشیت ، کارێک بکەی هەمیشە گوێ قولاغ بێ ، ملی بابدەی ، تا بە گوێت بکات . کاتێ بە ناوەندی مەیدانی ئەسپ سواریتا گێڕان ، کاتێ کەف کەوتە لالغاوی و ئازای لە کەف و ئارەقەدا هەڵکشا ، کاتێ خوێن بەلا تەنگەیدا هاتەخوارەوە ، کینە ونەفرەت ، لە چاوانی هەڵگیرسا ، ئەوکاتە بە زمانی حەیوانی خۆی دەڵێت .." ئەمە پیاوێکی خانەدان و سەنگینە ، سەرووەرێکی ڕاستەقینەیە !" هەنگێ بە ڕاستی خۆشی دەوێی ، چونکە ، ملت بۆی نەداوە !

بواسییر ، بە قژی لوول و ، ڕەنگی هەڵبزرکاوەوە ، هانکە هانکی پێدەکەوێ و بێدەنگ دەبێت . پێدەچێ کە بیری پیشەکەی لە ڕادە بەدەر ماندوو و شەکەتی بکات ، ئەم نەفەسە عیرفانیەی ئەوم لەبەر گران بوو . من کە تەنیا چاوم لە دەسکەوتی مادی ، و بانگەشەی جەڵەبی و بازاڕی ڕۆژنامەوانی ، لە زەتی شۆرەت و ناوبانگە ، لە هەنبەر جۆش وخرۆشی عیرفانی ئەودا ، هەست بە شەرمەزاری دەکەم ، تەریق دەبمەوە . لە هەنبەر ئەم مرۆڤەدا ، کە لە ئۆفیس و نووسینگەکەی خۆیدا ، لە ئاگری بەرزی مەعنەویەتدا ، دەسووتێ ، لە کەڵکەڵە و خولیاکانی خۆم تەریق دەبمەوە . چەند حەزدەکەم وەکو ئەوبم ، بە سۆز و فیداکار ، دڵسۆز و بە هەڵوێست و دژەسازش بم ، بەڵام من ، دەڵێی بە پێڵاوی ئاسنینەوە ، بە زەوی مادیاتەوە چەسپیووم . شانی چەماو ، دەستی قورس و دیدگای تەسکی کەسانێکم هەیە کە کار بۆ بژێوی خۆ دەکەن ، تەنیا لەخەمی خەو و خۆراکی خۆیاندان . بە ئەسپایی گوتم :

- مسیۆ بواسییر ، سەرکەوتن گێژ و مەنگم ناکات ، دەزانم چۆن بۆ خۆم کاردەکەم نەک بۆ خەڵکانی دی . وێڕای ئەوەش تاکو ئێستاش لە هەندێک وتاراندا بە توندی ڕەخنەم لێدەگرن ..

- مەبەستت " سیفۆنی تەوالێتە " ؟

- بەڵێ .

- ئەوە هیچ نییە . باشتر ، ئەگەر هەموو ڕۆژنامەکان ، یەکدەنگ و یەک ڕەنگ دەستخۆشی و ئافەرینت لێبکەن ، باش نییە ، ئەگەر هەموو ڕەخنەگرەکان پێتدا هەڵبدەن ، ئەنجام باوەڕیان پێدەکەیت ، باوەڕ کردن بە وان دەکاتە ئەوەی پەیڕەوی پێشنیاز و ڕێنوێنییەکانی ئەوان بکەیت و دەستبەرداری ئازادی ناخی خۆت ببی . ئەگەر هەر هەمووان تاریفی شێواز و ستایلە توندەکەت بکەن ، هەنگێ ناچار دەبیت لە سەری بەردەوام بیت . ئەگەر هەر هەموویان مەفتونی نیکڵ دومینی ، کاراکتەر و شا قارەمانی ڕۆمانەکەت بن ، ئیدی تاماوی هەر کاراکتەرێن لەو بابەتە

دەخولڤێنی . بەڵام ئەگەر ڕەخنەگرەکان دید وبۆچوونی جیاواز و هەڤدژیان هەبێت ، ئەگەر بابەتی خۆش و ناخۆش بڵاوبکەنەوە ، هەنگێ ڕزگار دەبیت ، چونکە تیا دەمێنی چی بکەیت . لە خۆت دەپرسیت پەیڕەوی چ بیرو بۆچوونێک بکەیت ، چ ڕێبازێک بگریتەبەر ، نازانی لە ناو ئەو هەموو ستایش و نەفرەتەدا باوەڕ بە کامیان بکەیت . ئیدی لە ئەنجامدا وات لێدێت تەنیا بە گوێی خۆت بکەی ، تەنیا گوێ لە دەنگی خۆت بگری کە هەر هەموو ئەم ژاوەژاو وهەرا و هەنگامەیە دادەپۆشێت . کوڕەکەم تەنیا گوێ لە دەنگی خۆت بگرە ، تەنیا بە گوێی خۆت بکە . تەنیا بۆ دڵی خۆت بنووسە. پشت بە کورسییەکەتەوە بدە و کەپووت بژەنە ناو کاغەزەکانت و زۆر بە ئارامی ، بە کاوەخۆ وەکو هونەرمەند و سنعەتکار ، کاری خۆت ئەنجام بدە . دڵنیام کە تا سەدان ساڵ پاداشتی خۆت وەردەگریت !

بزەیەکی منداڵانە ، دەم وچاوە چرچ و لۆچەکەی ڕوناک کردەوە . ئەوەندە خۆشحاڵ و خوڕەم و ئارام بوو ، پڕ بە دڵ حەزم دەکرد لە خۆشیا بگریم . تەلەفۆنی سەرمێزەکەی لێیدا ، یەکێک گوتی :

– بە ئەرک نەبێ ، با مسیۆ جاک سوربییە ، بۆ هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانی بێت بۆ ئۆفیسەکەی سەرۆک .

بواسییر ، بە بێموبالاتی شانەکانی هەڵتەکاند ، دەستە کورت و نوقسانەکەی هێناو و تەوقەی دەگەڵمدا کرد و گوتی :

– ئێستا ئیزنت دەدەم ، سەرکەوتن لە من بە هێزترە ، ئەوەتا لە دەرگات دەدات ، سەرکەوتن لە دەهۆڵێکی گەورە دەدا و من لە بلوێر دەتورێنم . جا لەم هەرا و هەنگامەی سەرکەوتنەدا دەنگی بلوێر تەقریبەن ناگاتە کەس . بەڵام ئەگەر ڕۆژێک لە ژەنین بکەوێ ، یەکسەر هەستی پێدەکەیت . جاکوڕی باش ، تا لە هەڕەتی گەنجیدایت ، کە پارچەیەکی لە زیرەکی و لە هەمان کاتدا لە گەوجاتی ! تا دەتوانی بین بنێ بە خوشحاڵی و لەزەتی شۆرەتەوە ، تێر بخۆوە ، خۆت پاراوبکە ! هەر کاتێ سەرو دڵتیان گرتەوە ، وەرە بۆلای من ، لە سەر ئەم فەرشەی من هەڵیبێنەوە .... ! دەیسا بڕۆ ، ڕاکە ! ئەی کوڕیژگەی تینوو تامەزرۆی حورمەت . بڕۆ ، چاوەڕوانت دەکەن ! لەوەیە بیانەوێ وێنەت بگرن !

بواسییر ، بە دەم ئەو قسانەوە ، لە قاقای پێکەنینی دا ، شانی گرتم و بەرەو دەرگاکە دەڵەکی دام ، لە ناو شیپانەی دەرگاکەدا ، دووبارە گوتی :

– وێڕای هەموو شتێک زۆر خوشحاڵم . تۆم ، وەکو خۆت ، وەکو چۆن هەیت ، خۆشدەوێ .

# فەسڵی حەوتەم

ئاژانسی ( ئارگوس ) ، لێکدا لێکدا ، ڕۆژنامە و بڵاڤۆکان هەڵدەڕێژێتە سەر مێزەکەم . ئیدی ئەم ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانە پڕن لە وتارێن باش . زۆر باش ، مامناوەندی ، نەفرەت ئەنگێز و پڕ لە ڕق و کینە . ئیدی ئەم وتارانە بە ناوی ئاشکرا ، یان ناوی خوازراوی گاڵتەجاڕانەی وەک ( پسپۆڕی وردبینی ، دارکونکەرە ، ماری عەینەکدار ) وە بڵاو بوونەتەوە . ئەم وتارانەی دوایی لە هەموو ئەوانی دی توندترە . لەم وتار و نووسینانەدا ، ستایشم دەکەن ، حەقارەتم پێدەکەن ، دەمبەن بە ناخی زەویدا ، دەمگەیەننە حەوێقی ئاسمان . ئیدی دەکەوم ، هەڵدەستمەوە ، دووبارە دەکەومەوە . ئەم کەوتن و هەستانەوەیە ، ئەم هەراو فەرتەنەیە هەموو ژیانی گرتوومەتەوە . ئێستا هەفتەی سێ جار دەڕۆم بۆ راتاپلان. ڕۆژەکانی دی بە هاتو چۆ لە نێوان وەشانخانەی برایانی پریور ، ، ئەنجوومەن و کۆڕە ئەدەبییە باڵاکان و ماڵەکەی خۆمدا ، بە سەر دەبەم . ئێستا چەپ و ڕاست دەعوەتم دەکەن ، وەکو حەیوانێکی سەیر و عەنتیکە ، پیشانی خەڵکیم دەدەن . سوازن ، ئەم هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتیانەی زۆر لە گیان خۆشە . لە جاران جوانتر بووە و جلەکانی گۆڕیوە و بووە بە مایەی سەرنجی هەمووان . خەڵکی بە دەوریا دێن ، لێی نزیک دەبنەوە و ناسکترین مجامەلە و نەوازشی دەکەن ، پیرۆزبایی لێدەکەن و چەند پرسیار لە من دەکەن ئەوەندە و زیاتریش پرسیار لەو دەکەن . لە گەرمەی ئەم دەعوەت و سەرگەرمییە خۆشانەدا ، ئەوەندەم وەخت نییە کە باری سەرنج و تێبینییەکانی خۆم بنووسمەوە . هانکەهانک و بلەز دێم و دەچم و پێدەچێ خۆشترین ڕۆژانی ژیانم بە سەربەرم . من ئەم ڕۆژانە شی ناکەمەوە ، بە کەڕەتێ هەڵمەقووتیان دەکەم و بەرەوپێش درێژە بە ڕێگای خۆم دەدەم .

من ئەم وشانە بە پەلە و لە قەراخ مێزەکە و بێهیچ بیرکردنەوەو ڕامانێک دەنووسم ، بەڵام سوازن بەر لەوەی بچێتە ناو جێگا و بنوێ ، خۆی دەشوات . ئەم دوا نیوەڕۆیە بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو . مەدام مارتینە — مارتینو ، ناسراو بە دایکە (هیپ) هەردووکمانی بۆ یەکەمین ( کۆڕی ئەدەبی و چاخواردنەوە )ی ئەم وەرزە دەعوەت کردبوو . مەدام مارتینە — مارتینو خاوەنی هەوەڵین دیوەخان و سالۆنانی پاریسە . بەڵام لە هەوەڵی گەنجێتیدا ، دیوانە شیعرێکی لە ژێر سەرناڤی ( گفتوگۆیەک لە سێ ماچ )دا چاپ و بڵاوکردووەتەوە و دەگەڵ چەند نووسەرێکی بە نامێدا دۆستایەتی و ئاشنایەتی نزیکی هەبووە و ، ئیدی گوناهانی دەورانی گەنجیەتی ، لە پیریەتیدا ، شۆرەتێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆی پێ بەخشیوە کە هەموو خەڵکی پاریس بە غیلی پێدەبەن و خۆزگەی پێدەخوازن . دایکە هیپ خەڵکانێکی یەجگار زۆر لە ئەندامانی کۆڕی زانیاری فەرەنسی ، لە فەرماندارا ، لە وەزیران ، لە مامورانی باج و خەراج ، لە بەڕێوەبەری شانۆیان ، لە ئەکتەرانی بە نێوبانگ و ناسراوانی سینەما ، دەناسێت و هەر هەموویان هاتوچۆی سالۆن و دیوەخانەکەی دەکەن . هەموو ئەوانەی قەرزارباری خۆی کردووە و دەتوانێ بۆ پشتیوانی هەر

کەسێک کە خۆی بیەوێ ، سوود لە هەموو ئەوانە وەربگرێ . ڕستە ودەستەواژەی دڵخوازی بریتییە لە " ئەم کارە دابنە بۆ من ، خۆم تەرتیبی دەکەم ، کوڕەکەم .."

وا دیارە زۆر کاریشی ڕایی و تەرتیب کردووە .... پریور ، بە پێ داگرییەکی زۆرەوە داوای لێکردم کە لە ساڵۆن و دیوانەکەی مەدام مارتینە — مارتینو دا دەربکەوم . گوتم :

- بۆچی ؟ خۆ من هیچ داوایەکم لێی نییە ! هیچ کارێکم پێی نییە !

پریور هاواری کرد :- کێ دەڵێ کارت پێی نابێ !

قامکە باریکەکەی بەرز کردەوە ، ئەو قامکەی کە زۆر کارم تێدەکات .

ئیدی چووین بۆ ماڵە تایبەتی و بە شکۆیەکەی دایکە (هیپ) کە کەوتووەتە سەر شەقامی هنری — مارتین ، و لە گەڕەکێکی هێوری بورژوانشین دایە . دەرگای حەوشەکەی لە سەر گازی پشت بوو . سەرو سەدا و غەڵبەغەڵبێک لە سەرووی پلیکانە مەڕمەڕییە سپیەکانەوە دەهاتە خوارەوەو دەگەییە گوێی ئەو خزمەتکارەی کە نەواری لە قۆڵ بە ستبوو و بە بێ موبالاتی لەبەر دەرگای جل کەنکەکە وەستابوو تا جلی میوانەکان وەربگرێت .

سوزان ، وەکو ئەسپێکی مەغروور کە بۆنی شەڕ بکات ، بەو ئاوایە لە کاتێکا لە بەردەم ئاوێنەیەکی گەورەدا وەستابووین ، گوتی :- لەزێکە جاک .

هێشتا بە تەواوەتی بوێنباخەکەم ڕێک نەخستبوو کە ئەو بەو قاڵدرمانەدا ، کە بەفەرشی ئامال شین داپۆشرا بوون ، سەرکەوت . ئەو هۆڵەی کە چووینێ پڕبوو لە خەڵکی ، غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگێ بوو کەس بە کەس نەبوو . دەنگی مراکانی بچووک دەهاتە گوێ . دەستان بەرزو نزم دەبوونەوە ، دەمەکان دەکرانەوەو دادەخران . دەم وچاوەکان لە نێو دووکەڵی جگەرەدا بەملا و بەو لادا دەچەرخان . خانمێکی قەڵەوی گۆزە ئاسا ، خاوێنێکی سوورە ، بە دەنگی بەرز هاواری کرد :

- باسی ( هاتنەخوارەوە لەخاچ )م ، ئەوەی کە روبنز ( نیگارکێشێکی فلاندری یە ١٥٧٧ — ١٦٤٠ ) وێنەی کێشاوە بۆ مەکەن .... دەنا گێژ دەبم ، سەرم دەسووڕێت ، تێکدەچم .

کچێکی تۆکمەی ، دەم وچاو ئەسمەر ، کە سەندەویچێکی ئاوداری بە دەستەوە بوو و لێکدا لێکدا قەپی لێدەدا گوتی :

- بۆچوونە جوانیناسییە خالیسەکەی بواسییرم زۆر بە دڵە .

کوڕێکی گەنجی منداڵکاری چەناگە تیژ وەکو نووکی قۆندەرە ، زۆر بە ئەدەبەوە قسەی بۆ چوار پیرەمێرد ، کە بە جدی گوێیان بۆ ڕادێرابوو ، دەکرد و دەیگوت :

- ڕاو بۆچوونی گەنجان دەربارەی مالارمیە ( شاعێرێکی فەرەنسیە ، بە شای شاعیران ( ١٨٤٢ — ١٨٩٨ ) ناسراوە ، بە گەورەترین شاعیری سەمبولیستی فەرەنسا دادەنرێ ) . ڕوون و ئاشکرایە . نە لە گەڵیدان و نە دژین . پێش ئەوەی ئێمە هەوڵبدەین لە گەڵ کارەکانیا ڕابێین ، دەبێ کارەکانی دەگەڵ ئێمە بگونجێ . ئەگەر بتوانین ئەم هەڵوێستە بپارێزین ، هەنگێ پرەنسیبی نۆرەکاری مەعنەوی ، بە دروستی و سەلامەتی دەمێنێتەوە .

میوانەکان ، لەبەر بۆفیەکەدا ، کەڵەکە بوو بوون ، کەوتبوونە پاڵەپەستۆ . چوار پێشخزمەتی حەیران ، بە چاوانی ئەبڵەق و چەناگەی دا لەقاوەوە ، بوتڵەکانیان هەڵدەپچڕی و جامەکانیان پڕ دەکرد و نوقڵ و چکلێت و شیرینیان دابەش دەکرد . بە پاڵە پەستۆ ، بە ناو هەشت ڕیز شان و شەپیلک و دەم و چاو و هەناسەی گەرمدا تێپەڕین . لە دوورەوە پریورم بینی کە لە سووچێکی موغەیریەکەدا وەستابوو و بابۆڵەیەکی بە دەستەوە بوو و بەبێ تاقەتی دەیخوارد . بە دەنگی بەرز گوتی :

- هێشتا دایکە ( هیپ ) تان نەدیوە ؟ وەرن با پێیتان بناسێنم . کتێبەکەتی خوێندووەتەوە و هیچی لێ حاڵی نەبووە . بەڵام پێی وایە کتێبێکی زۆر چاکە . هەڵبەتە ئەمە گرینگە ، باوەڕم پێبکە ، ئەمە زۆر گرینگە .

بە پاڵە پەستۆ ، ئانیشک و ئەژنۆ وەشاندن ، درمان بە ئاپۆڕای خەڵکەکە دا و گەیشتینە ناوەندی هۆڵەکە . لەوێدا کۆمەڵێک ژن و پیاو ، دەوری گوراوێکی سەیری ، لاق کورتیان دابوو ، کە بەدەنی لە کراسێکی دانتێلی پەمەیی تۆخدا جەڕی بوو . مەدام مارتینە — مارتینو ، خڕەیەکی کورتە باڵا بوو ، سەری گەورە بوو ، ڕاستەوخۆ نرابوو بە شانییەوە ، ملی هەر نەبوو . چینە ئاڕایشتێکی ئەستوور بەدەم وچاویەوە بوو . هێندەی کل لەچاوان کردبوو ، کە نیگای لێڵ و حایری بتانی قەیمی پێبەخشی بوو . هێندەی ماتیک لە لێوی دابوو ، نووسابوون بەیەکەوە و لە بەر یەک هەڵنەدەهاتن . قژی لە سەرەوە لە خەنە گرتبوو ، لە دوورەوە سوور دەچووەوە و دەبریقایەوە و بۆنی زەمقی لێدەهات ، کە خەریک بوو هەناسەی لێدەبڕیم .

کاتێ پریور ، منی پێناساند ، دایکە هیپ ، سەرەتا بە سەرسامیەکی ترس ئامێزەوە لێی هەڵڕوانیم ، دەتگوت دەستم بۆ جانتای پارەکەی بردووە . ئەوجا بە دەم چەپڵەلێدانەوە هاواری کرد :

- هیپ ! هیپ ! هیپ ! خۆیەتی ! چەند بە ناسینی خۆشحاڵم ! بە ڕاستی خۆشحاڵم ! ئاە ! مسیۆ سوربییە ! ..

- سوربییە .

- قەیدی نییە ، من بە جاک بانگت دەکەم . جاک گیان ! ( غەزەب )ەکەت کتێبە نە گاڵتە ، شاکارێکە لەو گۆڕە ! .. زۆر ناسک و جوانە ! .... تابلۆیەکی هەمەڕەنگە ! .. جۆرەها ڕەنگی تیایە ! تۆ ئایندەیەکی پرشنگدارت هەیە . بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەم ، چونکە کە تەمەشات دەکەم گیانم سارد دادێ .... هەر کاتێ ڕوو بە ڕووی پیاوێکی مەزن دەوەستم ، بە دەست خۆم نییە ، هەست بە سەرما دەکەم ! هیپ ! هیپ ! هیپ !

دەنگێک بەرز بووەوە وگوتی :- ئەم خانمە بە ڕاستی میهرەبان و خۆشەویستە .

دایکە هیپ گوتی :

- تکایە بێدەنگ بە ! بڕۆ پێنج فرانک غەرامە . هەر کەسێک ستایش و تاریفی من بکات پێنج فرانک غەرامەی دەخەمە سەر ! خودایا چ دەبینم ؟ ئەم خانمە گەنج و شەنگولە کێیە ؟ مسیۆ سوربییە تۆ هیچم پێ مەڵێ . تۆ قسە مەکە .... مەزەندەم پێم دەڵێت هاوسەری تۆیە .... ئاە خانم گیان ، بێگومان تۆ خۆت بە شەریکی ئەم سەرکەوتنەی ئەو دەزانیت ، زۆر پێی خۆشحاڵ و سەربەرزی ! دەزانی مێردەکەت بەم کتێبە تووشی سەرەگێژێکی کردووم ؟ سەرە گێژکێیەکی بەلەزەت ! لە ئێستا بە دواوە لە سا و پەنا و حیمایەی مندایە ، بیەوێ و نەیەوێ کردوومە بە کوڕی خۆم ! هیپ ! هیپ !

لە قاقای پێکەنینی دا و بە ئەسپایی کێشای بە بازوومدا و گوتی :

- شەرم لە خۆت ناکەی ئەم ژنە جوانەت هەیە و تەنیا بۆ خۆتی ئحتیکار دەکەی ؟ وەرن ، با بە چەند دۆستێکی دڵسۆزی خۆمتان بناسێنم .

لە ماوەی چارەکە سەعاتێکدا، لەگەڵ دایکە هیپدا ،ئەوەندەمان کەڵە ئەدیب بە سەرکردەوە ، کە تەسەورم نەدەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ، لە خەویشدا بیان بینم .

دایکە هیپ خۆی لە گفتوگۆکان هەڵدەقورتان ، دەردە دڵەکانیانی دەبڕی ، لە گەرمەی بێدەنگیدا ، لە ناکاوا ، دەنگی لێهەڵدەبڕی :

- ئەمە کەشفی تازەی منە ، نووسەری تازەکاری ڕۆژگاری ئێمە ، جەنابی جاک سوربییە ، نووسەری ڕۆمانی " غەزەب " من پێشبینی ئایندەیەکی پرشنگداری بۆ دەکەم !

***

خەڵکانێکی کونجکاو لەدەوری من خڕدەبوونەوە ، جۆرەها مجامەلەیان دەکردم و پرسیاریان لێدەکردم ، جۆرەها ناوی کەڵە نووسەرانی ناودار، ئەندامانی کۆڕی زانیاری و ڕۆژنامەوانان و پەیامنێران لە گوێما دەزرینگایەوە. هێشتا لە ناسینی تەواوەتی کەسایەتییەکی ناودار نەدەبوومەوە ، نۆرەی ناسینی کەسایەتییەکی نێوداری دی دەهات . بە ڕاستی و بەدەر لە هەر لاف و گەزاف و خۆهەڵکێشانێک ، دەبێ ئەوە بڵێم کە چەندین کەس لەو بەڕێزانە ، ڕیزیان گرتبوو تا تەوقەم لە گەڵدا بکەن و ، هەندێ پرسیار لەبارەی کتێبەکەمەوە بکەن . هەندێک لەوان ، پێشتر کتێبەکەیان خوێندبووەوەو بە دڵیان بوو بوو . هەندێکی دی بەڵێنیان دەدامێ کە دەیکڕن . یا داوایان دەکرد نوسخەیەکیان بۆ بنێرم . هەستم دەکرد ، لە ئەنجوومەن و کۆڕی هاوکارانی بە نێوبانگدا قەبووڵ کراوم و لە نێو دۆستانی تازەمدا ، پێگەیەکم هەیە و نامۆ نیم . چاک دەزانم لەم پێشوازییە گەرم و گوڕ و پڕ خۆشەویستیەی کە لە من دەکرا ، ئەو پەڕی ئەدەب و نەزاکەت ڕەچاو کرابوو ، بەڵام بە هەرحاڵ ، پیاوانی بەڕێزی دنیای ئەدەب ، بە ناوی من و کتێبەکەم ئاشنابوون .

بۆ ساتێک بیری تەزویر و درۆ بەزەینمدا بووری . هەر بۆ سەرگەرمی خەیاڵی ئەوەم بە مێشکدا هات کە ئەگەر لە بەردەم ئەم خەڵکەدا دان بە دزییە ئەدەبیەکەمدا بنەم ، تووشی چ سەرسامییەک دەبن ، کورسیانی ژێرو بان ، فریاد و هاوار ، جەنجاڵی ترسناک و و شیلە و کرێمی ڕژاو بە سەر فەرشەکانام هێنایە بەرچاوی خۆم ! دەی خەڵکانی میهرەبان ، بەلای کەمەوە لە بەر خاتری ئارامی دەروونی ئێوە ، قسەناکەم .

لە کاتێکا کە ئاپۆڕاکە ، بەدەم مجامەلە و ڕووبینی و پرسیارانی نا بەجێوە ، دەوریان دابووم و بێتاقەتیان دەکردم ، سوزان ، چوار پیرەمێردی چاویلکە لە چاوی لە خۆ خڕکردبووەوە . باسی چی بۆدەکردن ؟ شەنگوڵ و جوان و خەملێو ، بە دەنگی بەرز بە دەمیانەوە پێدەکەنی و ئەوانیش گوێ بە گوێی ئەو پێدەکەنین . کە بەو سەربەستی و بێباکییە دەمبینی هەستم بە شانازی و نیگەرانی دەکرد . دەتگوت بە ڕاستی یەکێک بوو لە هاتوچۆکەرانی بەردەوامی ئەم جۆرە ئەنجوومەن و دیوانانە . ناوی هەموو ئەو ئەدیب و نووسەرانەی دەزانی و هیچ شتێکی پشت پەردەی لێ شاراوە نەبوو ، توانایەکی سەیری خۆسازانی هەبوو ، ئەم توانایەم بەلاوە ترسناک بوو . وام هەستکرد ، کەسایەتیەکی دیکە لە ناخیا هەبووە و تەنیا چاوەڕوانی ئەوە بووە کە هەلی بۆ هەڵبکەوێ تا خۆی بنوێنێ و هەمووان ئەفسوونی خۆی بکات .

لەو دەمەدا کە خەریک بوو بچم بۆلای سوزان ، سیاسەتوانێکی کەمدووی ڕدێن نەتراشاو ، ڕێی پێگرتم . توووند دەستی تەکان دام و گوتی :

– ئێمە پێویستیمان بە پیاوانی وەکو تۆ هەیە ، تا بیر و باوەڕەکانمان بڵاوبکەنەوە . تۆ ئیدی لە ئێستاوە لە هەوادارانی ئێمەیت .

بەڵام سیاسەتوانێکی دیکە بە پێچەوانەوە ، هەرکە دایکە هیپ ناوی بردم ، ڕووی لێوەرگێڕام و پشتی تێکردم . کەم و زۆر سەم لەم مەسەلانە دەرنەکرد ، هیچیان لێ حاڵی نە دەبووم ، بەوپەڕی حیرەت و سەرگەردانی هەستم دەکرد ، کە هەرکەسە و بیرۆکەیەکی لە کتێبەکەمەوە هەڵێنجاوە کە من لێی بەرپرسیارنیم . هەستمدەکرد کتێبەکەم بووەتە مایەی ناکۆکی و ململانێی و ئەورازێک بۆ ڕکابەری هەڵبژاردن و خۆمیش بێئەوەی کەس پرسم پێبکات ، یان بە خۆم بزانم بووم بە لایەنگری ئەم گرووپ و نەیار و ناحەزی ئەو گرووپ .

سەرەنجام ، بە مێردەکەی مەدام مارتینە — مارتینو ، دامەزرێنەری دەزگای ( تیوپەکانی مارتینو ) ناسێنرام . پیرەمێردێکی کورتە باڵای ، چاو چکۆلە ، دەم وچاو زیپکاوی سوور بوو ، کە بە ماتەمات دەڕۆیی و هەر کاتێ بانگ بکرایە ، بە جۆرێ لە جێی خۆی ڕادەپەڕی وەک ئەوەی لە دواوە جەزرەبەیەکیان لێدابێ . ئەو قەرەباڵغییەی ، کە ساڵۆنەکانی ماڵەکەیان پڕکردبوو ، پێ سەیر بوو ، نۆکەر و خزمەتکارەکانی خۆی نەدەناسییەوە و یەکەم کەس بوو کە کۆڕ و مەجلیسەکەی بەجێهێشت .

❊❊❊

لە تەنیایی ژووره چوار گۆشەکەمدا ، خەریکم ئەو هەستانە دەدەمە دەم یەکەوەو تاوتوێ دەکەم کە زۆر ئازارم دەدەن .

سەیرە : هەندێ ڕۆژ خەیاڵی دزییە ئەدەبییەکەم بە هیچ جۆرێ بەرۆکی زەینم بەر نادات و هەندێ ڕۆژیش بە تەواوەتی بیرم دەچێتەوە و کەم وزۆر بە خەیاڵمدا نایەت . دوێنێ وام هەستدەکرد بە ڕاستی من نووسەری ڕۆمانی (غەزەب) م . کەچی ئەمڕۆ وا هەستدەکەم بەرهەمی کەسێکی دیکەم دزیوە و ناوی خۆمم لێی داوە . هەڵبەتە ئەوەندەم جورئەت هەیە ، کە دان بەم حەقیقەتەدا ، بە هەموو لێکەوتە دەروونییەکانیەوە ، بنەم . سوزان گوتەنی من ئاسیوم بە کەس نەگەیاندووە ، زەرەر و زیانم لە کەس نەداوە و کەس ناتوانێ گلەیی ئەوەم لێبکات کە سوودم لە هەل ومەرجێکی ئاوارتە وەرگرتووە . ئەوە مەسەلەیەکە لە نێوان من و گالاردا ، مەسەلەیەکە لە نێوان کەسێکی مردوو و کەسێکی زیندوودا . بە گوتەیەکی دی ، مەسەلەی ویژدانە . من خۆم دەزانم ، چۆن لەگەڵ ویژدانمدا پێکدێم

لە کاتێکا ئەم دێڕانە دەنووسم ، ئارامی و ئاسوودەییەکی تەواو بە سەر بوونمدا زاڵ دەبێت و هەموو دەمارە گرژ و ماسولکە گرژەکانم خاو و ئاسوودە دەکاتەوە . ڕازی و خۆشحاڵم . کتێبەکەم سەرکەوتووە . قسەی لە سەر دەکەن ، خوێندنەوەی بۆ دەکەن . خەڵکی حەزدەکەن من بناسن . سوزان ئەوەندە خوشحاڵ و جوان و شەنگوڵە ، کە ئەشقی

من سەبارەت بەو دووبارە گەییوەتە لووتکە . ئەم دوا نیوەڕۆیە ، کاتێ کە لە یەکدی دوور بووین ، چەند جارێک نیگام لە نیگای هەڵەنگوت کە لە کەمینی نیگای مندا بوو . ئەم نیگا کورت خایەنە نیشانەی هاودەستی و لێک تێگەیشتنێکی شاد و بە لەزەتی ئەوتۆ بوو کە ئەفسوونی دەکردم . من و ئەو ، لە سەر ، سەرێن ئەم خەڵکە کارتۆنیە برۆزانەوە ، لە پشت هەموو قیل و قالەکانەوە ، لەیەکدی دەگەڕاین و بەبێ هیچ زەحمەتێک یەکدیمان دەرک دەکرد . هەردووکمان دەمانزانی کە یەک ئەرک و یەک ڕاز پێکەوەمان گرێدەدات . دوو نەفەر لە نێو ئەم هەمووەدا . دوونەفەر دژی ئەم هەمووە . ئێمە دوونەفەر . تۆ و من . سوازن ! چەند حەزدەکەم بەم سیحر و ئەفسوونە ، واهەست بکەم کە وابەستەی زەینی تۆم ، وابەستەی پێست و گۆشتی تۆم . وام دێتە بەرچاو لەوەتای مەترسی ئێمەی یەک خستووە ، هیچ شتێکی من لە تۆ شاراوە نییە . وا هەستدەکەم هەر بیرێکی تۆ ، هەر جم و جووڵێکی تۆ لە بوونما دەنگ دەداتەوە ، دەڵێی دەمارەکانم ، پێکەوەمانی گرێ داوە . وام دێتە بەرچاو کە من لە تۆدا و ، تۆ لە مندا ، هەرمانانە دەژین .

ئاە ! سوزان ئەگەر بە زەوق وشادی من ، ئازایەتی ، ئەشق ، توانا و هێزی منت دەزانی ، ئەگەر دەتبینی چۆن لە شادیدا ڕەنگم هەڵبزرکاوە ، ئەگەر چاوە سەر مەست و دەستە لەرزۆکەکانی منت دەبینی . هەنگێ دەمزانی چەند بە کارەکەی خۆت خۆشحاڵ دەبوویت و دەمبینی چۆن گاڵتەت پێدەکردم ، لە سەر ئەوەی دوودڵ بووم لەوەی کە بە گوێی تۆبکەم !

"جاک سوربییە"

ناوم لە گوێمدا دەزرینگێتەوە " جاک سوربییە ، تۆ ئومێدی تازەی ئەدەبیاتی فەڕەنسا ..."، " جاک سوربییە ، لە تیرەی بالزاک وستانداڵ .."، " جاک سوربییە .... جاک سوربییە " ئەم ناوە دڵ و مێشکی پڕکردووم .... ئەوەندە لە دنیای شادی و بەختەوەیدا بەرزبوومەتەوە کە هەناسەم سواربووە ، پڕ بەدڵ حەزدەکەم خۆم بە مێزەکەوە ببەستمەوە . ئەمە چ دیوانەییەکە ، چ شێتایەتییەکی بەلەزەتە کە باڵی بەسەر مندا کێشاوە ؟

قیتارێک تێدەپەڕێ و شووشەی پەنجەرەکان خشەخش دەلەرێنەوە . ڕەنگە ئێستا لە فارگۆنێکی پڕ تەکان و جووڵەدا ، ڕێبوارێک کە بۆ قەراخ شار دەڕوات ، کتێبەکەی من بخوێنێتەوە و لەزەین و خەیاڵی خۆیدا ، تەماس و پەیوەندی لە گەڵ مندا بگرێ ؟ من لە هەموو شوێنێکم ، مۆڵکی هەموو کەسێکم . ئایا دەشێت هەموو نووسەرەکان ، هەست بە هەمان بەرزەفڕی بێ سنوور ، هەمان سەرگەردانی بکەن . کە من بەرەو دنیای سەرمەستی و نەشئە دەبات ؟ نە .. نە .. من یەکەمین کەسم کە تامی ئەم جۆرە سەرکەوتنە دەچێژم . لەوەتای دنیا دروست بووە ، شادمانی وا ، لە دڵی کەسدا نەبووە . من ئاوارتەم ، لەگینە هەرگیز نەمرم .

قیتارەکە دەڕوات . بێدەنگییەکە گەڕایەوە . گوێم لێیە کە سوازن چەکمەجەیەک دادەخات و بە سۆڵەکانی ، دەکێشێت بە پارکێتەکەدا . با ، ڕۆکەشی موغەیرییەکە دەلەرزێنێ . بە درێژایی شەو خواخوام بوو ڕۆژ بێتەوە خەڵکی بدینم . خۆزگەم دەخواست شەو لەبنی نەبوایە . وا هەستدەکەم کە شادمانیم لە شەودا دەوەستێ . شەو من لە خۆشی و شادی ، لە سەرفرازی و شانازی مەحرووم دەکات .

***

لە سووکە چاو گەرم کردنێکدا هەوڵم دا ئەو جەنجاڵ و هەرا و هەنگامە و فەزیحەت و ڕیسواییە بێنمە بەرچاوی خۆم کە لەوەیە کەشف بوونی دزییە ئەدەبییەکەم ، یان دان پێدانانم بەو دزییە ئەدەبییەدا ، دروستی بکات . هەر هەموو ئەو کەسانەم هێنایە بەرچاوی خۆم کە منیان دەناسی و بۆ هەر یەکێکیان دەمامکێکم لە نەفرەت و بێزاری ، دەنگێکی زادەی ترس و زمانێکی پڕ لە بێزاری و ناڕەزاییم دروستکرد . لە نێو ئەو شایەدانەی کە دژی من شایەدیان دەدا ، ڕوخساری بابم لە هەموویان زیاتر ئازاری دەدام . بابم هاواری بە سەرمدا نەدەکرد ، دەستی هەڕەشەی لێ ڕانەدەوەشاندم ، بەڵام بە خەم و پەژارەوە سەیری دەکردم و سەری دەلەقاند . زۆر بەزەحمەت توانیم دووبارە بخەومەوە .

***

لە فەسڵی حەوتەمی کتێبەکەی گالاردا ، لاپەڕەیەک هەیە کە هەر هەمووی لە نووسینی منە ! (لە دەستنووسەکەی گالاردا ئەو لاپەڕەیەم پێ نەخوێندرابووەوە ). ئیدی ئەمڕۆ لای بەیانی ، (غەزەب)م کردەوە و ئەم پاراگرافەم بە غرورێکی زۆرەوە دووبارە خوێندەوەو تەنانەت بۆ ساتێک وام خەیاڵ کرد کە هەندێ لە خوێنەران ، بە تایبەتی دڵبەندی ئەم لاپەڕەیە دەبن و کتێبەکەیان لەبەر ئەم بەشە خۆشدەوێ و ، ئەم بە شە هەموو کتێبەکەی لە بێهوودەیی ڕزگار کردووە . هەڵبەتە ئەمە بیرکردنەوەیەکی گەوجانە و نادروستە ، ڕاست نییە ، بەڵام ئاسوودەییم پێ دەبەخشێت .

# فەسڵی هەشتەم

پریور نامەیەکی بە پەلەی نارد ، خێرا چووم بۆلای ، بە دەستێک جلی خاکی فاخیری کاڵەوە و بە ڕوویەکی خۆش و زۆر بە گەرمی و دۆستانە پێشوازی کردم و گوتی :

- برادەری ئازیز ، من دوێنێ نەمویست لەو ئاهەنگی چاخواردنەوەیەدا کە مارتینە — مارتینوی پیر و خەرەفیو سازی کردبوو ، ئەم خەبەرەت بدەمێ . بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ئاگادارت بکەم کە کتێبەکەتم بۆ پێشبڕکێی خەڵاتی موپاسان ناردووە . ئەم خەڵاتە لە مانگی ئایندەدا دەدرێت و من پێم وایە ..

- خەڵاتی موپاسان ؟ .... پێتوایە ئومێدێک هەبێ ؟

- نەخێر.. بەڵام ئەگەر دوو سێ ڕەئی بە دەست بێنی ، هەنگێ ڕۆژنامە و بڵاڤۆکان باستدەکەن و هەڵبەتە زۆر پێویستە کە ناوت تا دەکرێ پتر بەر چاوی خوێنەران بکەوێ ، مەسەلەکە بانگەشەیە ..

بەجۆرە شەرمێکەوە و بە دەم مینگەمینگەوە گوتم :

- مسیۆ پریور ، نازانم چ وەڵامێکی تۆ بدەمەوە .

دۆستانە قسەکەی پێ بڕیم وگوتی :- تکایە سواری سەری خۆت مەبە . ئەنجوومەنی داوەرانی خەڵاتی موپاسان ، لە کۆمەڵێک نووسەری پیری کلاسیکی پێک هاتووە ، لەوەیە واقیعگەرایی لە ڕادە بەدەری تۆ ، بیان ترسێنێ و بکاتە کارێک کە کتێبەکەت بە تەواوەتی ڕەفز بکەن . ئەوەشت لەبیر نەچێت کە خەڵاتی پاریان داوە بە کتێبێکی شیعری منداڵان ، بەناوی (جۆباری خەونان) ئیدی بەوە کەوتە سەرمێزی هەموو کیژانی عازەب . ئیدی ئەمە نیشانەی شێوازی کارکردنی وانە . بەڵام من دووبارەی دەکەمەوە کە ئەگەر لە پێشبڕکێیەکەدا یەک دوو دەنگان وەدەست بێنی ، بە ڕاستی سوودێکی زۆری بۆ ڕەواج و برەوی کتێبەکەت دەبێت . تا ئێستا پازدە هەزار نوسخەمان لێفرۆشتووە ، ئەمە سەرەتایەکی باشە ، بگرە تا ڕادەیەک مایەی سەرسامییە.. ئەوەندە مایەی سەرسامییە کە .. بەڵام برادەری ئازیز ، فەرموو دانیشە ..

خۆم دا بە سەر قەنەفەیەکی بەرگ مەخمەڵی خورماییدا . پریور پاکەتە جگەرەکەی بۆ درێژ کردم ، بەخۆیشی جگەرەیەکی هەڵگرت و بە دەنگێکی نەرم وخۆش لە سەری ڕۆیی :

- دەمەوێ ئەوە بڵێم کە سەرکەوتنەکەت بە ڕادەیەک مایەی سەرسامییە ، کە دەبێ سوود لەم سەرەتا باش و کوت وپڕە وەربگریت . پێموایە دەبێ ئێستا ڕۆمانێکی دیکەت بە دەستەوەبێ ، وایە ؟

بیرم لەم پرسیارە نەکردب ووەوە ، غافڵگیر بووم ، دەم و چاوم سوور بووەوە ، چاوم بڕییە ئەرزەکە و بە دەنگێکی نزم گوتم :– مخابن ! شتێکی ئەوتۆم پێ نییە ، مسیۆ پریور ..

پریور بزەیەکی کرد و گوتی :

– تۆ پیاوێکی خاکیت . بەڵام ناتوانی قەناعەت بە من بێنی کە هیچ بیرۆکەیەکت لە مێشک و خەیاڵدا نییە ، یان کۆمەڵێک تێبینی و باری سەرنجت لە چاوی مێزەکەتدا دانەناوە . کەسێکی بە سەلێقە و بەهرەمەندی وەکو تۆ ، ناتوانێ لە دوای یەکەمین کتێب لێبچێتەوە و بێدەنگ ببێت ..

نەمدەزانی چ وەڵامێک بدەمەوە . خواخوام بوو ئەم گفتوگۆیەی کە پەرێشان و شپرزەی کردبووم درێژە نەکێشێت و زوو ببڕێتەوە. گالار جگە لە (غەزەب) هیچی تری نە نووسیبوو . ئەو سکێچ و بیرۆکانەی من لە بواری چیرۆکنووسیدا هەمبوو ، هەربەشی (ڕاتاپلان) ی دەکرد . پریور گوتی :

– باشە بۆ پاشکۆیەک بۆ غەزەب نانووسیت ؟

– چونکە قارەمانەکە لە دوا فەسڵدا خۆی دەکوژێت .

پریور ، شەپێکی کێشا بە ناوچەوانی خۆیدا و بە دەنگی بەرز گوتی :

– دروستە ! من ئەمەم لە بیر نەبوو . کەواتە شتێکی دیکە بنووسە .... شتێک ، هەڵبەتە بە هەمان ئاست . شتێکی زیندوو ! هەرچەند خەڵکی وەکو تۆ پێویستی بەم ئامۆژگارییە نییە ..( کاڵای کۆن ) بۆ ناونیشانی ڕۆمان ، شتێکی جوانە .... ببورە کە ئەم بەراوەردە دەکەم ، بەڵام وەکو نوقڵ و نەبات دەفرۆشرێ .

پریور ، قاقایەکی دەستکرد و درۆینەی لێدا کە تووڕەی کردم . هەستام و گوتم :

– مسیۆ پریور ، بیری لێدەکەمەوە .... لە ئێستاوە تا ماوەیەکی دی ، لەوەیە ئیلهام و سەرۆم بۆبێت ..

– ئەی بابە ! چیرۆک و بیانوو دروست مەکە ! هەشت نۆ ڕۆژی دی سەرم لێبدەوە . ببورە کە ئەم قسەیە دەکەم ، بەڵام دڵنیام کە باسی بابەتێکی تازەم بۆدەکەیت ..

پریور ، تا بەردەرگا بەڕێی کردم .

***

گێژ و خەمین ، بێ گوێدان بەو بارانە وردەی کە لە دەست و دەم وچاوی دەدام ، ڕێک بەرەو پێش دەڕۆیشتم . چی بکەم ؟ کاتی ئەوە هاتووە کە جێگای گالار بگرمەوە ، سوود لەو دەرفەتی پێشکەوتنە ببینم کە بۆی ڕەخساندووم . ئەو گەنجینەیە دەوڵەمەند بکەم کە بۆی بەجێ هێشتووم ، بۆ سوزان و بۆ خۆمیشی بسەلمێنم کە من تەنیا کەسێکی کڵاوچی و ساختەچی نیم بەڵکو نووسەرێکی شایەستەی پیشەکەی خۆمم . ئیدی ڕەفتاری ئایندەم شەفاعەت بۆ ئەم دزییە ئەدەبییەی کە کردوومە ، دەکات یان بە یەکجارەکی مەحکوومم دەکات . ئیدی وەستاوەتە سەرخۆم کە دز بم یان پیاوێکی گەورە بم . زۆر لەو ئەرکە قورسە ترساوم کە لە پێشمە . ئایا دەرەقەتی ئەم ئەرکە دێم ؟ ئایا دەتوانم هەمان بەهرە و بلیمەتی گالار پەیدا بکەم و ، ئەو ڕۆمانە بنووسم کە لێم چاوەڕوان دەکرێ ؟ ئایا دەتوانم بابەت و ناوەڕۆکێکی ئەوتۆ بخوڵقێنم کە ئەگەر گالار بە خۆیشی لە ژیاندا بوایە ، هەر وای بخوڵقاندبا . هەمان ئەو وشە و ڕستانە ڕیز بکەم و دابڕێژم کە ئەو دەیکرد و لە ئەنجامدا کتێبێک بنووسم و تەواو بکەم ، وەکو ئەو کتێبەی کە ئەو حەزی دەکرد بینووسێت و مەرگ دەرفەتی نەدا بوو بینووسێت ؟ ئایا دەتوانم بە ئەندازەی گالار زەبەر دەست و کارامە بم ؟ ئایا دەتوانم ببمە گالار ؟

سەرم بە گێژەوە دەچوو ، ترسێکی ترسناکی ئەوتۆم لێنیشتبوو ، کە ئارەقەیەکی سارد نیشتە سەر پشتم . جاران ، بەدەم سەرمەستی و نەشەی یەکەم سەرکەوتنەوە ، وام وێنا دەکرد ، توانای ئەوەم هەیە بە ردەوام بم و بە توانا و بەهرەی تایبەتی خۆم کتێبێک بنووسم ، زۆر لە سەرووی توانای خۆمەوە بێ . بە خەیاڵ بە هەمان شێوازی گالار دەمنووسی و سەرکەوتن لە دووی سەرکەوتنم بە دەست دێنا و لە بەرچاوی خۆم دەگەییمە ئاستێک کە بێ چەند و چوون بگوترێ خاوەن و نووسەری (غەزەب) م .

هەموو ئەم شیانانە (امکان) لە دوورەوە ئاسان و لۆژیکی دەهاتنە بەرچاو . بەڵام پریور ، بە چەند ڕستەیەک گەڕاندمیەوە بۆ دنیای واقیع . ئیدی ئەوەی چاوەڕوانی دەکردم ئایندەی پرشنگدار نەبوو ، لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکدا بووم کە دەبوایە ئەمڕۆ و سبەی ڕوو بە ڕووی ببمەوە . گوشارێکی زۆرم لە سەر بوو ، کەوتبوومە بن بەست ، نەترەم بەردابوو . ورەم ڕوخابوو ، تەنیا و لاواز و بێدەسەڵات ، وەکو منداڵێک بە دزییەوە گیرابێ ، حەزم دەکرد بە کامی دڵ بگریم .

خۆم بە پارکی لوکسمبورگدا کرد . پارەکەکە چۆڵی چۆڵ بوو ، لەژێر باراندا دەبریسکایەوە . بە بێزاری و سەرگەردانی بە ڕاڕەوەکانیا دەسووڕامەوە . چاوم لە سەر پەیکەرەکان و ئەستێلێک بوو کە ڕێژنەی باران ، بە خەم و پەژارەوە ، بە سەریا دەباری . وام هاتە بەرچاو کە ژیانم ڕێک وەکو ئەم پارکە چۆڵ و بێ ڕوناکییە . ئەو ژنەی بەرپرسی بەکرێدانی کورسییەکان بوو ، بە کۆمە کۆم ، شاڵێکی ڕەشی لە خۆیەوە پێچابوو ، بە سەر ڕاڕەوە تەڕەکاندا بە پەلە بەرەو لای من دەهات . لوتێکی سووری پێوە بوو ، دەفتەرچەی بلیتە ڕەنگاوڕەنگەکانی لە بن

باخەڵی نابوو ، زرەی دراوەکانی لە ناو گیرفانی بەرکۆشە ماهوتیەکەیدا ، دەهاتە گوێ . نازانم بۆچی دیمەنی ئەم پیرەژنە درێو و لەرزۆکە ، زۆری نیگەران کردم ، بلەز بەرەو دەرگای دەرەوە غارم دا ، سواری تاکسییەک بووم و برۆ

لەم ساتەدا ، جگە لە دیتنی سوازن هیچ ئارەزوویەکی دیکەم نەبوو .. سوزان ! سوزان ! تەنیا سوزان دەیتوانی لێم تێبگات و ورەم بەرزبکاتەوە و هێورم بکاتەوە .

***

سوزان ، تۆ بە سۆز ومیهرەبانییەوە پێشوازیت کردم ، بە جدی گوێت لە قسەکانم گرت . من بە ناو ژوورەکەدا دەهاتم و دەچووم ، بە نیگەرانییەوە گوتم :

– هەرگیز ناتوانم شتێکی هاوتای ( غەزەب ) بنووسم ! هەموو خەڵکی سەریان سوورِ دەمێنێ ، دەکەونە گومانەوە ، لەگینە پەی بە درۆکەمان ببەن .... ئاه ! بە ڕاستی ترسناکە ! ترسناک !

– گریە و زاری مەکە .... لە جیاتی ئەوە کەمێک بیربکەیەوە باشترە .

– کاتی بیرکردنەوەم بە دەستەوە نەماوە ، دەبێ خێرا چارەسەرێک بدۆزمەوە . باشە گالار شتێکی دیکەی لە پاش بەجێ نەماوە کە شایستەی بڵاوکردنەوە بێت ؟ باشە تۆ لە نێو کاغەزەکانتا ، دەستپێکی ڕۆمانێک یان کۆمەڵە نامەیەکی ئەو شک نابەی ؟ باشە نامەی بۆ نە ناردوویت ؟

سوزان ، نیگایەکی پڕ سەرسامی و حەقارەت ئامێزت کردم ، خەریک بوو دڵم بوەستێ ، گوتت :

– نەخێر ، قسەی وامەکە ! .. بە ڕاستی ئەز شەرمەزار دەکەی ! ..

– بۆچی ؟

– چونکە هەر کەسێک گوێی لەم قسەیەت بێ ، واهەست دەکات تۆ شایستەی ئەم سەرکەوتنە نیت !

– هەڵبەتە شایستەی نیم !

– با ، شایستەیت .... تۆش بە ئەندازەی گالار بە هێز و توانای . تۆ سوودت لەو وەرگرت ، بەڵام نەبوویت بە ئەسیر و دیلی ئەو ، ئیدی وەختی ئەوە هاتووە بەهزر وبیری خۆت ڕۆمان بنووسیت .

– بەڵام باوەڕ ناکەم توانای لاسایی کردنەوەی ئەوم هەبێت .

- پێویست ناکات چاو لەو بکەیت ، لاسایی ئەو بکەیتەوە ، دەبێ ئەو لە بیر خۆت بەریتەوە ، ڕۆمانێک بنووسە ، بە هیچ جۆرێ سێبەری ئەوی بە سەرەوە نەبێت . ڕۆمانێکی شاد . ڕوون و ڕەوان و ، گەشبینانە ..

- بەڵام دەخوازن ، پاشکۆ و تەواوکەری ( غەزەب ) بێ !

- باشتر ، ئەمە بیانوویەکی بەهێزە ، دەبێ خەڵکەکە دووچاری سەر سوڕمان بکەی ، دەبێ ڕێگەیەکی پێچەوانەی خواستی جەماوەر بگریتەبەر ، بە فرە بەهرەیی و فرە داهێنانی خۆت سەرسامیان بکەیت ، ملکەچ و گوێڕایەڵی مەیل و ئارەزووەکانی خۆتیان بکەی .

ئەو ڕستەیەی بواسییرم بیرکەوەتەوە ، کە دەیگوت : " خەڵکی وەکو ئەسپە ، دەبێ ڕامی بکەی " .

سوازن گیان پێشنیازەکەی تۆش ، ڕێک لەو ئامۆژگارییە توونd وزبرە دەچێت . تۆش ڕاست دەکەی دەبێ بۆ هەمیشە لە گاالار دوور بکەومەوە ، بۆ خۆم و بە قازانجی خۆم کاربکەم ، شێواز ، بابەت و نێوەڕۆکێک بە سەر خوێنەراندا بسەپێنم ، کە قەرزارباری کەس نەبێت ، سێبەری کەسی بە سەرەوە نەبێ . ڕەخنەگران ، بەوە سەرسام بکەم کە توانیومە زەوق وسەلیقەی خۆم بگۆڕم . باشە چۆنە تا ئێستا بیرم لەوە نەکردبووەوە . سوازن ، تۆ دووبارە گوتت :

- غەزەب ، ڕۆمانێکی جدی ، قورس و خەمناکە ، خەڵکی تەنیا بە چاولێکەری و بۆ خۆهەڵکێشان دەیخوێننەوە . بەڵام باوەڕ مەکە ، خەڵکی ئامادەبن هەموو تەمەنیان بەم مەسەلە خەمناک و بەد هەرسانەوە بەرنە سەر . ئەو ڕۆمانەی کە کۆن نابێ و تا سەر لە گەڵ خەڵکیدا دەژی ، ئەوەیە کە ژیانیان لا خۆشەویست و شیرین دەکات ، ئەو بەرهەمانەیە کە خەم و پەژارە ، دزێویەکانی دەور وبەر لە بیر خوێنەر دەباتەوە . هەوڵدەدات سەرنجی خوێنەر بەلای چیرۆک و سەربهوردێن خەیاڵی و جوان ، هەستێن جوامێرانە و ڕوناکی و گەشبینیدا ڕابکێشێت . لە بەر ئەمەیە کە خەڵکی خۆشیان دەوێ و حەزی لێدەکەن و پەیگیری دەکەن .

پێشنیاز و ئامۆژگارییەکەت زۆر سادە ، لۆژیکی و گونجاو بوو ، زۆر خوشحاڵی کردم ، متمانەی پێ بەخشیمەوە . دووبارە زیندوو بوومەوە ، گیانم خرایەوە بەر . ئەمە پەڕجوویەک بوو کە تۆ بە چەند وشەیەک ، بۆت سەلماندم .

من لە سەر کورسییەکە دانیشتبووم ، تۆ هاتیت و لە بەردەممدا هەڵکوڕمای ، دیسان کەوتیتە باسی بەهرە و بلیمەتی من ، بەخت و یەغباڵی من ، هێندە بە ئاو و تاو باست دەکرد ، کە سەرنجام بە ڕاستی باوەرم بە قسەکانت کرد . سوزان گیان ، سوزانە چکۆلەکەی من ، تۆ بە ڕاستی جادووگەری ، هەرکە دەمت بمگاتێ و دوو قسەم بۆ

بکەی ، یەکسەر ڕادەستت دەبم . ئەم توانای ئیقناعە ، ئەم ویستە بە هێزەت لە کوێ هێناوە ؟ چۆن دەتوانی ئەم هەموو مێیایەتی وئەم هەموو متمانە لۆژیکییە یەک بخەیت ؟ ئەلهەقی من نازانم بە بێ تۆ چ چارەنووسێکم دەبوو .

دوای نیو سەعات لە گەنگەشە و موناقەشەی دۆستانە ، بڕیارمان دا ، کە ڕیسک بکەین . من لای خۆمەوە دەستبەرداری بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی ئەو نامانە ببم کە گالار بۆی ناردبوویت و هێشتا لای خۆت هەڵتگرتبوون . قەرارم دا ڕۆمانێک بنووسم کە سەدی سەد لە داهێنان و ئەفراندنی خۆم بێ ، ڕۆمانێک کە تۆ لە هەوەڵین ساتەوە مەفتوونی بوویت .

سەبارەت بە بابەتی ڕۆمانەکە ، پرۆژەیەکی کۆنم هەبوو ، بریتی بوو لە کۆمەڵە سکێچێکی لامسەرلایی و بەر لەوەی ببمە سەرنووسەری راتاپلان ئامادەم کردبوو ، بەڵام کە بووم بە سەرنووسەر ئیدی فەرامۆشم کرد ، بەڵام سکێچ و ڕەشنووسەکانم لای خۆم هەڵگرتبوو ، کە دەکرا وەکو بنەمایەک سوودیان لێوەربگیرێت . هەڵبەتە ئەو دەسیسەیەی لەم سکێچانەدا وێنام کردبوو و هەندێک جەڵەبی و دەستکرد بوو ، بەڵام ئەگەر بە وردی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی بۆ بکرایە ، دەشیا ، شاکارێکی ڕۆمانسیانە و شاعیرانەی لێدەربچێت . من ، ناو نیشانی ( نائومێدی ئانتوانێت ) م بۆ ڕەشنووسەکە دانابوو . بەڵام بە دوو قۆڵی لە سەر ئەوە ڕێکەوتین کە ئەو ناونیشانە بگۆڕین بە ( شەوی ڕەش )

( شەوی ڕەش ) ناونیشانێکی باشە ، کورت ، بنجبڕ ، تازە و گونگ . لە ئێستاوە خەون بە نەوارێکی بانگەشەییەوە دەبینم ، تەنیا ئەم وشانەی لە سەر تۆمارکرابێ و تەواو : " شەوی ڕەش ، بە قەڵەمی نووسەری ڕۆمانی غەزەب " ئەوەندە و بەس .

بە دوو قۆڵی هەندێ شەرابمان ( ئەو ڕۆژەی بابمان بۆ نیوەڕۆژە دەعوەت کردبوو ، بڕێک شەراب مابووەوە ) . بە سەلامەتی شەوی ڕەش خواردەوە . بەجۆرێ باسی کاراکتەر و قارەمانانی ڕۆمانەکەمان دەکرد وەکو ئەوەی دۆست و برادەری کۆن و ئازیزی خۆمان بن و جێگەی باوەڕ و متمانەمان بن . باسی ئەو ڕووداوانەمان کرد کە دەبوا بێنە ڕێی قارەمانەکان . ئیدی هیوای سەرکەوتن و بەختەوەریمان بۆ یەکدی خواست و ، ئیدی دڵخۆش بە بڕیارەکەمان ، شەکت و ماندوو چووینە ناو جێگاوە .

***

دەستم بە نووسین و داڕشتنی فەسڵی یەکەمی شەوی ڕەش کرد . کارەکە زۆر بە خێرایی دەڕوات . لە چنگی تاپۆی گالار دەرباز بووم ، هەستدەکەم ئازادم ، زۆر گورج و گۆڵ ، چالاک و چەلەنگم ، لە تۆ وایە دە ساڵ گەنج بوومەتەوە . سەرم لە توانای داهێنانم ، لە دەوڵەمەنی دڵنەوازی وشەکانم ، لە جورئەتی شیرینی دیالۆگەکانم سوڕماوە . ئەم وشە وپەیڤە دڵگیرانە ، ئەو حازر وەڵامیانەی کە وام لێدەکەن بەتەنیا و خۆ بە خۆ پێبکەنم ، لە

کوێوە بۆم دێن ؟ ئایا دەکرێ ، بگوترێ کە من لە بنەڕەتدا ئەم بەهرە و توانایەم تێدابووە و پێم نەزانیوە ، چونکە لە ترسنۆکیدا خۆم لە پەنای بەهرە و توانای کەسێکی دیدا ، حەشار داوە ؟

چەند کەر بووم ! چەند خۆشە ، پیاو خودی خۆی ، لە ناخی خۆیدا بدۆزێتەوە !

❊❊❊

ئا ئێستا ، تۆزێک لەمەپێش ، لە نووسینی فەسڵی یەکەمی شەوی ڕەش بوومەوە . بۆ سوازنم خوێندەوە . بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە دەمخوێندەوە ، هەستم دەکرد سووکە ترسێکی شیرین دڵم دەگوشێت . کاتێ دەستنووسەکەم لە جێی خۆی دانا ، سوزان دەستی گرتم و بە لێوە گەرمەکانی ماچی کرد و لە بن لێوانەوە گوتی :

- جاک .. زۆر جوانە ! ئیشە نە گاڵتە !

بە دەمەلاڵکێ گوتم :- بە ڕاستتە ؟

لە خۆشیا ، لە پێستی خۆم نە دەهێوریم . خۆم فەقیر کرد و گوتم :

- پێت وا نییە ، شێوازەکەی زۆر سادەیە و بەپەلە نووسراوە .. کەمێک سەرڤە سەرڤەیە ؟ .. دەبێ برێک دەسکاری بکرێ و پێدا چوونەوەی بۆ بکرێت . من ئەوە دەزانم ، بەڵام ..

- تۆ زاتی خوا ، دەسکاری مەکە !

خەیاڵم ئاسوودە بوو . ڕاستە کە تەنیا نزیکەی سی لاپەڕەیەکم نووسی بوو . بەڵام بە ئومێدی ئەوە بووم بتوانم بەردەوام بم و ڕۆمانەکە تەواو بکەم .

ئەم دوا نیوەڕۆیە چوومە دیدەنی پریور و بە جۆرە لووت بەرزییەکەوە گوتم :

- ئەوەی ڕاستی بێ خەریکی ئامادە کردنی شتێکم بۆ تۆ . حاڵی حازر ..

- خۆم دەمزانی !

دوای پریور ، بواسییرم بینی کە نیگەران دەهاتە بەرچاو .

- باشە ، جارێ زۆر زوو نییە بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبێکی تازە ؟ تۆ هەرچییەکت پێ بووە ، لە ( غەزەب ) دا هەڵت ڕشتووە و خاڵی بوویتەتەوە . ئایا دڵنیایت کە چارج و شەحن بوویتەتەوە ؟

خۆزیا بواسییر دەیزانی خەریکم چ کتێبێک ئامادە دەکەم ! قسەکەم لە کورتی بڕییەوە . بە ڕاستی نیگەرانی هەمیشەیی ئەم پیاوە ، مرۆڤ بێتاقەت دەکات .

❊❊❊

بە هەمان نەفەس و تین و جۆش و خرۆشەوە درێژەم بە کارەکەم دا . ڕۆژنامەکان لە ئێستاوە باسی خەڵاتی موپاسانیان ، کە هێشتا پازدە ڕۆژی مابوو ڕابگەیەنرێ ، دەکرد ، ناوی من و کتێبەکەی منیان لە جوملەی ئەو ناو و کتێبانەدا دەبرد کە ئەگەری برانەوەیان هەبوو . دیارە ئەم باس و خواسانە نەیان دەکردە هیچ ، بەڵام وێڕای ئەوەش ، لە دنیای خەون و خەیاڵێن سەیرو سەمەرە و بێ مانادا مەلەم دەکرد .

❊❊❊

بۆ ماوەیەک لە نووسین وەستام . بە گوێرەی وتارەکانی سەرەتا بێ ، براوەی خەڵاتی موپاسان ، نووسەرێک دەبێ بە ناوی ( کوانییە ) کە من چاوێکی خێرام بە کتێبەکەیدا گێڕاوە . بە ڕاستی کتێبێکی بێتام و ئەستوورە . نازانم چۆن دەشێت ئەم کتێبە بەسەر ( غەزەب ) دا پەسەند بدرێ ! بەڵام دەبێ ئەوە بگوترێ کە سیپیون ، وەشانکاری کتێبەکەی کوانییە ، هەرچی ئاشنا و ڕۆشنا و دۆست و بناژۆی هەبوو ، بۆ ئەم مەبەستەی خستبوونە کار ، بە ڕاستی شەرم و ڕیسواییە ! ئەوەی ڕاستی بێ ، ئەم وەشانکارە پاریش خەڵاتەکەی برد بووەوە ، دیارە مەسەلەکە خزم خزمێنە و خۆ خۆییە ! کەچی ڕۆژنامەوانی چاوپۆشی لێدەکات و خۆی لە گێلی دەدات !

❊❊❊

ڕۆژنامەی ( پاری — سوار ) هەڤپەیڤینێکی دەگەڵ کوانییەدا کرد ، وەکو ئەوەبوو بە ڕاستی خەڵاتەکەی بردبێتەوە ! " ئایا ئەمساڵ براوەی خەڵاتی موپاسان ، جەنابی کوانییە دەبێ ؟" ڕۆژنامەکە ، وێنەکەی ئەوی لە سەرووی لاپەڕە دوودا و لە سەر وتارێکی سیاسیدا دانا بوو . کوانییە لەم وێنەیەدا ، بەجۆرێ پێدەکەنێ کە هەموو ددانەکانی دەرکەوتوون و شووشەی عەینەکەکەی دەبریسکێنەوە . بە دەم و قەپۆز و ڕوو و ڕوخساریا وا دیارە بە دەم زامی گەدەوە دەناڵێنێ . دەتگوت ئەو وێنەیەی بۆ ئەوە گرتووە بینەن بە ئاگادارییەکی تایبەت بە بانگەشەی دەرمانەوە ..

دڵنیام سیپیون ، خەرجی هەموو ئەم بانگەشەیەی کێشاوە . بەڵام ئەوەی سەیرە ، پریور ، هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەر بەم کارەی ئەم وەشانکارە نییە ، هیچ هەوڵێک ، بۆ کاندید کردنی من چ لای جەماوەر و چ لای دەستەی داوەران نادات . ئەم بەیانییە ، ئەو گلەییەم لێکرد ، گوتی ئەگەر کەمترین ئەگەر و شانسی بردنەوەم هەبوایە ، بەو

پەڕی خۆشحاڵییەوە ، هەموو بەرگرییەکی لێدەکردم . مخابن ، چەند کەسێک لەو داوەرانەی کە کتێبەکەی منیان خویندووەتەوە دووچاری شۆکێکی ئەوتۆ بوون کە بە عەمراتیان لە بیریان ناچێتەوە .

بەڵام سەرۆکی دەستەی داوەران ، یانی تاقە کەسێک کە دەیتوانی بایەخی ( غەزەب ) دەرک بکات ، دوو چاری ئازاری ڕیخۆڵەکوێرە بووەو ، بە نووسراو ڕەئی خۆی دەدات ، مەگەر لە ژێر نەشتەرگەریدا دەر نەچێت . لە باشترین حاڵەتدا و بەگوێرەی دروست ترین ئامارگیری ، من لە کۆی سیازدە ڕەئی ، دوو ڕەئیم بە دەست هێناوە .

***

هێشتا وێنەکەی کوانییەم ، بە پێکەنینە نەخۆشەکەیەوە لە بەرچاوە . باس هەر باسی ئەوە ، لە هەموو لایەکەوە ستایشی دەکەن . لە هەواڵ و بانگەشەکاندا ، چ کەسێک بە ناویش ناوی من نابات . ئەم بانگەشە ڕۆژنامەوانیانە بە جۆرێ ناڕەحەتیان کردووم ، کە چاوم لە پەیگیری کتێبەکەم پۆشیوە . سوازن لێم تێدەگات ، هەوڵدەدات ئارام و هێورم بکاتەوە . لەم ڕۆژانەدا بابم بینی ، گوتی :

– پیرۆز باییت لێدەکەم کوڕم .... بۆ خەلاّتی موپاسان ، ناوی تۆ دەبەن .

پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بە سەریا بقیژێنم و بڵێم هەمووی درۆیە !

***

تەنیا دوو ڕۆژ ماوە بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامی پێشبڕکێیەکە ، پریور ، ئامۆژگاری کردم کە سەفەرێکی یەک هەفتەیی بۆ گوندەکان بکەم و گوتی :– ئەم کارە دەیسەلمێنێ کە تۆ ئەم مەسەلەیەت بەلاوە گرینگ نییە .

بەڵام بواسییر ، گاڵتەی بەم ناڕەحەتی و نیگەرانییەی من دەهات ، گوتی :

– کوڕی خۆم تۆ بۆچی ئەم خەلاّتەت کردووە بەخەم ؟ چیت داوە لەم خەلاّتە ؟ لەبەر فرۆشی کتێبەکەتە ؟ خۆ کتێبەکەت بەبێ ئەم خەلاّتەش دەفرۆشرێ و هیچ ترسێکی لە سەر نییە . لە بەر وێنەتە ؟ خۆ تۆ خۆتیان بۆ نمایش ناکەی ؟ لە بەر وتارانتە ؟ وتاران ، هیچ کاتێ نەیتوانیوە ، جەماوەر وا لێبکات کتێبێ بخوێننەوە کە شایستەی خوێندنەوە نەبێ . ئیدی لە بەرچی خۆت نیگەران و ناڕەحەت کردووە ؟

کەپووی گرژ دەکاتەوە ، وەکو ئەوەی بیەوێ لە خۆشیا بپژمێ ، هەڵوێستەیەکی کرد و لە سەری ڕۆیی :

- تۆ وەکو ئەو خەڵکانەی کە سکیان تێربووە ، بەڵام چاویان تێر نەبووە ! نەشئە و سەرمەستی تۆ هیچ فایدەیەکی نییە . تۆ تامی سەرکەوتنت چەشتووە و ئێستاش تینووی سەرکەوتنی و تینوویەتیت ناشکێ و گەرەکتە بەهەر نرخێ بووە سەرکەوتنێکی گەورە ، نایاب ، زۆر دەگمەن بە دەست بێنی !

بواسییر بە دەم پێکەنینەوە دەستە سپیەکەی دا بە سەر شانمدا و گوتی :

- تۆ چۆن دەتوانی کەمترین بایەخ بەم لایەنە تورەهات و بێ بایەخانەی شۆرەت بدەی ؟ خۆ ئەگەر بەم نەفەسەوە بەر دەوام بی ، کاتێ بە خۆ دەزانی بوویت بە ئەندامی چەندین دەزگا و سەندیکا ، خاوەنی چواردە میدالی ئەنجوومەنانی دەرەکی ، سەرۆکی بیست لیژنەی ئەدەبی و دانەری یەک زنجیرە فیلمنامەی جەڵەبی ، تۆ حەزت لەم شاتانەیە ، بەم شتانە ڕازی دەبی ؟ بەڵام من لەم شتانە دەترسم !

زۆر گەوجانە گوتم :- لە ڕوانگەی خۆتەوە ، حوکم لە سەر خەڵکانی دی مەدە .

دوای ئەوە یەکسەر بەجێم هێشت . ئیدی نەمدەتوانی قسەکانی وی کە لە قسەی فەیلەسووفانی برسی دەچوون ، یان پێکەنین و تەوس و توانجە یەک لە دووی یەکەکانی ئەو تەحەموول بکەم . بە لای بواسییرەوە ، ئەدەب لە پەراوێزی ژیاندایە ، بەڵام بۆ من ئەدەبیات لە ناو جەرگەی ژیاندایە و هەموو دزێوییەکان و گشت ململانێ و کێشماکێشەکان لە خۆ دەگرێت ، بەڵام لە هەمان کاتدا ، سەرکەوتنەکانیش لە خۆ دەگرێت . هەڵبەتە هەرگیز پێم شەرم نییە ئەگەر فرۆشی کتێبەکەم بگاتە سەد هەزار نوسخە . خۆ ئەگەر لوتف بکەن و خەڵاتی موپاسانم بدەنێ خۆم بە بەختەوەرترین بەشەر دەزانم . ڕەنگە ئەمە سووکایەتی بێ ، بەڵام ئیدی ئەوەیە کە هەیە .

***

ئەوان سبەینێ لە ڕێستۆرانی پوبیردا کۆ بوونەوەیان هەیە . شتەکە بڕاوەتەوە . کوانییە یازدە دەنگ . سوپرشن دوو دەنگ و من یەک دەنگ . دایەک هیپ ئەم ئەنجامەی پەسەند کردووەو هەرگیز هەڵە ناکات . لە ئۆفیسەکەی پریوردا ئەوم بینی ، سەراپای لە جلێکی وەنەوشەییدا نقوم بوو بوو ، بەگورجی بەرەو پیرم هات :

- هیپ ! هیپ ! هیپ ! ئەمەش سوربییەی ئازیز و خۆشەویستمان ! ئەو نووسەرە تازەکارەی کە ناڕەحەت و نیگەران ڕێ دەکات ! خەمت نەبێ ! قەیدی ناکات ! من بە گیان و دڵ هەوڵم بۆ دایت ! یەک کیلۆ ونیو کەمم کردووە ! دەنگم کەوتووە ، ئیدی دەنگم دەرنایەت ! ئەم بەڕێزانەی دەستەی داوەری ، وەکو جاران ، بە ئاسانی نەرم نابن و نایەنە ڕەدا ! ناچار بووم ، سەنگ و ئیحتوباری کەسایەتی خۆم ، ژێر پێ بنەم . ئەم کارەم بەبێ بیرکردنەوە کرد . چونکە دەمزانی کە لە ڕای شتی تورەهات ناچمە شەڕەوە !

پریور ، به دەم بزەیەکی کێوی و دۆستانەوە گوتی :- دۆستی ئازیز ، خانمی ئازیز و دۆستی بێ هاوتا .

- لە بەر ئەمە ، ئەوەندەم پێداگری کرد ، ئەوەندەم هەوڵدا ، ئەوەندەم قسەکرد تا سەرەنجام گوێیان لێگرتم . پێموایە .... وابزانم .... سوربییەی ئازیز ، وەرە پێشەوە .... گوێت بێنە ..

دایکە هیپ لێوە ئەستوور ، ڕەنگ کراو و قڵێشاوەکانی لە گوێی من نزیک کردەوە و لەبن لێوانەوە و بەچپە گوتی :

- وابزانم بۆ ساڵی ئایندە شانسێکت هەبێ .. یان بۆ دوو ساڵی دی ..

پریور ، بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە ، دەکەوێتە مەرایی و سوپاس و قەدرزانی خۆی بۆ دەردەبڕێت . منیش ناچار دەبم سوپاسی ئەم ژنە گەمژە لە خۆباییە بکەم کە خۆی لە ئاوریشمی وەنەوشەیی ، گوڵدۆزی ئەرخەوانیدا هەڵکێشا بوو .

کە لای پریور هەستام ، چووم بۆ راتاپلان ، لەوێ ( پالوشو )م بینی کە بە پۆزەوە دانیشتبوو ، سوور بوو بووەوە و ، خۆی پڕ با کرد و لەبن لێوانەوە گوتی :- بێگومان سبەینێ نایەیت .

- بۆچی نایەم ؟

- بە بۆنەی خەڵاتەکەوە .

- من ئەم تیروپشکەم بەلاوە گرینگ نییە ..

هەموو بەرۆک و ورگی ، زۆر ناشیرین بە دەم پێکەنینەوە دەلەرێتەوە . چاوەکانی لە خۆشیان ئاویان کردووە . سەرەنجام هاواری کرد :- ڕێوی دەمی نەدەگەییە ترێ ..!

شانەکانم هەڵدەتەکێنم ، بێئەوەی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە بۆ ئۆفیسەکەی خۆم دەڕۆم .

شەوێکی ناخۆش دەگەڵ سوزاندا بە سەر دەبەم . بچووکترین دەنگ ئازارم دەدات . دڵم لە شووتی مەکینەی قیتارەکە تێکهەڵدێ . بۆنی ماکەرۆنی و سوسسی تەماتە بێزارم دەکات . لاجانگەکانم دێشن . بۆ خۆ مژوول کردن ، هەوڵدەدەم ، بەشی یەکەمی شەوی ڕەش دووبارە بخوێنمەوە . کارێکی زۆر خراپم تێدەکات . تۆ بڵێی ئەم کۆمەڵە وشە تێکەڵ وپێکەڵە ، بێ مەبەست و مانایە ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ، لە شێوەی کتێبدا چاپبکرێ ؟ بشێت ئەم کاراکتەرە زیندانیانە ، ڕۆژێ لە ڕۆژان بتوانن ، پەت و داوی داب و نەریت بپچڕن ؟ ئایا هەقی ئەوەم هەیە خۆم بە گەورە بزانم و لە ئاوێنەدا سڵاو لە خۆم بکەم ؟ بە سوزان دەڵێم :

- ئێستا بەشی یەکەمی شەوی رەشم خوێندەوە . هەلەق و مەلەقە ..

- گیانەکەم تۆ پەستی . هەڵبەتە کاری جدی دەوێ .. شێوەی گوزارشت و دەربڕینەکەی کەمێک سستە .. بەڵام ..

به خوشحاڵییەکی ، شێتانەوە هاوار دەکەم :- خۆ تۆ بە منت گوتبوو ، فەسڵی یەکەمت زۆر بەدڵە ؟

سوزان ، بە دەنگێکی نەوی و نووساوەوە دەڵێت :

- ئیستاش زۆرم بە دڵە . جاک ، دەمەوێ ئاقڵ بم . نامەوێ خۆشەویستی تۆ کوێرم بکات . دەمەوێ یارمەتیت بدەم تا بەرهەمەکەت تەواو بکەیت .

- واتە ئەمە لەوە باشترە کە دەستبەرداری نووسین ببم . تێگەیشتم ! تێگەیشتم !

من لە کەرێتی و بەد نیازی خۆم ئاگادرم ، بەڵام هەستدەکەم کە شێتانە پێویستم بە ئازاردانی کەسێکی دی هەیە .

- من هەموو ئومێدێکم بە تۆ بوو کە پشتیوانیم لێبکەی ! پیف ! لەم خۆشحاڵییە !

ڕوندک ، ئاشتی و ڕاز ونیاز ، ماچێن سوێر ، سوێند و بەڵێنانی تاساو ، دەست گوشین و خەونێن جوان و ناسک ، هەموو ئەم شتانە سەیر و بێ مانان . پێش سوزان ، دەچمە ناو جێگاوە . ئەم دێڕانەی دوایی لە ناو جێگاکەم دەنووسم . سوزان لەم ماوەیەدا ، شەربەتێکی ئارام بەخشم بۆ دروست دەکات .

ئەفسووس کە کوانییە لە هەمان سەعاتدا خوشحاڵ و سەرمەست دەگەڵ کیژێکدایە و ئەم پارەیەی کە لە یەکەمین فرۆشی ڕۆمانە براوەکەیەوە دەستی دەکەوێ ، لە گەڵ کچەکەدا حیساب دەکات .

ئیدی هەرگیز باسی ئەم ڕۆمانە هیچە ناکەم .

# فەسڵی نۆیەم

ئەوەی بۆ من هاتووەتە پێش ، شتێکی ماقووڵ نییە ! نازانم ئاخۆ دەتوانم هەر هەمووی لەم شەودا بگێڕمەوە . بەڵام هەوڵدەدەم بەلای کەمەوە باری سەرنج و تێبینییە هەرە گرینگەکانم ، هەست و سۆزە سەرەکییەکانم بنووسم . بەڵام لە کوێوە دەست پێبکەم ؟ هەستدەکەم مێشکم نییە ، دڵم نییە ، دەستەکانم بوونی دەرەکییان نییە ، کاغەزەکە لە بەرچاومدا ، وەکو یەک بەکرەی سپی گرامافۆن وایە ، دەسووڕێتەوە ، بۆ دواوەوە دەڕوات . ئارام بە ، ئارام بە ..

ئەمڕۆ ، پازدەی هەیڤی دیسامبەر ، من و سوازن لە شار فراڤینمان خوارد . جەژنی سوڵح و ئاشتی خۆمان گرتبوو . ئەو ڕیستۆرانەی کە سوزانم بۆی دەعوەت کردبوو ، بەمیوە وخۆراکی دەریایی بە نێوبانگ بوو ." توتیای دەریایی" نەرم و بە لەزەتیان بۆ هێنابووین . کە ئێستاش بۆنە خۆشەکەی لە کەپووم نەبڕاوە . بەڵام ئەمە گرنگ نییە ، بەڵام ئازایانە ، کەم و زۆر باسی خەڵاتەکەمان نەکرد کە لە هەمان سەعاتدا ، لە ڕیستۆرانی پوبیر دەدار . باسی زۆر شتی دیکەی بێ بایەخ و تورەهاتمان کرد ، من چەند نوکتەیەکم گێڕایەوە کە مخابن بیرم نەماون . جا چونکە پێشوازی و خزمەتگوزارییەکەیان زۆر خاو بوو و خواردنەکەیان گەلەک خۆشبوو ، تا سەعات دوو ونیو هەڵنەستاین . زۆرم مەبەست بوو لە ڕۆژی دانی خەڵاتی موپاساندا بچم بۆ ئۆفیسەکەم ، دەمویست ڕێک لە کات و ساتی خۆیدا بگەمە ئۆفیسەکەم بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە دەسیسە و پیلانی هیچ و پووچی رکابەری بە هیچ جۆرێ بەرنامەی کارکردنی منی تێک نەداوە . تەکسییەکم بەکرێ گرت ، سوزانم لە بەردەرگای فرۆشگایەکدا دانا و داوام لە شوفێری تاکسییەکە کرد کە بلەز بمگەیەنێتە بارەگای ڕاتاپلان .

پێم سەیر بوو کە دەرگای ئوفیسەکەم کرابووەوە . هەرسێ ئافرەتە تایپێستەکە ، دەرگاوانەکە و( فرولە ) ی هاوکارم لە بەر مێزەکەم کۆبوو بوونەوە . کە لە ئاستانەی دەرگاکە تێپەڕیم ، هەموو بەیەک دەنگ گوتیان :

– ئەوەهات !

تایپێستەکان لەبەرم هەستان ، بەرەو پیرم هاتن . پالوشو ، بە سەماعەکەی هەڕەشەی لێکردم ، دەرگاوانەکە تەلەفۆنی سەرمێزەکەی هەڵگرت و فرولەی هاوکارم بە دەنگی بەرز هاواری کرد :

– لێت دا ، وەرت گرت ، برادەری ئازیز !

گوتم :– لەچی ؟ چیم وەرگرت ؟

- خەڵاتەکەت برد !

هەستم کرد لاقەکانم لە ژێرما خاو دەبنەوە ، خوێن بۆ سەر وچاو ودەستەکانم ناڕوات ، بە دەنگێکی شپرزە و بە دەمەلاڵکێ گوتم :- سوعبەت دەکەیت ؟

فرولە دووبارەی کردەوە :

- نا ، نا لە ئۆفیسەکەی پریورەوە تەلەفۆنیان بۆکردین ! پریور ، بۆت دەگەڕێ ، نازانێ کێوە چوویت . هەموو ڕۆژنامەنووسەکان ، لە لای وەشانکارەکەتان ، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانت دەکەن ! ..

دووبارە گوتم :- ئەدی .... ئەدی قەرار بوو خەڵاتەکە بە کوانییە بدرێت ..

وامدەزانی خەون دەبینم ، لە ژیانا نیم . شادی و خۆشییەکی فرە و گۆنگ باڵی بە سەرما کێشا بوو ، چەند دەنگێکی ئاشنا لە گوێمدا دەزرینگایەوە :

- پیرۆزە ! .... دۆستی ئازیز .... بە ڕاستی گۆڤاری راتاپلان دەتوانێ شانازیت پێوە بکات ! .... باشە کەی دەگەیتە ئەکادیمیا ؟ ..

سەیرم کرد ماسولکەکانی دەم و چاوم پێدەکەنن و زمانم دەجوڵێ و دەڵێت :- سوپاس .. سوپاس ..

وەکو یەکێک خەوی لێکەوتبێ بەو ئاوایە بردمیانە دەرەوە ، خستمیانە ناو تاکسییەکەوە ، هەندێک بە دەنگی بەرز ناوی ئەدرەسەکەیان هێنا ، تاکسییەکە بە ناو قاقای پێکەنین و هەراوهەنگامەی خەڵکەکەدا کەوتە ڕێ . کە بە تەنیا لە ناو ئوتومبیلەکەدا گیرسامەوە ، بێهودە هەوڵمدا تا دووبارە وەخۆ بێمەوە . هێشتا باوەڕم بە شانس و یەغباڵی خۆم نەدەکرد . دەترسام شتەکە ڕاست نەبێ و ڕەنگە هاوکارەکانم لە قسەکانی پریور باش حاڵی نە بووبن و ڕەنگە ئەمە گاڵتەیەکی بێ مانای پالوشو بێ . هەرچەندە دەگەڵ ئومێد و شادمانی ململانێم بوو ، بەڵام هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی لێدانی توندی دڵم هێور بکەمەوە . لە دڵی خۆمدا دەمگوت :

- ئەدی ئەگەر شتەکە ڕاست بێ ؟ ئەگەر ڕاست بێ ، دەبێ چ بەم ڕۆژنامەوانانە بڵێم ؟ دەڵێم .. من زۆر خۆشحاڵم . نا .. نا ، ئاوێنەی ناو ئوتومبیلەکە درزی بردووە ، ئەمە کردوویەتیە کارێک دوو ڕوخسام هەبێت .. کە لای چەناگەمەوە یەک ناگرنەوە . نە ، نە .. شتێکی دیکە دەڵێم .... دەلێم .. "من شانازی بە خۆمەوە دەکەم کە من بۆ ئەم خەڵاتە هەڵبژێردراوم .." نە ، نە دەڵێم : بەڕێزینە زۆر سوپاستان دەکەم کە بەم قەرەباڵغییە بۆ ئێرە هاتوون

باشه چۆن دەبێ ئەم ئاوێنە شکاوە ، وێڕای تەکان و هەڵبەز و دابەزی توندی ئوتومبیلەکە ، هێشتا هەر لە جێی خۆیدا بێ ؟ بێگومان ، کاتێکت زانی لێک ترازا و کەوتە خوارەوە ،هەنگێ شتێکی سەیری لێدەردەچێت . بە ڕێزینە ڕێگەی من بدەن .. سەیرە ، من خەون دەبینم ، خەون دەبینم .... تەکانێک دەدەم و بێدار دەبمەوە .. بەڕێزینە ، پیاوێک لە بەردەمتان وەستاوە .. کە .. وای ! لەم ئاوێنەیە .. ئەم ئاوێنەیە چییەتی ؟

ئوتومبیلەکە لە پێچێکی کوت و پڕدا بە توندی پێچی کردەوە و بە زەحمەت لە سەر ئانیشک خۆم گرتەوە و لە ناکاوا دەستم بە پێکەنین کرد . پێکەنینێکی ئەوەندە بەرز و شێتانە کە شوفێرەکە لە ئاوێنەکەدا دیتمی و بە ڕوخساری گەش و حایرەوە ئاوڕی لای منی دایەوە . " ئەگەر دەیزانی ! .. کاتێ بزانێ ! ..." پاشان پێچی شەقامەکە و ڕووکاری تاریکی بڵاوەخانەی برایانی پریور دەرکەوت ، دەتگوت بە غار بەرەو پیری من دێت . یەکێک لە ئوتومبیلەکانی ڕادیۆ لە بەر دەرگا وەستابوو و چەند وایەرێکی لێهاتبووە دەرەوە . چەند کەسێکی نەناس ، بەبێ کڵاو ، کاغەز بە دەست ، چاوەڕوانی گەیشتنی منیان دەکرد . کەواتە شتەکە ڕاستە ! هاوارم لە شوفێرەکە کرد :

- کاکی شوفێر ، لەزێکە ، بلەزێنە ! ..

- بە هەر حاڵ نامانەوێ کە داغان و وێران ببین !

ئوتومبیلەکە ، پێی بە بەنیزیندا نا ، بە زەحمەت خۆی لە چەند ڕۆژنامەنووسێکی کونجکاو لادا ، بە دەم زیڕەی تیژی ئێستۆپەوە لە بەر دەرگا وەستا . من سێ ئەوەندەی کرێیەکەی خۆیم دایێ و بە پەلە دابەزیم و خۆم گەیاندە سەر شوستەکە . سێ چوار ڕۆژنامەوان یەکسەر دەوریان گرتم و پرسیار بارانیان کردم .

- مسیۆ سوربییە ، وەکو براوەی خەڵاتەکە هەست بە چی دەکەیت ؟

- مسیۆ سوربییە ، دەتوانی بۆ لاپەڕە یەکی سبەینێ ، وتارێکمان بدەیتێ ؟

هەرکە پێم نایە ناو هۆڵی فرۆشەوە ، جەماوەرێکی زۆر بە هورا کێشانەوە پێشوازی کردم . ئەم هۆڵەم نە دەناسی ، هۆڵەکە دیوار ، پەنجەرە یا پارکێتی نەبوو ، بەڵکو لە ڕوخسار ، دەست ، لاق وکامێرا دروستکرا بوو . ئاپۆڕایەکی بەشەری ، بە چاوانی بێ شومار و بزەی فراوانەوە ، لە بەر دەممدا وەستا بوو ، ڕێک لەو پەردانە دەچوو کە لە خەوا دەمان بینی ، ترسیان دەخستە دڵمەوە و هەر کە دەجووڵامەوە لە چاو ون دەبوو ." ئەمانە کێن ؟ بۆچی زەحمەتیان کێشاوە و هاتوون ؟ تۆ بڵێی لە بەر خاتری من هاتبن ؟ ئایا هەر بۆ ئەوە هاتوون کە بەخت و یەغباڵی من ستایش بکەن و ئەم هەواڵە بڵاوبکەنەوە ؟" هەندێک چوو بوونە سەر پێشخوانەکە و هەندێکی دی چوو بوونە قەراخ

پەنجەرەکان ، تیشکێکی توونگ و سپی کوێری کردم . نەخێر بوو بە دوو وبە سێ . وێنەگرەکان یەک لە سەر یەک وێنەیان دەگرتم . پریور دەستی گرتم . قژی لوول و بە خۆیشی شاد وخەندان ، بە دەمە لاڵکێوە گوتی :

- سوربییە گیان ! گیانەکەم !

لە باوەشی گرتم . پاشان جەستەیەکی کەتەی خڕپلە و ڕازاوە بەرەو من غل بووەوە و دەنگێک لە گوێمدا زرینگایەوە :

- هیپ ! هیپ ! هیپ ! بە ڕاستی مایەی شانازییە ، من هەمیشە ئەوەم گوتووە . ئاە ! ئەوەندە شەکەت و ماندووم دەڵێی بە پێڵاوی سەماوە، بە هیمالایادا سەرکەوتووم . حەقیقەتەکەش هەر ئەوەیە کە بە هیمالایادا سەرکەوتووم ! هیپ ! هیپ ! هیپ ! چ ڕۆژێکە ! تا دوا سات کارم بۆت کرد !

دایکە هیپ ، بە دەم بزەیەکی درێژەوە لێم هاتە پێشەوە . بواسییر ئەوی لادایە لاوە . بە چاوانی ڕوندکبارەوە هاتە پێشەوە وگوتی :- ئافەرین ، گیانە ، دەستخۆش !

بواسییر ، کەوتە نێوان پاڵەپەستۆی شانی پانی دوو پەیامنێری بەهێزەوە و بورایەوە . دەنگێک هاواری کرد :

- پێشکەشنامە بنووسە !

یەک دنیا کتێب بە سەر سەری ئامادە بووانەوە ، وەکو شەپۆلی دەریا ، شەپۆلی بەرز و سپی بەرەو من هات تا بۆیان ئیمزابکەم . ئاپۆڕای خەڵکەکە ، بەجۆش و خرۆشەوە منیان بەرەو کەنار ڕا دەدا ، بەرزیان دەکردمەوە ، پێیان پێدا دەنام ، بە ڕاست و بە چەپدا کتێبەکانم لە سەر شان و پشت و سمتی ئەو کەسانەی کە لە بەردەممدا بوون ، ئیمزا دەکرد . لە کاتێکا شپرزە بوو بووم و هانکە هانکم پێکەوتبوو ، هەر فلاش بوو ، لە ڕاست و لە چەپەوە ، لە سەرو لە خوارەوە ، بڵاچەی دەدا و خەڵکەکە تێکڕا و پێکەوە بە ناو بانگیان دەکردم . هێشتا لە ئیمزاکردن نەبوو بوومەوە کە دوو پەیامنێری ڕادیۆ ، مایکێکیان ، لە دەمم نزیک کردەوە :

- جەنابی سوربییە ، چەند پەیڤێکمان بۆ ڕادیۆی — گالیا بۆ بڵێ .

گوتم :- من هیچم پێ نییە بیڵێم !

- ماقوولە ، نووسەری (غەزەب) هیچی پێ نەبێ بۆ گوتن ؟ گوێدێرانی ڕادیۆکەمان هەرگیز باوەڕ بەم قسەیە ناکەن !

پەیامنێری ڕادیۆکە ، چەقەنەیەکی لێدا . منیش لە لای خۆمەوە چەند ڕستەیەکی گونگ و فامنەکریم دا بەسەر یەکا .

- خۆشحاڵم .. هەڵبەتە چاوەڕوانی ئەمە نەبووم .. دڵخۆش و سەربەرزم بەمەی کە دەستەی داوەران ئەم شەرەفەیان بە من بەخشیوە ..

تیشکی سپی و ڕاستەو خۆی بلاجکتۆرێک بە سەر سەرمەوە گیرسایەوە .

- ڤیدیویەک دەگرین ! قوربان کەمێک سەرتان خوار بگرە ، نووکی پێتان بەرە دواوە . بزە بکە .. نە ، نە ، تکایە بزەیەکی هەندێک پان .... ئە ئاوها ... زۆر باشە !

فیلمسازە خەبەرییەکە ، لە سەر تەپڵەکێک دانیشتبوو. چەند نیگارکێشێکی کاریکاتۆری ، بە پشتی چەماوەوە لە نزیکی ئەوەوە بوون و بە قەڵەم ڕەساسەکانیان هەڕەشەیان لێدەکردم :

- جەنابی سوربییە ، یەک دەقیقە مەجوڵێ ، با سکێچێکت بکێشم .

- جەنابی سوربییە ، با منیش گرتەیەکت لێبگرم .

- منیش !

- ڕێگەم دەدەی پەنجە مۆرێکت وەربگرم و بۆ ڕۆژنامەی " ئەکسل سیور "ی شیبکەمەوە ؟

جادووگەرێکی سوور و ڕەش بە تووندی دەستی گرتم و تووند نای بە سەر کاغەزێکی سپییەوە . ڕێگەم لێنەگرت ، ئیدی موڵکی خۆم نەبووم . وەکو چەشەیەک ، ئیدی سەر بەم ئاپۆڕا چاوچنۆک ، برسی و دڕندەیە بووم . یەک زنجیرە ڕستە و پەیڤێن نا تەواو وەکو زەنگوڵە لە مێشکمدا دەزرینگایەوە . خەڵاتی (موپاسان)م بە دەست هێنا و .. هەموو ئەم ئاپۆڕایە بە سەرکەوتنەکەی من خۆشحاڵن .. و هەموویان خۆشیان دەوێم .... و منیش هەموویانم خۆش دەوێ ... ئاه ! کە شتێکی خۆشە !

کاتێ پریور ، بینی خەریکە لە نێو ئەم ئاپۆڕایەدا نقوم دەبم ، دڕی بە خەڵکەکە دا ، دەگەڵ خۆیدا بۆ ئوفیسەکەی خۆیی بردم . بە دەم ڕێگاوە لە دوا هەواڵ ئاگاداری کردم .

- کوڕی خۆم من هیچ سەر لە مەسەکە دەرناکەم . لە هەوەڵی دەنگدانەکەدا ، تۆ پێنج دەنگت هێنا و کوانییەش پێنج دەنگ ، و باقی دەنگەکان بە سەر ڕکابەرەکانی ئێوەدا دابەش بوون ، لە کۆبوونەوەی دووەمدا دەنگەکانی تۆ

بوون بە شەش دەنگ . لە کۆبوونەوەی سێیەمدا دەنگی تۆ بوو بە دە دەنگ بەرانبەر بە پێنج دەنگ . پشتیوانی سەرەکی تۆ ، کەسێک بوو بەنێوی ..

کارمەندێکی وەشانخانەکە ، دەست بە سینگ ، بە زاری کراوەو کراسێکی قاوەییەوە ، هاتە سەر ڕێگەمان و گوتی :

- هیچ کتێبێکی یەدەکمان لە عەمارەکە نەماوە ، لە زەرفی یەک سەعاتدا گسکیان لێدا . وەجبەی تازە تا شەوێ ناگاتە دەستمان ..

پریور گوتی :

- هەموو داواکان قەبووڵ بکەن .... هەڵبەتە لە پێشا داوای کتێبفرۆشەکانی پاریس جێبەجێ بکەن . یانی کتێبەکان هەوەڵجار بە سەر کتێبفرۆشییەکانی پاریسدا دابەش بکەن پاشان بە سەر کتێبفرۆشییەکانی دیدا دابەشی بکەن ..

لە ئوفیسەکەی پریوردا ، خۆم دا بە کۆڵی قەنەفەیەکدا ، چاوەکانم نوقاند ، ئەوەندە خۆشحاڵ بووم ، خەریک بوو لە خۆشیا ببورێمەوە . بە پچرپچری گوتم :- دەبێ سوزان ئاگادار بکەمەوە .

- لە کوێیە ؟

- نازانم .

چەند پارچە نەوارێکی بانگەشەیی لە سەر فەرشەکە کەوتبوو :" خەڵاتی موپاسان .. خەڵاتی موپاسان .. خەڵاتی موپاسان .." هەرکە لە سەر قەنەفەکە دانیشتم و دا نەنیشتم ، لە پڕ دەرگا کرایەوە ، کۆمەڵێک خەڵکی ، لە دەرگاکەوە هێرشیان هێنا ، کۆمەڵێک سەر لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا ، دەرکەوتن . پریور ، توورە و لە هەمان کاتدا ، خۆشحاڵ گوتی : " دیسان هاتنەوە ! " .

جا من ، بۆ ئەوەی ئەم قەرەباڵغییە لە کۆڵ خۆ بکەمەوە ، وەعدی دە دیدارم دانێ و بەڵێنم دا سێ وتار بنووسم . سەرم بە گێژەوە دەچوو ، لاقم دابوویە ئازار . تیشک و ڕوناکی چاومیان هێنابووە خوروو . بوتڵە شامپانیا هەڵپچڕان ، پیاڵە و پەرداخمان لێک دا . ڕەفتارم هێواش و بە پارێز بوو . شامپانیاکەم پێدا ڕژا ، سارد و لەزەت بەخش بوو . حەزم دەکرد کەس نەبینم . خۆم لە پەنایەک بنەم و لە ڕێگەی تەڵسم و جادووەوە ، خۆم لە لای سوزان ببینمەوە . لە ناکاوا هاوارێکی بەرز هاتەگوێ :- جاک !

سوزان ، لە بەرانبەرمدا بوو .. دەگریا .. پێدەکەنی .. باوەشی پێدا دەکردم . دیسان شەوق و ڕوناکییەکی سپی و توونڕ ، تا ئاستی چاوم بەرز بووەوە .

پێم گوت :- چۆن بە هەواڵەکەت زانی ؟ ..

- لە لای کڵاوفرۆشەکە بووم ..

لە ڕادێوە گوێی لێ بووبوو ...

- .. ئۆە ! جاک .. جاک .. ئەمە مەحاڵە ، ڕاست نییە ، باوەڕ ناکەم ! ..

هەموو پێکەوە قسە دەکەن . سوزان خۆشەویستی وشانازی خۆی بە دەنگی بەرز بۆ دەر دەبڕیم . پریور شانازی پێوە دەکردم ، پێشنیازی گرێبەستێن زۆر گەورە و سەیری بۆ دەکردم و دنیایەک بروسکەی پیرۆزبایی پیشان دەدام ، دایکە هیپ ، بۆ جاری دەیەم دووبارەی کردەوە ، کە چۆن بە سەر سەرسەختی و عینادی دەستەی دادوەراندا زاڵ بووە وهێناونیەتە ڕەدا :

- خوێنم بوو بە ئاو ، گیانم دەرچوو ! بەڵام باش بوو ، ئەنجام ئەم مەخسەرانەم هێنایە سەرچۆکان ! نە ، نە ، سوپاسم مەکە .. ئەگەر پێوستی بکردایە ، خۆم دەخستە ژێر قیتارەوە ، بۆ ئەوەی نووسەرە تازە کارەکەمان براوە بێ . ئەمە زۆر ئاساییە ! ..

بواسییر ، نووسەرێکی بیانی پێ ناساندم کە دەیویست کتێبەکەم بۆ سەر زمانی زگماکی خۆی پاچڤە بکات . لە ناکاوا ، لە جەرگەی ئەو قەرەباڵغییەوە ، لە هەرەتی ئەم سەرکەوتنەدا ، لە دوورەوە پیاوێکی کورتەباڵا ، ڕەش و لەڕ ولاواز، بەدی کرد ، کە هێدی هێدی و بەشەرمەوە بەرەو جەم من دەهات : بابم بوو ، سۆز وگوداز ، ڕوخساری گۆڕی بوو ، چاوانی لە ڕوندکدا هەڵکشابوون . چرچ ولۆچەکانی دەم وچاوی قووڵتر بوو بوون . بە ڕاست و بە چەپدا ، سەری ڕێز ونەوازشی بۆ ئەو خەڵکە نەناسە دادەنەواند کە دەوری کوڕەکەیان دابوو و هەڵبەتە خەڵکانی دیار و گەورە بوون . بە دەمەلاڵکێوە دەیگوت :- بەڕێزینە .. بەڕێزینە .. بمبورن ..

بەرەو پیری چووم ، باوەشم پێداکرد ، سەری نا بە بەرۆکمەوەو لەبن لێوانەوە گوتی :

- کوڕەکەم ، لە بانک بە هەواڵەکەم زانی .. بەڕێوەبەر مۆڵەتی دامێ کە بێم .. زۆر زۆر میهرەبان بوو .. گوتی : " لە ڕۆژێکی وا گرینگدا نابێ من کار بکەم ! ئەمە ڕۆژێکی دەگمەنە ! لە کەیف و خۆشیاندا ، دڵم دەیەشێت ! ..

لە جێگای خۆم دامنا ، ئەو بە دەنگێکی زۆر میهرەبان و پڕ سۆزی پیرەمێردێکەوە ، لە سەری ڕۆیی :

- جاکە چکۆلەکەی من ، تۆ هێشتا هەر جاکە چکۆلەکەی منیت ، وانییە ؟ ئەمانە تۆیان بە یەکجارەکی لە من نەسەندووە . ها ؟ تۆیان نەگۆڕیوە .. کاتێ کە من لە چاپکردنی ئەم کتێبە دەترسام ، بە ڕاستی هەڵەبووم ،

پیرەمێردێکی خەرەفیو بووم ! کەسێکی دووربین نەبووم ! .. ئاە ! خۆزگە دایکت لە ژیانا بوایە ! .. جاکی بچووک ! چ شانازییەکی گەورەیە ! کە ناوی تۆ و ناوی هەموومان لە هەموو شوێنێکدا هەیە ! .. پارەیەکی زۆرت دێتە دەست ! پەیوەندییەکی زۆر دروست دەکەیت ! ئاشنایانێکی زۆر پەیدا دەکەیت ! بڕوانە ئەم هەموو بەڕێزانەی کە دەوریان گرتوویت ..

- حەز دەکەی بە وانت بناسێنم ؟

بە ترسێکی خاکیانەوە گوتی :- نە ، نە .

ڕۆژنامە نووسەکان دەوریان داین و کەوتنە وێنەگرتنمان ، بابم ، بە ترسەوە لە جێی خۆی ڕاپەڕی و گوتی :

- ئەمە چییە ؟

یەکێک هاواری کرد :- ئەمە وێنەیەکی یادگارییە . بنووسە " باوک وکوڕ ، خێزانێکی زۆر بەختیار " .

بابم بە دەنگی بەرز گوتی :- ئوە ! ئوە !

هەم بێزار و هەم خۆشحاڵ بوو . تەوقەی دەگەڵ پریور ، بواسییر ، وێنەگرەکان و تایپێستەکاندا کرد و گوتی :

- بەڕێزینە سوپاستان دەکەم .. سایە و لوتفتان کەم نەبێ .. بەڕێزینە ، ئەم پێشوازییە گەرمەی ئێوە لە بیرناکەم .

دایەک هیپ ، کە میهرەبانی و خۆشەویستی لێدەباری ، قسەی خۆشی دەکرد :

- هیپ ! هیپ ! هیپ ! لە خۆشیا هەناسەم سوار بووە . باب و کوڕ ! کوڕ وباب ! ئەم قارەمانەی مە ، هەست وسۆزێکی مرۆڤانی هەیە ! جەنابی سوربییەی باوک ، کوا دەستت بێنە ! دەستت بێنە با تەوقە بکەین !

بیرم نەماوە کە دوای ئەوە چی ڕوویدا . ئیدی هەمووان ، ڕۆژنامەڤانان ، وێنەگران ، فیلمسازان .. بەرە بەرە بڵاوەیان لێکرد و پاشماوەی پارچە کاغەز ، قونکە جگەرە ، بلیتی پاسیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت . تەنیا دۆستان و نزیکان مانەوە ، نزیکەی سی کەسێک دەبوون کە پریور هەر هەموویانی بۆ ئێوارەخوانێکی تێرو تەسەل ، لە ڕێستورانێکی نزیکی هال ( گەڕەکێکی ناوەندی پاریسە) دەعوەت کرد و بە ئوتومبیل بۆ ئەوێندەری بردن .

ماوەیەکی کەم بوو بۆ ماڵ گەڕابووینەوە . بەرگەی ئەو هەموو خۆشییەم نە دەگرت ، هیچی ترم نە دەویست . سەرم گێژ وکاسە . دەستم بە سەر قەڵەمەکەمەوە خاو دەبێتەوە ، چۆن دەتوانم شەش وتار بۆ سبەینێ بنووسم !

* *

ڕۆژی دوایی ڕۆژێکی دژوار بوو . دەبوایە بچمە سەردان و دیدەنی ئەوانەی دەنگیان بۆ دابووم ، سەرێکم لە وێنەگرێک بدابوایە ، وەڵامی برێک لە نامەکانم بدابوایە و کۆمەڵێک دەعوەتم قەبووڵ یان ڕەت بکردایەتەوە . دەبوایە چەند وتارێکم بنووسابایە و نووسین بۆ من یەجگار ئەستەمە . جۆرەها وێنەم ، ڕوو بە ڕوو ، لە سەرلا ، دەم بەخەندە ، جدی ، گێژوکاس ، خەمگین لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چاپ وبڵاوبووەتەوە .

کە سواری تاکسی دەبووم ، ڕۆژنامەیەکم بینی کە لە عاردی کەوتبوو ، کەسێک بە پێوە بەسەریا ڕۆیی بوو ، جێگای پاژنەی پێڵاوەکەی بە سەر وێنەکەمەوە دیاربوو و وێنەکەمی پیس کردبوو . دەرگاوانەکە وێنەکەی بڕیوم و لە چوارچێوەیەکی سەردەفی گرتووە و لە گەڵ بیرەوەری خانەوادەیی خۆیدا دایناوە . وەختێ بە کۆڵانەکەی خۆماندا ڕەت دەبم ، منداڵان ، بە قامکان ئاماژەم بۆ دەکەن . فرۆشیار و دووکاندارەکان بەڕێزەوە سڵاوم لێدەکەن . لە دووکانی جگەرەفرۆشییەکەدا ، ژنی سەر دەغیلەکە بە کوڕەکەی گوت :

– چاو لە جەنابی سوربییە بکە ، لەوەوە فێربە ، ئەو کاری کرد ، ئیمتیحانی دا و ، ئێستا وێنەکەی بڵاودەکەنەوە .

هەزاران چاو ، ئاشنای وێنەکەم بوون ، لە میترۆدا ، لە پاسدا ، لە دەکە و دوکانچەکاندا تەمەشای وێنەکەم دەکەن . ڕیزێک پاسکیل سوار ، وێنەکەم بە سەر کارتۆنی چکۆلەی کاڵاوە ، بۆ سەرانسەری شار دەبەن . کامیونانی کەسک ڕیز بوون و وێنەکەم تا قوڵایی شار دەبەن . وێنەکەم بە سەرانسەری وڵاتی فەرەنسادا بڵاو بووەتەوە . ڕۆژنامە بیانییەکان لە ئێستاوە باسی من دەکەن . ڕەنگە لە سۆنگەی ئەم ناو و ناوبانگ و خۆشەویستییە فراوانەوە تووشی وڕاوە و بزڕکان ببم ، بەڵام ناتوانم هەست بە بەختەوەری بکەم . بێگومان لە بۆ قەدرزانی بەخت و یەغباڵی زیاد لە پێویست لە ژێر گوشاردام . ئیدی دوای چەند ڕۆژێکی دیکە دەزانم کەچییان بەسەر هێناوم .

**

باشە ئەگەر بە ڕاستی شایستەیی ئەوەم هەبوایە ، شادی و چالاکیم زیاتر دەبوو ؟

**

سوزان ، زۆر زوو هاوسەنگی خۆی بەدەست هێنایەوە . هەندێ جلکی بۆ خۆی کڕی . فەرمانی دا کە تەلەفۆنمان بۆ ڕاکێشن . هەموو ڕۆژێک دەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە دۆستانی خۆیدا ، کە هەموویان خەڵکی دەوڵەمەند و خانەدانن و ، من نایانناسم ، چای دەخواتەوە . باسی گۆڕینی خانووەکەمان دەکات و گاڵتە بە ڕاڕایی و دوودڵی من دەکات . نازانم ، چۆن دەتوانێ هەموو لایەنە سەیر ونەنگینەکانی ئێمە فەرامۆش بکات ؟ خودا دەزانێ کە من زەینێکی ئاگا و هۆشیارم هەیە ، و ئەم دزییە ئەدەبییەی خۆمان ، شتێکە و دەگەڵی ڕاهاتووم ، خودا دەزانێ کە من ئەم کتێبەم

قەبووڵ کرد ، بە جۆرێ مامەڵەم لە تەکیا کرد وەک ئەوەی بە ڕاستی بەهادارترین بەشی بوونم بێ ! من ئەوسا لەهەنبەر فریودانی دە پازدە هەزار خوێنەرا کۆڵم نەدا ، بەڵام ئێستا مەسەلەکە لە سنووری دە پازدە هەزار خوێنەردا نەماوە ، بەڵای کەمەوە لە سەد هەزار خوێنەریش تێپەڕیوە . واتە ، ئیدی تەنیا گروپێکی سنوورداری ڕۆشنبیرانم ، زیرەکانە فریو نەداوە ، بەڵکو ژمارەیەکی یەجگار زۆری خوێنەرانی نەناس و ، لە ڕاستیدا هەموو خەڵکیم فریو داوە . من لە بەردەم هەموو خەڵکیدا ، پێگە و هەڵوێستێکی سست و ناپایەدارم هەیە . زەوییەکەی ژێر پێم ، کۆمەڵێک دالآنی داڕ زیوە . ژێر پێیەکانم هیچ نییە ، کۆمەڵیک درۆ و ساختەکاری لەرزۆک و خزە . ژێر پێیەکانم جگە لە تالووکە هیچی تر نییە و چاوەڕوانی ئەوەم لێدەکرێت کە بەو هاوکێشە کوشندەیە ڕازی و خۆشحاڵ ببم .

**

هەموومان دڵێکی بچووک و ناسکمان هەیە و سەرێکی بچووک ، باریک و کەم و زۆر سیستەماتیک . بونیادێکی ناسک و مینیاتوری هەیە کە شادی و خەم لە سنووری خۆیدا قەبووڵ و هەرس دەکات ، شادی و خەمێن جێگیر ، شادی و خەمێن ئاسایی ، بەڵام ئەگەر سکە و دراوێکی قەڵب و جوان بخەنە ئەم دەزگایەوە ، سکەکە گیر دەبێت ، ناتوانێ بڕواتە خوارەوەو هەموو دەزگاکە سەقەت دەبێ . جا سکەیەکی جوان ، شادمانییەکی دڵنەواز ، بەڵام دزراویان خستووەتە ئەم دەزگایەی منەوە و ، گەرەکیانە من ئەم سکەیە قووت بدەم . بەڵام هەموو بوونم ، ئەو سکەیە هەڵدێنێتەوە . ئەم سکەیە لە ڕادە بەدەر گەورەیە ، لە ڕادە بەدەر بریقەدارە ، لە ڕادە بە دەر پڕ سەرو سەدایە ، لە ڕادە بە دەر قورسە . من بۆ ئەم جۆرە سکەیە دروست نەکراوم ..

من ئەم دێڕانە بۆیە دەنووسم تا ترسە سەیر و شەرمازارییە پەنهانەکەی خۆم ڕوون بکەمەوە . ئەمرۆ لە کاتێکا بە بێزاری و وەڕزییەوە ، ڕۆژنامەیەکم لەو ڕۆژنامانەی کە باسی دەکردم ، تووڕ دەدا و کۆمەڵێک نامەم دەدڕی کە پڕبوون لە ستایشی من ، نامەیەکی دڵگیری کچەکەی ئوتێلی " تونون " کە لە ڕێگای پریورەوە بۆی ناردبووم ، غافڵگیری کردم . ئەم کچە ، لە نامەکەیدا ، گوتویەتی کە کتێبەکەی منی بەنهێنی خوێندووەتەوە ، هەست بە شانازی دەکات کە لەو ڕێگایەوە منی ناسیوە و تا کۆتایی تەمەن ، ئەو گفتوگۆیە لە بیر ناکات کە لە هۆڵی پێشوازی ئوتێلەکەدا ، لە نێوانماندا ڕووی دا . من بە ترسەوە ، بیر لەم گوزارشت و دەربڕینە دەکەمەوە ، کە زادەی هەستی دۆستانەی قۆناغی گەنجییە ، بە تایبەتی ئەم دەربڕینەی تا ڕادەی گریان ، خەمگینی کردم : " تا کۆتایی تەمەن " ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە یەکێک بەم وێناو تەسەورەوە دەربارەی من ، کە دەگەڵ حەقیقەتی مندا تێکناکاتەوە و ئاسمان و ڕێسمانە ، دەژی و پیر دەبێ و دەمرێت . ئیدی ئەم کچکۆڵەیە ساڵانێکی دوور و درێژ شانازی بە چیرۆکێکی خەیاڵییەوە ، چیرۆکێکی درۆینەوە دەکات کە گوایە من پێشکەشم کردووە ؟

خۆزگە هەر ئەم کچۆڵەیە بوایە ، هەر ئەو نییە ، هەزارانی وەکو ئەوم لە پێناوی لەزەتی شۆرەت و نێوبانگی ساختەی خۆمدا ، فریو داوە ، خۆ ئەگەر هەر لە هەوەڵەوە فێڵ و تەڵەکەی ئەم دزییە ئەدەبییەی من لە ئارادا نەبوایە ، شتەکە زۆر ئاسایی دەرۆیی . بەرپرسیاریەتی من گوێ بە گوێی شۆرەت و نێوبانگەکەم زۆرتر و گەورەتر دەبێت . وەکو پەڵەیەکی چەوری دەتەنێتەوە . حەز دەکەم هەر هەموو ئەم هەرا و هەنگامەیە نەهێڵم . حەز دەکەم فۆشی کتێبەکە ڕابگرم ، ڕۆژنامەکان باسم نەکەن و ناوم نەیەنن ، ناوم لە بیر بچێتەوە و پۆستەچی جگە لە کۆمەڵە وەسڵ و ئاگاداری بانگەشەیی کەم هیچی ترم بۆ نەیەنێ .

بەڵام ئایا من دەتوانم تەحەمولی ئەم بێدەنگییە بکەم ؟ لەو کاتەوە کە تامی ئەم شانازی و شۆرەتە ساختەیەم چەشتووە ، لە ناخی ناخەوە ، بە هەموو بوونمەوە لێی وەڕز و بێزارم ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناتوانم دەستبەرداری بم !

❊❊

ئەو ڕۆشناییەی کەوتووەتە سەرم ، عەزابم دەدات و نیگەرانم دەکات . ئەم ڕۆشناییە، دەگاتە هەموو شوێنێ ، بە جیلوەیەکی درۆینە هەموو ژیانم ئاشکرا دەکات . بە دڵنیاییەوە ئیدی ناتوانم لەم ڕۆشناییەدا دەوری خۆم بگێڕم . درۆ و ساختەکاری ، پێویستی بە تاریکی ، بە پلیکانانی نهێنی و بە بێدەنگییە . بەڵام من دەبێ لە ناوەندی شانۆدا ، لە بەر ڕۆشنایی بلاجکتۆری زۆر ڕوناکی سەرکەوتندا ، لە ناو جەرگەی هەرا وهەنگامەی سەرکەوتوانەی ئورکستەرانی گەورەی هەوسار پچڕیودا ، درۆ بکەم . نە دڵم و نەجەستەم بەرگەی ئاپۆڕای خەڵکی ناگرن . شەرم دەکەم ، لە خۆم ، لە ڕوخسارم ، لە دەستەکانم ، لە جلە خوازراوەکانم ، لە ڕۆحی خوازراوم شەرم دەکەم . شەرم دەکەم لەوەی لە سەر ئەم دزییە گەورەیە هانم دەدەن ، کەچی ئەوەی بە ڕاستی پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە نادیدە دەگرن . چیتر ناتوانم ڕواڵەت بازی بکەم ، دەمەوێ ئەم دەمامکە بدڕم و هاوار بە سەر هەمواندا بکەم کە ئەم گەمەیە ڕابگرن ، ئیدی بەسە .

❊❊

هاوکارانم لە راتاپلان ، میهرەبانییەکی پڕ ستایش و ڕیایان سەبارەت بە من دەنواند ، کە ئەمە ئازاری دەدام . تەنیا پالوشو ، وەکو جاران ، گرژ و مۆن و بێ ئەدەب دێتە بەرچاو . دەڵێی ، بە هۆی سەرکەوتنەکەمەوە، ڕقی لێ هەڵگرتووم . ئەم بەیانییە ، چونکە یەک سەعات دوا کەوتبووم ، ئامادە نەبوو پیشوازیم بکات . بەڵام من مەمنوونی ئەم بەدخواییەی ئەوم . بەلای کەمەوە ، بۆ ئەو و لە لای ئەو هەر سوربییەکەی جارانم . یانی بەلای کەمەوە ، بۆ ئەو ، درێژەی بوونی خۆمم . نیوە شەو ئەگەر چاو بتروکێنم ، هەرا و هەنگامە ، لە نێو ئاپۆڕا و حەشیمەتەکەی

دەور وبەرم پەیدا دەبێ . ئەوانە زۆر لە منەوە نزیکن ، ناوی من زۆر باش دەزانن . زۆر باش سوود لە هەوێن و جەوهەری بوونم وەردەگرن . لە میترۆیانی قەرەباڵغ و پڕ لە کڵاو ولامپای سپی ، لە ماڵانی بەقاڵدرمەی گەچی ، لە ئاشخانانی زۆر بچووک و ڕیستۆرانانی پڕ لە سەرانی قژن ، زاران ، دەستان و چنگاڵان ، لە پاس و لە شەقامان دەسووڕێمەوەو بە شێوەیەکی سیستەماتیک خۆم نیشاندەدەم . درۆ وساختەکارییەکەم لە هەر هەموو ئەو ئاپارتمانانەدا کە تێی دەچێ ، لە هەموو ئەو مێشکانەی کە وەکو قارچک پێوەی دەچەسپێ ، لە هەموو تەنیاییەکانی ژێر چرادا ، لە هەموو جزدانانی پارە ، لە هەر هەموو ئەو سەرو سەدایانەی کە لە سەر یەک کەڵەکە بوون ، لە هەر هەموو ئەوانە گەورەتر دەبێت . هەر ڕۆژێ کە تێدەپەڕێ ، هەر نوسخەیەکی کتێبەکە کە دەفرۆشرێ ، هەر خوێنەرێ کە زیاد دەبێ ، گوناحی دزییەکەی من قورستر دەکات . لە گۆساخی خۆم دەترسم ، لە خۆم دەترسم . ئاه ! خۆزگە تەشبریق و هەورە تریشقەیەک دەهات و منی لە ژینگە و ڕەهەندە بە شکۆکانی ئەم ژینگەیە دەرباز بکردایە . ورد و خاشی بکردمایە ! بریا دەمتوانی لەمە بە دواوە تەنیا جەستەیەکی زۆر ورد و ڕەنگین بام . مرۆڤێ بم کە گوێی نەدەنێ ، باسی نەکەن ، و بێ هیچ داخ و کەسەرێک وا وێنا بکەن کە تەواو بووە ، لە دەست دەرچووە ! هەموو ئاوات و ئارەزوویەکم ئەمەیە ! ئەگەر هەموو خەڵکی وەکو پالوشو ڕەفتاریان دەگەڵدا کردبام ، خەمم نەدەبوو ، بەختەوەر دەبووم .

# فەسڵی دەیەم

سوزان ، تازە لە ماڵ دەرکەوتبوو کە کارەکەرەکە لە دەرگای ئوفیسەکەمی دا و گوتی :

- کچێکی گەنج دەیەوێ قسەت دەگەڵدا بکات . نایەوێ ناوی خۆی بە من بڵێ .

- پێی بڵێ با بێتە ژوورەوە .

کچەکە ، ئافرەتێکی باڵابەرز ، باریکەلە و شووش ، ڕەنگ زەرد و چاوشین بوو ، جلێکی تەخت شینی گوڵ سپی لەبەر بوو ، جلێکی ساکار و هەژارانە بوو . خاچێکی زەرد ، بە بەرۆکیەوە بوو . دەستکێشێکی سپی لە دەست بوو . لێم پرسی :- کچەخان ، بۆ گفتوگۆ هاتوویت ؟

دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا ، بەپەلە و بە نیمچە شەرمێکی ترس ئامێزەوە و لە بن لێوانەوە گوتی :

- نەخێر قوربان .

- ئەدی ئیمزا و پێشکەشیت دەوێ ؟

- نەخێر .

- وێنەت دەوێ ؟

- نە .. مەمنوونم .

مجێزم تەواو نەبوو ، دەستنووسەکەی ( شەوی ڕەش ) لە قەراخ مێزەکە ، چاوەڕوانی دەکردم . بە دەنگی بەرز گوتم :- ئەدی چیت دەوێ ؟

زۆر خاکیانە گوتی :

- حەزم کرد تۆ بدینم و سەبارەت بە کتێبەکەت قسەت لە گەڵدا بکەم . کتێبێکی جوانت نووسیوە قوربان . من زۆرم پێخۆشە کە ئەم کتێبە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە .

وەڵامیم دایەوە :- ئەم ستایشەی تۆ مایەی دڵخۆسی منە .

دەمویست ، کەمێک شۆخی و سوعبەت بکەم ، بەڵام شەرم و شکۆیەکی نادیار ، دڵی گوشیم . کچەی تاین چاوی داخت و بە جۆش و خرۆشەوە لە سەری ڕۆیی :

- قوربان ، من چاک دەزانم ، کە بێزارت دەکەم ، بەڵام هەر دەبێ وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە .

- کام پرسیارە ؟

- بۆچی لە کتێبەکەتدا ، چیرکی ژیانی منی گێڕاوەتەوە ؟

- چیرۆکی ژیانی تۆ ؟

سەری دانەواند و گوتی :- بەڵێ ، ڕۆمانی ( غەزەب ) دەقاو دەق سەربهوردی خەمناکی ژیانی من دەگێڕێتەوە کە وێنام نە دەکرد ، شایستەی بایەخ پێدان بێ .

بۆ ساتێک ئەوەم بە مێشکا هات ، کە ڕەنگە ئەمە جۆرە شەڕ فرۆشتنێک بێ ، بیەوێ پارەیەکم لێ بکێشیتەوە . لە پشت مێزەکەوە خۆم گرد وکۆ کردەوە و بە دەنگێکی وشک و بەرز گوتم :

- کچەخان ، تەبیعەتی هەموو ژنان وایە کە وێنەی خۆیان لە هەموو ئەو کاراکتەرە ژنانەی ناو چیرۆک و ڕۆمانە خەیاڵییەکانی ئێمەدا دەبیننەوە . ئەوەندە بەسە لە چیرۆکێکدا باسی ژنێکی ناپاک و بێوەفا ، ئاوس بە زۆڵێک ، یا بێوەژنێک یان سۆزانییەکی لە ئیجادەوە سۆزانی بکەین ، ئیدی هەرچی ژنی ناپاک و بێوەفا ، سکپڕ ، بێوەژن یا سۆزانی هەیە ، خۆیان و وێنەی خۆیان لە کاراکتەری چیرۆکەکەی ئێمەدا دەبیننەوە . ئەمە نەخۆشییەکی زکماکە . ئێوەی ژن ، هەموو ئارەزوویەکتان ئەوەیە کە لە لایەن پیاوەوە بایەختان پێبدرێت ، بۆیە زۆرجار ئەم خەیاڵ پڵاوەی خۆتان لێ دەبێت بە ڕاست و بە هەقیقەتی دەزانن . من هیچ یاد ویادگارییەکم لە گەڵ تۆدا نییە و لەبنی ناتناسم .

- منیش تۆ ناناسم جەناب !

- بینیت ؟ کەواتە ئەمە تەنیا ڕێکەوتە و هیچی دی ، یەکێکە لەو ڕێکەوتانەی ، لە کار وپیشەکەی ئێمەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە چەند پەنا وەبەر خەیاڵیش بەرن ، هەر لە ژیان و حەقیقەت و واقیع دانابڕێن . مەسەلەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە .. جا ئێستا دەتەوێ نوسخەیەکت بە ئمزای خۆم پێشکەش بکەم ؟

ژنەی تاین ، سەری نەرێی بادا و ، بە دەنگێکی ناسکی شەکەت گوتی :

- مەمنوونم قوربان ، بەڵام من بۆ شتی وا نەهاتووم ..

ترس و تووڕەیی لەزگ بوو باڵی بە سەرمدا دەکێشا ، دەستەکانم خاچ ئاسا لە سەر سینگم تێک ئالآند و بۆڵاندم :

- کچەخان . من دەزانم تۆ چ ئۆینێکت لە ژێر سەردایە ، دەتەوێ باجی بێدەنگ بوونی خۆتم لێبسەنی ، لە هەقی بێدەنگ بوونی خۆتا ، هەندێک پارەم لێبکێشیتەوە . گوایە من لە ڕیسوایی و ئابڕو چوون دەترسم . جا لەم حاڵەتەدا خانم ..

ژنەی نەناس ، بە سەرسامی و کەسەرەوە تەمەشای دەکردم . سەیرم کرد دوو دڵۆپ فرمێسکی گەش لەبەر دەرگای چاوە شینەکانی دەلەرزین . بە دەنگێکی شەکەت گوتی :

- قوربان ، ئایا من لە دز دەچم ؟ من هیچ هەڕەشەیەک لە تۆ ناکەم ، داوای هیچ قەرەبوویەکت لێناکەم . تەنیا تکای ئەوەت لێدەکەم پێم بڵێ تۆ کە من ناناسیت ، بۆچی چیرۆکی ژیانی منت کردووە بە کەرەستە و بابەتی ڕۆمانەکەت ، بۆچی ئەم ڕازەی منت ، بە هەموو دنیادا بڵاو کردووەتەوە ، تۆ کە من ناناسیت بۆچی بەمجۆرە ئازارت داوم ؟

بە توندی مستێکم بە مێزەکەدا کێشا و گوتم :- بەڵام من دووبارەی دەکەمەوە کە ..

هەنگێ قسەکەی پێ بڕیم و گوتی :- ناوی کاراکتەرە ژنەکەی ( غەزەب ) چییە ؟

- نیکل دومینی .

- لە کوێ دادەنیشێت ؟

- بلۆکی یازدە ، شەقامی فوبورگ ، گەڕەکی پواسونیر .

- کاری چییە ؟

- خەیاتی جلی ژێرەوەیە .

- کەی لە دایک بووە ؟

- لە دوا ساڵی جەنگدا ، یانی لە ساڵی ١٩١٨ دا ، بابی کە لە دوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەی بۆ بەرەی شەڕ دەگەڕێتەوە ، دەکوژرێت . من دیمەنێکی جوانم لەو بارەیەوە نووسیوە ، سەر ڕێژە لە نائومێدی و گەورەیی و شکۆ .

- بەڵێ دیمەنێکی جوانە .. زۆربەی خەڵکی ئەم دیمەنەیان زۆر بە دڵە . دەتەوێ دۆکیومێنت و بەڵگەنامەکانی من بدینی جەناب ؟

پاسپۆرتێکی ، لە نایلۆن گیراوی بۆدرێژ کردم و بە دەنگێکی نزم خوێندمەوە : نیکل دومینی . لە دایکبووی ١٩١٨/١/١٧ ، پیشە : خەیاتی جلی ژێرەوە . ئەدرەس : بلۆکی یازدە ، شەقامی فوبورگ ، گەڕەکی پواسونیر .

خەتەکان ، لەبەر چاوە ئەبڵەقەکانم تێکەڵ دەبوون و یەکتریان دەبڕی . دڵم بە توندی و بەدەنگی بەرز لێی دەدا . کەواتە نیکل دومینی بە ڕاستی هەبوو . دیارە گالار ناسیویەتی و لەوەیە خۆشیشی ویستبێت . گالار لە ڕۆمانەکەیدا باسی کردبوو ، چونکە بەتەما نەبووە ( غەزەب ) بڵاوبکاتەوە . بۆیە ناوەکەی نەگۆڕی بوو . ئەم ئاشکرابوونە قەڵەمی دەست وپێمی شکاند . ورەم بە جارێ ڕووخا ، متمانەم بە خۆم نەما . لە ترسی ڕیسوا بوون حاڵم بێ حاڵ بوو . ئایا ئەگەری ئەوە هەبوو گالار ، ئەم ڕۆمانەی پیشانی نیکل دابێ . ئایا ئەگەری ئەوەهەبوو ، لەمبارەیەوە تەنیا قسەی دەگەڵ کردبێ ؟ ئەمە بە تەنیا بەس بوو کە نیکل بتوانێ ، ئەم نهێنییەی من لە چاپەمەنیاندا لە قاو بدات . لەم حاڵەدا هەرچی ئومێدم هەبوو ، هەرەسی دێنا ، هەرچی شۆرەت و سەروەت و سامانم هەبوو بە با دەچوو . تەوس و توانجی ڕۆژنامەکانم هێنایە بەرچاوی خەیاڵی خۆم . بێزکاڵییەکانی بواسییر ، خۆشی وشادی پالوشو ، باوکم .. باوکم .. دوای ئەم ڕیسوایی و ئابڕو چوونە نە دەژیا ، دەمرد !

خۆم بە سەر کورسییەکدا دا . بە حاڵێکی بێ حاڵەوە ، بە دەمەلاڵکێوە گوتم :- من .. من تێناگەم ..

کچەکە گوتی :- منیش تێناگەم .

- جارێکی دی دەیڵێمەوە .. ئەمە تەنیا و تەنیا ڕێکەوتە ..

ژنەی گەنج بە ئارامییەکی سەیرەوە بزەیەکی کرد و گوتی :

- چاو بەستەکێم لێمەکە قوربان ، تۆ تەنانەت ئەم زەحمەتەت بە خۆ نەداوە کە ناوەکەم ، پیشەکەم ، بەرواری لە دایک بوونەکەم ، ئەدرەسەکەم لە ڕۆمانەکەدا بگۆڕی . تەمەشای ئەم جلە بکە کە لە بەرمدایە ، ئەمە جلێکی کۆنە ، هەمان ئەو جلە تەخت شینە ، گوڵ سپیەیە کە نیکل دومینی قارەمانی ڕۆمانەکەی تۆ لە بەری کردووە .

- جلی شینی ..

- ئەدی ڕوخسار و دەم وچاوم .. ئایا دەقاو دەق ڕوخساری نیکلەکەی لەمەڕ تۆ نییە ؟

لە جێی خۆم ڕاپەڕیم . ڕاست بوو . ئەم ژنە گەنجە دەقاودەق هەمان ئەو شێوە و ڕوخسارە بوو کە من لە میانی نووسنەکانی گالارەوە وێنام کردبوو . ڕەنگ کاڵ و گەش وەکو ویژدانی پاک و ئارام ، دەتگوت کتێبەکەی من ، بوونی بەو بەخشی بوو و ئەو بە پێست و گۆشتەوە ، بە دەنگ و جلەوە ، لە نێو دێڕە چاپکراوەکانی هەمان کتێبەوە

هاتبووه دەرەوە . دەتگوت وەکو چۆن لە خەوندا بە سەرما زاڵ بووبوو . بەو ئاوایە خەریک بوو لە ژیانیشدا بەسەرما زاڵ دەبوو .

بۆ ساتێک وام هەست کرد خەریکە شێت دەبم گوتم :

- ببورە کە نیگەران و پەرێشانم .. بەڵام ئەم لێکچوونە بە ڕاستی مایەی سەرنجە .. وا هەستدەکەم خەون دەبینم .. خەون دەبینم ..

- نا ، خەون نابینی .. من باوەڕم وایە کە تۆ ڕاستگۆیت . تۆ هێندە بە وردی منت وەسف کردووە ، دەبێت یەکێک باسی منی بۆ کردبیت ، و پێشنیازی بۆ کردبیت کە بمکەیت بە بابەتی کتێبەکەت ..

ئەو پرسیارە وەخۆی هێنامەوە و لە خەیاڵات دەری هێنام و بە توندی گوتم :

- هیچ کەسێک باسی تۆی بۆ نەکردووم و ئیلهامی ئەم کتێبەش لە هیچ کەسێکەوە وەرنەگیراوە .

- بیستوومە گوایە تۆ بێوەژنەکەی جۆرج گالارت خواستووە .

هەستم کرد دڵم لەجێی خۆی هەڵدەکەندرێ ، دەکەوێتە ناو سینگمەوە ، بە دەنگێکی بێ حاڵەوە و لەبن لێوانەوە گوتم :- دروستە . بەڵام من هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو بابەتەدا نابینم..

- دکتۆر گالار دوای سینە پاڵوکەی من ، بۆماوەی چەند هەفتەیەک سەرپەرشتی و چاودێری دەکردم . کەسێکی زۆر میهرەبان بوو ، زۆریش خەمباربوو ، هەر من دەمزانی چیەتی . هەندێجار وردە دیارییانی بۆ دێنام ، پاشان بە هۆی ئەم لاوازییەوە ، لە خۆی و لە منیش تووڕە دەبوو . من متمانەیەکی زۆرم پێی هەبوو ، هەموو چیرۆکی ژیانی خۆم بۆی گێڕاوەیەوە . تۆ بڵێی بێموبالاتی کردبێت و باسی منی بۆ کردبیت ؟ یان ژنەکەی شەوێک پێی گوتبیت : " تۆ لەبابەتی چیرۆک دەگەڕێی ؟ مێردەکەم کاتی خۆی چیرۆکی کیژێکی بەلەنگازی بۆم گێڕاوەتەوە ، کە ڕەنگە بە کەڵکت بێ ؟" تۆش گوێت لەو سەربهوردە گرتووە و کردووتە بە بابەتی ڕۆمانەکەت ..

هەناسەیەکی ئۆخەیم هەڵکێشا . شوکر نیکل لە هەبوونی دەستنووسەکەی گالار بێئاگایە . ئەمە گرینگترین شتە ، ئێستا دەمتوانی بە ئاسانی داکۆکی لە خۆ بکەم . گوتم :

- تۆ کەمێ بیر بکەوە ئەگەر وابوایە بەلای کەمەوە ناو و ئەدرەسەکەتم دەگۆڕی ..

گوتی :- دروستە .

خەمینی و پەرێشانی پێوە دیار بوو . دڵم بەحاڵی دەسووتا . ئەنجام هەستا و لەبن لێوانەوە گوتی :

– یانی ناتەوێ هیچ ڕوونکردنەوە و شرۆڤەیەکم بۆبکەی ؟

– نەخێر .

– کەواتە ، جگە لە ڕۆیشتن هیچ چارەیەکی ترم نییە .. بەو زبرییە تەمەشام مەکە قوربان ، لە من مەترسە ، چونکە من گوراوی دەستی تۆم و بە درێژایی شەش سەد لاپەڕە لە گەڵما ژیاویت و کردوومت بە بووکەڵەی دەستی خۆت . چاک دەزانیت کە ئاقڵانە ، وەکو چۆن هاتووم ، بەو ئاوایە ڕێ و ڕێ دەگەڕێمەوە ، هەڵبەتە کەمێ لە جاران بێنەواتر و خەمینتر دەگەڕێمەوە بۆ بلۆکی ژمارە یازدە ، بۆگەڕەکی پواسونیر ، ئەو گەڕەکەی تۆ وەسفت کردووە ، بۆ ژوورە بچکۆلەکەی کە بە کاغەز دیواری زەردباو دیوارپۆشت کردووە و بەتەختە پارکێتت کردووە ، دەگەڕێمەوە و ، لەوێندەر وەکو جاران ، دەست بە دورینی جلی ژێرەوە دەکەمەوە . من تاپۆیەکی چکۆلەم ، زیان وزەرەرم بۆ کەس نییە . کاراکتەری ناو ڕۆمانێکم کە ویستی نووسەرەکەی بناسێت . هەڵبەتە کە لێرە ڕۆیشتم ڕەنگە گومانی ئەوە بکەی کە منت دیتووە یان نا . بەڵام تەنیا ئەوە بە خۆت بڵێ کە من هەم ، وەکو چۆن تۆ وەسفت کردووم ، بەو ئاوایە لەشوێنێکی پاریسدا دەژیم . بە خۆت بڵێ کە کتێبەکەت هێشتا تەواو نەبووە ، کە ئەم چیرۆکە ، بە بێ ئاگاداری تۆ درێژەی هەیە و هەمیشەش چیرۆکێکی گەشبین و خۆش نییە ! دەیسا خودا حافیز قوربان .

لە ڕووی جۆرە بەزەییەکەوە ، جڵەوم بۆ شل کرد بوو کە قسان بکات ( وا وێنا دەکەم کە قسەکانیم وەکو خۆی گواستووەتەوە ) کاتێ دەستی هێنا تەوقەم لەگەڵدا بکات ، زاتی ئەوەم پەیدا کرد کە لێی بپرسم :

– کچەخان .... بەر لەوەی بڕۆی ، پێم بڵێ ئایا دوکتۆر گالارت باش دەناسی ؟

– کەس ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکات کە ئەوی باش دەناسی .

– ئایا باسی خۆی ، ژیانی ، کارەکەی بۆ دەکردیت ؟

– هەرگیز . بەڵام وێڕای ئەوەش پێشبینی هەموو ئەم شتانەم دەکرد کە دەیویست لە منی بشارێتەوە .

– باشە هیچ دەستنووس و کاغەزو بیرەوەرییەکی بە ئەمانەت لە لای تۆ دانەناوە ؟

کە ئەو قسانەم دەکرد ، دەنگم دەلەرزی . نیکل بە دەنگی بەرز گوتی :

– نە بابە ! .. ئەمە چ قسەیەکە ! کاتێ کە مرد دوو ساڵێک دەبوو کە نەمدیتبوو .

- ئاوا !

- وا دیارە خەیاڵت ڕەحەت بوو ؟

گوتم :- نەخێر .... تەنیا پرسیارێک بوو . باسی ئەم دیدارەمان بۆ کەس مەکە . چونکە لەوەیە هەندێ کێشە بۆ من دروست ببێ . بە تایبەتی ئەگەر بکەوێتە دەمی ڕۆژنامەکان و بیکەن بە هەوێن و کەرەستەی وتارێن هەجوئامێز ، لەم جۆرە وتارانە بێزارم .

نیکل لە قاقای پێکنینی دا ، سەرم لەم پێکەنینە شاد و زوڵاڵ و گەرمەی سوڕما ، خۆ لە ڕۆمانەکەی مندا قەت پێنەکەنیوە . گوتی :

- بە ڕاستی تۆ کابرایەکی سەیری ! قەت باوەڕم نە دەکرد نووسەرێکی گەورە بەم ڕادەیە لە ڕەخنە و ڕەخنەگران بترسێت و نیگەران و شپرزە بێ . وام وێنا دەکرد پیاوێک دەبینم کە لە سەر هەوران دانیشتووە ، کەچی پیاوێک دەبینم کە لە سەر سەفتەیەک ڕۆژنامە دانیشتووە .

دووبارە لە قاقای پێکەنینی دایەوە . گوتم :

- کچەخان ، ئەگەر زەرەرێکم پێ گەیاندوویت ، دەتوانم قەرەبووی بکەمەوە ، ئامادەم بۆتی قەرەبوو بکەمەوە خانم .

شانەکانی ، بەبێ موبالاتی هەڵتەکاندن و گوتی :

- دەتەوێ بە چی قەرەبووی بکەیتەوە ؟ ئەم جۆرە زیانانە بە پارە قەرەبوو ناکرێتەوە .

- ئەدی بە چی قەرەبوو دەکرێتەوە ؟

دەستی گرتم و گوتی :- وادیارە تۆ پیاوێکی میهرەبانیت ، با لەوەی پتر باسی ئەم چیرۆکە نەکەین . بەڵام ئەگەر حەزت کرد ، شەوێک کە بێکار ، خەمین و یا پەست بوویت ، وەرە دیدەنیم .. بە خۆت ئەدرەسەکەم دەزانیت : نیکل دومینی ، بلۆکی ژمارە یازدە ، گەڕەکی پواسونیر .

وەک یەکێک ئەفسوونی شادی بوو بێ ، ورتە ورتێکم کرد :- نیکل دومینی .. نیکل دومینی ...

بە ئەسپایی دوور کەوتەوەو لە چوارچێوەی دەرگا ڕەشەکەوە وەدەرکەوت و دیار نەما .

بە تاقە وشەیەکیش باسی ئەم شتەم بۆ سوزان نەکرد . چونکە دەرکەوتنی ئەم کیژە جۆرە خەونێکی دڵگیر بوو . دڵنیام کە نیکل هیچ گومانێکی نییە و داوای هیچ ناکات . بەڵام هاتنەکەی ئەو ڕوناکییەکی تازەی خستووەتە سەر

ڕیسکەکە . ئەلهەقی من نەک هەر کتێبی کەسێکی دیکەم زەوت کردووە ، بەڵکو بە بێ مەیل و ئارەزووی خۆم ڕابردوو و ژیانی ئەو کەسەشم داوە بەکۆڵا . من تەنیا خەیاڵەکانی ئەوم نەدزیوە ، بەڵکو ئەو کەسایەتیە زیندوانەشم دزیوە کە لە دەورو بەری بوون و ئەو بەنهێنی باسی کردوون . من نەک هەر بەزەین ، بەڵکو بەجەستە ، بە دەنگ و ڕەنگەوە درێژە بە ژیانی ئەو دەدەم . من چارەنووسی ئەوم لە ئەستۆ گرتووە ، من لەم سەرزەمین و دنیایەدا جگە لە پاشماوەی ئەو هیچی تر نیم .

**

هەوڵدەدەم ئاقڵ بم ، بەڵام لەم دیدارە بە دواوە ، ئیدی تەحەمولی ئەم بیرەی کە کتێبی کەسێکی دیکەم دزیوە زۆر زەحمەت بووە .

نیکل دومینی ، وەکو سەرزەنشتێکی زیندوو ، لەهەمبەرمدا قووت بووەوە . نیکل دومینی ، وەکو نوێنەرێکی بێگەرد و بێئاگا ، وەکو هەڵگری ڕق و بێزاری گالار ، لە ڕابردووی گالارەوە سەری دەرێنا ، لە جیاتی ئەو پیاوە مردووە قسەی کرد و ، تاوانەکەمی بیرم خستەوە . جاران بەخۆمم دەگوت :

– گالار مردووە ، بە داگیرکردنی کتێبەکەی ئەو زەرەر بە کەس ناگەیەنم ..

بەڵام ئایا داگیرکردنی مافی کەسێکی مردوو ، زۆر لە داگیرکردنی مافی کەسێکی زیندوو ، دزێوتر و ترسناکتر نییە ؟ کەسی زیندوو ، دەتوانێ بە دەنگ ، بە ڕەفتار و بە نیگاکانی بەرگری و داکۆکی لە خۆی بکات ، و پیاو سڵی لێدەکاتەوە ، پرکێشی ئەوە ناکات بە ئاسانی هێرشی بکاتە سەر و پەلاماری بدات ، شەڕ و ململانێ دەقەومێ ، لە هەر شەڕ وململانێیەکدا ، پیاو دەتوانێ پاکانەیەک بۆ خۆی بکات و بیانوو بێنێتەوە . بەڵام مردوو ، شەڕی مردوو شتێکی دیکەیە ، جیاوازە ، هیچ دەسەڵاتێکی نییە ، کەسی لە پشت نییە ، سەد کەڕەتی پەلامار بدەی بە خۆی نازانێ ، هیچ کاردانەوەیەکی نییە ، جگە لە چەکی بیرەوەری هیچ چەکێکی تری نییە . من هەمان ڕەفتاری کفن دزانم کردووە ، سووکایەتیم بە گۆڕستانێک کردووە . من گەنجینە پەنهانەکەی ئەم پیاوەم ، کە تاقە ئومێد و دەرفەت و شانسی هەرمانی ئەوبوو ، دزی . من ناوی ئەوم بە تاڵان برد ، ئەو ناوەی دەشیا بکەوێتە سەر زاری نەوە و نەتیرەکانی ئایندە ، بەڵام من ئەو ناوەم لە گۆڕی تەنگ و تاریک نا . من بەرهەمە ئەدەبییەکەی ئەوم ، کە تاقە بەڵگە و نیشانەیەک بوو کە ئەو پیاوە بەم دنیایەدا هاتووە و تێپەڕیوە ، دزی ، لە گۆڕ دەرهێناو دزیم . من بە پەلە ، چاو چنۆکانە ، هەرچیەکی هەبوو و نەبوو ، کە هێشتا ئاوێتەی خاک ، سەرما و بێدەنگی بوو ، هێشتا کفنەکەی زەرد نەبوو بوو ، بەرهەمەکەیم تاڵان کرد . بە دەستە لەوتاوەکانم بەرزم کردەوە ، بێهیچ شەرم و شوورەییەک بە خەڵکیم نیشان دا و پڕ بەزار هاوارم کرد :– من نووسەری ئەم کتێبەم و .. من شانازی پێوەدەکەم !

ئەو کاتانەی کە دەنگی چەپڵەڕێزان و هەلهەلەی حەشیمەتەکەی دەوروبەرم بەرز دەبووەوە ، هەستم بە لۆمەی گەورە و بێدەنگی ئەبەدییەت نەکرد . ئەگەرچی گۆڕێک لە پشتمەوە وێران بوو بوو ، کەچی شاد بووم . بەڕاست و چەپدا بزەم دەبەخشیەوە ، وێنەم ئیمزا دەکرد ، وەڵامی نامەێن پڕ مەدح و ستایشم دەدایەوە .

تاریکی ئۆفیسەکەم ، بارێکی قورسە بەسەر شانمەوە . گوێم لێیە خوێن بە دەمارەکانمدا پل دەدات و گۆرانی دەڵێت . هەوا بەسەر لێوە وشکەکانما بڵاودەبێتەوە . خودایا ! فریام بکەوە . ئەوەندەم توانا و باشار بدەیە تا قەرەبووی گوناحەکانم بکەمەوە . غەڵبەغەڵبی ئەو ستایشانە کپ بکەمەوە ، کە من یاد و یادگاری کەسێکی دیکەم لێی مەحرووم کردووە . ئەم ئافەرین و ستایشانە ئازارم دەدەن . ئەم ئافەرین و ستایشانە وەکو زللە بەر ڕوخساری گڕگرتووم دەکەوێ و وەکو هاواری ناڕەزایی لە گوێما دەزرینگێتەوە . بۆچی من لە دنیای نەبوونەوە دەرباز بووم ؟ بۆچی بووم بەو بوونەوەرە سەیرەی کە هەموو نیگاکان و هەموو دەستەکانی بۆلای من وەردەچەرخێ ؟ خودایا بمبەخشە ، تاریکی ، توزێک تاریکی و بیدەنگیم دەوێ تا بتوانم هەناسە بدەم !

# فەسڵی یازدەیەم

ئیدی ناتوانم ، جگە لەو کیژە سەیرەی وەکو تیشکی هەتاو ، ژیانی کردم بە دوو بەشەوە ، بیر لە هیچ شتێکی دیکە بکەمەوە . ئەو کیژە بەهەمان سادەیی ئەو دەنگە دەروونیانەی ، کە هەندێجار لە تەنیایی و ترس و بێکەسی خۆمانەوە ، سەرچاوە دەگرن ،قسەی دەگەڵ مندا کرد. منی بۆ خۆم ئاشکراو کەشفکرد. وەختێ بیر لە قەرەبووی گوناحەکانم دەکەمەوە ، قسەکانی ئەوم بیردێنەوە .

مەسەلەکە ئەمەیە ، بۆ ئەوەی کەرامەت و ئارامی دەروونی خۆم بە دەست بێنمەوە ، بە ڕاستی شایستەیی ئەم دەسکەوتە دزیارییەم هەبێ ، دەبێ کارێک بکەم ، بەرهەمە تازەکەم ، زۆر لەو بەرهەمە باڵاتر بێ کە ئەو خەڵاتەم لە سەری وەرگرتووە . دەبێ وەکو گالار هونەرمەند و زەبەردەست بم . تەنیا لەم حاڵەتەدا ، دەتوانم بڵێم بە هیچ جۆرێ قەرزارباری ئەو نیم .

بەزەوق و شەوقێکی عارفانەوە دووبارە دەستم بە کارەکەم کردەوە . دڵنیابووم کە ئەگەر سەربکەوم ، سەرکەوتن بە دەست بێنم هەنگێ لەم شەرمەزارییە دەخەلەسم و لە هەموو شتێکی خۆم دەبوورم . بەڵام ئەگەر شکست بێنم ، هەنگێ لەبازنەی درۆ و ساختەکارییەکەمدا بێهودە دەخولێمەوە و لە کۆت و بەندی درۆ ناخەلەسم . دەبێ کۆت و زنجیری ئەم ئەسارەت و دیلییە بپچڕم ، سەربەرز بکەمەوە و لە هەوای ئازادا بدرەوشێمەوە .

سوزان ، تەواو لەم کێشماکێش و ململانێ گەورەیە بێئاگایە . چونکە لەگەڵیا ناچم بۆ ئەو ئاهەنگە گەورانەی کە ئەو بۆیان دەچێ ، گاڵتەم پێدەکات و تەشەرم لێدەدات . بەڵام چیم داوە لە ڕەزامەندی چەند گەمژەیەکی بێ هەست یان چەند ژنێکی بەد ڕەوشتی ڕوخسار نقومی میکیاج ، کە ئێژی ڕەسمی سەر کاغەزن ؟! ئەو شەڕ وخەباتەی من دەستم داوەتێ ، ئەوەندە گرینگە ، ئەوەندە بەرز و ئابڕوومەندانەیە ، ئەوەندە نائومێدانەیە ، کە هیچ یەکێک لەوانە ناتوانێ خۆی لێبدات و شان بداتە بەرێ . من واهەستدەکەم ، دوو ڕۆح ، لەناخی ناخمدا ، لە ناو جەرگەی ڕووناکی و تاریکیدا ، بەگژ یەکدا دەچن ... هەرگیز باوەڕم بە شەیتان و فریشتە ، کە گوایە هاوبەش ڕۆح و دەروونی ئێمە بەیەکەوە دابەش دەکەن ، نەبووە . بەڵام بە ڕاستی وا هەستدەکەم کە ئەم دووە لە ناخمدا بێدار بوونەتەوە و گفتوگۆی زبری وان لە بوونمدا ، دەنگ دەداتەوە .

دەبێ بنووسم . دەبێ بنووسم ، هەر وشەیەکم جوانترین وشە بێ ، هەر لاپەڕەیەکم ، لە ترۆپکی کەماڵدابێ و بەرهەمەکەم دەبێ ئەوەندە زیندوو و نەمر بێ ، بە درێژایی سەدان ساڵ بژی و بەرهەمی هەموو نەوە و نەتیرەکانی بێ . خودایا ، دەبێ چ بکەم تا بەهرەی داهێنان و بلیمەتیم بە سەردا داباریێ ؟ئایا دوعاو نزاو وێردو پاڕانەوەیەک هەیە کە من نایزانم؟ ئایا دەبێ سەرم دانەوێنم ؟ دەستم وەرگێڕم ؟ ئەگەر پێویست بوایە لەبری نووسینی

شاکارێکی ئەدەبی ، خوێنی خۆم شاباش بکەم ، ئەندامێکی لەشم ببڕایە ، ئامادەب ووم ئەو ئەندامەم ببڕم و فڕێی بدەمە سەرمێزەکە .

خێرا دەست لە نووسینی ئەم ڕۆژانە یاداشتە هەڵدەگرم ، ڕەنگە لەبەر ئەوەی زیاتر هۆشم داوەتە نووسینی ئەم ڕۆژانە یاداشتە ، بۆیە بیرو وشەی لەبار و شایستەم ، بۆ بەرهەمەکەم لێ چووبنە قاتی ؟ کێ چوزانێ ، لەوەیە ئەگەر بە تەواوەتی خۆم بۆ کتێبە تازەکەم تەرخان بکەم ، بیر و وشەی لە بارم بۆ بێت . دەمەوێ لەمەدوا بۆ ئەم بەرهەمە بژیم . دەمەوێ هەموو تەمەنم بۆ داهێنانی ئەم بەرهەمە تەرخان بکەم . دەمەوێ خۆم لە پێناوی ئەفراندنیا دابنەم .

***

سوزان ، درەنگانێک بۆ ماڵ گەڕایەوە ، دەعوەتی چەند برادەرێک بوو ، هەڵچوون و ماندوویەتی پێوە دیاربوو . چاوەکانی پرشنگیان دەدا و پێڵوەکانی قورس بوون . بۆنی تیژی جلەکانی ، بێزاری دەکردم . بەبێ مەیلی نانەکەی خوارد و باسێکی زۆری دیدارەکانی خۆی بۆ کردم .

– ماڵباتی موریل ، پێشوازییەکی گەرم و گوڕیان لێکردین . خەڵکێکی زۆری لێبوو ، هەموویان خۆشحاڵ بوون ، هەر لە تۆمان کەم بوو ، جێگات دیار بوو ، پێیان ناخۆش بوو کە تۆی لێ نەبووی .

گوێم لە دەنگی سوازن دەگرت ، کە لە ناخیەوە هەڵدەقوڵا و دەگەیيە لوتکەی نیگەرانییەکەی من . ئەوەم پێ سەیر بوو کە قسەکانی ئەمجارەی کارێکی ئەوتۆی لە من نەکرد ، ژیانی ئەو لە دوورەوە چەند بۆش و بەتاڵ دەهاتە بەرچاو ! هەر هەموو ئەم هات وچۆیانەی بە پێڵاوی پاژنە باریکەوە ، هەر هەموو ئەم چەنەبازییانە بە لێوی سوورکراوەوە ،هەر هەموو جل وبەرگە مارکەکانی، گوارەو عەتر و بۆنەکانی، هەر هەموو ئەمانە بەلای منەوە پەشم وبێ بایەخ بوو . زۆر لە سەرووی ئەم شتانەوە بووم . ئایا لە ڕابردوودا ، ئەو شتە بێ بایەخانەم لەگیان خۆش بوو ؟

سوزان گوتی :– دەزانی هەواڵێکی یەجگار سەیرم بیستووە !

سوزان چاوی گێژدا ، جۆرە پرشنگێکی گەوجانە سیمای گەشاندەوە و لە سەری ڕۆیی :

– دەزانی کۆنتێس میکادەی منداڵکار کەوتووەتە داوی کوهینی زەبەلاحەوە و بەم نزیکانە بۆ مەکسیک یان شیلی دەڕۆن .

– نە بابە ؟!

- با ، خۆزیا پێکەوە دەیانت بینی ! کۆنتیس میکادە خۆی لە جلێکی سەراپا سەوز هەڵکێشابوو ، قامکەکانی یەکپارچە ، موستیلە بوون . بەڵام کوهین .. لە پیاوە هەرزەکانی قیتارەکانی قەراخ شار دەچوو ، کورتە باڵا ، ڕەش ، ورگن ، دوگمەکانی چاکەتەکەی لە خوارەوە تاسەری سەرەوە داخستبوو .

- بە ڕاست!

- بەڵام ئەلبێر ..

- کێ ؟

- تۆ گوێ بگرە ، ئەلبێر بەم زووانە ژن دێنێ .

- کام ئەلبێر ؟

- ئەلبێر کۆنستان ، خۆ ناشێ بڵێی ئەلبێر کۆنستانی نووسەری ( دڵی پاراو ) ناناسیت !

- نەخێر ، نایناسم .

لە نائومێدیدا ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێسا و قاپەکەی دایە دواوەوە و گوتی :

- گیانەکەم ، بە ڕاستی تۆ وەکو پێویست لەماڵ وەدەرناکەوی .. پەیوەندیت لە گەڵ کەسدا نەماوە . ئەمە بە زەرەری خۆت دەشکێتەوە . ئەوەت لەبیر نەچێت ، کە دەبێ جەماوەر بۆ پێشوازی دەرچوونی کتێبە تازەکەت ئامادە بکەین ..

گوتم :- نامەوێ قەرزاربار و منەتباری جەماوەر بم .

شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی :

- نازانم چیتە . بەڵام ماوەیەکە گۆڕاویت . پێدەچێ خەڵاتی موپاسان ، هێزو توانای لێ بڕی بیت . من بە تەمابووم ، لە خۆشیا لە پێستی خۆت نەهێوری ، متمانەی دنیا بەخۆت پەیدا بکەیت . بەخۆت ڕابگەی . لە ئاستی شۆرەت و نێوبانگەکەتدا بی و وەکو کەڵە نێودارێک ڕەفتار بکەی .. کەچی وەکو تاوانبارێک خۆت لە کونجی ماڵ پەستاوتووە .

لێبڕاوانە گوتم :- بەڵام سوزان ، من بە ڕاستی تاوانبارم .

بە سەرسامی ، وشەکەی دووبارەکردەوە :- تاوانبار ؟!

- باشه بیرت چووه که ئەم کتێبە نووسینی من نییە و ، ئەو سەکەوتنەی دراوەتە پاڵ من ، دزیارییە ، هی من نییە ، دزیومە ؟

دەستێکی کێشا بە سەر مێزەکەدا ، بە نیگەرانی سەری بردە دواوە ، چاوی لە تووڕەییدا پرشنگی دەدا . بە دەنگی بەرز و لەرزۆک گوتی :- دەتەوێ دووبارە ئەم قەوانە لێبدەیتەوە ؟

هیچ وەڵامێکم نەدایەوە . تەمەشایەکی ئەو ژنە ناجسن ، خۆپەرست و ئارەقە کردووەم کرد کە وەکو بووکەڵەیەکی دزێوی کارتۆنی لە پشت مێزەکەوە وەستابوو . لە من بێزار بوو ، چونکە بێهودەیی شادمانیەکەیم بیرخستەوە و چونکە ڕوو بە ڕووی وەستابوومەوە ، ئامادەبوو گاز بگرێ ، چنگ بهاوێ و بگری . بە دەنگی بەرز هاواری کرد و گوتی :

- تۆ کەسێکی بێ ورەی ، هیچ هێزو توانایەکت نییە ! لە بەردەم بچووکترین کێشەدا هەرەس دێنی ، بەرگەی هیچ ناگری !

هەنگێ هاوارم کرد :- تۆش کەسێکی کورت بینی ، لەبەر پێی خۆت هێوەتر نابینی ! تەنیا لەخەمی خۆتای ! لایەنە کارەساتبار و گوناە ئامێزەکانی دزییەکەمان نابینی . هەست بەوە ناکەی کە پێویستت بەوەیە لە ڕیگەی پەشیمانییەوە خۆت پاک بکەیتەوە !

- بە تەمای ببی بە قەشە ؟

سوزان ، بە لێوە وشک و پەمەییەکانییەوە ، سەری هەڵبڕی و لە قاقای پێکەنینێکی تەوس ئامێزی دا. گوتم :

- بەسە ، پێویست ناکا خۆم ماندوو بکەم و ئەو هەستانەمت بۆ شرۆڤە بکەم کە ناتوانی لێیان تێبگەیی .

سوزان گوتی :- ئەرێ .. ئەرێ ، زۆر باشترە.

بە نیگایەکی بەزەیی ئامێزەوە ، لە سەری ڕۆیی :- فەقیرە داماوەکەم ! ..

و دوای ئەوە دەبوایە باسی شتی دی بکەین ، خۆشەویست و دۆستایەتی بنوێنین ، شۆخی بکەین و تا بەیانی لەیەک جێگادا بنووین .

**

ئەمڕۆ دەکە و کوشکی سەوزی کتێبفرۆشەکان ، بەرەو کتێبە کۆنەکانی ڕاکێشام . بە درێژایی ئەسکەلەکاندا ، بە قەراخ شکست و ناکامییە مرۆڤانییەکاندا ڕەت بووم *. (*. هەندێک لە کەنار و ئەسکەلەکانی ڕۆخانەی سن ، لە پاریسدا ، جێگای دووکانچەی کتێبفرۆشەکانە . لەم دووکانچە و کوشکانەدا بە زۆری کتێبی دەستی دووەم و هەندێجار کتێبی کۆن و دەگمەن دەفرۆشرێ ) . شوێنی بلیمەتی و داهێنانی بێ ئەنجام . مەیدانی پەراگەندەیی ئەدەبیاتی سواو . گۆڕی هەڤبەشی ئومێد و ئارەزووان . بای ڕۆخانەی سین ، دەیدا بە سەریاندا و لاپەڕە مردووەکانی هەڵدەدانەوە . پاشان ناوی نووسەرێکم بەر چاو کەوت ، کە هەر ناویشیم نەبیستبوو . بەڵام وێڕای ئەوەش ، ئەم بێگانەیەی کە شوێن پێیم پەیدا کردبوو ، ڕۆژێک لە ڕۆژان بوونی هەبووە ، بە قەناعەت و هەوڵی زۆرەوە ئیشی لە سەر ئەم بەرهەمە کردبوو ، لە پێناوی ناوی خۆیدا ، سەفەرێکی پڕشانازی بە درێژایی سەدەکاندا ، ڕێبازێکی سەرکەوتووانەی لە میانی کتێبانی دەرسی ، ژینامان ، وتار و گفت و گۆیانی کۆڕ و ئەنجوومەنەکاندا وێناکردبوو . ئەو زیاتر بە ئومێدی نەوەکانی ئایندە قەڵەمڕانی کردبوو و پێشبینی نە کردبوو کە کەسێکی وەکو جاک سوربییە ، ڕۆژی لە ڕۆژان لە بەر کوشک و دەکەی فرۆشیارێک بوەستێ ، ئەم کتێبە شڕ وسواوە هەڵگرێت . لە دەستیا هەڵی سەنگێنێ ، لە نرخەکەی بپرسێت ، بڵێت : " زۆر گرانە " و بەرەو دووکانچەێن دیکە ، دوور بکەوێتەوە . بەڵام لەگینە ئەم نووسەرە بەد بەختەی کە من باسی دەکەم نەمردبێ ؟ ڕەنگە بوو بێ بە پێرەمێردێکی پشت چەماوە ، بێنەوا ونائومێد ؟ و ئێستا بە خۆ و زەمیلەی پڕ لە خوراک ، شووشە شیر و مل پێچە کۆنەکەیەوە لە بازاڕ بگەڕێتەوە . لەبەر ئەم کوشکە سەوزەدا بوەستێ و لە نێو هەموو ئەم کتێبە کۆن و دڕاوانەدا ، تەمەشای کتێبەکەی خۆی ، مایەی هەموو ئومێدەکانی ، بەڵگە ونیشانەی هەموو بوونی خۆی بکات . دەبینێ کتێبەکەی پیس ، بێ بایەخ ، شڕ و دڕاو ، بێناز وبێ بازاڕە . بیر لە ئاوات و ئارەزووەکانی دەکاتەوە . شانەکانی دادەتەکن ، کەمێ بەد بەختر ، کەمێ تەنیاتر و کەمێ نائومێدتر لە جاران ، درێژە بەڕێگای خۆی دەدات .

وێڕای هەموو ئەمەش ، من دەبێ خۆزیا بەم پیاوە بخوازم ، چونکە هەر هیچ نەبێ ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە شانازی بەوەوە بکات کە کەمێک لە بیری خۆی بۆ دنیا دەربڕیوە و کتێبەکەی ئەگەرچی فەرامۆش کراوە ، بەڵام جیلوەیەکە لە بوونی ئەو . خەڵکی دەتوانن ڕەخنەی لێبگرن ، بەڵام ناتوانن سووکایەتی پێبکەن چونکە هەموو هەوڵێکی خۆی بە کاربردووە و دەگەڵ خۆی و دەگەڵ خەڵکی دیکەدا ، لە ئاشتی و ئارامیدایە . بەڵێ ، کتێبەکەی ئەگەرچی ناپەسەند و نەفرەت ئەنگێزە ، بەڵام بە هەزاران داوی پتەو ، بە بوونی ئەوەوە بەستراوە . ئەم لاپەڕانە زادە و بەرەنجامی شەوانی درێژی ژێر ڕوناکی چرا ، ڕامان و بیرکردنەوەی دژوار و ئاڵۆز ، تووڕەیی دەروونی و خۆشحاڵی گونگ و ئاڵۆزە . ئەم نووسەرە نەناسە باشترین لایەنی بوونی خۆی هەڵڕشتووەتە ناو کتێبەکەیەوە و بەخوێن و ئێسکی خۆی ، بەژیان و ژینی خۆی بەرهەمی هێناوە . ئەو ، ژووری نەخۆشییەکانی دەوران و قۆناغی منداڵی خۆی — کە بە کاغەز دیواری مراویدار پۆشرابوو — پەرداخی ئاو و ، قاڵدرمەی مار پێچی ڕوو بەتاریکی و

دەرگای داخراوی پڕ لە خەڵکی ، بەیانیان ، شیر وقاوە ، لە پشت شووشەی پیسی پۆلی قوتابخانە ، و پەڵەی شوومی تەختەی ڕەش و ، هەوەڵین خەندەی ژنێک بە سەر سەرییەوە و ، شەوانی عاشقانەی سەر ڕێژ لە ڕاز ونیاز و عەتری جلکان و ، ڕۆخسارێن بێزار و گرژ و پەست و ، خەندە وپێکەنینی منداڵانە و ، ناوی ئەو شەقامانەی کە ڕۆژگاری تیا گوزەراندوون . بەڵێ ئەم نەناسە هەرهەموو ئەمانەی تێهەڵکێشی کتێبەکەی کردووە . ئەو هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بەوەوە هەبووە و هەموو ئەو شتانەی کە بۆ ئەو ولە لای ئاشکرا بوون و دەبوونە مایەی ئەوەی کە بتوانن لە نێو خەڵکیدا لە سەرپێی خۆی بوەستێ ، خستووەتە ئەم کتێبەوە . جا مادامێکی ئەم کتێبە هی ئەوە و جیلوەیەکە لە بوونی ئەو ، سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی ، گرینگ نییە !

بەڵام من چ شتێکی خۆمم لە (غەزەب) دا بەرجەستە کردووە . من لە کوێی ئەم ڕۆمانەدام ؟ من لەکوێی ئەم شانازییەدام ؟ من کەسێکی ساختەچی و دەغەڵبازم ، مێمڵ و مشەخۆرم ، فریوکارێکی هیچ و پووچم ، بێهودە بەناو ڕیسکان کەوتووم و هەڵبەز و دابەزمە . من لێرەدا جیلوەیەکی ڕواڵەتیم ، ئەو حەشیمەتەی هاتوونەتە تەماشام ، گاڵتەم پێدەکەن . من لە ژێر تاڤگە و قەڵبەزەی ڕوناکی و دەنگاندا ، بە جووڵەی جوانی لاقانی چەماوە ، بە ئیکلام و چاوداگرتنی شیرینەوە ، بە بزەی بێپەروا و ، ڕاز و زەمزەمەی خاکییانەوە ، وەکو لێبۆکێک دەور دەگێڕم و ، وێڕای هەموو ئەمەش ، بەختەوەر نیم . حەزدەکەم نەمێنم . حەزم دەکرد ئا ئێستا پیرەمێردێکی چکۆلەی پشت چەماوە بام ، بە خۆم و ملپێچێک و دەستانی ساردەوە ، لە بەر سەکۆ و پێشخوانی کتێبفرۆشێکدا بوەستابام و کتێبەکەی خۆم لە نێو ئەم هەڕاجە بازاڕەی گەندە ئەدەبیاتەدا بدیتبایە کە بە پارەیەکی زۆر کەم هەڕاج کراوە و ، سەرێک بلەقێنم و خەمین وخەمبار ، بەرەو بێدەنگی و تەنیایی ملی ڕێ بگرم .

❋❋❋

سوزان ، زیادە مەسرەف دەکات . هەر پارە وپولێکم بە دەست دەکەوێ ئەو خەرجی جل وبەرگی سەیر ، کەرەستەی مکیاج و خۆ خەملاندن ، جەواهیراتی لە شووشە و نیکلی دەکات . سوازن ، جۆرە خەمساردی و بێ موبالاتییەکی تیایە ، کە تووڕەم دەکات . گاڵتەی بە گرینگترین کێشەی من دیت ، تەنانت ناتوانم گرێی دڵی خۆمی بۆبکەمەوە و دەردی دڵمی بۆ هەڵڕێژم . پێدەچێ سەرکەوتنی من ، نیگەرانی و خەمەکانی ئەوی ڕەواندبێتەوە و هاوکات نیگەرانی و خەمەکانی منی ورووژاندووە .

ئەمڕۆکە ، دیسان داوای پارەی لێکردم . پێم گوت :- بیبە ، چەند دەبەی بیبە .. پارەی دزیارییە !

دەستی بە گریان کرد ، گوتی من غەمگین و ناڕەحەتی دەکەم . ئەدی من ئایا من غەمگین و داماو نیم ؟ دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بۆ شتێکی سەیر بکەم ، ماوەیەکە هەموو بەیانییەک بەر لەوەی دەست بە کارەکەم بکەم ، لە

ئوفیسەکەمدا نوێژ ونزا دەکەم ، دەپاڕێمەوە ، کە کتێبە تازەکەم ، باش وجوان دەربچێت . هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم ، زۆر بە ئاسانی دەستم دەچێتە نووسین زۆر خۆش بەدەستمەوە دێت ، ئەگەر بەم نەفەسەوە بەردەوام بم ، کتێبەکە لە ماوەی یەک مانگدا تەواو دەبێت . بەڵام چۆن دەردەچێ و چ بایەخێکی دەبێت ؟ تا ئێستا ئەمە نازانم . چەند بەشێکم بۆ سوزان خوێندەوە، بە دڵی بوو و پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێکردم . بەڵام من باوەڕم بە هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی سوزان نەماوە . دابڕانێکی فیکری ئەوتۆمان کەوتووەتە نێوان ، کە بە ڕاستی پەست و نیگەرانم دەکات .

***

سووکە شەڕێکمان لە گەڵ پالوشودا بوو . یەک هەفتە بە بیانووی نەخۆشی پەسیو و ئانفلۆنزاوە نەچووم بۆ بارەگای گۆڤاری راتاپلان . بۆ ئۆفیسەکەی خۆی بانگ کردم ، هێشتا دەرگاکە بە تەواوەتی دانەخرابوو ، کە بەدەنگە ناسازەکەی دەستی بە هاوارکرد :

- سوربییە ، من فەرمانبەری نا پیشەییم ناوێ ! من فەرمانبەرم دەوێ نەک ئەکتەر ، سەردەمی ئەم جۆرە فەرمانبەرە بە سەر چووە ! من کەسێکی ئیشکەرم دەوێ ، نەک نانخۆر وجێگر ! یانی پێتوایە ، بە بێ تۆ ، کارەکان خۆ بە خۆ بەڕێوەدەچن ؟

من کە تا هەفتەیەک لەمە پێش ، ئەگەر ئەم بەشەرە هۆڤی و سورفلە ، ئەم جۆرە ناماقووڵییەی بکردایە ، دەم و لووتیم دەشکاند ، ئێستا ، خۆشم سەرم سووڕ مابوو ، بەو پەڕی ڕێز و شەرمەوە گوێم لێدەگرت . ئیدی ئەو خۆپەسەندی و لووتبەرزییەی جارانم لە خۆمدا نەدەبینی . دەتگوت ئەوەم بیر چوو بوو کە ناوی من چ دەگەیەنێ و چ ڕێز و حورمەتێک ئیجاب دەکات . ئیدی نەخۆم بە نووسەری ڕۆمانی ( غەزەب ) و نە بە براوەی خەڵاتی موپاسان نەدەزانی . بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بچووک بووم و لە خەمی ئایندەی خۆدا بووم . بە دەمە لاڵکێوە گوتم :

- مسیۆ پالوشو .. واهەستدەکەم بە خۆڕایی خۆت تووڕە و ناڕەحەت دەکەی .. من نەخۆش بووم .. دەتوانم ڕاپۆرتی پزیشکت بۆ بێنم ..

ڕووی سەماعەلەی کردە من و گوتی :

- چی ! چی ؟ حاڵی نەبووم ؟ ڕاپۆرتی پزیشک ؟ تۆ گەواهینامەیەکت هەیە کە ئەمە بۆ من سەرو زیادە ! ئەویش خەڵاتی موپاسانە ! ئەم خەڵاتەت لە سەر کتێبێکی هیچ ، حەیابەرە و نەنگین وەرگرتووە ! بەڵام ئەم خەڵاتی موپاسانەی تۆ ، لای من ناکاتە هیچ ، پولێکی قەڵب نایەنێ ! ئەم شۆرەت و ناو ناو بانگەش کە بە تۆ دراوە ، بە

زەرەری خۆت شکاوەتەوە . ئەوەی من پێشبینیم دەکرد ، موو بە موو هاتووەتە دی . بەهۆی هەڵەی تۆوە سەدان نامەی نارەزاییم بۆ هاتووە ، کە گازندە دەکەن و پێیان سەیرە ناوی نووسەرێکی گۆساخ و بێشەرمی وەکو تۆ ، بەسەر گۆڤارێکەوەیە کە تایبەتە بە منداڵانی خانەوادەێن باش و ئابڕوومەند .

- ئەمە قسەیەکی گەوجانەیە !

پالوشو ، ئەسپ ئاسا حیلەیەکی بۆکرد :

- نەخێر قوربان ، گەوجانە نییە ! هەق بەوانە نەک بە تۆ ، دەیسا گوێ لەم نامەیە بگرە ..

چەند نامەیەکی کراوەی لە چاوی مێزەکەی دەرهێنا ، و بە دەنگێک کە دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دەردێ ، کەوتە خوێندنەوەی هەندێکیان :

- جەناب ، کە ناو وئیمزای مسیۆ سوربییەم لە پایینی یەکێک لە نووسینە زنجیرەییەکانی گۆڤارەکەی ئێوەدا بینی ، سەرم سوڕما . من پەیگیری ئەم نووسینە زنجیرەییەم نەکردووە ، بەڵام ئەو سەرکەوتنە ناشایستەیەی کە دراوەتە پاڵ ئەم هاوکارەی تۆ ، خراپترین وێنای لای من دروست کردووە و هیوادارم ئاگادار بی کە .... هتد .

ئەمەش نامەیەکی دی :

- جاک سوربییە ؟ باشە تۆ بە چ ئەقڵێکەوە ، ئەرکی بەرزکردنەوە و دەوڵەمەندکردن و ڕێنوێنی خەیاڵاتی منداڵانی فەرەنسات بەم پیاوە سپاردووە ؟ بەم پسپۆڕەی ئەدەبیاتی گەندە و بێپەردە ، گووخۆری ، گووناسی و پەینی ڕووەکی ، بەم نووسەرە گەورەیەی بواری وەسفکردنی بیری تەوالێت ، بەم سازڤانەی موسیقای زادەی قۆڕە قۆڕی زگ ، سپاردووە ؟ نەدەبوو ئەمە بکەیت .... ئیمزا :

( باوکێکی واقیعبین و تووڕە ) .

پالوشو ، کە لە خوێندنەوە بووەوە ، نامەکانی خستەلاوە ، سووربوو بووەوە ، خەریک بوو وەکو چاوی دەرپۆقیو و ددانی لەق ، بتەقێتەوە ، هاواری کرد :

- سوربییە ، ئێستا هەموو شتێکت بۆ دەرکەت ، پێویستە لە نێوان پیشەی نووسەری بەرهەمێن هەرزە و جەڵەبی و پیشەی ڕۆژنامەنووسێک کە بۆ مێرمنداڵان دەنووسێت ، یەکێکیان هەڵبژێری . ئینسان ناتوانێ لەهەمان کاتدا ، هەم بیری ئاودەست دەربدات و هەم گوڵ بفرۆشێت .

لەو کاتەدا کە پالوشو ، هاواری دەکرد ، هەستم دەکرد کە شەرم و ترسێکی نەنگین باڵم بە سەردا دەکێشێت . بۆیە گوتم :- مسیۆ پالوشو .. ئێمە چەندین ساڵە پێکەوە کاردەکەین .. خۆ بە تەمانیت کە ...

- هەندیجار ، پێویست بە وەختێکی زۆر هەیە تا هاوکارانمان وەکو پێویست بناسین . من بڕیاری خۆم داوە . یا دەبێ ئەو چیرۆکانەی کە لە راتاپلاندا بڵاویان دەکەیتەوە ، بە ناوی خوازراو بڵاویان بکەیتەوە ، یان ناچار دەبم بە یەکجارەکی دەستبەرداری خزمەتگوزاری تۆ ببم . ئامادەی ناوێکی خوازراو هەڵبژێری ؟

- نەخێر ..

- کەواتە بڕۆ بۆ لای کاژێرەکە ، پێموایە ئەوە باشترە . دەوام نەکردنی بێ هەنجەتی تۆ ، ئەو دڵۆپە ئاوە بوو کە کاسەی سەبری سەر ڕێژ کردم . هەڵبەتە تۆ بە حوکمی پیشەکەت ، تێدەگەیی مەبەستم لە کاسەی سەبر چییە !

سەر ڕێژ لە نیگەرانی ، شەرمەزاری و بێزاری ، بۆماڵ گەڕامەوە . لە خۆم تووڕە بووم کە نەمزانی بوو چۆن وەڵامی پالوشو بدەمەوە ، سووم لەوە دەخوارد کە ئیشەکەم لە دەست دابوو . پێشتر چەند جارێک دەگەڵ سوزاندا ، باسی ئەوەمان کرد بوو کە رۆژێک لە ڕۆژان دەستبەرداری کارەکەم ببم و خۆم وەقفی پیشەی ئەدەبیات بکەم ! ئێستا ئەو رۆژە هاتبوو ، من لە بێکاری و بێهوودەیی تەواودا ، هەستم بە ترس دەکرد . هەڵبەتە پارەیەکی زۆرم بەهۆی (غەزەب)وە دەهاتە دەست . بەڵام ئەم کتێبە ، هی من نەبوو ، ئەو پارەیەش هی من نەبوو . بەڵام ئەو مووچە کەمەی کە لە گۆڤاری راتاپلان وەرم دەگرت ، هی من بوو ، دەتوانم بڵێم بە ڕەنجی شان و ئارەقەی ناوچەوان ، بە کاری سەخت و شەونخونی و گوێڕایەڵی ، پەیدام دەکرد . بەڵام ئێستا ئیدی هەقی ئەوەم نەبوو بڵێم بژێوی خۆم پەیدا دەکەم . کەسێکی دی ، لە جیاتی من ، بژێوی ژیانی دابین دەکردم . هەر هەموو ئەم بیرە هەڤدژانە ، لەمێشکما بە گژ یەکدا دەچوون و تووشی سەرەگێژەیان دەکردم ..

کاتێ کە ئەم هەواڵەم بە سوزان دا ، شادییەکی لە ڕادە بە دەری دەربڕی ، کە هیچ پێم خۆش نەبوو ، گوتی :

- باش بوو ، ئاخری لەم نۆکەرییە ڕزگاربوویت ! ئاقیبەت ئازاد بوویت گیانەکەم ! سوێند دەخۆم کە کاتێ لە بەردەم خەڵکیدا دەیانگوت : جەنابی جاک سوربییە ، براوەی خەڵاتی موپاسان ، سەرنووسەری گۆڤارێکی مێرمنداڵانیشە ، خەڵکەکە دەحەپەسان . باوەڕیان نە دەکرد ! من بە خۆم چەندین جار کە ئەو باسەم بۆ خەڵکانێک کردووە ، حەپەسان و سەرسامیم بە ڕوخسار و چاویانەوە دیتووە ، بۆ نموونە مەدام موریل گوتی ....

بە تووندی قسەکەم پێبڕی و گوتم :

- من بۆچوونی مەدام موریلم بەلاوە هیچ نییە .... من لە گۆڤاری راتاپلاندا ، پۆست و پێگەیەکی جێگیرم هەبوو ..

سوزان ، به کەش وفش و لووت بەرزییەوە گوتی :- تۆ وەکو باوکت قسە دەکەیت !

- ڕەنگە وابێ ، ئەمەم پێ شەرم نییە. لە راتاپلاندا ، مووچەیەکی جێگیرم هەبوو و دەمتوانی پشتی پێ ببەستم ..

- ئەدی ئێستا .. ناتوانی پشت بە هیچ شتێک ببەستی ؟

- نە ...

- یەکێک گوێی لەم قسانەت ببێ ، باوەڕ ناکات کە تۆ نووسەری ( غەزەب ) بی ، براوەی خەڵاتی موپاسان بی و.

بە کەسەر وداخێکی زۆرەوە ، ئاهێکم هەڵکێشا و گوتم :

- هەر بەڕاستیش وایە ، من نە لە دوور و نە لە نزیک ، پەیوەندیم نە بە ڕۆمانەکەوە هەیە ، نە بە خەڵاتەکەوە . من بابایەکی دزی ئەدەبیم ، کەسێکی سووک و چروکم ، سوودم لە کتێبی کەسێکی دی وەرگرتووە ، تا پێی بەرز ببمەوە و پێبگەم و ناو دەربکەم ، ئێستاش لە ترسی ئەوەی ئەو پێگەیە لە دەست بدەم کە بە نەهەق پێی گەییووم ، ئازام دەلەرزێ . خۆئەگەر ( شەوی ڕەش ) ڕۆمانێکی خراپ دەربچێت ، ئەوا لە لووتکەی شۆرەت و نێوبانگەوە دەکەوینە خوارەوە ، ئیدی سوزانی بەلەنگاز لە جلکی فاخیر و مانتۆ بێ بەش دەبێ ، نەدایکە هیپەکان و نەماڵباتی مەدام موریلان پێشوازی دەکەن ، بەجارێ لێدەکەوێ ! تەنیا کلۆڵی و شەرمەزاری بۆ دەمێنێتەوە . گوێت لەمنە چی دەڵێم ؟ هەنگێ پەنجەی پەشیمانی دەگەزین ، کە بۆچی لووتمان لە پالوشو کرد ! دەمویست ئەمەت ، تەنیا ئەمەت تێبگەیەنم !

سوزان هاواری کرد :

- منیش نامەوێ لەمە تێبگەم ، نامەوێ گوێم لەمەبێ ! تۆ بەم ڕەش بینییەت، ئەگەری سەر نەکەوتنی کتێبەکەت زیاد دەکەیت . تۆ کە پێشوەختە ، ئەوە لە دڵی خۆتدا دووبارە و سێ بارە دەکەیەوە کە بۆ ناکامی خوڵقاوی و ناکامی چارەنووس و قەدەری تۆیە ، دیارە هەر ناکامی و شکست دەدوریتەوە . تۆ متمانەت بە خۆ هەبێ ، لە سەرلاقی خۆت بوەستە . دەبێ هەست بە گەورەیی و سەربەرزی بکەیت .

- بە چ هەقێ ؟

- ئەمڕۆش ، خەڵکانێک هێندە بە جۆش و خرۆشەوە دەگەڵ مندا باسی (غەزەب) یان دەکرد کە ..

وەکو حەیوانێکی پێکراو ، هاوارم کرد :

- تۆ چۆن هەست ناکەی کە ئەم مەدح و ستایشەی سەبارەت بە ( غەزەب ) دەکرێت زۆر ئازارم دەدات ؟ ئەو مەدح و تاریفەی نووسەری ئەم کتێبە ، مەدح و ستایشی من نییە ، هی کەسێکی دیکەیە . هی پیاوێکی ترە . من هێشتا هیچم نەنووسیوە ، هێشتا هیچ شتێکم بە چاپ نەگەیاندووە . من لەم بوارەدا ، لە بواری نووسیندا تازەکار و ناشیم و ئەم ڕیسکە پاشان دەست پێدەکات .

هەڵبەتە ڕاستگۆیانە ئەو قسانەم بە سوزان دەگوت ، حەزم نەدەکرد خەڵکی بەو ڕادەیە ڕموودەی (غەزەب) ببن . کاتێ کە لە بەردەم مندا تاریفی ئەم کتێبەیان دەکرد ، وام هەستدەکرد تاریفی ڕەقیبی من ، تاریفی دوژمنی تایبەتی من دەکەن ، هەستم دەکرد ، ئەو هەموو پیاهەڵدانەی ئەم کتێبە ، لە سەر حیسابی کتێبی ئایندەی منە و تاسە وخولیای خەڵکەکە بە ڕادەیەک دێتە خوارەوە ، تا نۆرە دەگاتە سەرمن ، تاسەی خوێنەران تێر دەبێت و ڕوو لە بەرهەمەکەی من وەردەگێڕن .

سوزان گوتی :- یانی حەزت دەکرد عەیب و ئیراد لە ( غەزەب ) بگرن ؟

گوتم :- بەڵێ ..

بە کەماڵی ڕۆشنبینی و بە کەماڵی هۆشنییەوە ئەو وەڵامەیەم دایەوە . سوزان ، بە شێتی ناو بردم وچیتر لە سەر گفتوگۆیەکە نەڕۆیی .

***

ئەمڕۆ ، بۆ جاری دووەم چەند وتارێکی توند و زبرم دەربارەی (غەزەب) خوێندەوە . یەکێک لەو وتارانە ، وتاری (سیفۆنی تەوالێت) بوو ، ئیسراحەتم پێی کرد ، ئەوەی ڕاستی بێ ، بەغیلیم بەو وێنا و تەسەورە دێت کە خەڵکی دەربارەی من دەیکەن .

***

بابم ، دوای ئەوەی لە کار بووەوە و لە بانکەکە وەدەرکەوت ، هاتە دیدەنیم . پێموابوو ، ئەگەر پێی بڵێم کە پالوشو ، دەری کردووم ، نیگەران دەبێ ، بەڵام بە کاوەخۆ ، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات ، گوێی لێگرتم و ئەوسا بە قەناعەتی تەواوەوە گوتی :

– جاکی ئازیز ، ئەمەت باشترە .من پێموایە بەم پایە و پێگە و پەیوەندیانەی ئێستاتەوە ، دەتوانی چاوپۆشی لەو چوار پولە مووچەیە بکەی کە لە گۆڤاری راتاپلان وەری دەگریت . ئەم کارە ئیدی لە ئاستی پلەوپایەی تۆدا نییە ، تۆ دەبێ چاوت لە ئامانجێن گەورەتر و بەرزتر بێ .

وامدەزانی گوێ لە سوزان دەگرم ، تەنانەت لە دڵی خۆمدا دەمگوت تۆ بڵێی سوزان ، لەبەر هەیوانەکەدا ، بەم قسەیە تەڵقینی نەدابێ ، سوزان ، هەموو کارێکی لە دەست دێت .

بابم دوای ئەم پێشەکییە سەری قسەی دامەزراند و بە دوور و درێژی کەوتە ئامۆژگاریم کە چی بکەم . ئیدی بە تانی قساندا چوو ، جا قسەی پڕو پووچ و بێ مانا ، مەگەر هەر خۆی سەری لێ دەربکردایە . " شەکەت وماندوو " دەهاتمە بەرچاوی . بێگومان ، هەواڵی خەڵاتەکە " تەواو سەلامەتی و بونیادمی شێواندبوو " ، " شادی گەورەش هەندێجار بەئەندازەی خەمی گەورە ترسناکە ، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە بە سەر خۆتا زاڵ بی و ڕادەی ئەم بەختەوەرییە فرەیەت دەرک بکەیت و ئاقڵانە سوود لە بەخت و یەغباڵی خۆت وەربگریت " . ڕێگەم دا قسە بکات و بەرە بەرە لەگەڵ قسەکانی ئەودا ، هەستمکرد کە لە هەمووان دابڕاوم و سات بە سات گۆشەگیرتر دەبم . کەواتە هەر هەموویان دیل و ئەسیری خۆشیە ماددییەکانیان ، نەخشە و پرۆژە بچووکەکانیان ، خۆپەرستیە پووچەڵەکانی خۆیان بوون ، کە کلۆڵ و داماون !

تەمەشای بابم دەکرد ، تەمەشای پشتە سافەکەی ، تەمەشای چەناگەی ، کە یەخە بەرزەکەی دەگەییە ژێری ، تەمەشای چاوەکانیم کرد کە حەماقەتی لێدەباری ، تەمەشای سمێڵە فریبۆکەکەی ، تەمەشای دەستە سڕە گەنجانەکەیم کرد کە بە بەرۆکییەوە کرد بوو . کەمێک بۆنی نۆشابەی ئیشتیها بزوێنی لێدەهات ، لە ناکاوا وام لێهات توانای دیتن و بۆنەکەی ئەوم نەما . گفت و گۆیەکەم بڕی ، بۆیە خێرا ڕۆیی . کاتێ کە بەتەنیا مامەوە ، دەستم بە گریان کرد .

***

چیوای نەماوە کە (شەوی ڕەش ) تەواو بکەم . ئەگەر ئەم کتێبە سەرکەوتوو بێ ، دەچمە دیدەنی نیکل دومینی . هەستدەکەم ، ئەگەر بەم کارە تازەیەم پاک ببمەوە ، زۆر بەم دیدەنیەی ئەو خۆشحاڵ دەبم ، متمانە بە توانای خۆم پەیدا دەکەم و شانازی بەم توانایەمەوە دەکەم .

بەڵام سوزان ، لە خانوویەکی تازە ، لە دەشتی مونسو ، دەگەڕێت . تەواو ، کۆڵم داوە ، تەنانەت هەوڵنادەم قەناعەتیشی پێبکەم . فرۆشی ( غەزەب ) لە سەد هەزار نوسخە تێپەڕیوە ، چەندم لەبەر گران و ناخۆشە !

❋❋❋

پازدە ڕۆژە هیچ شتێکم لەم دەفتەری بیرەوەرییەدا نە نووسیوە . لەم ماوەیەدا لە نووسینی شەوی ڕەش بوومەوە . سبەینێ ، کتێبەکە بۆ وەشانخانەی برایانی پریور دەنێرم و ڕەنگە دوای یەک هەفتەی دی ، ڕزگار ببم .

# بەشی دووەم

## فەسڵی یەکەم

تەواو بوو ، چوونم بۆلای پریور ، هەموو ئاواتەکانی بەبا دام . ئیدی تەنانەت نامەوێ ، هەوڵی ئەوەش بدەم کە هیچ ئومێدێک بەخۆم بدەم .

پریور لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو ، ڕوخساری پاک تاشراوی ، جۆرە شەرم و لە ڕوو دامانێکی بە ئەدەبانەی پێوە دیاربوو ، کە لە هەوەڵەوە پەیم بە مەسەلەکە برد . گوتی :

– (شەوی ڕەش) م خوێندەوە . پواسییری هاوڕێشمان خوێندویەتیەوە . هەردووکمان هەمان ڕاو بۆچوونمان هەیە . هەڵبەتە بە حوکمی ئەو متمانەیەی کە بە تۆم هەیە ، دەتوانم بە ئاشکرا ڕای خۆمت پێ بڵێم .

گەرووم وشک بوو ، دەستەکانم لە ئارەقەدا هەڵکشان و گوتم :– مسیۆ پریور ، مەبەستتان چییە ؟

جگەرەیەکی داگیراند ، تاپشوویەکی وەبەربێتەوەو بتوانێ بە ئارامی قسەی خۆی بکات ، دوای تۆزێک جگەرەکەی لە تەپڵەکێکی شاخدا دانا . بزەیەکی زۆر کاڵی بۆ کرد . ئەوسا بەدەم سەرلەقاندنەوەو لەبن لێوانەوە گوتی :

– دۆستی ئازیز ، ئەوەی لە تۆ ڕووی داوە ، هیچ مایەی نیگەرانی نییە ، سووی لێ مەخۆ ، بە دەگمەن ڕێک دەکەوێ کە نووسەرێک ، لە داهێناندا نەداتە پاش .(شەوی ڕەش) بەرهەمێکە کە .. بە هەرحاڵ شایستەی چاپ کردن نییە !

ئەم قسەیە گوللەیەک بوو ڕێک ناوەندی سینگمی پێکا . چاوم نوقاندن . هەستم کرد زەوی لە ژێر پێما دەلەرزێ و ژوورەکە بە دەوری تەوەری بێدەنگیدا دەخولێتەوە . زۆر بە زەحمەت بە سەر خۆمدا زاڵ بووم و پرسیم :

– مسیۆ پریور ، سەدەمی ئەم بۆچوونە توندە چییە ؟

پریور لێم نزیک بووەوەو دەستی خستە سەرشانم . ئەم ڕەفتارە دۆستانەیە هێندەی دی دەردی گران کردم . دووبارە گوتم :

– بێ زەحمەت بۆمی ڕوون بکەوە . لەوەیە (شەوی ڕەش) کەم و کوڕییەکی هەبێت ، ئەمە نووسینەوەی یەکەمە ، دەتوانم دەسکاری بکەم ..

– دروستە .... بەڵام دەترسم دەسکاری و چاککردنەوەیەکی یەجگار زۆری بوێت .

- سەیرە . هەڵبەتە من لە شەوی ڕەشدا هەمان شێواز و ستایلی (غەزەب) م ، کە بووە مایەی سەرکەوتنی ئەو ڕۆمانە ، بە کار نەبردووە بەڵام پێموایە نووسەر هەقی خۆیەتی و بگرە لە سەرێتی ، لە بەرهەمەکانیا خۆی تازە بکاتەوە ..

وەختێ ، بەم داماویە بەرگریم لە خۆم و لەم کتێبە دەکرد کە هەموو ئاوات و ئومێدێکم لەسەر ڕۆنابوو ، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد ، درێژەم بە قسەکەدا :

- تۆ کە ( غەزەب ) ت بە دڵە مانای وانییە کە ناچارم بکەی تاماوم بەهەمان شێواز و ستایل بنووسم ! نووسەر دەبێ ئاسۆی بیرکردنەوە و هزرینی خۆی فراوانتر بکات ، دەبێ زەینێکی کراوەتری هەبێت .. مسیۆ پریور ، دەبێ ئەو نووسەرانەی کە نایانەوێ لە بازنەی سەرکەوتنی یەک بەرهەمدا وەمێنن ، هان بدرێن ، پشتیوانیان لێبکرێ . خۆ تۆ بازرگان و فرۆشیاری تایبەتی یەک جۆرە دەرمان نیت، خۆ تۆ پابەندی یەک مارکەی بازرگانیی تایبەتی نیت . پیشەکەی تۆ بریتییە لە کەشف و دۆزینەوەی نووسەرانی تازە ، کەواتە دەرفەتیان بدە با خۆیان کەشف بکەن ، پەردە لە سەر توانا جۆراو جۆرەکانیان هەڵماڵن . ئەم پەڕ تا ئەو پەڕی بەهرە و زەوق و سەلیقەی خۆیان تەی بکەن

پریور گوتی :- تووڕە مەبە برادەری ئازیز .. ڕاستە من (غەزەب) م بە دڵ بوو ، جا هەم لەبەر هۆی بازرگانی و هەم لەبەر هۆی هونەری حەزم دەکرد ، هەمان ڕێگا بگریتەبەر . باوەڕ بکە ئەم کتێبەت ، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی ئەو شێواز وستایلەش بوایە ، ئەگەر بە ئاشکرا شایستەی چاپ وبڵاوکردنەوە بوایە ، ڕەتم نەدەکردەوە . پیشەکەی من وادەخوازێت کە نابێ سەلیقە و زەوقی شەخسی خۆم بەکار بەرم . من لە هەڵبژاردنی ئەو دەستنووسانەدا کە بۆمی دەنێرن ، هەوڵدەدەم خواست و داواکانی خەڵکی بخەمە شوێنی خواست و داوا شەخسییەکانی خۆم . ئێستاش ، باوەڕ بکە کە کتێبی شەوی ڕەش ، نەخواست و داوا شەخسییەکانی من و نەخواست و داواکانی جەماوەری خەڵکی ، تێرناکات . باوەڕم پێبکە .

به حیرەت و پەرێشانییەوە ، گوێم لەم دیالۆگ و هێرشە توندە دەگرت ، پریور ، بە ئاشکرا نیگەران بوو ، بە نێو ژوورەکەدا دەهات ودەچوو ، بێئەوەی تەمەشای من بکات ، قسەی دەکرد :

- بەڵێ ، بەڵێ .. دۆستی ئازیز . تۆ ناچار نەبوویت ، بە هەمان شێواز وستایلی ( غەزەب ) ئەم ڕۆمانە دابرێژیت . بەڵام دەبوایە بە هەمان زەوق و سەلیقە و داهێنانەوە دای برێژیت . تۆ دەستبەرداری ئەو شێوازە توند و زبرە بوویت کە لە یەکەم بەرهەمتا بەکارت بردووە . ئەمە بەجێی خۆی ، حەزت کردووە لە ڕێگەی چیرۆکێکی کورتی ، زیندووەوە خۆت تازە بکەیتەوە ، ئەمە هەقی خۆتە . بەڵام تۆ هاتوویت ، بابەتێکت هەڵبژاردووە عەوام پەسەند ، بۆ ئەوە باشە بە زنجیرە بڵاوبکرێتەوە و خوێنەر کاتی پێ بە سەر بەرێ . ئاستی هونەری لەم بەرهەمەدا ڕەچاو نەکراوە

. شێواز و ستایلی کتێبەکە مایەی بەزەییە ، زۆر لاوازە . کاراکتەرەکان بێ نموودن و ، هیچ لایەنێکی زیندووی سایکۆلۆژیان نییە . دیالۆگەکان ، لە هی کەسێکی نوکتەباز دەچێ کە لە کۆڵی کردووەتەوە . کارەکە بەگشتی ، شاش ، بێتام و بێ شەخسیەت و بێهودەیە . لەنگیە ترسناکەکە لەمەدایە .. کتێبەکەت بێهودەیە ، بێفایدەیە ، بە کەڵکی جەماوەری خوێنەر نایەت ، بە کەڵکی ئێمە نایەت ! و بەکەڵکی خۆشت نایەت ! ئەگەر ئەم کتێبە چاپ بکەیت ، گەورەترین زەرەر لە خۆت دەدەی ، هەڵەیەکی کوشندە دەکەیت . حەیا و حەیسیەتتان بە جارێ دەچێت . ئیدی کەس باوەڕی بە تۆ و بە بەهرەکەت نامێنێ ، باشە تۆ بەچ ئەقڵێکەوە ، ئەم کتێبەت نووسیوە ، کە کەم و زۆر مۆرک و شەقڵی کاری تۆی پێوە دیار نییە ؟ ئایا گیان و هەستی ڕەخنەییت لە دەست داوە ؟ یان .. یان ....

پریور بێدەنگ بوو ، دیارە ژێوان بوو لەوەی کە سنووری ئەتەکێتی بەزاندووە ، ئەوسا گوتی :

- ببورە ، کە بەم زمانە زبر و توونده قسەت دەگەڵ دەکەم ، بەڵام باوەڕ بکە من بەرژەوەندی تۆم دەوێ ....

***

بە ڕاستی نەترەم بەر دابوو ، توانای هیچ بەرگرییەکم نەبوو . بەسەر قەنەفەکەدا تلیسابوومەوە . بە کاوەخۆ تامی ئەم ناکامی و زەلیلی و مەلوولییەم دەچەشت . دڵم پڕبوو لە ترس و لەرز . لەبن لێوانەوە گوتم :

- واتە ، لە خۆڕایی ئەم ڕەنجەم داوە !

- ئەم جۆرە ڕووداوانە لە پیشەکەی ئێوەدا زۆرە .

- باشە تۆ لەم حوکم و قەزاوەتەی خۆت دڵنیایت ؟ من حەزدەکەم بەر لەوەی ئەم کتێبە بخەمە چاوی مێزێکەوە ، پیشانی کەسێکی دیکەشی بدەم ..

پریور گوتی :- ئێمە کتێبەکەی تۆمان پیشانی سێ خوێنەری پیشەیی دیکە داوە ، مەسەلەکە لەوە جدیترە ، کە فەرامۆش بکرێ یان پشت گوێ بخرێ .

- باشە ئەو سێ خوێنەرە چییان گوت ؟

- هەرسێ خوێنەرەکە ، مخابن ، هەمان بۆچوونی بواسییریان هەبوو ، هەمان بۆچوونی منیان هەبوو ! .. ئەگەر حەزت لێیە دەتوانی بۆ ئەم مەبەستە بواسییر بدینی ..

بلەز گوتم :- نە ! نە !

ڕووم نەدەهات ڕوو بە ڕووی پیاوێک ببمەوە کە کاتی خۆی ئافەرین و تاریفی کردبووم و بێگومان ئێستا دەیکورهاندم ، بە ڕاستی ئەمەم لەبەر گران بوو .

پریور ، دووبارە گوتی :- ئەگەر زۆر دڵت بەم ڕۆمانەوەیە ، سەر لە نوێ دەستی پێبکەرەوە ، یان شتێکی دیکەمان بدەیە ، بە خۆت دەزانی ، ئێمە زۆر حەزدەکەین لە بازنەی وەشانخانەکەماندا وەمێنی و ، بە گەرمی پێشوازی لە داهێنانەکانی ئایندەت دەکەین .

گوتم :- دەستنووسەکەم وێدەوە .

پریور ، دەستنووسەکەی دامەوە ، زۆر دۆستانە کەوتە دڵدانەوەو هاندانم ، نازانم بۆچی ئامۆژگاری کردم کە سەفەرێکی کورت بۆ یۆنان یان دورگەکانی بالیاوی وڵاتی ئەسپانیا بکەم . بەلاقی سست و دڵی شکاوەوە پریورم بەجێهێشت . ئارەقە بە هەنیە و دەستەکانما دەچۆڕایەوە . ڕاستەو ڕاست بەرەو پێش ملم دەنا . شانم لە شانی ڕێبواران دەدا . خۆم بە لاکۆڵانی باریک و نەناسراودا دەکرد . لە سەر شۆستەکان دادەبەزیم و سەر دەکەوتمەوە . جۆرە حەواسپەرتی و خەمینییەکی سەیر دایگرتبووم ، کە دەتگوت بە سەر ئەم دنیایەوە نیم . بە شێوەیەکی میکانیکی ئەم قسەیەم لەبەر خۆوە دەگوتەوە .

- تەواو ، هەموو شتێک کۆتایی هات .. تەواو هەموو شتێک کۆتایی هات !

***

خۆم کرد بە بارێکی پەرپووتدا ، مێزەکانی مەرمەڕ و ئەرزەکەی سەلبەند بوو ، یەک پارچە گەردو تۆز بوو . داوام کرد مەیم بۆ بێنن ، دەستەکانم بە قەراخی زۆر ساردی پەرداخەکە فێنک کردەوە . بەرە بەرە هێور دەبوومەوە ، لە بیری خۆما ، مەوداکانی نەگبەتیەکەمم لێکدەدایەوە . تاقە دەرفەتی هەڵاتن و دوور کەوتنەوەم لە گالار ، لە ناکاوا بە با ڕۆیی . تاقە هیوای ڕزگاری و شادمانی گەورەم ، لە چاو تروکانێکا ، لە میانی چەند وشەیەکەوە ، مەحوو بووەوە ، زۆرجار ئەو ڕێبوارەی کە لە فارگۆنێکدا دانیشتووە ، وا وێنا دەکات کە قیتارەکە کەوتووەتە ڕێ ، چونکە شووشەی فارگۆنە یەک لە دووی یەکەکانی سەر ڕێڵی هاوتەریبی قیتارەکەی خۆی دەبینێ کە بە بەرچاوی خۆیەوە تێدەپەڕێ و لە ناکاوا بۆی دەردەکەوێت کە قیتارەکەی تەنیشتی لە حەرەکەتدایە ، دەچێتە پێشێ و لە چاو ون دەبێت و ، ئەو هێشتا لە چاوئەندازی خەمناکی ئەسکەلە و عەمارەکاندا قەتیس ماوە . منیش بەو ئاوایە ، لە هەوەڵەوە باوەڕم وابوو کە بەرەو ڕووناکی دەڕۆم ، بیرەوەری نەفرەت ئەنگێزی دزییە ئەدەبییەکەم ، تێدەپەڕێنم و دەبم بە کەسێکی دی . بەڵام پاشان ، لە تەکانێکی توونددا ، بێدار بوومەوە و خەمبار و دڵتەنگ خۆم لە هەمان جێگای جارانما بینییەوە .

هێشتا هەمان دزە سووک و چروکەکەی جاران بووم ، نە هەقی عوزرخواییم هەبوو ، نە هەقی بەخشین . بۆ هەتا هەتایە بووم بە دیل و ئەسیری گالار .

چەند بێزارم ، چەند شەرمەزارم ، چ ئازارێک دەچێژم . ئیدی بۆچی بژیم ، بۆچی ئازار بچێژم ، بۆچی کار بکەم ، خۆ هەموو خەون و خەیاڵەکانم بە تاڵ بووەتەوە ؟ دەبێ چاوپۆشی لە شۆرەت ، لە لەزەتە مەعنەوییەکانی ئەفراندن و داهێنان ، بکەم . دەبێ بەوە قاییل بم کە " نووسەری تاقە یەک کتێبم " و تەواو ! دوای چەند ساڵێکی دی ئەم تاقە بەرهەمەش ، ئەم تاقە سەرکەوتنە ، لە بیر دەچێتەوە . ئیدی چ کەسێک باسی من ناکات . وەکو ئەوەی هەرگیز نەهاتبمە دنیاوە ! دەگەڕێمەوە بۆ دنیای عەدەم ! تا ئەو کاتەی کە تامی سەرکەوتنم نەچەشتبوو ، لەزەتی شۆرەتم نەجەڕیاندبوو ، وام هەستدەکرد ، خەڵکانێکی زۆر بەغیلیان بە پێگە و پایەی ڕۆژنامەوانیم دەبرد ، بەڵام ئێستا هەرچی سەردێنم و سەر دەبەم هەستدەکەم ، ناتوانم بگەڕێمەوە بەر سێبەران .

گەرووم وشک بوو ، ڕوندک زایە چاوانم ، بینایم لێڵ بوو . لە پشت پەردەی فرمێسکانەوە ، هەندێ کرێکار بە جلکی شینباوی کرێکارییەوە ، ئانیشکیان دادابووە سەر پێشخوانەکە و ئافرەتە مەیخانەچییەکە ، پەرداخەکانی بۆ تەژی دەکردن  و پارەکانی لێوەردەگرتن . لە هۆڵەکەی تەنیشتەوە گوێم لە تەق وهوڕی پێکادانی تۆپی بلیارد بوو ، واە هەستدەکرد لە ناو کاسەی سەری مندا پێکا دەدەن . لە دڵی خۆدا گوتم :

– خودایا ! .. بۆچی ئەم هەموو شادی ، هەموو شانازی ، و هەموو ئارەزووی کەماڵەت پێ بەخشیم و بەم پەلەپەل و خێراییە لێت سەندمەوە ؟ بۆچی لە گۆشەی تاریکیت دەرهێنام ، بەرزت کردمەوە و پاشان بەمجۆرە بەناخی ئەرزتدا بردم ؟ بۆچی گیان و ڕۆحت ، بەم ئاوات و ئومێدە کورتخایەنە ئاوەدان کردمەوە ؟

ویستم کەمێک مەی بخۆمەوە ، بەڵام تامی تفتی مەیەکە زاری سووتاندمەوە ، پەرداخەکەم دایە لاوە . پەرداخەکە خزی ، کەوتە سەر ئەرزە سەلبەندەکە و پارچە پارچە بوو . پێشخزمەتەکە بلەز هات ، پارچە شووشەکانی کۆ کردەوە و بەدەستە سڕێک مێزەکەی سڕی و ئەرزەکەی پاک کردەوە . پەشۆکام ، نەمدەزانی چی بکەم ، ئەوەندە پەرێشان و خەمبار بووم ، نەمدەتوانی ڕەفتاری خۆم کۆنترۆڵ بکەم . ئایا ئەو ژیانەم ، کە دەبوایە ئێستا چاوپۆشی لێبکەم ، تا ئەم ڕادەیە بەلاوە خۆش و خۆشەویست بوو ؟ ئەو ڕۆژانە ، ئەو شەوە پڕ لە متمانانە ، ئەو سیما دڵبەند و دەم بە تاریفانە ، ئەو نامە گەرم وگوڕانە . ئەو هەموو تەلەفۆن کردنە . ئەو هەموو چالاکیانە و ناوم ، ئەو ناوەی کە بەجوانترین پیت چاپ دەبوو و هەزاران زار دوو بارەیان دەکردەوە ، چۆن لە کەفلەکۆنێکا ، ئاوابوو ، وەکو هەر ناوێکی ئاسایی دیکەی لێهات ! چ زوو بیر چووەوە ، لە کولەکەی تەڕیشدا نەما !

چاوم لە ڕوخساری ئەو پێشخزمەتەی کە پاشماوەی مەیە ڕژاوەکەی دەسڕی ، نەدەگواستەوە . لە ناکاوا لە بەرچاوم بوو بە دوو ڕوخسار ، نەخێر بوو بە سێ . ئیدی حاڵی بووم کە تۆمەز دەگریم . پێشخزمەتەکە دوور کەوتەوە ، من بە بێ هیچ هەنسک هەڵدانێک بە کپی دەگریام . چاوەکانم کرابوونەوە ، هەرچی دەرد و ئازارێکم هەبوو لە چاوەکانمەوە دەڕژانە دەرەوە .

بە دەستەسڕێک دەم و چاوم سڕی . ئەگەر بکرابا لە بێزاری و لە سووانددا بمرم ، لەهەمان شوێندا دەمردم . دەبوایە هەستم و ئەم باڕە بەجێ بێڵیم . بەڵام هەر لە خۆوە ، تەمەڵی گرتبوومی و نازانم بۆ پێم ڕێ دانە دەگرت کە بڕۆم .

ئەنجام هەستام ، حیسابی خۆم دا ، بە لارە لار و خاوەخاو لە باڕەکە وەدەرکەوتم . هەموو هۆش و گۆشم لای یەک شت بوو ، کە ئەم هەواڵە بە سوزان بگەیەنم .

***

ئەم لاپەڕانە لە ئۆفیسەکەی خۆمدا دەنووسم . سوزان هێشتا نەگەڕاوەتەوە . بێگومان چووەتە دیدەنی هەندێک ماڵباتی وەک ماڵباتی موریل یان خانەوادەی مارتینە مارتینو . لە کاتێکا ئەو شیرینی و چا دەخواتەوە و منیش ، لێرە ، خەمبار و دڵتەنگ ، بە تاقی تەنیا دانیشتووم . چ بکەم ؟ تەگبیرم چەس ؟ ئەم پرسیارە هزر و بیرم دەشێوێنێ . ئایا دووبارە بکەومەوە نووسینی ( شەوی ڕەش ) ؟ بە ڕاستی حەزناکەم گەر بیریش لە شتی وا بکەمەوە . دەست بە نووسینی چیرۆکێکی دی بکەمەوە ؟ بەڵام بە چ هەقێک شتی وابکەم ، بەکام تواناوە دەستی بدەمێ ؟ بەجۆرێ لە ناکامی و بێتوانایی خۆم دڵنیام کە جورئەتی بیرکردنەوەشم نییە . ئەم دڵنیایی و باوەڕە ، بەجۆرێ لە زەینمدا چەسپیووە ، وەکو ئەوەی دیوارێکی سپی بەرز و بێ کۆتایی لە بەردەممدا قوت بووبێتەوە و هەرچی ئومێد و ئاواتم هەیە گەیی بێتە بن بەست و کوێرە کۆڵانان .

چ بکەم .. تەگبیرم چییە ؟ تۆ بڵێی سوزان بتوانێ ئامۆژگاریم بکات و چارەسەرێکم بۆ بدۆزێتەوە ؟ ئەو لە کاتی شادیمدا ، تووڕەی دەکردم ، پەستی دەکردم ، بەڵام من ئەوەتا لە تەنگانەدا ، لە مەینەتیمدا هانای بۆ دەبەم ، ئەوە چیە ، بۆ نایەتەوە ؟ من پێویستم بەوە ، بە دەنگی ئەو ، بە نیگای ئەو ، بە هۆش و زیرەکی مەند و ئارامی ئەو هەیە . نامەوێ لەوەی پتر بە تەنیا بم ، لەم تەنیاییە دەترسم ! وا هەستدەکەم کە لە سەدەم و هۆکاری قووڵی شکست و ناکامییەکەم تێدەگەم . گالار لەو دیوی مەرگەوە ، لە ناو گۆڕەوە تۆڵەی لێکردوومەتەوە ، ئەو ڕێگەی دام هەموو شتێکی ئەو ، دارو نەداری ئەو تالان بکەم . ڕێگەی دام مەسئولیەتی ئەم کارە بگرمە ئەستۆ . بەڵام کە وەختی ئەوە هات بەری ئەم تاوانی دزییە بچنمەوەو بە کارێکی پڕ زەحمەت و ئابڕوومەندانە بیرەوەری ئەو تاوانە

بسرِمەوە کە کردبووم ، هەنگێ گالار لە تاریکی گۆڕەکەوە سەری دەرهێنا ، ئەو بینا بەرزەی لە سەر بناغەی درۆیان رۆم نابوو ، لەرزی و لە ناوەڕاستەوە درزی برد و بە سەرما ڕوخا و کەوتمە ژێر دارو پەردوویەکەیەوە و حاڵی حازر ، لەو دزییە ئەدەبییەم ، جگە لە پەشیمانی و پاشگەز بوونەوەیەکی دڵتەزێن و کوشندە ، هیچی دیکەم بۆ نەماوەتەوە . هەرچی نەخشە و پلان ، تەگبری و ڕا هەبوو ، دادی نەدام ، لەو سەرەوە بە دەستی بەتاڵ ، دڵی پڕ ئازار و بیرەوەری نەنگینەوە دەرچووم . گالار ، هەنووکە بە ناکامی من پێدەکەنێ ، بە سەرفرازی و لووتبەرزی چاودێری داماوی من دەکات . بەسەرما سەرکەوت .. عەینی شەیتانێکە کە بوونەوەرێکی مرۆڤانی خستووەتە هەزار و یەک داوی وەسوەسەوە و لەزەت لەم کارەی خۆی دەبینێ .. ئەو ڕەسمە کاریکاتۆرییەم بیر دەکەوێتەوە کە یەکەمجار لە هۆڵی پێشوازییەکەی سوزان دیتم . ڕوخسارێکی لەڕ و لاواز و ، گرژ و مۆن ، چاوانی بێ بەزەیی بوون .. شەیتان ! شەیتان ! .. سوزان فریام بکەوە ، سوزان .

***

سوزان ، هەواڵەکەی زۆر ئاسایی وەرگرت ، هێندە هێور وخوێنسارد بوو ، پیاو خوای نەدەما . ڕێگەی دام بە کەیفی دڵی خۆم قسەبکەم ، لە کۆتاییدا ، بە دەنگێکی پتەو و مکووم گوتی :

– ئێ چییە ، کەواتە شتێکی دیکە بنووسە !

گوتم :– فایدەی چییە ؟ ناکامی چیرۆکی شەوی رەش ، بەڵگە ونیشانەیە کە من توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکی جدیم نییە . بلیمەتی و داهێنان کاڵایەک نییە بیکڕیت ، بیدەیتە کرد . بەوە نابی بە گالار کە بێی کتێبەکەی ئەو بە ناوی خۆتەوە بڵاوبکەیتەوە !

– زۆر نووسەری گەورە هەن ، سێ جار شکستیان هێناوە ، ئەوسا ، ئەو شاکارەیان نووسیوە کە شۆرەتی پێ بەخشیوون .

– بەڵام من لە ناخی خۆما هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکەم !

– ڕەنگە ئەمە نیشانەیەکی باش بێ .

لەوە دەچوو کە سوزان گاڵتەم پێبکات . تەنانت وام هەستدەکرد جۆرە حەقارەتێکی پەنامەکی لە پشت قسەکانیەوە هەیە . وەکو ئەوەی بێ توانایی و بێ بەهرەییەکەم ، خەتای خۆم بێ ! وەکو ئەوەی ئەو هانی نەدا بووبم کەمل بەم ڕیسکەوە بنەم . گوتی :

- با باسی ئەم بابەتە نەکەین . تۆ زۆر ماندووی ، هەست بە شکست و بەزین دەکەی ، بەڵام تۆ بە تەمای چیت گیانەکەم . خۆ نووسینی کتێبێک ، وەکو هەڵگێڕانەوەی پارچەگۆشتێکی ناو تاوە ، ئاسان نییە ! کاتی دەوێ ، بیرکردنەوە و هزرین و ڕامانی دەوێ . تۆ لە ڕادە بەدەر پشتت بە بەخت و یەغباڵ بەستووە ..

سوزان ، دەوری خانمێکی گەورەی دەبینێ ، بە جۆرێ ڕەفتاری دەگەڵ دەکردم وەک ئەوەی قوتابییەکی بچووک بم و کارتەکەی بۆ ئیمزاکردن هێنابێتەوە . ئەمەم زۆر لەبەر گران بوو ، حەزم دەکرد یەک بەخۆم هاوار بکەم ، گاز لە یەکێک بگرم کە چی گوێم لە خۆم بوو کە بە ئەسپایی دەمگوت :

- تۆ لە هیچ شتێ ناگەی .. لە هیچ شتێ ..

من وەک زامدارێک کە کراسەکەی بە سەر زامەکەیەوە لکابێ و لای ببات و لە ناکاوا ناوەندی سووری زامەکەی و سەرچاوەی ئازارەکەی بدینێ ، بەو ئاوایە لە دەرد ومەینەتی خۆم ترسا بووم . سوزان دوور لە من لەبەر ئاوێنەکەدا قژەکەی شانە دەکرد . لەپڕ وەکو کانییەک بکەوێتە خوڕەخوڕ ، بەو ئاوایە کەوتە گێڕانەوەی دیدارەکانی . جا قسەی بێتام ، سادە ، تووند و لە هەمان کاتدا ئارام بەخش :

- گیانەکەم ، فەزای ژوورەوە وەکو موغازەی نوقڵ فرۆشی بوو ، هەمووی شووشەبەند بوو ، پەردەی ئاوریشم ، ئاوێنەی زێڕ و گوڵ ! کۆنتیس میکادو وەکو شاژنێک پێشوازی کردم . کتێبەکەی تۆی خوێندووەتەوە ..

دەبوایە لەم قسە بێتامانە پەست و تووڕە بم . بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەستم دەکرد جۆرە ئارامی و ئاسوودەییەک بە دڵ ودەروونم دەبەخشن . ڕێک وەکو کەسێکی مەحکووم بە ئیعدام ، کە هەزارو یەک لەزەت لەو ڕۆژانە ڕووداوانەی دەوروبەری خۆی دەبینێ ، کە جاران پێیان پەست دەبوو ، منیش بەو ئاوایە گوتە ستایش ئامێزەکانی سوزان ، کە شەوێ پەستیان دەکردم ، ئەمرۆ زۆر بەلامەوە خۆش بوون . زۆر چاک دەمزانی بەو زووانە لە گفت وگۆ و دەعوەت و کۆڕی ئەنجوومەنانی باڵا و ئەرستوکراتانە ، دوور دەکەومەوە ، شۆرەتم دادەمرکێتەوە و ناوم بەدەم بای ڕۆژگارەوە ، سیس دەبێتەوە . بۆیە لە ناکاوا ، هەستێکی وام لە لا دروست بوو ، خوا خوام بوو زیاتر تامی ئەو وردە شادییانە بچێژم کە هێشتا ئاوا نەبوو بوون . لە دڵی خۆدا گوتم :

- تەنیا یەک ساڵم لە بەردەمدا ماوە . دەبێ ئەم دەرفەتە بە فیڕۆ نە دەم ، بچووکترین شادمانی هەنووکە مانا و چەمکێکی هێندە هەستیاری هەیە کە دەبێ بە هەمان تاسە و تامەزرۆیی کەسێکی مەحکووم بە ئیعدام ، بۆی بێمە سەر چۆک و بە مەمنوونیەوە سوودی لێوەربگرم !

سوزان هێشتا قسەی دەکرد . من لە دڵی خۆمدا ، بە تاسە و تامەزرۆییەکی کوت و پڕەوە کەوتمە دەورکردنەوەی هەموو نیشانە ڕەواڵەتی و دەرەکییەکانی سەرکەوتن ، چەندین کۆڕ و دیدار نە چوو بووم ، چەندین تاریف و ستایشم نەژنەوتبوو ، گوێم بەو سیمایانە نەدابوو کە بە ڕووما دەخەنینەوە .. کە ئەوانەم وەبیر هێنانەوە ، ترسێکی گەورە دایگرتم ، هەنگێ زانیم چەند خەمسارد و بێ موبالات بووم .

***

نووسەری ڕاستەقینە ، لە ئەزموونی ئابڕوومەندانەی پیشەکەیەوە ، خۆشییەکی دوولایەنەی دەست دەکەوێ . یەکەم ئاشنای زەوق و شادمانی قووڵ و گرینگی ئەفراندن و داهێنان دەبێت و هەر وەها ئاشنای خۆشی و لەزەتە ڕواڵەتیەکانی شۆرەت دەبێت . بەڵام منێک کە لە نووسەرایەتیدا ، تەنیا ناو و پێگە کۆمەڵایەتییەکەیم هەیە ، بۆ شکاندنی تینوویەتی خۆم ، جگە لەم لەزەتە ڕواڵەتیە هیچی ترم بۆ نامێنێتەوە .. بۆیە نامەوێ چیتر ئەم شادییە ڕواڵەتیانە بە کەم بگرم ، هەقی خۆی نییە ؟ خەریکە حەز بەم ڕواڵەتبازیانە دەکەم ، چونکە تەنیا ئەمەم بۆ دەمێنێتەوە و لەمە زیاترم پێ نابڕێت . من کە تا ئەم دواییانەش ، سڵم لەوە دەکردەوە کە دەگەڵ سوزاندا بچمە کۆڕ و کۆبوونەوەی پڕ چەنەبازی ئەرستوکراتان ، ئەمڕۆ ، بەیانییەکەی لێم پرسی کە ئایا بە تەما نییە ، بچێتە چوارشەممە ئاهەنگی مەدام مارتینە — مارتینو ، تا لە گەڵیا بچم . سوازن سەری لەم هەڵوێستەی من سووڕما . چۆن ئامادەم لە گەڵیا بچمە ئاهەنگ و کۆڕێک کە هەمیشە گاڵتەم پێدەکرد . بەواقی وڕەوە گوتی :

– چی بووە جاک ؟ گۆڕاویت ؟

بەڵێ .. گۆڕاوم ، ئەمەش شتێک نییە کە فشەی پێوە بکرێ !

# فەسڵی دووەم

ئەمشەو چووینە شانۆیی ( مەترسی پەمەیی ) ، ئەمە نمایشنامەیەکی کوانییە بوو . کوانییە ، لە خەڵاتی موپاساندا هەڤڕکی من بوو . جا کوانییە ، وێڕای ئەو دژایەتیەی ، کە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کێبڕکێیەکە لەلایەن دەستەی داوەرانەوە ، من و ئەوی لێکدی دوور خستبووەوە ، مەرد ومەردانە دوو بلیتی بۆ من و سوزان ناردبوو .

هۆڵی نمایشەکە ، زۆر ڕازاوە و جوان بوو . پیاوانی ڕدێن تاشراو ، ژنانی شان ومل ڕووت ، لە مەیدانی سوور و زەردی لۆجەکان و لە بالکۆنەکاندا ، بەدەم جووڵاندنی نەرمی باوەشێنەوە ، بە دەم سەرلەقاندن و ئاماژەی دەستیانەوە ، لە جم وجوڵ و هاتوچۆدا بوون . بۆنی عەترێکی تێکەڵ لە بۆنی هەزاران عەتری ژنانە و پۆدرەی نایاب ، لە شێوەی هەڵمدا بەرز دەبووەوە و لە ناو تیشکی سپی شانۆکەدا گێژی دەخوارد . هەمهەمەی بە جۆش و ناسکی قسان لە بەینی دەم و چاوەکاندا دەسووڕایەوە . من ، تەمەشای یەک بە یەکی سیما ئاشناکانم دەکرد . سوزان بە زەردەخەنە ، بە ئاماژەی سەری ئەنگوست ، یا بە وشەیەکی کورت ، بە ڕاست و چەپدا سڵاوی دەکرد . هێشتا پەردەی شانۆکە لا نەبرابوو ، کە هەستێکی دزێو و نەنگینی بەغیلی سەرودڵی گرتم . بەغیلیم بە کوانییە دەبرد کە توانی بووی ئەم هەموو خەڵکە کۆبکاتەوە تا چەپڵەی بۆ لێبدەن یان فیکەی بۆ بکێشن . بەغیلی ئەوەم پێدەبرد کە چۆن دوای ئەو کتێبەی کە دەستەی دادوەران بەگەنیان نەکرد بوو ، توانیویەتی ئەم نمایشنامەیە بنووسێت . بەغیلی ئەوەم پێدەبرد ، کە توانا و بەهرەی تایبەتی خۆی هەیە ، دەتوانێ پشت بەو بەهرەیە ، بەمەیل و ئارەزووی خۆی بەرهەمێک بنووسێت .

پەردە ، بە سەر دیمەنێکی هێندە جوان و خاوێن و نوێدا کرایەوە ، کە من لەناخی ناخەوە حەپەسام . ئەکتەرەکان ، بەجلی شاش و تەنک و گران بەهاوە لە سەر شانۆ دەرکەوتن . لەو شەش پاڵۆ ڕوناکییەوە ، لەو جامخانە سەیرەوە کە ڕۆچووبووە قوڵایی شەوەوە ، چەند دەنگێک بەرز بووەوە ، چەند قسەیەکی ئەفسووناوی هونەرمەندانە ئاڵو گۆڕکران . پیاوێکی گەنجی ڕەنگ مسین ، تا قەراخ سەرچاوەی ڕوناکییەکە هات و دەگەڵ ژنێکی گەنجی بلورینی پرشنگداردا ، زۆر بە پەلە کەوتە قسە . لە ناکاوا خەندەیەکی بەرز و شووم و شادی حەیوانی قسەکەی ئەوانی بڕی . کۆمەڵێک دەستی لەمەچەکەوە بڕیاگ ، لە دەورو بەری مندا کەوتنە چەپڵەلێدان ، کۆمەڵێک سیمای تاریک ، کەوتنە جم وجوڵ و هات و چۆ ، لێرەوە بۆ ئەوێ و لە وێوە بۆ ئێرە .

ئەمە یەکەمین نیشانەی سەرکەوتنی شانۆنامەکە بوو ، ئەمەم پێ قووت نە دەچوو ، لە بەغیلیدا ، لە ناخەوە دەلەرزیم . سوزان کە لای منەوە دانیشتبوو ، پێدەکەنی و چەپڵەی لێدەدا . منیش لە ڕووی ئەدەب و ئەتەکێتەوە ، چەپڵەم لێدا . بەڵام وام دەهاتە بەرچاو کە هەموو ئەم خەڵکە لە من هەڵگەڕاونەتەوە . بە تاریف کردن و ستایشی

بەرهەمی کەسێکی دی ، سووکایەتی و حەقارەت بە من دەکەن ، خیانەت لە من دەکەن و گاڵتەم پێدەکەن . هەر سەرکەوتنێکی خەڵکانی دی ، بۆ من وەکو ناکامی و شکستی شەخسی بوو . وەک ئەوەی نەشێت تاریف و ستایشی جەماوەر ، بەسەر چەند کەسێکدا دابەش بکرێت ! وەکو ئەوەی دڵی ئینسانێک ئەوەندە گەورە نەبێ کە جێگای سەدان مەحبووب و خۆشەویستی تیا ببێتەوە ! لە ناکاوا ئەم بیرۆکەیەم بە مێشکا هات کە :" تەنیا ماوەیەکی کەمم بە دەستەوە ماوە کە لەزەت لە شۆرەت و ناوبانگ ببینم ، ئیدی ئەی جەماوەر ، بۆچی لوتف و سۆزی خۆت بەرانبەر بە من ناپارێزی ؟ هەر کاتێ من بە فەرامۆشی سپێردرام و بیر چوومەوە ، هەنگێ نۆرەی خەڵکانی دی دێت . بەڵام تا ئەوکاتە دێ ، دەبێ پشت نەکەیتە من ، جوامێری خۆت نیشان بدە ، تکا دەکەم دەگەڵ مندا بمێنەوە ! " .

دەنگی چەپڵەلێدانی حەشیمەتەکە ، برا ، دووبارە ، جەماوەرە تەمەشاڤانەکە ، کروکپ ، وریا وگوێ قوڵاخ ، وەکو حەیوانی ماڵی ، بە دیقەتەوە کەوتنە تەمەشاکردن . خەریک بوو لە ترس و لە ڕقا شەق بەرم . دەترسام قسە یان وەڵامی تازەی ئەکتەرێک دووبارە ئەم مێگەلە بجووڵێنێ و بیهێنێتەوە جۆش و خرۆش . خۆزگەم دەخواست ، بەشی دووەمی دیالۆگێک پچرپچڕ و سست و مردوو بێ ، جووڵەی ئەکتەرەکان بێتام بێ ، لەپشت پەردەوە هەرا و زەنا بەرز ببێتەوە ، لە دڵی خۆدا ، بەدخوا و بێپەروا دوعام دەکرد کارەساتێک بقەومێ ، پەیوەندییەکانی نێوان تەمەشاڤانان و کاراکتەرەکانی نمایشنامەکە بپچڕێ ، و ناڕەزایەتی دروست ببێت و من لەم کێبڕکێیەدا ، کە تیایدا بەشدار نەبووم ، سەرفراز و سەرکەوتوو دەربچم ! خۆزێم دەخواست ڕستەیەکی تەوسامێز ، یان داوەرییەکی سەختگیرانەم سەبارەت بەم نمایشنامەیە بەرگوێ بکەوێ و لە خۆشیا خەنی ببم ! بەڵام نمایشنامەکە وەکو سەعاتی میقاتکراو دەڕۆیی ، و هەموو تەمەشاڤانەکانی ئەفسوون دەکرد . جا من لە جیاتی ئەو ڕەخنە وئیرادەی کە دەشیا خۆشحاڵم بکات ، گوێم لە چپەی تاریف و ستایشی خەڵکی بوو دەیانگوت : " چەند دڵگیرە .. چەند جوان .. چەند ناسک و لە بەردڵانە ! .."

تەنانەت سوزانیش ، باسکی گرتم و بە قەناعەتی تەواوەوە گوتی :

– پێموایە سەرکەوتنی تەواوی بە دەست هێناوە .

هیچ وەڵامێکم نەدایەوە ، هەستم دەکرد ، تاسە و جۆشی خەڵکەکە سات بە سات بەرزتر دەبێتەوەو من بە سەر کورسییەکەمەوە تلیساومەتەوە و بوومەتە مایەی گاڵتە و فەرامۆش کراوم . لە هەموو ئەمەش خراپتر ئەوە بوو کە ناچاربووم دان بەوەدا بنەم کە کوانییە ، پیاوێکی بە بەهرەو داهێنەرە .

کاتێ پەردە بە سەر دوا دیمەنی بەشی یەکەمدا دادرایەوە ، دەنگی چەپڵە و هورا کێشان بەرز بووەوە و ڕوناکی کوت وپڕ چاوی خستمە ڕێشکە وپێشکە ، گێژو وێژ و بەپەلە ڕامکرد بۆ هۆڵی جگەرەکێشان . لە دواوە گوێم لە

دەنگی ناسازی دایکە هیپ بوو کە دەیگوت :- ئەمە جۆرە پەڕەجو و زمانبازییەکی سەیرە بە شێوازی موسییە ! (موسییە : شاعیر و نووسەرێکی فەرەنسی سەدەی نۆزدەیە ) .

لە هۆڵە گەورەکەدا کە بە جامخانەی جۆراو جۆر ڕازابووەوە و زۆر ڕوناک بوو ، جەماوەرەکە بەکاوە خۆ هاتوچۆیان دەکرد و هەندێکیان ناسیاوی خۆیان دەبینی و بە دەم پیاسەوە و بەپەلە چاک و خۆشیان دەگەڵ یەکدیدا دەکرد . هەندێ گرووپ لە سووچی دەرگاکان وەستابوون ، من لە کاتێکا گوێم هەڵخستبوو تا بزانم چ دەڵێن ، لە پڕ ڕۆژنامەنووسێک بلەز بەرەو لای من هات ، پێشتر ئەم ڕۆژنامەنووسەم لە ئۆفیسەکەی پریور بینی بوو و دەمناسی . تروسکەی ئومێدێک دڵ و دەروونی ڕوناک کردمەوە . ئەنجام کەسێک خەریکە بە سەرم دەکاتەوە و لە ناو ئەم حەشیمەتە زۆرەدا ڕوو لە من دەکات و لەوەیە چەند پرسیارێکم لێبکات ! تەمەشایەکی نیمچە سەرکەوتووانەی سوزانم کرد ، بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند . ڕۆژنامەنووسەکە گوتی :

- جەنابی سوربییە ، بمبورە کە دەمەوێ لە پشووی نێوان پەردەکاندا قسەت دەگەڵدا بکەم ، بەڵام لە مێژە پێوە بووم کە گوت وبێژێکی ڕۆژنامەوانیت لە گەڵدا بکەم ، ئیدی وا کەوتە ئەم ڕۆژەوە . مۆڵەتم دەدەی ئەم هەلە بقۆزمەوە ؟

به دەم بزەیەکی میهرەبانەوە گوتم :- فەرموو ، بە دڵی خۆت !

خۆم ڕێکخست و قیت و قۆز ڕاوەستام . ڕۆژنامە نووسەکە کە پیاوێکی کورتەباڵا بوو ، تازە ڕدێنی دەرکردبوو ، عەینەکێکی درشت و ئەستووری قەدیمی لەچاو بوو ، ئیکلامێکی کرد ، دەفتەر و قەڵەمێکی لە بەرکی دەرهێنا و بەو پەڕی وێڵ و ماریفەتەوە لێی پرسیم :

- پێت ناخۆش نییە ، ئەگەر پرسیاری ئەو پرۆژە ئەدەبیانەت لێبکەم کە بەتەمای لە کاتی کردنەوەی قوتابخاناندا بیکەی بە سپرایز ؟

گوتم :- نا ، بە هیچ جۆرێ .

- ڕۆمانی تازەت بە دەستەوە هەیە ؟ ...

تەزوویەکم پێداهات . وەکو ئەوە بوو ، جەزرەبەیەکی هەڵە ، کۆنە زامێکی کولاندبمەوە . دەم وچاوم سوور بووەوە . ژێراو ژێر نیگایەکی سوزانم کرد . ئەو لە نزیکی ئێمەوە وەستابوو و چاوەڕوانی بەرسڤی منی دەکرد . بە نە بەدڵی و دوو دڵییەوە گوتم :- بەڵێ .. من .. من ڕۆمانێکم بە دەستەوەیە ..

- درێژەی ڕۆمانی (غەزەب) ە ؟

- لەوەیە ...

سوزان لە بەردەم ئاوێنەیەکدا وەستابوو و وای دەنواند ، گوایە میکیاجەکەی تازە دەکاتەوە ، بەڵام سوور دەمزانی کە گوێی بۆ هەر وشەیەکی من هەڵخستووە . بۆ یەکەمجار هەستم کرد کە ئەم درۆ کردنەم لە حوزوری ئەودا ئازارم دەدات . بە پەلە و بە دەمەلاڵکێوە گوتم :- بەڵێ .. یانی ڕۆمانێک دەبێ لە بابەتی غەزەب ..

- یانی زبر و توندە ؟

- بێگومان ، بەڵام شەقڵێکی بڕێک نەرمتری هەیە .

- ناوی ڕۆمانەکە چییە ؟

- هێشتا ناوم بۆ دانەناوە .

ڕۆژنامەنووسەکە ، چەند سەرنجێکی لە دەفتەرچەکەیدا تۆمارکرد و منیش ئەم دەرفەتەم قۆستەوە تا هەناسەیەک بدەم . هەستم کرد ، بن باڵم خەریکە گڕ دەگرێت . پڕ بە دڵ حەزم دەکرد هەڵێم . نیگای ئەفسووناوی سوزان ، هێشتا بە ڕۆخسارمەوە بوو . ڕۆژنامەنووسەکە سەری هەڵبڕی ، قەڵەمەکەی بە نووکی کە پوویدا هێنا و پرسی :

- ئایا دەتوانم داوا بکەم نەخشە و شێوازی کارکردنەکەتم بۆ ڕوون بکەیتەوە ؟

وام وێنا دەکرد ، کە سوازن لە ناکاوا لە قاقای پێکەنین دەدات ، لە ڕاستیا ، واپێدەچوو ، گاڵتەی بەمنیش بێ کە بەمجۆرە کۆمیدیە دەوری بلیمەتێکی هوشیار و بەهرەمەندم دەگێڕا .

بەجۆرە تووڕەییەکەوە گوتم :

- من بە بێ پلان و نەخشە کاردەکەم . بە گوێرەی دڵی کاراکتەرەکان کاردەکەم ، دوای ئەوان دەکەوم . ڕووداوەکان لە ئەنجامی بەرخورد و ململانێی ناگەهانی ئەوانەوە دروست دەبن ..

ڕۆژنامەنووسەکە گوتی :- ڕێبازێکی سەیرە ، زۆر سەیرە !

تا گوت وبێژەکەمان زیاتر درێژەی دەکێشا ، زیاتر هەستم بە کلۆڵی و نەگبەتی و گومڕایی خۆم دەکرد و هەستم دەکرد مایەی پێکەنینم . ڕقم لەم پیاوە نەناسە هەڵدەستا کە بە پێداگری خۆی ئەزیەتی دەدام . ڕقم لە سیمای تەنزئامێز و ئاسوودەی سوزان بوو . ڕقم لەو خەڵکانە بوو کە بە سەروسیمای کونجکاوی حیزانەوە لە دەورمان خڕ

دەبوونەوە و ، تا چەند ساتێک لەوە پێش خواخوام بوو ئاوڕێکم لێبدەنەوە . گوێم لێبوو لە بەینی خۆیاندا بەچپە دەیانگوت :

- ئەمە سوربییەیە .. براوەی خەڵاتی موپاسان .. با ، خۆیەتی .. بەڵام لە وێنەکانیا گەنجتر دیارە ..

زۆر بێتاقەت بووم ، خواخوام بوو زووتر وازم لێبێنێ . باش بوو دەنگی زەنگی کۆتایی پشووەکە فریام کەوت و لەم ئەزابەی ڕزگار کردم . لە کاتێکا کە دەگەڵ سوزاندا بۆسەر جێگاکەی خۆمان دەگەڕاینەوە ، خۆم پێنەگیرا و پێمگوت :- وام هەستدەکرد ، گوت و بێژەکەمت زۆر بەلاوە خۆشبوو !

گوتی :- گیانەکەم ، ئەوەم بە دڵ بوو کە بەم ئاسانییە درۆت دەکرد .

مانگێک لەمە پێش هەرگیز زاتی نەدەکرد بەم شێوەیە بەرسڤم بداتەوە . نا .. نا .. وا دیارە باوەڕی پێم نەمابوو ، بە کابرایەکی دزی ئەدەبی بچووکی دەزانیم . وا دیار بوو سەرکەوتنەکەم کەمێک ئازاری دەدا . لەکاتێکا لە کورسییەکەمدا نقوم بوو بووم ، جڵەوم بۆ خۆش کرد بوو کە دیمەنە جۆراو جۆرەکانی شانۆنامەکە و پێکەنین و چەپڵەڕێزانی تەمەشاڤانە زۆرەکە بەزەینمدا تێپەڕن . نە هیچم دەبینی و نە لە هیچ تێدەگەیشتم . لە کڵۆڵی و داماوی خۆمدا غەرق بوو بووم . جگە لە من و خەم و پەژارەکانم چ شتێکی دیکەم لەم دنیایەدا نەبوو . هەستم دەکرد وەکو بالووکەیەکی پیس لە ناو جەرگەی ئەم هۆڵەوە سەرم قوت کردووەتەوە .

لە کۆتایی پەردەی دووەمدا ، بەخۆم زانی کە بەرنامەی ئاهەنگەکەم دڕیوە و پارچە پارچەم کردووە . بە درێژایی ماوەی پشووەکە لە جێگای خۆم نەجووڵام . تەنانەت پێشنیازم بۆ سوزان کرد کە بۆ ماڵ بڕۆینەوەو چاوەڕوانی کۆتایی شانۆنامەکە نەکەین .

سوزان گوتی :- کوانییە زویر دەبێ ، پیاوە لەکن خۆی دەعوەتی کردووین . جوان نییە .. ئەمە جگە لەوەی من نمایشنامەکەم پێخۆشە .

پەردەی سێیەمم بەلاوە زۆر درێژ بوو ، لە کۆتایی نە دەهات .

پڕ بەدڵ حەزم دەکرد ، ڕوو بە ڕووی هەموو ئەو کەودەن و گەوجانە بوەستمەوە کە لەگەڵ هەر جووڵەی ئەکتەرێکا یان هەر وشەیەکی ناسکی نووسەرەکەدا ، دەخرۆشان ، بەڵێ ڕوو بە ڕوویان بوەستمەوە و بەر دەمرێژی جنێویان بدەم یان بەر زللەیان بدەم .

خانمێک که له تەنیشتمەوه دانیشتبوو  وەک ئەوەی باسی شیرنیەمەنی و چەرەسات بکات هەرسا تا ساتێ لەبن لێوانەوه دەیگوت :- چەند جوانه .. که خۆشه !

پەردەکه ، به دەم شەپۆلی چەپڵەڕێزانەوه دادرایەوه . له سەر داوای ئاماده بووان ، شەش کەڕەت ئەکتەرەکان هێنرانەوه سەر شانۆ ، هەموو تەمەشاڤانەکان هەستابوونه سەرپێیان ، هەڵدەپەڕین ، چەپڵەیان لێدەدا و هورایان دەکێشا . شانۆکه له سەران و دەستانی سوور وسپیدا شەپۆلی دەدا . ڕوناکییەکی تیژ ، هێندەی دی ئەم دیمەنه پڕجۆش و خرۆشەی بەرجەسته دەکرد . دەتگوت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕووی دابوو . ئەوسا گوێم لێبوو هاوار له هەموو لایەکەوه بەرز بووەوه :- نووسەر ! نووسەر !

سوزانیش گوێ به گوێی ئەوان هاواری دەکرد .

سەرەنجام پەردەکه هەڵدرایەوه ، یەکێک له ئەکتەرەکان دەرکەوت ، دەستی کابرایەکی مردەلۆخی ، کورتەباڵای ئەسمەری گرتبوو که قاتێکی کۆنی لەبەر وعەینەکێکی ئەستووری چوارچێوه سەدەفی له چاو بوو . هەنگێ هورا وهاواری ستایش ئامێز بەرز بووەوەو وەکو شەپۆلان لەبەر پێی ئەو پیاوه سەرکەوتووەدا داڕژا . له خۆشی و شادیدا ، سەروسیمای گێژ و وێژ دیار بوو . هەستم به شادییەکەی ئەو دەکرد ، دەگەڵ دەرد وئازار و خەم و پەژارەکەی ناخی خۆمدا بەراوردم دەکرد .

- کوانییه ! بژی کوانییه ، دەست نەڕزێ کوانییه ! ..

دڵڕەقی ناخودئاگای ئاپۆڕاکەم له دڵ گران بوو . ئایا ئەمانه دەیانزانی کاتێ که هورایان بۆ کوانییه دەکێشا و ئەویان تاریف و ستایش دەکرد ، منیان خەمبار دەکرد ، ئەزیەتیان دەدام ، پایەماڵیان دەکردم و نابووتیان دەکردم و دەرۆیشتن ؟ هەستم دەکرد ، ئەو جەماوەره زۆرەی که پشتیان کرد بووه من ، که خیانەتیان لێکرد بووم ، به سەر جەستەی مندا تێدەپەڕی . تەنانەت سوزانیش ، که دەبوایه سەرفراز و بێمنت دەگەڵ مندا بماباوه ، تەنانەت ئەویش به داخەوه دەستبەردارم بوو بوو ، لای منەوه وەستابوو ، بەڵام سەرسام و دڵبەند و شیفتەی کەسێکی دیکه بوو .

بۆ ساتێک بیرم لەم شەوه کردەوه که لەبەردەم کوانییەدا بووم . بێگومان ئاهەنگ و ئێواره خوانێکی گەوره و سەرکەوتوانه چاوەڕوانی دەکرد . گوت و بێژێکی گەرم دەگەڵ ژنەکەیدا چاوەڕوانی دەکرد و نەخشه و پلان ... یانی هەموو ئەو شتانه که منیش جەڕپاند بووم و ئێستا به ناچاری چاوپۆشیم لێکردبوون .

کاتێ لە شانۆیەکە وەدەرکەوتین ، شەوی کڕوکپ و بێدەنگ و فێنکی مانگی تەمووز لە باوەشی گرتین . بەڵام دڵم تەنگ بوو ، شانەکانم دەیەشان ، سوزان بە جلکی ئاهەنگ و شانێلی مەخمەڵی سوورەوە ، لە ژێر تیشکی گڵۆپانی شەقامەکەدا چریسکە چریسک پرشنگی دەدا . قسەی دەگەڵ مندا نە دەکرد ، ئەو ڕازەی کە جاران لێکدی نزیک کردبووینەوە ، ئێستا لێکی دوور دەخستینەوە .

# فەسڵی سێیەم

لێبڕام ، بەهەر نرخێ بووە دەست بە نووسین بکەمەوە . لە بابەتێک دەگەڕێم کە بە کەڵکی نووسین بێ . بەپەلە و بەخەتێکی ناخۆش ، چەند لاپەڕەیەک لە فەسڵی یەکەم ڕەش دەکەمەوە ، بە خەیاڵ دڵی خۆ بەوە خۆشدەکەم کە خەریکی بەرهەمێکی مەزنم کە لە گومناوی و عەدەم ڕزگارم بکات .

دوا بڕە پارەیەک کە لە پریورم وەرگرتووە ، بەشی ئەوە دەکات بۆ ماوەی شەش مانگان ، بەوپەڕی خوشگوزەرانی پێی بژین .. لە ئێستاوە تاشەش مانگی دی هەزار کڵاو بەبایەک ..

لە سوزان دانابڕێم ، بۆ هەر کۆڕ و بۆنە و ئاهەنگێک بەگەڵی دەکەوم . بەڵام زۆر بە چاکی و پتر لە جاران ، هەستدەکەم کە ئەو بایەخەی بەمن دەدرێ ، ئەو زۆر پەست و تووڕە دەکات . پێرێ گوێم لێبوو لە وەڵامی کوڕێکی گەنجدا دەیگوت :

– مێردەکەم ؟ نا ، هیچ کارێک ناکات ، جار جار خوابەختەکی ، بێ بەرنامە ، چەند وشەیەک ڕەش دەکاتەوە . باوەڕناکەم بەم زووانە هیچ شتێک چاپ و بڵاوبکاتەوە . غەزەب زۆری ماندوو کردووە . ئەم ڕۆمانە بە تەواوەتی خاڵی کردووەتەوە . هیچی پێ نەهێشتووە ..

هەر ئەو ڕۆژە بۆ شەوەکەی گلەییم لە سوزان کرد کە بۆ ئەو قسە نابەجێیانەی کردووە ، بەڵام بۆی دووپات کردەوە کە هەرگیز ئەوقسانەی نەکردووە . پێدەچوو زۆر تووڕە بێ .

*

بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەی کە خوێندنی ئامادەییم لەوێندەر تەواو کردبوو ، داوای لێکردم کە بە بۆنەی دابەشکردنی خەڵات بەسەر قوتابییە سەرکەوتووەکاندا ، وتارێک بدەم . داواکەیم قەبووڵ کرد . بە هەرحاڵ توانای نووسین و ئامادەکردنی ئەو جۆرە وتارەم هەبوو . کاتێ نامەکەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم بە سوزان نیشان دا ، بە تەوس و توانجەوە گوتی :– قوتابیانی بێنەوا ! دیارە باسی کاریگەری ئەخلاق و ڕەوشتیان بۆدەکەی ، ها ؟

سوزان ، لە جیاتی هەموو هاندانێک ، تەنیا ئەو قسەیەی کرد .

*

مژوولی نووسینی وتارەکەمم .

سوزان چەند جارێک خۆی بەو ژوورەدا کرد کە خەریک بوو وتارەکەمم تیا دەنووسی . سەراپای بوونی ، تێکڕای ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی پشم و غەزەبێک بوو کە بۆی نە دەشاردرایەوە . لە ڕەفتارەکانی حاڵی نە دەبووم . ئەگەر باوەڕ ومتمانەی بە من نەماوە ، واچاکە دەستبەرداری لووتبەرزی و قۆرەدەماخی خۆی بێ و ببێتەوە بە سوزانەکەی جاران . هاوسەرێکی خاکی و بەقنیات و دۆستی ڕۆژانی تەنگانە . بەڵام وادیارە گەرەکییەتی دەوری هاوسەری نووسەرێکی گەورە بگێڕێت ، و چاوی بەرایی نەدات کە خەڵکی وەکو نووسەرێکی گەورە مامەڵەم لە گەڵدا بکەن . دەیەوێ لە بەرچاوی خەڵکیدا مەدام جاک سوربییە بێت ، هاوسەری ئەم ڕۆماننووسە بە نێوبانگە بێ . بەڵام لەناخی خۆیدا خوازیارە کە من چاوپۆشی لەم کەسایەتییە نووسەرە بکەم ، کە لە دەرێی ئەم کەسایەتیەدا ناکەمە هیچ . بێگومان وا وێنادەکات کە سەرکەوتنی یەکەمین ڕۆمانم ، بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوی چەسپاندووە و هەرچییەک ڕووبدات ، هەر هەوراز و نشێوێک بێتەپێشێ ئەو هەر دۆستی ماڵباتی مارتینە — مارتینو ، خانەوادەی موریل و میکادەیە ، و چارەنووسی بە چارەنووسی منەوە بەند نییە و دەتوانێ من فەرامۆش بکات و گوێم پێ نەدات . ڕەفتاری نالۆژیکی و نا پەسەندی سوزان سەرسام و پەستم دەکات . و ێڕای ئەمەش نەمگەرەکە لەمبارەیەوە قسەی دەگەڵدا بکەم ، چونکە دەترسم بەدحاڵی بوونێک چێ ببێت ، ئەو تۆزە پەیوەندییەش لە نێوبەرێ ، کە لە بەینمانا ماوە .

*

سوزان بەردەوام تاقیبم دەکات ، هەوڵدەدات بزانێ کە بیر لەچی دەکەمەوە ، خۆیم لێدادەگرێت ، بەڵام من هەموو بیرکردنەوەیەکی ئەو دەخوێنمەوە . کە گوێم لە دەنگی پێی دەبێ بە ژوورەکەی تەنیشتا دێ و دەچێت ، زۆر قەڵس دەبم . دەزانم لەهەنجەتێک دەگەڕێت کە خۆی بەم ژوورەی مندا بکات . لە ناکاوا دەرگا ڤەدەبێ ، هەست بەنیگای دەکەم کە لەسەر ڕوخسارم ، دەستەکانم و کاغەزەکانی بەردەممدا دەگیرسێتەوە . ئەوسا دەڵێت :

– ببورە ، وا دیارە خەریکی نووسینی !

ئەم ڕستە ئاساییە لە زاری ئەودا ، چەمک و مانایەکی هێندە تەوسامێز وکینەکێشانە وەردەگرێت ، کە خۆم لە وەڵامدانەوەی دەبوێرم . ئەوسا سوزان بە پێڵاوە بچووکەکانییەوە ، جیرەجیڕ بە دەوری مێزەکەدا دەسووڕێتەوە و کتێبێک لە ڕەفەکە دادەگرێ ، تەمەشایەکی دەکات و ئەوسا لە جێی خۆی دایدەنێتەوە . بە ئانقەست دڕیژە بە لەزەتی ئازاردانی من دەدات . پڕ بە دڵ حەزدەکەم هاواری بە سەردا بکەم و بڵێم :– ون بە لە بەرچاوم ! بۆدەرەوە!

بەڵام ئەگەر لە ماڵەکە بڕوات ، زیاتر هەست بە نەگبەتی و کڵۆڵی دەکەم . دەترسم کارێک بکات لە بەرچاوی هەوادارەکانم بخات . وا وێنادەکەم ، لەڕێگای ئاماژەو ئەدا و ئەتواری نائومێدانە و ، ئاە و ناڵەی بەزەیی وروژێنەرەوە

، شۆرەت و ناوبانگم لەکەدار بکات . بیسرپێتەوە . یان لەوەیە ئاشقێکی هەبێ و لەرقاندا هەموو شتێکی بۆ بگێرپێتەوە و ئەویش لە هەموو دنیا تەپڵم بۆلێبدا ..

چەند حەزدەکەم کەسێکی حەسوود و خانەگومان بم ، بەڵام هەستدەکەم ، کە ئەگەر لەترسی کەشف بوون و ڕیسوایی نەبوایە ، بێوەفایی و خیانەتی سوزانم بەلاوە گرینگ نەبوو ، چونکە ئەوم زۆر کەمتر لە ناو و لە کارەکەم ، خۆشدەویست . ئەوم زۆر کەمتر لە خۆم خۆشدەوێ .

# فەسڵی چوارەم

دابەشکردنی خەڵاتەکان ، لە هۆڵە گەورەکەی قوتابخانەکەدا ئەنجام درا . حەوشەکە بە بەیداخ و ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ ڕازابووەوە کورسی زەردی زێڕینی تیا ڕیزکرابوو ، بە دارخۆرا و داری دیکە ڕازابووەوە . لایەکی مەیدانەکە بەفەرشی سوور ڕاخرابوو و بۆ مامۆستاکان و پیاو ماقوڵان تەرخان کرابوو، بەشێکی دیکەی دواوەی هۆڵەکە بۆ ئەندامانی ئۆرکستەر و ئامێرە موزیکیەکانی ئەوان تەرخان کرابوو . لە هەنبەر بەشی یەکەمدا ، کۆمەڵێک تەختی دارینی سپییان بۆ قوتابی و خوێندکارەکان دانابوو .

کورسییە زەردەکان بۆ خێزان و کەس وکاری قوتابییەکان دانرابوو .

وەختێ من و سوزان گەیشتینە قوتابخانەکە ، دەرگاوانەکە بۆ ژووری بەڕێوەبەری بردین ، کە مامۆستاکان لەوێ خڕبوو بوونەوە و جلی فەرمیان لە بەر کردبوو و بەو جلانەوە لە پەیکەری بێ گیان دەچوون . بەڕێوەبەری قوتابخانە کە من لە دوا ساڵی خوێندنمدا ناسیاویم دەگەڵیا پەیدا کردبوو ، چیوای بۆ خانەنشینی نەمابوو . پیاوێکی کورتەباڵای ڕەقەڵەی بزن ڕیشی ، ڕدێن سپی بوو . برۆ پڕوچرەکانی لە چەرداخ دەچوون . دەستمی خستە ناو دەستە ساردەکانی خۆی و گوتی :

– سوربییەی ئازیز ، بە دیتنت خۆشحاڵم ! بە ڕاستی مایەی شانازییە بۆ قوتابخانەکەمان ! .. شۆرەت ، ناوبانگ ! .. بەڵێ .. بەڵێ .. وتارەکەتم دەربارەی تاقیکردنەوەکان خوێندەوە .. ئامۆژگارییەکانت بۆ قوتابیان زۆر جوانە .. سڵاو خانم .. بەڕێزینە .. ڕێگەم بدەن با قوتابییەکی جارانی قوتابخانەکەی خۆمانتان پێ بناسێنم .. جاک سوربییە ، بە ڕاستی شانازی بەوەوە دەکەم کە کاتی خۆی بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک قوتابی من بووە . بە ڕاستی قوتابییەکی نەجیب بوو . ڕێک وپێک ، بەوێڵ و ماریفەت ، قوتابییەکی زیرەک و بەهرەمەند ..

من ، بە هۆی سوزانەوە کە لە ژێر تۆڕی کڵاوەکەیەوە تەمەشای دەکردم و ناو بە ناو بزەیەکی بەماناوەی دەهاتێ ، لەم هەموو تاریف و ستایشە ناڕەحەت بووم . یەکسەر دوو مامۆستای ئەدەبیات دەوریان گرتم تاپێم بڵێن کە ڕۆمانی ( غەزەب ) دەچێتە خانەی ئەدەبی مەزنی کلاسیکەوە . لە کاتێکا کە ئەوان دیدو بۆچوونی خۆیان لەمەڕ هونەری ڕۆمان ، لە سەردەمی مەدام لافاییت ( لافاییت : ١٦٣٤ — ١٦٩٣ ، نووسەرێکی فەرنسییە ، شاکاری ئەو ( پرنسس دوکلو )ە کە بە یەکەمین ڕۆمانی سایکۆلۆژی مۆدێرن دەژمێردرێ ) وە تا ئێستا شەرح و شرۆڤە دەکرد ، من لە پەنجەرەکەوە سەیری ڕیزی قوتابییەکانم دەکرد . کە بە ویقار و ئەدەبەوە خۆیان بە مەیدان و هۆڵەکەدا دەکرد . ئەوجا نۆرەی سازڤانەکان هات کە خەریک بوون ئامێرەکانیان کۆک دەکرد و دەنگیان تێکەڵ بە دەنگی ئامێرە هەواییەکان ، دەهاتە گوێ .

کەس نەمابوو تەنیا پارێزگاری شار نەبێ ، زۆری پێنەچوو ئەویش هات . ئەوجا یەکێک لە دەرگاوانەکان سوزانی لەگەڵ خۆیدا برد بۆناو میوانەکان ، تا جێگاکەی خۆی پێ نیشان بدات . هەموو گەورە پیاوان و پیاو ماقوڵان ، بەجلکی فەرمی و کڵاوی لێوار باریک و کاغەزانەوە ، بەرەو مەیدان و هۆڵی ئاهەنگەکە جمان .

ئێمە ، بەدەم ئاوازی بەرزی مارشێکی عەسکەری بێ سەرو بەرەوە ، بە سەکۆیەکدا سەرکەوتین ، من لە نێوان ئەو دوو مامۆستایەدا ، کە مامۆستای ئەدەبیات بوون ، لە پشت مێزێکی بچووکەوە دانیشتم . مامۆستاکان لە ژێر جلکە فەرمییە سەیرەکانیانەوە ، ئارەقەیان لێدەچۆڕایەوە . لە خوار ئێمەوە ، چەند ڕیزێک گەنج دانیشتبوون ، کە ئەمانە قوتابییەکان بوون . لەو لای ئەوانەوە کەس و کاری قوتابییەکان لە سەر کورسییە زەرد و زێڕینەکان دانیشتبوون . قوتابییەکان ملیان قوت کردبووەوە و سەیری مێزە گەورەکانیان دەکرد ، کە یەک دنیا کتێبی پەراوێز زەرد و بە قردیلەیان لە سەر هەڵچنرابوو . باب و داکەکان ، بە ڕێزەوە تەمەشای یەک بە یەکی مامۆستا بەحورمەتەکانیان دەکرد . بە ڕاستی هاماج و فەزایەکی بە شکۆ و جەلال بوو .

ئورکستەرەکە ، پارچە موسیقایەکی قارەمانانەی لێدا . من لە بەردەم خۆمدا سیما و ڕوخساری ئەو گەورانەم دەبینی کە تازە تاقیکردنەوەی کۆتایی قۆناغی ئامادەییان بڕی بوو و خۆیان بۆ کێشماکێشە دژوار و تاڵەکانی ژیانی ئایندە تەیار دەکرد .

لە ڕیزەکانی دوای ئەوانەوە ، قوتابیانی منداڵکار لە ژێر کاریگەری ڕێ و ڕەسمی ئاهەنگەکەدا ، حایر و سەرسام دەهاتنە بەرچاو . لە سەر کورسییەکانیانەوە هەر خەریکی ملەقوتێ و جم و جووڵ بوون ، یان یەخەکانیان چاک دەکرد ، یان دەمیان لە پەناگوێی یەکدی دەنا و لە چۆنیەتی خەڵاتەکانیان دەپرسی . هەندێجار دایکێک بەجلە جوان و ڕازاوەکانییەوە ، لە نێو ئاپۆڕای دایکان و باوکانەوە سەری هەڵدەبڕی و بە حاڵەتی دایکانەوە تەمەشایەکی جگەرگۆشە قژلوولەکەی دەکرد . دەنگێکی زیقاوڵە بەرز دەبووەوە :

– کلود ، دەستە سڕەکەت ..

بە خەیاڵ گەڕامەوە بۆ دواوە ، کە من ئەوسا لەو بەری سەکۆکە و ئەو بەری ڕیزی شەرەفەوە بووم کە هەنووکە لێی دانیشتووم . کە ئەو ڕێڕەوە دوور و درێژەم ، لە ڕیزی قوتابییەکانەوە تا سەکۆی شەرەف ، لە سەردەمی قوتابییەتیەوە تا شکۆ و جەلای زانکۆییەوە هێنایەوە بەر چاوی خۆم ، خەمێکی یەجگار ناسک سەرو دڵی گرتم . لە نێوان ئەو دوو قوناغەدا گەنجانێک هەبوون خوێن گەرم ، پڕجۆش و ئومێدەوار ، خودانی خەونێن گەورە ، شانس و ویستێن جۆرا وجۆر . دنیایەک لە ئامانجێن بەدی نەهاتوو، یەک دنیا پرس و کێشەی ئەنتولوجی ئەبەدی .. چارەسەری ئەو پرسانە ، ئاکام و پاشماوەی ئەو هەموو جۆش و خرۆشە ، لای کۆمەڵێک مامۆستای پیر و

مردەلۆخی ، پڕ زانستی بێفایدە بوو . یەکێک لەم دوو دنیایە ، ئەویتری بەرهەم هێنابوو . یانی لە یەکتر بوو بوون . یەکێکیان سەرەتای ئەوی دی بوو .. واتە سەرەتا .. پاشان کۆتایی ..پرسیارو وەڵام، دەستپێک و کۆتایی.شتەکەم بە لاوە کۆمیدی و ترسناک بوو . لە سووچێکی نزیکی دەرگاکەوە ، کۆنە چاودێرەکەی خۆمم بەدی کرد ، کە کاتی خۆی لەبەر سمێڵە قیت و ڕدێنە درێژەکەی ناومان نابوو دۆنکیشۆت . سەر و ڕدێنی پاک سپی بوو بوو ، پشتی تەواو چەمابوو و چاوەکانی کوت و کوێر بوو بوون . ئێسکە پەیکەرێک بوو لەو گۆڕە . تەمەشای منی دەکرد . وام هەستکرد وەکو جاران کاتێ کە گڵۆپی پۆلە بەتاڵەکانم هەڵدەکرد ، بە قامکان هەڕەشەم لێدەکات . کەچی زۆر خاکیانە بە ڕووما پێکەنی و تا ناوقەد لە بەرم دانەوییەوە . دڵم لە داخ و سوودا گوشرا ، ئەوجا وەکو یەکێک چاوی لە تیشکی ڕوناکییەکی زۆر توند ، بپارێزێت بەو ئاوایە چاوم داخست و کردەوە .

چاوم بە سوزان کەوت کە لە کۆتایی ڕیزی دایکان و باوکان دانیشتبوو . دیتنی ئەو لەو خەونەی بێدار کردمەوە ، یەکێک لە کەسایەتییە فەرمییەکان دەستی بە خوێندنەوەی وتارەکەی کردبوو :" وەکو ئیپکیتیت دەڵێت ... " ئیپکیتیت ، فەیلەسووفێکی کۆنە ) دنیا گەرم و بێدەنگ بوو . بەیداخەکان شۆڕ بوو بوونەوە ، ئامادە بووان ، بە دەستەسڕەکانیان ئارەقەی دەم وچاویان دەسڕی و خۆیان باوەشێن دەکرد . کابرای وتارخوێن سوور بوو بووەوە ، ئارەقە لە سەر و ڕووی دەچۆڕا . چەند جارێک وتارەکەی بڕی تا قومێ ئاو بخواتەوە و کەمێک قورگی تەڕبکات .

مامۆستاکانی دەور وبەرم ، وا دیار بوو ، لە خۆشیا چوو بوونە ژێری ، چاویان نوقاند بوو ، زاریان نیمچە کراوە بوو ، قامکی شادەیان نابووە سەر چەناگەیان ، پێڵاوەکانیان ، بە شێوەیەکی یەکسان لە ژێر جلە ڕازاوەکانیانەوە دەجووڵان و هەموو سەرمەستی ئەم بەلاغەت و فەساحەتە بوون ، ڕێک لە گورپەیەکی ورگن دەچوون کە خۆی بۆ خواردن مەلاس دابێ . چەند جارێک دەنگی چەپڵەلێدانی ڕێک و پێک و هاوئاهەنگ بەرز بووەوە . جەنابی بەڕێوەبەر ، بە قامکە سافەکانی و دەستانی نزیک لە یەکەوە ، بۆ هاندان بە جۆرێ چەپڵەی لێدەدا وەکو ئەوەی بیەوێ کۆمەڵە مێشوولەیەک بکوژێت یان بتارێنێ .

ئەو پیاوەی لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو ، ئاوڕی لێدامەوە و گوتی :

- دیارە ئەو مامۆستای ئەدەبیاتەی پێش من ، دەرسی بە تۆ گوتووە .

- بەڵێ .

- پیاوێکی باشە .. کەمێک ساویلکەیە .. گرەو دەکەم کە تۆی نەبینی ! ..

- نەخێر .

- ئەم کارەیم پێ سەیرنییە !

بە لووت ، سووکە پێکەنینێکی کرد کە زۆر پێی پەست بووم ، دووبارە و لەبن لێوانەوە گوتی :

- ئەمە کۆتایی وتارەکەیەتی ، ئێستا نۆرەی تۆ دێ .

تەزووی نیگەرانییەکی کوت و پڕ بە پشتمدا هات . دەستم بەو کاغەزە تایپ کراوانەدا هێنا کە لە گیرفانمدا هەڵئاوسابوون . تا ئەو ڕۆژە هەرگیز لە بەرانبەر جەماوەردا قسەم نەکردبوو ، وتارم نە دابوو . لە بن لێوانەوە گوتم : " هیوادارم سەرکەوتوو بم " . هەستم کرد ، ئەژنۆکانم لە نێو لنگی پانتۆڵەکەمدا دەلەرزن .

- نۆرەی تۆیە .

بێدەنگی باڵی بە سەر شوێنەکەدا کێشابوو ، لە ناو جەرگەی ئەو بێدەنگییەوە ، وەکو داهۆڵ قوت بوومەوە . لە دوورەوە ، دەریایەک لە شان و مل ، سیما و ڕوخسار ، نیگا و ڕوانینی دڵگیر شەپۆلی دا . هەستمکرد گوێم لە ناوی خۆمە کە دەما ودەم دەکات :

- سوربییە .. جاک سوربییە .. خەڵاتی موپاسان .

" بەڕێز پارێزگار ، بەڕێز جەنابی بەڕێوەبەر ، خۆشکان ، برایان ، ڕۆڵە ئازیزەکانم ..." .

ئەمە من بووم کە قسەم دەکرد . دەنگم بێپەروا ، سەر بەخۆ ، زوڵاڵ ، دەنگی دەدایەوە . وام دەهاتە خەیاڵ ، کە وشەکان بێ ویستی خۆم ، لە مێشکم جیا دەبنەوە و وەکو بەرد بە بۆشاییدا غل دەبنەوە :

" من لێرەوە قسە بۆ ئێوە دەکەم کە کاتی خۆی لێرەوە پیاوێکی دیکە قسەی بۆ من دەکرد . من ئەو کاتانە کوڕیژگەیەک بووم وەکو ئێستای ئێوە ، هەمان بیرکردنەوە و هزرینی ئێوە ، ئارەزوو و ئاواتەکانی ئێوە و بزێوی بێ سەبری ئێوەم هەبوو . ئەو پیاوە گەورەیەی کە هەوڵی دەدا بە بەلاغەت و دەماوەری خۆی قەناعەتم پێبکات ، بە خۆی و بە هەموو ئەو کتێبانەشەوە کە لە سەر میزەکەی کەنار ئەوەوە هەڵچنرابوون ، نەیدەکردە هیچ ، هیچ سەنگ و ئیحتوبارێکی بەلامەوە نەبوو ، باوەڕ بکەن ..."

ئەم نوکتە و شۆخییە سواوە ، بە پێکەنین و چەپڵە پێشوازی کرا . ئەم هاندانە سەرەتاییە کردیە کارێک کە جورئەت پەیدا بکەم و درێژە بە وتارەکەم بدەم . بە متمانەی تەواوەوە کەوتمە خوێندنەوەی دەقی وتارەکەم . خۆمم هێنایەوە بەرچاوی خەیاڵ ، ئەوسا کوڕیژگەیەکی شازدە ساڵانی تەمەڵی ، سوورە بووم ، لە جلەکانما جەڕی بووم و توووند خۆم خزاندبووە بەینی هاوپۆلەکانمەوە . هیچ شتێک نەگۆڕابوو ، ئاڵا و بەیداخەکان هەمان بەیداخ و ئاڵاکانی

جاران بوون ، سازڤانەکان و تیپە سازڤانییەکە ، جل وبەرگی فەرمی مامۆستاکان ، ئەو کتێبانەی بۆ خەڵات لە سەر مێزەکە دانرابوو ، هەر هەمووی وەکوخۆی مابوو و هیچ شتێک نەگۆڕابوو . لەدوامەوە ، بابم ، لە ناو ئاپۆڕای دایکان و باوکاندا ، بە جوانترین جل وبەرگەوە دانیشتبوو . کە تەمەشام دەکرد ، لێکچوونێکی نائاساییم لە بەینی ئەو وخۆمدا دەبینی ، ئێستا و ڕابردوو یەکیان گرتبوو ، تەمەشای یەکتریان دەکرد .

من قسەم بۆ تاپۆی کورێژگەکە ، کە خۆم بووم، دەکرد . کورێژگەیەکی کەمێک لاوازو بێ دەسەڵات بوو ، بەڵام تا بڵێی پاک وبێگەرد ، شەنگوڵ و بە دەماخ ، کە تەمەشات دەکرد ، بە ڕادەیەک سۆزت بۆی دەجووڵا ، گەرووت وشک دەبوو . من چیم لەو کورێژەگەیە کردبوو ؟ هەموو هەل و دەرفەتەکانم لە دەستی دابوو ، زەرەیەک باوەڕ و متمانەم لەلای نەهێشتبوو ، دەرفەتی ژیانم بۆی نەهێشتبووەوە ، وام لێکرد لە هەموو شتێک بە گومان بێ . لاواز و پیر و ، درێو و قیزەونم کرد بوو ، پاشان کردم بە دێوان گۆڕیدەیەکی (مسخ) شێواو و ئێستاش وەکو داهۆڵێکی ترسناکی ئارەزووەکانی ئەو ، لە بەرانبەریا خۆم دەنواند . ئاخر من بە چ هەقێک باسی ڕەوشتی خوێنەواری و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیم بۆی دەکرد ؟ من دەبوا لە بەردەمیا بە چۆکابێم و داوای بوردنم لێبکردایە ، نەک لە سەر ئەم سەکۆیەوە ، لەم تریبۆنەوە وتاری بۆ بدەم ، وتاری بە گوێدا بخوێنم . ئەم خۆنواندنە پڕ شکۆ وجەلالە ، لە ناکاوا مجێزم دەگۆڕێت . ئیدی نەمدەتوانی لە سەر ئەم دەورە بەردەوام بم . ئیدی نەمدەتوانی نمایش بکەم . نەمدەتوانی درۆ بکەم ، دەمویست تا زارم دەگرێ هاوار بکەم .

لە ناکاوا دەنگی بەرزی چەپڵەڕێزان وەئاگای هێنامەوە ، لەم خەونەی دەرهێنام . سەیرم کرد بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم گەیی بوومە نزیکەی نیوەی وتارەکەم . کە تەمەشای دەورو بەری خۆم کرد ، کۆمەڵێک ڕوخسار و دەم وچاوی چرچ و لۆچی خەڵکانێکی پیرم بینی ، کە بە ڕەزامەندی و ئاسوودەییەوە سەریان دەلەقاند ، قومێک ئاوم خواردەوە و یەکسەر دەستم بە قسان کردەوە . خواخوام بوو بلەز وتارەکەم تەواو بکەم و لەم ژینگەیە هەڵێم ، کە زۆر شتی ڕابردووی بیردێنامەوە ، ئەو ڕابردووەی کە خۆم لێ نەبان کردبوو ، نکۆڵیم لێکردبوو .

ڕێک لەم ساتەدا ، بوویەرێکی زۆر ترسناک ڕووی دا ، بوویەرێک کە ئێستاش بیرم دەکەوێتەوە لەرزم لێدێ . بە دەنگێکی دلێر و یەکنەوا ، بێئەوەی گوێ بە هیچ بدەم ، کاغەزەکانی دەستم دەخوێندەوە ، کاتێ کە گەییمە دوا پەرەگراف ، لە سەرووی کاغەزە چاپکراوەکانەوە ، چاوێکم بە ئامادەبوواندا گێڕا ، لە ڕیزی پێنجەمدا کورێژگەیەکی ڕەقەڵەی ، ڕەشتاڵەی ، لێو ئەستوورم بینی : گالار بوو . گالار بە خۆی نەک کەسێکی دیکە ! ئەو، یان تاپۆیەکەی ئەو ، لەوێندەر ، لە نێو کۆمەڵێک مێرمنداڵی نەناس دانیشتبوو و زەقاو زەق و گۆساخانە تەمەشای دەکردم . هەمان تەمەن و ساڵی دوا دیدارمانی هەبوو . نیگای تیژ و پرشنگداری وەکو تیرێک پێکامی . هەستمدەکرد ، لە پێناوی ئەزموونێکی هۆڤیانەدا لە چوارمێخە دراوم . ئەو هەموو شتێکی دەزانی ، هاتبوو تا گوێی لە من بێ کە چۆن ئەم

گەوج و کەودەنانە فریو دەدەم . هاتبوو تا ببینێ کە دەغەڵبازی و حیلەبازی دەگەیەنمە کوێ . هاتبوو ، تا کۆڵەمستی لە رووما بەرزبکاتەوە و پڕ بەزار هاوار بکات و بڵێ :- ئەم دزە بگرن !

هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی چاوم لەم قوربانییە تووڕەیە بگوازمەوە . وەکو دزێک کە رێک بە دزییەوە گیرابێ ، بەو ئاوایە دانە چۆقەم پێکەوت . حەزم دەکرد قۆڵم بەرز بکەمەوە و خۆم لە هێرش و پەلامار و هاواری ئەو بپارێزم . بە پەلە بەرەو رووم دەهات ، هەستمدەکرد سات بە سات لە بەرچاوم گەورەتر و زەلامتر دەبێ و لە بەر دەنگە ترسناکەکەیدا هەرەس دێنم ، کە وام تەسەور دەکرد ، بە ئاشکرا دەڵێت :- جاک ، ئەو شتەم وێدەوە کە لێت دزیوم !

ئەم وشانە وەکو کێوێک لە بۆشایی و تاریکی ، بە سەرمدا رووخا . هەنگاوێک چوومە دواوە ، خۆم بە کورسییەکەدا دا ، هەنگێ لە گەڵ قاقای جەماوەرەکە وەخۆ هاتمەوەو هەموو ئەو وێنانەم لە بەرچاو ون بوون ، کە تۆزێ لەمە پێش بە زەلاڵی دەمبینین .

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە گوتی :- ئافەرین .. بە ڕاستی ئافەرین !

شەکەت و ماندوو ، بە هانکە هانک ، کۆتایی وتارەکەم خوێندەوە و لێبڕام بە بیانووی دیدارێکی زەرووریيەوە بڕۆم و لە دابەشکردنی کتێبەکاندا بەشداری نەکەم . بەڵام بە خورتی ناچاریان کردم کە بمێنمەوە . ئیدی گوێم لە ڕیتمی خوێندنەوەی یەکنەوای ناوەکان دەگرت ، و تەمەشای ئەو کوڕانەم دەکرد کە بە قاڵدرمەی سەکۆکەدا دەهاتنە سەرەوە ، و پاشان بە خەڵاتەکانی دەستیانەوە تەوقەیان دەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستا خۆشەویستەکانیاندا دەکرد .

وام وێناکرد خەون دەبینم ، لە خەوما نۆرەی گالار بوو کە بێت خەڵاتەکەی وەربگرێت . هەڵبەتە ئەمە تەنیا خەیاڵ بوو ، بەڵام زەینی پەشۆکاو و شپرزەی من وەکو حەقیقەتێکی ترسناک ، دەیبینی . بەڵام من کاتێ ئەو کوڕیژگە ڕەقەڵە ، ڕەشتاڵەیەم بینی ، کە بە متمانەوە لە قاڵدرمەکانەوە سەرکەوت ، وەک ئەوەی لە بنی ئەرزەوە لە من پەیدا بوو بێ ، کاتێ دیتم کە بەرەو بەرێوەبەر ، پاشان مامۆستاکان و پاشتر بۆ لای من هەنگاوی نا ، وام هەستکرد ، هەر ئێستا لە ترساندا دەبوورێمەوە .

ئەوەتا کڕ وکپ ، بێدەنگ و خەمین لە بەردەممدا وەستاوە و لە ناو تیشکی خۆری سەر کومبار و پارچەکاندا سوور دەچێتەوە . ئەو وەکو ئەهریمەنێکی چکۆلە ، لە قوڵایی ئەو کوورەی خوێن و زێڕەدا وەستا بوو . بە بێدەنگی خۆی زراوی برد بووم . وامدەزانی بە تاقی تەنیا دەگەڵیدا وەستاوم و کاتێکت زانی هەقی خۆی لێکردمەوە .

لە پڕ دەنگێکی ناسکی خۆش بێداری کردمەوە و گوتی :

- من ( غەزەب )م خوێندووەتەوە .. من زۆر دڵبەندی تۆم و دەست خۆشیت لێدەکەم قوربان ...

ڕوانیمە ئەم کوڕیژگە نەناسە ، لە هەر سام و هەیبەتێک بە تاڵ بوومەوە ، چ خەیاڵێک بەرۆکی هزری گرتبووم ؟ کوڕیژگەیەک بوو وەکو هەموو کوڕیژگەکانی دی ، کوڕیژگەیەک بوو ، دەکرا بە ئاسانی بکەوێتە ژێر کاریگەری و باندۆری قسەی خۆشەوە ، بە دوو نوکتە ڕام بکرێ و بە کەیفی دڵی خۆت ئاراستەی بکەیت .

کە تەوقەیەکی دۆستانەی لە گەڵ کردم و ڕۆیی ، تا ماوەیەکی زۆر هەر نقومی خەونەکانم بووم . لە ناکاوا هەستم بە داخ و کەسەر کرد کە بۆ ئەو کوڕە گالار نەبوو . خۆزیم دەخواست کە گالار بوایە . تاکو ئێستاش ، لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی گالار نەبوو بێ .

## فەسڵی پێنجەم

سەعات یازدە ونیو چوومە ناو جێگاوە ، دەورو بەری سەعات سێی بەیانی بە دەم ئازارێکی زۆرەوە بێداربوومەوە .

سوزان لەلامەوە نەبوو ، پەتۆیەکەی هەڵدابووەوە ، جێگا چۆڵەکەی و چەرچەفەکانی ژێری ، لە سارد دەچوون . تروسکە ڕوناکییەکم لە ژێر ئەو دەرگایەوە بینی کە بە سەر ئۆفیسە بچووکەکەی مندا دەکرایەوە . پاشان گوێم لە دەنگی پێی پەتی بوو کە بەسەر ئەرزەکەدا دەڕۆیی . بێگومان بە دیار مێزەکەی منەوە وەستابوو ، کاغەزەکانی منی ژێرو ژوور دەکرد و ئەوەی دەخوێندەوە کە شەڤی ڕابردوو نووسیبووم . ئەم بیرۆکەیە زۆری بێزار و بێتاقەت کردم . بە خەیاڵ وام هێنایە بەرچاو کە بەسەر کاغەزە پەڕپووتەکانی مندا ، دانەویوەتەوە و ئەو ڕستە و دەستەواژە سواو و ناڕەوانانەی کە بە زەحمەتێکی زۆر نووسیومن ، دەگەڵ فەساحەت و بەلاغەت و شێوازی سوار و ڕەوانی ( غەزەب ) ی گالار دا بەراورد دەکات . بە دەم تەوسخەنەوە ، شانەکانی هەڵدەتەکێنێ و گاڵتە بە من دەکات . هەرکە گوێی لە کۆکەی من بوو ، خێرا هاتەوە و گوتی :– خەوم زڕابوو ، چووم خۆم بە خوێندنەوەوە خجڵ بکەم .

**

بە سوزان قەڵسم . بەدنیازییەکانی سوزان ، لووت بەرزی و قۆرە دەماخییەکانی ، بوغز وکینە پنهانەکانی ، هەناسەم لەبەر دەبڕن . بۆیە ڕقی لێمە چونکە شەریکە تاوانی منە ، بە سووکی تەمەشام دەکات ، چونکە بە ئامۆژگارییەکانی ئەوم کرد . سوزان لایەنگری گالار دەکات ، بۆ ئەوەی من بە تەنیا مەسئولیەتی ئەو تاوانە هەڵگرم کە ئەو پێی کردم . ئەمە زوڵمێکی ئاشکرایە .. بە ڕاستی ناڕەوایە ! تاوانباری ڕاستەقینە سوزانە ، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە من هەرگیز ، کتێبی کەسێکی دیکەم بە ناوی خۆمەوە بڵاو نەدەکردەوە ! وێڕای ئەمەش ، من عەزاب دەکێشم . بە تاقی تەنیا عەزاب دەچێژم . لە جیاتی ئەو و لە جیاتی خۆیشم عەزاب دەکێشم .

هەر هەموو ئەو شتانەی دەیاننووسم بێ کەڵک و پووچن ، فایدەی نییە ، دەبێ یا دەستبەرداری شانازی بم یان دەبێ ئەو نامانەی کە لای سوزانن و نایەوێ بەمنیان بدات ، بە ناوی خۆمەوە چاپ و بڵاوبکەمەوە . بە هەرحاڵ ، بەو نامانە ڕەوشم خراپتر نابێت . ئێمە خەتاکەمان کردووە کردووە ، با ئەمەشی بێتە سەر ، خەتا هەر خەتایە ئیدی کەمێ زیاتر ، یا تۆزێ کەمتر فەرقێکی ئەوتۆ ناکات . خۆ ئەم دوایین دزییە ناچیزە ، دەرفەتی ئەوەم دەداتێ تا دووبارە لە وەهم و خەیاڵی شۆرەتدا بژیم .

**

ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسێک هاتەماڵەوە . سوازن لە هەڤپەیڤینەکەدا ئامادە بوو . کاتێ ئەو پیاوە نەناسە بەمنی گوت : " مامۆستای بەڕێز ..." سوزان لە ژوورەکە وەردەرکەوت و شەق دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە دا بەیەکدا .

مرۆڤ پێویستە کارە نەنگینەکانی خۆی وەکو عەیب و کیماسییەکی جەستەیی قەبووڵ بکات و لەگەڵی ڕابێت . وەکو ئەوەی نەخۆشییەکی درێژخایەن بێ ، وەکو چۆن هەندێ درێوی دەروونی ، هەندێ عەیبی بەدەنی ، هەندی خوو خدەی نەنگینی خۆی خۆشدەوێ ، بەو ئاوایە ئەوانەی خۆشبوێ . دەبێ بتوانێ بە خەیاڵی ئاسوودەوە ، بە شانازی و سەر بەرزییەوە ، هیچ و پووچ بێ ، گوێ بە هیچ بەهایەک نەدات . نامەکان ، من ئەو نامانەم دەوێ ، سبەی لە سوزانیان داوادەکەم .

**

جورئەتم نەکرد ، نامەکان لە سوزان داوا بکەم . کاتێ چەکمەجەکانم کردنەوە ، هەستم کرد کە ناو کاغەزەکانم گەڕاوە . سوزان جاسووسیم بە سەرەوە دەکات ، تا زیاتر لێم بێزار بێ .

**

هەموو ئەم بەیانییەم بە گەڕان لەو ئەلبوومە بە سەربرد کە سوزان ، ئەو پارچە ڕۆژنامە وبڵاڤۆکانەی تیا هەڵگرتبوو کە دەرباری ( غەزەب ) نووسرابوون ، بەڵام نەمدۆزییەوە . سوزان بە قسەی خۆی گوایە نازانێ لە کوێی داناوە . دەڵێت :- ماوەیەکی زۆری بە سەرا بوریوە ..

بێگومان ئەلبوومەکەی سووتاندووە ، تا بەڵگە مادییەکانی ئەو سەرکەوتنە لە ناوبەرێ ، کە ئەو نکۆڵی لێدەکات و دانی پێدا نانێ .

سوزان ، بە دەنگێکی وشک و تەوسامێزەوە دوو بارە دەڵێت :

- باشە تۆ چ پێویستیت بەم ئەلبوومە هەیە ؟ دەتەوێ جورئەتی لێوە وەربگری ؟ یا دەتەوێ خۆزیا بە ڕابردوو بخوازی ؟

**

وێنەیەکی خۆمم بە دیواری ئۆفیسەکەمەوە هەڵواسی بوو ، ئەم وێنەیە لە ڕۆژی خەڵاتەکەی موپاساندا ، لە وەشانخانەکەی پریوردا گیرابوو . لە وێنەکەدا لە ناو ڕۆژنامەوان و وێنەگرە خەندانەکاندا وەستا بووم . ئەمڕۆ ئەو وێنەم لە تەنەکەی خۆڵەکەدا بینی .

سوزان گوتی :

- وێنەکە زۆر زەرد بوو بوو ، بە تەواوەتی پوابوو . پێم وانەبوو ئەوەندە بەلاتەوە گرینگ بێ !

❊❊

ئەمڕۆ سوزان چوو بووە دەرەوە ، ئەمەم بە هەلزانی تا هەوڵبدەم نامەکانی گالار بدۆزمەوە . بۆیە بە پەلە و وەکو دزێکی شەڕانی ، هەموو چەکمەجەکان گەڕام ، بە دەستانی لە ئارەقەدا هەڵکشاو ، هەموو جلەکانم ژێراو ژوور کرد ، بەینیان گەڕام ، سەری پاکەتی مکیاجەکانم هەڵدایەوە . جانتاکانم کردنەوە ، هەرچی نامەیەکمان بۆ هاتبوو هەر هەموویم خوێندەوە . نەبوو .. نەبوو ! .. دڵم لە سینەمدا شێتانە و بە تاو لێیدەدا ، چەند جارێک وام بە خەیاڵدا هات ئێستا دەبوورێمەوە و دەکەومە سەر عاردی . کاتێ ئاسانسۆرەکە ڕێک لە نهۆمەکەی ئێمەدا وەستا ، وام هەستکرد فیشەکێکم بەرکەوت و تەختی ئەرزەکەی کردم . بەڵام باش بوو ژنێکی هاوسێمان بوو کە لە بازاڕ دەگەڕایەوە . ئیدی نیشانەی خاچم کێشا و کەوتمە هەڵگرتنەوەی ئەو شتانەی کە پرش و بڵاوم کردبوونەوە .

❊❊

هەڕەشە و مەترسییەکی پەنهان لە ماڵکەماندا هەبوو . وام زەن دەبرد لە پڕێکا بە هەموو قورسییەکی خۆیەوە بە سەرما دەڕمێ و پان وپلیشم دەکاتەوە .

سەرم دێشێت . زۆر کەم دەخەوم . کاتێ دەجوڵێم ، وا وێنا دەکەم سەهۆڵاوێک ، کە لە نیگای کێنەکێشانە و چپەدووی گۆنگ ، پێک هاتووە ، دەشڵەقێنم . کاشکێ سوزانم هەر نە ناسیبا .

❊❊

ئەمشەو دەگەڵ سوزاندا قسەم کرد ، شەوێکی گەرم بوو ، پەنجەرەکان کرابوونەوە ، یادی ڕابردووی جوان و پڕشادیم لە زەینا زیندوو بووەوە . ئەوسا ، بەر لە درۆ ساختەکاریەکەمان ، چەند شادبووین ، چەند متمانەمان بەیەک و چەند یەکدڵ بووین ! چەند بە دڵ و بەگیان یەکمان خۆشدەویست ! یادی ئەو گونجان و تەباییە دڵگیرە و یادی ڕەفتاری ئارامی سوزان کە لە سووچێکی ئۆفیسەکەدا ، شتی دەچنی ، کەمێک ورەی پێ بەخشیم . چوومە لایەوە و دەستم خستە سەرشانی . لە ترسا ڕاچڵەکی . گوتم :

- دەمەوێ قسەیەکی جدیت لەگەڵدا بکەم .

بەبێ موبالاتیەوە چاوانی هەڵبڕی . شەکەت و ماندوو و کەسەردار دەهاتە بەرچاو . دڵم بە حاڵی دەسووتا ، گوتم : – سوزان ، من زۆرم هەوڵدا ، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەم کە توانای ئەوەم نییە ڕۆمانێک بنووسم لە ئاستی (غەزەب) دا بێ ..

– باشە دەتەوێ من چ بکەم ؟

سەرەتای گفتوگۆیەکەمان خراپ بوو . هەڵوێستەیەکم کرد و پاشان بە زمانێکی نەرم و خۆش و قەناعەتبەخش لە سەری ڕۆیشتم : – قازانجی تۆش وەکو من ، لەمەدایە کە شۆرەتی من ، دوای سەرکەوتنی کتێبی یەکەمم ، هەر بەردەوام بێ .

– بۆچی ؟

– چونکە ئەگەر من چاوپۆشی لە نووسین و بڵاوکردنەوە بکەم ، ناچار دەبین بگەڕێینەوە سەر ژیانە هەژارانە و خاکیانەکەی جارانمان .

– ئێ ؟

– بیرت لەوە کردووەتەوە ئەم پاشەکشەیە چ دەگەیەنێ ؟ چ لێکەوتەیەکی دەبێ ؟ تۆ هەموو دۆست و بناژۆکانت ، ئاشنا و ڕۆشناکانت یەکبەیەک لە دەست دەدەی . خانەوادەی مارتینە — مارتینو و ئەوانی دی ، دەرگای ماڵەکانیانت لێدادەخەن . دەعوەتی چا ، ئاهەنگان و ڕێ و ڕەسمی بازاڕی خێرخوازیت ناکەن ..

– خۆ ئەوان لە بەر پارە و دەوڵەتەکەی تۆ ، یان بەهرە و داهێنەری تۆ دەعوەتم ناکەن !

– ئەدی لە بەرچییە ؟

– لە بەر خاتری خودی خۆمە .

سوزان ، بە لووتبەرزی و قۆرەدەماغیەوە لە سەراپای ڕوانیم . سەرم دانەواند و گوتم :

– تۆ ساویلکەی کە وا وێنادەکەی . ئەوان لەبەر ئەوە تۆیان دەوێ چونکە بابەتی ڕۆژی . بۆیە بابەتی ڕۆژی چونکە من بابەتی ڕۆژم . ئەگەر من نەتوانم لە سەر شانۆ بمێنم ، هەردووکمان دەکەوینە پەراوێزەوە . باوەڕ ناکەم تۆ ئەمەت پێخۆش بێ . حەز بە شتی واهی بکەیت .

بێئەوەی لێو لە بەر یەک هەڵێنێ دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی :

– نا ، هەڵبەتە پێم خۆش نابێ ، بەڵام ئەگەر هیچ چارێکی دیکە نەبێ ، ناچارین مل بدەین .

گوتم :– بەڵام چارە سەرێک هەیە .

– کامەیە ؟

– تۆ کاتی خۆی باسی هەندێ نامەت بۆ کردم کە گالار لە قۆناغی دەزگیرانداریدا بۆی نارد بوویت . من دەتوانم ئەو نامانە دەسکاری بکەم و لە شێوەی ڕۆماندا دایانبڕێژمەوە ...

سوزان ، گزوگومەت هەستایە سەر پێیان ، ڕوخساری گەنمڕەنگی لە تووڕەییدا ، سوور هەڵگەڕا ، گڕی تۆڵە ئەستێنی لە چاوانی دەبووەوە . چەناگەی دەلەرزی ، ئەوسا بە دەنگی بەرز بۆڵاندی :

– هەرگیز ئەو نامانە نابینی !

– بۆچی بەو جۆرە هەڵدەچیت ؟

زۆر گەوجانە دەستەکانی بە یەکدا دەکێشا و لە ناکاوا پڕ بەزاری هاواری کرد :

– ئەوەندەم بیرەوەری و یادگاری جۆرج دایتێ بێزار بووم ، تاقەتم چوو . ئەوەندە لە سەر حیسابی جۆرج خۆت هەڵکێشا بێزار بووم . لەوە بێزار بووم کە تاقە سەرچاوەی سەرکەوتنمان ، دارو نەدارمان ، ژیان و ژینمان تەنیا جۆرج بێ و لە هەموو شتێکدا هەر قەرزارباری ئەو بین ! وەکو ئەوەی گالار لە ژیانی ئێمە بەرپرس بێ ئەو ئێمەی هێنابێتە دنیاوە و تۆ بەبێ ئەو نەتوانی بژیت !

بە دەنگی بەرزز گوتم :

– ناکا بتەوێ لە سەر ئەوە سەرزەنشتم بکەی کە بە گوێم کردیت ! کێ دەستنووسەکەی گالاری هێنا ؟ کێ بەمنی گوت کە ئەو دەستنووسە بە ناوی خۆمەوە چاپ وبڵاوبکەمەوە ؟ کێ سوودی لەم ڕۆمانە وەرگرت ، تا لەو ڕێگایەوە ، لە کۆڕ و مەجلیسی پیرەژنانی گەوج و تەڕپۆشدا ، جێگای خۆی بکاتەوە ؟ تۆ بووی .. تۆ ، تۆ ، تۆ ! .. سەرچاوەی ئەم درۆ و سەختەکارییەی ، تۆ سەرچاوەی ئەم بەڵایەی ! تۆ لەم دزییە ئەدەبییەی من بەرپرسی ! و ئێستاش دەتەوێ دەستە تەڕەکەی خۆت بە سەری مندا بسووی و باری گوناح و تاوانەکە بە ملی مندا بدەی ! نەیخۆی تاڵە !

سوزان لە بەرچاوم بچووک بووەوە ، لە تووڕەییدا ناشیرین و قیزەون دەهاتە بەرچاو . چاوانی لە ژێر پێڵوە بەکل و دەرمانکراوەکانیەوە دەرپۆقی بوون . سەرە چکۆلەکەی ، کە لە سەری مار دەچوو ، بەرزکردەوە و بە دەنگێکی زیقنی تیژ گوتی :- من هەرگیز لەم تاوان و گوناحە نەترساوم !

- با دەترسیت و زیاتریش . چونکە هەستدەکەی بە هۆی ئەوەی کە لەم تاوانەدا شەریکی ، بەمنەوە بەستراوی ! چونکە هەستدەکەیت ئەم ڕازە من و تۆی پێکەوە گرێداوە. ناتوانین لە یەکدی دوور بکەوینەوە و مەحکوومین کە لەم جەوی شۆرەتە درۆینەیەدا پێکەوە بژین . تۆ ئازار دەکێشیت ! من دەبوغزێنی . چونکە بەمە باری عەزابی خۆت سووک دەکەی ! چونکە ئەمە کارێکی ئاسانە ، چونکە ...

لە تووڕەییدا ، قسەم بۆ نەدەهات ، زمانم گوێ نە دەکرد . سوزان بە توندی قسەکەی پێبڕیم :

- ئەمە ڕاست نییە ! من بە سەرکەوتنی تۆ خۆشحاڵ بووم . ئەگەر ئەم سەرکەوتنە بە ڕەنجی شانی خۆشت بوایە هەر ئەوەندە خۆشحاڵ دەبووم . ئێستاش ئەگەر نەکەوتبایتە داوی ئەم گەمەی سەرکەوتنەوە ، هەر خۆشحاڵ دەبووم ! ..

- ئەمە هەمووی قسەیە ، قسەی ڕووتە ! ..

- نەخێر . بەلای منەوە ئەم دزییە ئەدەبییە کارێکی باش بوو . یەکەم ، کۆمەڵێک گەوج فریو دەدەین ، پارەیەکی باش بە دەست دەخەین و پێی دەژین . ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە . بەڵام تۆ خۆت لێگۆڕا ، وات وێناکرد ، تەواو ، بووی بە نووسەر ، بە پیاوێکی مەزن ، تەنیا لەبەر ئەوەی وێنەت لە ڕۆژنامە و بڵاڤۆکاندا بڵاوبوویەوە ! ..

ناڕاستگۆیی سوزان و باوەڕ نەبوونی بەمن ، زۆر ناخۆشبوو ، چ زوو ئەوەی بیر چووە کەچەند هانی دەدام تا پەیگیری چالاکی نووسەرایەتی بکەم ، ئەم چالاکییەی بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە دەستی پێکردبوو ؟ ئەوەی بیر چوو کە ئەنجامی خەڵاتەکەی موپاسان ڕاگەیەندرا ، چەند دڵی خۆشبوو ؟ : " جاک شانازیت پێوە دەکەم " ئایا ئەو نیگا پڕ غروور و خۆشەویستیانەی بیر چوو کە لە هۆڵەکەی ماڵی مارتینە — مارتینودا ، دەمان گۆڕییەوە ؟

ئەو بە لێوی وشک و نێوچەوانی گرژەوە ، ڕێک ڕاوەستا بوو ، بە ڕق و تووڕەییەکی ژنانەوە دەلەرزی ، هاوارێکی تووندی کرد :

- ڕاستت دەوێ ؟ ڕاستیەکە ئەمەیە کە تۆ لە جیاتی ئەوەی وەکو بازرگانێک ڕەفتار بکەیت ، ویستت لاسایی هونەرمەندان بکەیتەوە . هێندە لە خۆت بایی بوویت ، لووتت بە کەسدا دانەدەهێنا . ئاخر بە چ هەقێ ئەوەت کرد ؟

سوزان ، وەکو کچێکی بەرەڵڵا ، دەستەکانی نایە کەللەکەی و لە سەری ڕۆیی :

– ئاخر بە چ هەقێ ؟ تۆ ناتوانی کلاوم بنەیە سەر گیانە ! من هەموو شتێک دەزانم ! چونکە هەموو شتێک دەزانم ، خەفەت بەوە دەخۆم کە بە بەرچاوی منەوە ، لە بەردەم ڕۆژنامەوانەکاندا خۆت دەنوێنی . دەڵێی :" بەرهەمە ئەدەبییەکەی من ! .. بۆچوونی من دەربارەی ڕۆمان ! .. ئەو کارەی بە دەستمەوەیە ! .." کاتێ گوێم لەم قسە سواو و پواو دووبارە و دەبارانە دەبێت ، حەزدەکەم لە بەرچاوی ئەو کەسانەی کە گوێت لێدەگرن ، لە قاقای پێکەنین بدەم ! لە دڵی خۆدا دەڵێم نا ! نا !

حەپەسا بووم . هەڵبەتە دەمزانی کە سوزان تووڕە و ناڕەحەت دەکەم . بەڵام باوەڕم نە دەکرد بەم ڕادەیە ڕکوونی بێ . لەو حەیوانە هەوسار پچڕیوە ، مردەڵە و تووڕە و ، ناجسن و ترسناکە دەترسام . دەستەکانیم گرت . هاوارێکی دوور ودرێژی کرد کە لە میاواندنی پشیلە دەچوو ، دەستەکانی لە دەستم دەرهێنان و گوتی :

– بەرم بدە . دەستم تێوە نەدەی ! نامەوێ لە ئێستا بە دواوە بتبینم ! تۆ ژیانی منت وێران کرد ! هەموو ژیانمان بووە بە نمایشێکی کۆمیدی ! هەموو شتێکی دەور وبەرمان هاواردەکەن کە درۆن ! دەستکردن ! ئەم کتێبانە ، ئەم کاغەزانە ، ئەم ماڵە ، دەنگی تۆ ، ڕوخساری تۆ ! .. هەموو ئەمانە ئەوزاری لێبۆکبازیە ! سیناریۆیە ! بەسە ، پەردەکە دابدەرەوە ! دەمامکەکەت فڕێ بدە ! واز بێنە با هەوایەکی تازە ، هەوایەکی پاک بێت ! ..

تووڕەییەکی ترسناک سەراپای داگرت ، ئازای ڕادەجفری ! لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد ، چاوانی ئەبڵەق بوون ، خۆی بە سەر کورسییەکدا ، داو کەوتە هەنسک هەڵدان .

چاوەڕوانی ئەو هەموو گریە و زاری و فرمێسک هەڵڕشتنە نەبووم . کە ئەوم بینی ، تووڕەییەکەی خۆمم بیر چووەوە . لەبن لێوانەوە گوتم :– ئەوە دەگریت ؟ بەڵام سوزان ، من لە تۆ زیاتر هەقی گلەییم هەیە .. من لە تۆ پتر پێویستم بە دڵنەواییە ..

بە ڕوخساری گرژومۆن ، لە فرمیسکا نقوم ، ئاوڕێکی لای منی دایەوە . پێڵوەکانی ئاوسابوون ، کەپووی دەبریقایەوە . سینگی بەدەم هانکە هانکەوە بەرز و نزم دەبووەوە . بە نەرمییەکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی :

– جاک ، زیاد لە پێویست ئیستیغلالی لاوازی من مەکە . چەند بە خێرایی ورە بەر دەدەم ، ئەوەندەش بە خێرایی ورەم بەر دێتەوە . تەمەشای من بکە . من کەسێکی هێور و بەئاگا و واقیعبینم . تەمەشای من بکە .. ئەو نامانەی کە گەدا ئاسا لە منیان داوادەکەی ، حەزدەکەم بیان سووتێنم ، بەڵام بە تۆیان نەدەم . من خۆشحاڵم بە سەرنەکەوتنی ( شەوی ڕەش ) ، بەو بەڵگەیەی کە لەم دواییەدا دەستم کەوتووە و نیشانەی سووکی و چرووکی

تۆیە .. تۆ شایستەی هەموو ناکامییەکی ، شایستەی ناکامیش زیاتری .... ئاخر منەتی چی بە سەرمندا دەکەی . چە قەرزێکت لە سەرمە ، قەرزارباری چ شەوێکی خۆش ، چ شەوێکی جوانی تۆم !

لە پڕ و دووبارە ڕاچڵەکی ، داڕوخا ، دەمی داخست و لە نوێ دەستی بەگریان کردەوە . ئەوسا گوتم :

– من کە ئەو نامانەم لە تۆ داوا کرد ، وەکو دۆستێک داوام کردووە ، بەڵام سەیر دەکەم ، لە تۆ دژمنترم نییە . ئێستا تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە جیابوونەوەمان تەواو نزیک بووەتەوە ، سوزان ، من پێموایە وا چاکترە یەکدی نەبینین ، بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەک ..

کە ئەو قسانەم دەگەڵ ئەودا دەکرد هەستم بە خەم و پەژارە و بێزارییەکی لەڕادە بە دەر دەکرد . هەستم دەکرد لە ژیان و لە هەر تێکوشانێک لە ڕای ژیان ، دوور دەکەومەوە . هیچ گومانم لەوە نەبوو کە تەنیایی و بێدەسەڵاتیم ، لە تەنیایی و بێدەسەڵاتی کەسێک دەچێت کە لە سەرە مەرگ وگیانەڵڵادا بێ . وێڕای ئەوەش لە سەری ڕۆیشتم و گوتم :– چەند پەشیمانم لە هەمووی ئەوەی ڕوویدا ! .. تۆش پاشان پەشیمان دەبیتەوە سوزان ! ..

نازانم من بەم دەربڕینە سادەیەی خەم و پەژارەکانم کارم تێکردبوو یان خۆی لە ئەنجامی وردە حیسابێکی ناخۆشی کوت وپڕا دەگەڵ خۆیا ، گۆڕا بوو . بە هەرحاڵ سوزان لە جێی خۆی جولا ، قژەکەی بەسەر هەنیە و گوێچکەکانیا بەر بووەوە ، چاوی بە سەرانسەری ژوورەکەدا گێڕا و بە پەلە و لەبن لێوانەوە گوتی :

– جاک ، بەجێم مەهێڵە !

– چی ؟

– بەجێم مەهێڵە .. هەستدەکەم ، ئیدی ناتوانین بێ یەکدی بژین .. ئێمە لە ڕادە بە دەر بەیەکمان کردووە . لە ڕادە بە دەر یەکدیمان لەوتاندووە .. شەڕ و خراپە لێکدی نزیک کردووینەتەوە .. بە خۆت لەمە حاڵی دەبیت . لەبەر ئەمە من ئامادەم خزمەتت بکەم ... بەڵام سەبارەت بە نامەکان .. چیتر لە منی داوا مەکە جاک ! ..

قۆڵی گرتبووم و بە دەم هەنسک هەڵدانەوە ، شێت ئاسا سەری قۆڵی چاکەتەکەمی ماچ دەکرد و دەیگوت !

– جاک ، جاک ! .. مەڕۆ ! ..

کە دیتم دووبارە کەوتبۆوە هاوار ، غارم دا تا پەنجەرەکە دابخەم . گەرماکە لە کێشا نەبوو . مێش و مەگەزان لە سەر دەست و دەم وچاوم نیشتنەوە . کاتێ بۆلای سوزان گەڕامەوە، سەیرم کرد درێژاو درێژ لە سەر قەنەفەکە ڕاکشاوە و کونە کەپووی کراوەتەوە و بە قووڵی هەناسە هەڵدەکێشیت . گوتی :

- جاک ، وەرە با وەک جاران بین .. هەموو شتێک لەبیر بکەین .. بگەڕێوە بۆ ڕۆژنامەکەت ! ...

هەناسە گەرمەکەی نزیک بوو ، دەم وچاوی دەسووتاندم ، لێی نزیک بوومەوە . لە ناکاوا سەری هەڵبڕی و بەلێوە گەرمەکانی ماچێکی ناو دەمی کردم ، باسکە ڕووتەکانی لە ملم وەرێنا و بەرەو خۆی ڕایکێشام . هەنگێ پێمگوت :

- هەر بەڵێنێکت بوێ پێتی دەدەم .

لە ڕووی بەزەیی و منەتباربییەوە ، حەزم دەکرد بگریم . سوزان چاوەکانی نوقاندن ، من سەریم خستە سەر سینگم و ئیدی هیچ قسەیەکمان نەکرد . لە ئەنجامی ئەم بێدەنگییەی کە باڵی بە سەرا کێشاین ، هەستم دەکرد ، کە دووبارە لێکدی دوور دەکەوینەوە .

دوای ماوەیەکی کورت سەیرم کرد سوزان خەوی لێکەوتووە . بێئەوەی بێڵم خەبەری ببێتەوە ، هەڵمگرت و بردمە سەر جێگاکە . ئەوسا بۆ ئۆفیسەکەم گەڕامەوە تا ئەم دێڕانە بنووسم .

کات زۆر درەنگە ، نیوەشەوە ، یا لەوەیە سەعات یەک بێ . سەرم قورسە ، بە گێژەوە دەچێ . لە خۆم دەپرسم کە ئایا دەبێ بەم ئاشتبوونەوە سەیرە خۆشحاڵ بم یان پەست و خەمباربم ؟

# فەسڵی شەشەم

پەیوەندیم دەگەڵ سۆزاندا یەجگار سەیرە ، وا هەستدەکەم خەجاڵەتی ئەوەیە کە خۆی بچووک کردووەتەوەو تەوازی بۆ من هێناوەتەوە .

ئێمە بە گوێرەی رێکەوتنێکی ناڕاستەوخۆ و ڕانەگەیەنراو ، خۆمان لە باسی ڕووداوەکانی دوێشەو دەبوێرین . ئێمە وەکو دوو زامدار واین ، کە خراپ یا باش ، پێکەوە درێژە بە ژیان دەدەین . لە بەینی ئێمەدا نەفرەت و ڕەق جێگای خۆشەویستی گرتبووەوە . پاشان ڕق و نەفرەتەکە ڕۆیی و جێگەی بۆ ئاشتبوونەوەو سازان چۆڵکرد .

لەگەڵ یەکدا ڕێکدەکەوین و هەوڵدەدەین یەکدی ئەزیەت نەدەین . بە ناچاری هەوڵدەدەین پاشماوەی ئەو ئەشق و پەیوەندییەی لە نێوانماندا ماوە ، کە زیاتر بووە بە خوو ، بپارێزین . زۆر ژن و مێرد هەن ، تەنیا لەبەر ئەم خووە ، پێکەوە دەژین ! تەنیا لە بەر ئەوەی خوویان پێکەوە گرتووە ! دەنا هیچ گەرماییەک لە نێوان بەدەنی کینەکێشی ئێمەدا نییە . بەڵام ئەم بەدەنانە ، لە ئاکامی ئەم شەڕو قەرقەشەیەی دواییدا ، سووتاو ، بەزیو ، بە ناچاری و لە ڕووی مداراوە شان بە شانی یەکدی ڕێدەکەن ، لێکدی جیانابنەوە . چونکە یەک ڕەوت و شەپۆل ، بەرەو کەوتن و هەڵدێری یەکجارەکیان ڕادەماڵێ .

*

چ بکەم ؟ تەگبیرم چییە ؟ پریور ، کە بڵاوکردنەوەی شەوی ڕەشی ڕەتکردەوە ، بەو کارەی خستمیە باوەشی مەرگەوە . سوزان کە ئامادە نەبوو نامەکانی گالارم پێ بسپێرێت ، بە جارێ کوشتمی . من بەخۆم هیچ نیم و ناکەمە هیچ ، گالار ناتوانێ هیچم بۆ بکات ، وێڕای هەموو ئەمەش ، من نامەوێ بە یەکجارەکی بسڕێمەوە و ون ببم .

بەرە بەرە بۆم دەردەکەوێ کە هەڵەی گەورەی من ئەمە بوو کە دەمویست بە تەنیا سەرکەوتن بە دەست بێنم ، خۆم خۆم بسەپێنم . بەڵام چونکە کەسایەتی من ، کەسایەتیەکی هیچ و بێ بەهرە بوو ، دەبوایە کەسایەتیەکی دیکە بۆ خۆم دروستبکەم . جا چونکە کەسایەتی گالار ، هەمووانی ئەفسوون کردبوو ، دەبوا ببم بە گالار . هەڵبەتە ئەمە موبالەغەیە . چونکە مەحاڵە بتوانم ببم بە گالار . بەڵام خۆ دەتوانم هەوڵی ئەوە بدەم لاسایی وشەکان و زمانی ئەو بکەمەوەو ڕاو بۆچوونەکانی ئەو بە ناوی خۆمەوە بڵاوبکەمەوە .

مامۆستای ئەدەبیاتم ، لە قوتابخانەدا دەیگوت ، لاسایی کردنەوەی کەڵە نووسەران ، مەشقێکی یەجگار باشە بۆ ڕسکاندنی ستایل و شێواز ، بۆیە من لاسایی گالار دەکەمەوە ، بە هەمان شێوازی ئەو بیردەکەمەوە . وەکو ئەو دەنووسم . ئیدی بەرهەمێک دەنووسم ، بەڵام بە ئینشاو زمانی ئەو . بۆ نموونە چیرۆکی منداڵی و گەنجێتی خۆم

له گەڵ بابمدا دەنووسم ، بۆ نا ، چی تیایە ؟ بۆ نابێت ؟! بەڵام گرنگ ئەوەیە کە گالار ڕۆژی چەند سەعاتێک بیرو زمانی خۆیم بە قەرز بداتێ .

**

دەستم بە نووسینی چیرۆکی منداڵیەتی خۆم کرد . مەسەلەکە ، مەشقێکی سادەی شێوازو ستایلە . بەڵام کە دەمەوێ بە زمان و ریتمی گالار ، گوزارشت لە ناخی خۆم بکەم ، ڕوو بە ڕووی ئاستەنگ و دژوارییەکی زۆر دەبمەوە .بەڵام کاتێ کە چیرۆکم بۆ ڕاتاپلان دەنووسی ، وشەکان خۆ بە خۆ بە زەینما دەهاتن و لە ڕستەێن سادەو ڕەواندا یەکانگیر دەبوون . لاپەڕە لە دووی لاپەڕە دەهات . تاقە کێشەم ئەو شتانە بوو کە پەیوەندییان بە مەسەلە جوگرافی یا شکارییەکانەوە هەبوو . بەڵام لەم ئەزموون و نووسینەدا هێندە بە سستی و خاوی لە بەرم دەڕوات و دەچمە پێشێ ، تەواو پێی بێتاقەت دەبم . هەر ساتێ کە دێمە سەر بەکار هێنانی ئاوەڵناوێ کە لەگینە گالار بەدڵی بووبێ یان دێمە سەر بەکارهێنانی کارێک کە ئەو حەزی لە بەکارهێنانی بوو بێ ، وام دێت بە خەیاڵدا ، کە ئەو بە دیارمەوە وەستاوە . نووسینەکەی بەر دەستم دەخوێنێتەوە ، بەگومان و دوودڵیەکانم پێدەکەنێ و وەکو مامۆستایەک کە قوتابییەکی هانبدات ، دەستخۆشی سەرکەوتنەکانم لێدەکات . من تەنیا لەبەر ئەو و بۆ ئەو و بە کۆمەکی ئەو دەنووسم ، دەتوانم بڵێم ئەو بە بێدەنگی ئیملام پێدەکات و من ئەوەی لەزاری ئەو دەردەچێت ، دەنووسمەوە . پیتێک یا وشەیەک نانووسم کە ئەو لێی ڕازی نەبێت . بۆ نموونە : بۆ وەسفێک دادەمێنم . دەمەوێ باسی ڕوخساری زەردەڵەو چرچەپەڵەی قارەمانەکەم بکەم . چەند دەستەواژەیەکی لێکچوو تاقی دەکەمەوە ، دڵم هیچیان ناگرێت ، یان بەگوتەیەکی دی ئەو ڕازی ناکەن . بۆشاییەک لە دەور وبەری خۆم دروستدەکەم . پەنا بۆ هزری ئەو دەبەم . دەرگای زەینم بۆ پێشوازی ئەو دەکەمەوە . بە دەمەلاڵکێ دەڵێم :" پیاوەکە دەموچاوێکی زەردەڵەو دوو چاوی گەشی هەبوو .. دەموچاوێکی سپی و دوو چاوی پرشنگداری هەبوو.. ئەم دەستەواژانە دەکەونە بۆ شاییەوە ، بە هیچ شتێکەوە گرێ ناخۆن ... بەیەکەوە نانووسێن .. لە ناکاوا دەڵێم : " دەمامکێکی گەچی بە سەرەوە بوو ، چاوەکانی لە شووشە دەچوون ، دەمی لە دەمی کاراکتەرانی تراژیدیا کۆنەکان دەچوو .... " هەڵبەتە ئەمە من نیم کە ئەم لێکچواندنە دەستکردە قەبووڵ دەکەم . ئەگەر هەرخۆم بام و بە تەنیابام ، ئەم دەستەواژەیەم نە دەخستە سەرکاغەز . بەڵام هێشتا ئەم دەستەواژەیە بە تەواوەتی لە زەینمدا نەچەسپی بوو کە ڕەزامەندییەکی تەواو ، هێنا میە جۆش و خرۆش . هەستدەکەم " دەقاو دەق ئەمەیە " پڕ بە پێستی خۆیەتی ! ڕەنگە نالوژیکی و ناماقووڵ بێ بەڵام " ڕێک ئەمەیە" ! ڕەنگە من حەزی لێنەکەم بەڵام " دروست ئەمەیە "

من هیچ قسەیەکم پێ نییە . ئەو ئەم بڕیارەی داوە . من گوێڕایەڵی ئەوم ، ئەو بە بێدەنگی چیم پێ ئیملا بکات ، ئەوە دەنووسمەوە . تاقە حەرفێ یان وشەیەک بە بێ ڕەزامەندی ئەو ناخەمە سەر کاغەز .

سێ دانە ڕۆژە بەم شێوەیە کاردەکەم . بەجۆرە جێگۆڕکێیەکی مەعنەوی و گوێڕایەڵییەکی موریدانەوە . هەموو بەیانییەک دەرگای ئۆفیسەکەم لەخۆم دادەخەم و پاشان دەست بە ململانێ دەکەم . هەندێجار بیرەکانی زۆر بە خاوی بۆ من دەگوازرێنەوە . یان زۆر خێرا دەڕۆن و بە دەستەوە نایەن . گالار مل نادات ، نایەت ، گالار لە شوێنێکی دیکەیە ، یا من ئامادەگی پێشوازی ئەوم نییە ، یا ئەو ئامادە نییە بێتە دیدەنیم . ئەو کاتە کارەکە دەوەستێ ، ناچێتە پێشێ . من پاندانەکەم دەمژم ، خەت خەتۆکێیەک دەکەم ، بەنووکی قەڵەمەکەم کاغەزەکە دەدڕم . پاشان ئەو دێت یان دەگەڕێتەوەو ، کارەکە دەکەوێتە سەر سکە .

هەڵبەتە من بۆیە ئەوەندە بە تانی ئەم حوزووره مەعنەوییەی گالاردا دەچم و پێداگری لە سەر دەکەم . چونکە دەمەوێ ڕازی (نهێنی) بێچەندو چوونی ئەفراندن و داهێنان ، زیاتر ڕوون بکەمەوەو پەردەی لە سەر لابدەم .

**

گالار ، ئەمڕۆ لە بنی نەهات . بە دیار کاغەزەکانمەوە ، حایرو سەرگەردان ، دەمێ چاوم دەبڕییە بنمیچەکەو ، تاوێ چاوم دەبڕییە ئەرزەکە ، پشتم شکا ئەوەندە بە خۆڕایی چاوەڕوانیم کرد . ڕەنگە ئەمە هەمان دیاردە بێ کە نووسەران پێی دەڵێن ئیلهام : دیداری کەسێکی دی دەگەڵ ڕوحی ئەواندا ، پێشوازی کەسێکی دی لە بوونی ئەواندا ؟ بلیمەتێکی دەورانی کۆن ، بە ناوێکی ناسراو و دەموچاوێکی وەکو ڕەسمەکانی ناو کتێبێن دەرسییەوە ، دەچێتە پێستی ئەوانەوەو لە ناخی ئەوانەوە دەکەوێتە کار ، تا ئەم دۆنای دۆن و جێگۆڕکێیە ، قووڵتر بێ ، کاردانەوەی لەبەرهەمی ئەو نووسەرانەدا ، قووڵترو جێگیرتر دەبێت و ئیدی خۆ بە خۆ بەم نووسەرانە دەڵێین بەهرەدار ، وداهێنەر و بلیمەت . من هەرگیز نابم بە داهێنەرو بلیمەت ، چونکە گالار ماوەیەکی زۆر لە ناخما ناحەوێتەوەو نامێنێتەوە ، وەکو زریان بە سەرما دەدات ، چەند وشەیەکی پەراگەندەو برێک بیری درەخشانم بە ڕوا دەپرژێنێ و وەکو چۆن هات بەو ئاوایە بە خێرایی دەڕوات و دیار نامێنێ . پڕ بە دڵ حەزدەکەم ڕایبگرم ، لە ناخما بیهێڵمەوە ، ڕای بکەم ، بەڵام بۆم نایەتە ڕەداو ڕام نابێت .

تۆبڵێی توانای پێشوازی کردنی ئەوم نەبێت ؟ بڵێی بەدەنی من ، کە جێ ژووانی ئێمەیە ، بۆ ئەو دەست نەدات و بە کەڵکی ئەو نەیەت ؟ ؟ ڕەنگە ئەم بۆ چوونە ناماقووڵ و کۆمیدی بێتە بەرچاو ، بەڵام بەڕای من نووسەر دەبێ . بوونی بەدەنی خۆی ، وەکو سەندووقی هەڵبژاردن ، بۆ دیداری نهێنی ئەو کەسانە بکاتەوە ، کە لە ئەرکەکەیدا یارمەتی دەدەن . جا من لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆم ، دەبێ لە ڕووی بەدەنیەوە بە گوێرەی مەیل و ئارەزووی گالار بم ، تا لە جیاتی ئەوەی چەند وشەیەکی پەراگەندە و خێرام بە گوێدا بدات ، لە ناخما ، لە بوونما ، ئاکنجی ببێت و بمێنێتەوە . بێتە کڵێشەمەوە ، ئاوێتەی بوونم بێت .

هیچ شتێکی لاوەکی لە بوونی گالاردا نەبوو ، هەموو بوونی ، لە بەرهەمەکەیدا دەنگی دەدایەوە . نە چۆنیەتی سەر دانەواندنی ، نە شێوەی بەستنی بۆینباخەکەی ، نە پەسنددانی فلآنی شاعیری کلاسیکی بە سەر فیسار شاعیردا . نە حاڵەتی سووکە لەنگینەکەی ، هیچیان کەم بایەخ نەبوون ، نەدەکرا چاوپۆشی لە هیچمان بکرێت . چونکە ئەگەر گالار ، سەری بەو شێوەیە دانەنواندبایە ، ئەگەر بۆینباخەکەی بەو شێوەیە نەبەستبایە ، ئەگەر ڤیکتۆر هۆگۆی بەسەر راسین دا پەسند نەدابایەو ئەگەر کەمێک نەلەنگابایە ، بێگومان کتێبێکی جیاوازی دەنووسی و لەوەش بوو ، هەرگیز بیری لە نووسین نەکردباوە ، کەڵکەڵەو خولیای نووسینی نەکەوتبایە سەر .

ئەگەر من ئەم بەیانییە قاتێکی کەوەیی و کراسێکی سپیم لەبەر نەکردبایە ، ئایا ئەم تێبینی و بیرانەم دەنووسی ؟ هەموو شتەکان بەیەکەوە بەندن ، دیارترین کاری ئێمە ، چەند بچووک و هیچیش بێ ، لەمیانی تواناکانمانەوە دێتە ناسین و دەرک کردن . من لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردی رەگەزە پێکهێنەرەکانی گالارەوە ، دەتوانم ئەو لە ناخما زندوو بکەمەوە . لە جەستەو لە ڕوحما ئاکنجی بکەم .

بێئەوەی سوزان لەم نیازو نەخشەیەی خۆم ئاگادار بکەمەوە . پرسیاری ئەوەی لێدەکەم کە گالار حەزی لە چی بوو و ڕقی لە چی بوو . بەچی دڵخۆش دەبوو و بەچی بێزارو پەست دەبوو . سوزان ، هیچ شتێکی مێردەکەی بیر نەچوو بووەوە ، خوێندنەوەکانی ، هەڵسوکەوتی لە ماڵەوە ، زەوق و سەلیقەی لەواری شانۆدا ، چاکەت و پانتۆڵی ، گەمەکانی ، خواردنەوەی ، خواردنی . کەرەستەو تفاقی ناو ماڵ و .. هتد هەر هەمووی لە بیر مابوو .

من لە کۆی ئەم وردەشتانە ، ئەم پیاوە دروست دەکەمەوە ! بەم کەرەستانە ، وێنەیەکی بەرزو جێگیری داهێنان و بلیمەتی لە ناخی خۆمدا دروستدەکەم ! هەنگێ سوزان ، دڵی ئاسوودە دەبێت ، ئارامی خۆی بە دەست دێنێتەوە ، منیش پێویستم بە نامەکانی ئەو نابێ تا لەو ڕێگایەوە خەڵکی سەرسام بکەم !

❊❊

زۆر زیرەکانە لە سوزانم پرسی کە گالار لە دوا دوایی تەمەنیا زیاتر چ کتێبانێکی دەخوێندنەوە . پاشان لیستێکی تەقریبی ئەو کتێبانەم لای خۆم تۆمار کردو داوام لەو کتێبفرۆشییە کرد کە مامەڵەم لە گەڵیا هەبوو ، هەر هەموو ئەو کتێبانەم بۆ پەیدا بکات و بە کەڕەتێ بۆمیان بنێرێ . گوایە ئەم خۆراکە مەعنەوییە ، یارمەتی ئەو گۆڕانکاریەمی دەدا کە کارم لە سەری دەکرد . لە یەکێک لە کۆمەدییەکانی سوزانیشدا ، چەند وێنەیەکی پێنج شەش ساڵ لە مە پێشی گالارم دۆزییەوە . لە هەموو وێنەکاندا قات و بۆینباخی رەشی لە بەرو لە مل بوو . سوزان زۆر جار باسی ئەوەی بۆ کردبووم ، کە گالار هەر وەکو زەوق و حەز جلی ڕەشی لە بەر دەکرد ، دەنا هیچ بۆنەیەکی ناخۆش و

تازیەباری لە ئارادا نەبوو تاجلی ڕەش لە بەر بکات . دەبێ ئەم شتانە تۆماربکەم . کاتێ ویستم لە سوزان بپرسم کە گالار حەزی لە چ جۆرە خواردن و خۆراکێک دەکرد . کەچی تووڕە بوو و هاواری بە سەرمدا کرد :

-چییە ، دەتەوێ دەعوەتی شێوی بکەی ؟

چونکە نەمدەتوانی سەدەمی (هۆ) ڕاستەقینەی ئەم کونجکاویەی بۆ ڕوون بکەمەوە ، خۆم لە گێلیدا و لێی کەوتمە گلەیی کە لە خۆت وخۆڕایی شەڕەنێتەوە . سوزان یەکسەر، دوای ئەم گفت و گۆیە لە ماڵ وەدەرکەوت و منیش هەنجەتی کارکردنم هێنایەوە ، تا لە گەڵیا نەچمە دەرێ .

ئەوەی ڕاستی بێ ، من دەمویست چاو بە کتێبەکانی گالاردا بخشێنم و هەوڵبدەم . بچمە بنج وبناوانی کەسایەتی ئەو وبیناسم .

خوێندنەوەکەم بڕی ، هەرکە کەم دابێژێک ئاشنایەتیم دەگەڵ نووسەرە دڵخوازەکانی ئەودا پەیداکرد ، یەکسەر هەستم کرد کە ئامادەگییەکی زیاترم بۆ پێشوازی ئەو هەیە . ئیدی سەراپام بوو بە سەبر و چاوەڕوانی . پشتم کردە دەرگاکە تا هاتنە ژوورەوەکەی ئەو نەبینم . سەفتەیەک کاغەزم لە سەر ڕێگاکەی دانا ، تا هەر کە هاتە ژوورەوە ، یەکەم شت سەفتە کاغەزەکەی بەرچاو بکەوێ . لە دڵی خۆمدا کۆمەڵێک وشەم دەگوت و دەگوتەوە تا گالار بەکەیفی دڵی خۆی لێیان هەڵبژێرێت . هەستم دەکرد کە لە ژوورەکە دادەبڕێم ، وەکو ئەوە بوو کەسێک لە نێوان من و دنیای دەورو بەرمدا بوەستێ ، و هەموو پەیوەندییەکانی من دەگەڵ واقیعدا ببڕێت و ، ئەوسا وەکو باڵۆنێک لە بۆشاییەکی ڕەهادا هەڵمواسێت و گۆشەگیرم بکات .

هێدی وهێمن لێم نزیک بووەوە ، لە سەمتی ڕاستمەوە وەستا ، وەکو پزیشکێک چۆن بە ڕووی خۆشەوە معایەنەی نەخۆشەکەی دەکات ، بەو ئاوایە لە سەروو شانەکانمەوە لە گەڵما کەوتە قسە کردن ، هەستم کرد هەناسەی بەر لەشم دەکەوێ .

ئارامی تایبەتی دەنگی . هەموو بۆشایی سینگم پڕ دەکات من تا چەند ساتێکی دی دەست بە نووسین دەکەم ، دەنووسم . بریا تا بەرەبەیان نەدەڕۆیی و بەجێی نەدەهێشتم .

❊❊

هەموو ڕۆژێک ، شتێک دەربارەی گالار لە سوزان دەپرسم . بەرە بەرە وردەکارییەکانی ژیانی هاوبەشیانم بۆ دەردەکەوێ ، ئاشنای نەخۆشییەکانی دەبم ، مشتەرییەکانی دەناسم . هەر هەموو ئەم بابەتانە بۆ من لە ڕادە بە دەر

به سوودن . بەم بابەتانە ئەفسوونی دەکەم و ڕایدەکێشم ... بریا دەیتوانی لە بوونما جێگیر ببێ و لە هەمان شوێندا بمێنێتەوە .

**

دەزانم کە سوزان ، هەندێک جلوبەرگ و کەل وپەلی کۆنی ، مێردی یەکەمی ، لە سەندووقێکی قاوەیی گەورە نابوو و خستبوویە بنەبانی ژێر زەمینەکەوە . لەوەتای گالار مردبوو . زاتی نەکردبوو  ئەم کەل و پەلانە دەربێنێ و بیانتەکێنێ . دوێشەو ، کاتێ ئەو چوو بۆ نووستن ، من بە بیانووی هێنانی چەند بوتڵێک شەراب کە ڕەنگە بۆ سبەی پێویستمان بن ، خۆم بە ژێر زەمینەکەدا کرد . بە ناو ڕاڕەوە تاریکەکە کەوتم . تیشکی مۆمەکە ، بە ئاستەم بەردەمی ڕوناک دەکردمەوە ، پێدەچوو ڕاڕەوەکە کۆتایی نەبێت . بەناو ڕاڕەوە تەنگ و باریکەکەدا ، بەناو بەردی خزو نمسارا ، بە بەر دەرگاێن دارین و بە ناو داوە جاڵجاڵۆکەێن وشک و شۆراخ زەدەدا ، دەچوومە پێشێ . مشکێکی زەلام . بە قەڵەمبازێک خۆی بە تاریکییەکەدا کرد . چاوەکانیم بینی کە وەکو دوگمە دەبریقانەوە .

سەرەنجام گەیمە بەر دەرگای ژێرزەمینەکەی خۆمان . بە ئاسانی خۆم کرد بەم حەرەم وکونجەدا کە پڕ بوو لە بوتڵی بەتاڵ و سەندووقی کۆن و جانتای دڕاو و سواو و پواو وەکو بیرەوەرییان. مۆمەکەم ، لە ئەرزە نەرم و نمسارەکە چەقاند ، ڕوناکی مۆمەکە کەمێک لەرزی و ئەوسا ڕوناکییەکە بڵاو بووەوە ، چەند دۆڵابێکی نوقمی تاریکی ، چەند کیسەیەکی گەورە و گۆشەو کەناران دەرکەوتن .

بە دەم هانکە هانگ و نیگەرانییەوە ، هەر دوو دەستم خستە سەر قەپاغی سەندووقە قاوەییە گەورەکە . ترسێکی زادەی حورمەت شکێنی ، قامکەکانمی سڕکرد . بە هەر جۆرێ بوو ، شیشێکم دۆزییەوە ، خستمە درزی بەینی سەندووقەکەو قەپاغەکەیەوە . کە شیشەکەم تەکاندا ، دەنگێکی گەورە لە سەندووقەکە بەرز بووەوە ، وەکو ئەوەی سەری تابووتێک بە گوشار بکەیتەوە ، قەپاغی سەندووقەکە ترازا . دەنگە دەنگێکی سەیر کەوتە سەرشانم . هەستم کرد کەسێکی بەهێز لە دواوە توند گرتمی ، ئاوڕم دایەوە تابزانم کێیە ، بەڵام کەسم نەبینی . هەنگێ بە کاوە خۆ قەپاغەکەم بەرز کردەوەو قەپاغەکە کەوت و بە دیوارەکەوە گیرسایەوە .

کۆمەڵێک ڕۆژنامەو نەفتالین دەرکەوت . وەکو چۆن کفنێک دەدڕن . بەو ئاوایە جل و پەردەو نەوارو پەتەکانم دەکردەوەو هەڵدەدایەوە هەموو ساتێ وام هەستدەکرد ، کە مردووەکە لە ژێر نەوازشی درزانەی من دا بێدار دەبێتەوەو ئەم جلە پەراگەندانە لەبەر دەکاتەوەو ئەنجام بە سەرو سیمای تەپو تۆزاویەوە هەڵدەستێتە سەرپێیان و کەلا ئەسفەنیکەکان ( نەفتالین ) بە سەرو باڵایدا دێنە خوارەوە . بلەز چاکەت و پانتۆڵ و جووتی سۆلی زەردم هەڵگرت

، له کاتێکدا ئەو شتە دزیاریانەم بە باوەشەوە گرتبوو ، بە ناو تاریکیەکەدا پێم وەغارێوەنا . بەڵام ناچار بووم بگەڕێمەوە تا مۆمەکە هەڵبگرم .

کاتێ گەیمەوە ژوورەکەی خۆم ، شتە دزیارییەکانم لە سەر قەنەفەکە دانا . چاکەت وپانتۆڵێکی ڕەش و چرچ و لۆچ بوو ، سەری ئەژنۆکانی پوا بوون . کەس بەقەد ئەو جلە کۆن و ساردو سڕانە لە گالار نزیک نەبوو بووەوە . هیچ شتێک لەو جلانە زیاتر پێوەی نەنووسا بوو . ئەو لەناو ئەو جلانە ژیا بوو . ئەم جلانە لێدانی دڵی ئەو ، گەرمای قۆڵ و باسکی ، بۆنی جەستەی لە خۆ گرتبوو ، بلیمەتی ئەویان لە خۆگرتبوو .

بە دەم دانە چۆقێوە جلەکانی خۆم داکەند ، ئەوسا چاکەت و پانتۆڵەکەی مردووەکەم لە بەرکرد ، وەکو ئەوەی خۆ لە کفن بنەم بەو ئاوایە خۆم لەم جلانە هەڵکێشا . جلەکان ساردو نمدار بوون و بۆنی مەرگیان لێدەهات . لە ناو ئەم جلانەدا هەستم بە زندوویەتی خۆ نە دەکرد . وێڕای ئەمەش جلەکان فیت پڕ بە بەرم بوو ، دەتگوت لە ئیجادی بۆ من دوراون . پانتۆڵەکە ڕێک بە ئەندازەی درێژی لاقەکانم بوو ، نە کورت بوو نە درێژ ، کەمەرەکەی ڕێک بە قەد ناوقەدی خۆم بوو . شانی چاکەتەکە پڕ بە شانی خۆم بوو . وام هاتە خەیاڵ کە ئەو چاکەت و پانتۆڵە هی خۆمەو ، چاوەڕوانی ئەوە بوو بۆ دوا سەفەر لەبەری بکەم . بەڵام من زووتر ، لە کاتی سەفەرەکە لە بەرم کرد بوو .

دەستم بە گیرفانما کرد ، نووکی قامکەکانم بەر بلیتێکی  میترۆ کەوت ، بلیتەکە ڕەق بوو بوو ، دەرمهێنا . ترسێکی وام لێنیشت کە قەڵەمی دەست و پێم شکا ، بۆ ئەوەی بەرنەبمەوە ، خێرا دانیشتم تا هەناسەیەک تازە بکەمەوە . ئەوسا لەبن لێوانەوە گوتم :- خودایا ، بمبورە ! چ بکەم ناچارم ، تۆ خۆت دەزانی ناچارم ئەمە بکەم !

دوای ئەوە بۆینباخە ڕەشەکەم بەست ، سۆلە زەردەکانم لە پێ کردو لە پشت مێزەکەوە ، بە دەم چاوەڕوانی هاتنی ئەوەوە ، دانیشتم . بە تەمابووم بەمجۆرە کۆپییەکی شپرزەی جەستەی فانی گالار ، بخەمە بەردەمی خۆی تابچێتە ناویەوەو لەوێدا ئاکنجی ببێ و لەم ڕێگایەوە ڕاو و ڕامی بکەم .

بێدەنگی ژوورەکە، کۆمەڵێک گۆشەو کەناری سفت و ڕەقی وەکو کریستاڵی هەبوو . شتەکانی ناوی دەتگوت لە جامخانەیەکی بێدەنگیدا ، نمایش کراون . ئاوێنەی سەر موغەیرییەکەو ئاوێنەکەی قەد دۆڵابەکەی بەرانبەر ، دەیان وێنەی لە چوار چێوە گیراوی منیان دەنواند ، تا هەتەری چاو هەر وێنەی من بوو . لە جەنازەیەک دەچووم کە جلیان لە بەر کردبێ تا لە تابووتی بنەن . بۆینباخەکەی ملم لە پەتێ دەچوو کە دەستێکی بێگانە لە گەردنمی بجەرێنێ . قژەکەم شپرزەو شێواو ، لە یاڵ و بژی حەیوانێکی میاکراو دەچوو . تەنانەت حاڵەتی بێ جوڵەی بازووەکانیشم لە هی مردوو دەچوو . ئیدی جەستەیەکی بێگیان بووم و چاوەڕوانی هاتنی گیانێکی بێ جەستەم دەکرد : قاڵبێکی مادی ، ساردو سر بووم ، چاوەڕوانی هاتنی ڕوحێکی دەکرد .

ساتەکان ، قورس و یەک لە دووی یەک . وەکو کەلای (هەڵمات) قورقوشم ، وەکو ساچمەی قورقوشم ، دەکەوتنە سەر قەراخ پەنجەرەکە . هیچ شوێنەوارێکی پیاوان و ژنان ، لەو دەریایەدا کەتێی کەوتبووم دیار نەبوو . هەموو شتیەکان ڕۆشتبوون و بەتاقی تەنیا بەجێیان هێشتبووم . لاقم ڕاکێشا ، تا بازنەی تەنیایی خۆم تا نووکی قامکێن پێیەکانم بەرین بکەمەوە . بەرە بەرە لە گەڵ تێپەڕینی کاتدا ، زیاتر پەیم بە بێهودەیی و گاڵتە جاڕی ئەو سیناریۆو دەمامکە کۆمیدیانە دەبرد .

زریانێک لە شێوەی تەشبریق و هەورە تریشقەدا بە دەوری سەرما دەسوڕایەوەو هەڕەشەی هەڵکردن و دەست پێکردنی دەکرد . تیشکی گڵۆپەکە بوو بوو بە ئاگر ە گڕەیەکی ئەبەدی . دنیا ئاخر بوو بوو ... ویستم لە جێی خۆم ڕاپەڕم ، بە دەست بەرببمە ئەو سیحرو جادووەو هەر هەمووی تێک و پێک بشکێنم .. بەڵام کار لە کار ترازابوو ، تازە درەنگ بوو بوو . ئەو هاتبووە ناومەوە ، هاتبووە کلێشەمەوە . چۆن دەجوڵامەوە بەری دەکەوتم ، بێهودە هەموڵم دەدا لە خۆمی دووربخەمەوە ...

لەم ساتەدا ، هاوارێکی تیژ ، بێدەنگیەکەمانی شڵەقاند . سوزان لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا بوو . و بە چاوانی حایرو حەپەساوەوە لێی دەڕوانیم . بە دەنگێکی خەفە گوتی :- لێرە چ دەکەیی ؟

وەڵامم نەدایەوە ، دووبارە گوتی :- ئەم جلانە چییە ؟

ئەوسا ، لە سەری ڕۆیی : - تۆ شێت بووی ... شێت !

و پاشان بلەز چوو بۆ ژووری نووستنەکەی .

وا وێنا دەکەم ، دوای ڕۆیشتنی ئەو ئیدی بورامەوە .

❊❊

سوزان ، ئەم بەیانییە ، ئاگاداری کردمەوە کە بەتەمایە هەموو مانگی ئاب لە موڵک و مەزراکەی دایکە هیپ بە سەر بەرێت . سوزان ، لە من دەترسێت ، بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات خۆی لە من دوور بگرێت . هەڵبەتە من ڕۆیشتنەکەیم لەبەر گران نییە ، کە بەتەنیا دەبم ، دەتوانم ئاسانترو ئازادتر لە گالار بگەڕێم .

# فەسڵی حەوتەم

سوزان ڕۆیی . وەکو چۆن چلێک سەربەرز دەکاتەوەو ئازادانە نەشونما دەکات ، بەو ئاوایە هەستم بە بارسووکی و ئازادی کرد . جارێکی دی جلەکانی گالارم لەبەرکرد . لەکتێبخانەکەی ئەودا کەوتمە خوێندنەوە . هەوڵمدا بزانم بە چ شتێکی هەر نووسەرێک دڵبەندە . شیفتەی چ شتێکی هەر نووسەرێکە ، ئەوەی ڕاستی بێ لەو فەسڵانەدا کە خوێندمنەوە ، هەستم دەکرد هەندێ خاڵی هاوبەشمان لە نێواندا هەیە . وام دەهاتە بەر خەیاڵ ، ئەو شوێنانەی ئەم پێیان دڵبەند بووە ، ڕێک وەکو ئەو گوڵانەی کچان دەیخەنە بەینی لاپەڕەی ئەو کتێبانەوە کە دەیخوێننەوە و ، ڕێک بەو ئاوایە بەم لاپەڕانەوە نووساون و من بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانەوە کەشفی دەکەم ، لەگەڵ هەر کەشفێکی تازەدا دڵم دادەخورپا . هەر هەموو ڕابردووی ئەو پیاوە . بەپاشماوەو دارو پەردووی شادییەکانیەوە ، خەریک بوو لە لای من کۆدەبووەوە . بۆ ساتێک لێکچوونێکی تەواو لە نێوان من و ئەودا چێبوو . هەستم دەکرد غەزووی کردووم دەستی بە سەر بوونمدا گرتووەو ، بە دەم سەرەگێژ کەیەکی توندەوە . هەستم کرد کە من ئەوم نە ک خۆم و دەتوانم گرنیگترین کار ئەنجام بدەم .

پاشان ، هەردوو وێنەکە . کە ئاوێتەی یەکدی بوو بوون ، بە شێوەیەک هەستی پێنەکرێت ، لێکدی جیابوونەوە . وئیدی گەڕامەوە دۆخی خۆو هەستکردن بە خۆم . بۆ شاییەکی دەروونی ئەو تۆم لا دروست بوو کە خستمیە گریان .

گالار هاوڕێتی ژیانم دەکات ، بەڵام نایەوێ بە ڕاستی لە ناو ژیانمدا ئاکنجی ببێت . بە دەورما دێت ، دەورم دەدات

بەڵام نایەوێ بێتە کلێشەمەوە و جێگای من بگرێتەوە . وا دیارە لە هەمان کاتدا ، خزمەتی پتر لە فەرمانڕەوایەک دەکات و ( ماڵ و بارەگای ) سەرەکی لە جێیەکی دیکەیەو و من بە وێستگەو ( ماڵی کاتی ) خۆی دەزانێ . کارەکە بە شێوەیەکی نارێک دەڕوات و ، من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە ئەو بە یەکجارەکی لە جەستەی مندا جێگیر ببێ وبحەوێتەوە ، یانی بێتە پێستی منەوەو جگە لە کارەکەی من ، بەلای هیچ کارێکی دیکەوە نەچێت . واتە خۆی بە یەکجارەکی بۆ من تەرخان بکات . هەنگێ ئەو کتێبەی ، کە هەنووکە بە پچڕ بچڕی داوای لێدەکەم و بە شەڕ لێی وەردەگرم ، بە پەلەو بە کەڕەتێ دەینووسم .

❊❊

من هەموو شوێن پێیە کۆنەکانی هەڵدەگرم ، سەر بەو شوێنانەدا دەکەم کە لەگینە تاپۆی ئەو هەڵوەستەیەکی تیاکردبێ ، یان پێیدا ڕەت بووبێ . هەوڵدەدەم ئەو لە خانەو ڕەفەی ئەو دوکانی کتێبفرۆشییەی کە خۆشی دەویست ، لەبەردەم قوتابخانەکەیدا ، لە بەردەم خەستەخانەکە ، یان لە بەردەم ئەو شوقەیەدا کە دەگەڵ سوزاندا تیای دەژیا

، بدۆزمەوە و لە پەناگاکەی دەربێنم . هەموو ئەو شەقامانە دەگەڕێم کە ئەو پێیاندا ڕەت بووە ، هەموو وێستگەکانی ڕابردووی ئەو بە سەر دەکەمەوە ، بە گوێرەی توانا و ئەوەندەی دەست بە بەرێوە بچێ ، بیرەوەرییەکانی ئەو وەکو خۆی کۆدەکەمەوە ، و هەندێجار ڕێک دەچمە کلێشەی ئەوەوە، دەبم بە هەڤزاد و کۆپی دووەمی ئەو . لە پڕ بۆم دەردەکەوێت ڕێک لەو شوێنەدا کە من وەستاوم ، هەناسە دەدات ، جەستەی من و ڕۆحی ئەو ، تەواو یەکانگیر بوون . پرشنگێکی ئەفسووناوی بەر چاوم ڕووناک دەکاتەوە . هوشیاری و زیرەکی و توانا و ئیرادەیەکی سەیر لە خۆما بەدی دەکەم . لە پڕ ئەم شانس و یەغباڵە بێ وێنەیە ، بە دەوری تەوەرێکدا دەسووڕێتەوە و خۆم لە گەڵ زەین و مێشکمدا بە تەنیا دەبینمەوە .

شتێکی سەیر و نا ئاساییە ، مرۆڤ ، لەبەر خاتری کەسێکی دیکە و بۆ قازانجی کەسێکی دی ، دەستبەرداری خۆی بێ و چاوپۆشی لە خۆی بکات . من گرێو دەکەم کە خەڵکانێکی زۆر کەم ، دەگمەن هەن کە ئەوەیان تاقی کردبێتەوە ، بچنە کلێشەی کەسێکەوە کە نە خزمیان بێ و نە بیرەوەرییان لە گەڵیدا هەبوو بێ و بیانەوێ دەوری ئەو بدینن و ببن بە ئەو . و لە ناخی خۆیاندا پەیکەرێکی ئەو دابنەن .

لە دەفتەرچەیەکی کۆندا ، کە هی دەورانی مەکتەب بوو ، ئەدرەسەی ئەو ماڵەم دۆزییەوە کە گالار کاتی خۆی دەگەڵ باب و دایکیدا لەوێندەر ئاکنجی دەبێت . ئەمڕۆ چووم بۆ سەردانی ئەوێندەر . خانووەکە کەوتبووە سیلەی شەقامێکی بچووک و بێدەنگی دەڤەری ( نویلی )یەوە . بە بۆیەی سپی و کەسک بۆیە کرابوو ، چەرداخ بەسەر پەنجەرەکانیەوە هەبوو ، پەردەی گوڵداری تۆڕی بە پەنجەرەکانەوە بوو . هەتاوی دڵگیر ، تیشک دەخاتە بەر پێیەکانم . من پشتم داوە بە دیواری ماڵەکەی بەرانبەرەوە . هەر بەو دەقەوە کە وەستاوم ، خۆم داوەتە دەم خەیاڵ و هزرەکانمەوە . گالارم بینی باوەشێک کتێبی لە بن باخەڵی نابوو ، و لە ماڵ هاتە دەرەوە ... کاتێ کە لە قوتابخانە گەڕایەوە ، لە بەر دەرگای ماڵەوە کەوتینە گفتوگۆ . خۆم لەوەدا بینییەوە لە پاڵ جۆگای قەراخ شۆستەکەدا کەوتینە هەڵماتێن ، هەموو ئەو ڕووداوانە بە ڕادەیەک لەمنەوە نزیک بوون ، کە لە ئێستادا هەستم بە دەست و لاقی خۆم نەدەکرد . بێئەوەی بە خۆم بزانم ، ئەو ماڵە بوو بە ماڵی من . سەدان جار لە زەنگی دەرگای ئەو خانووەم دابوو و دەیان جار ، هەر بۆ خۆشی و سەرگەرمی لەقەم بەو قاڵدرمە داڕووخاوانەدا کێشابوو . هەژگ و بژاڵی ئەو پەرژینەم لادابوو و ناوی خۆمم لە سەر قەدی درەختەکانی باخەکەی هەڵکۆڵی بوو . بەڵام ژوورەکانی ئەم ماڵە چۆن بوون ؟ پێویست بوو ژوورەکان بدینم ، تاببن بە هی من .

لە کاتێکا کە ئەو شتەم لە دڵی خۆمدا دەگوتەوە ، لەپڕ وەکو ئەوەی خەون بدینم ، سەیرم کرد دەرگاکە کرایەوە و لە درزی تاریکی دەرگاکەوە ، ژن و پیاوێک لە سەر داوای من بە دیارکەوتن . من کە دایک و باوکی گالارم ، کاتی خۆی لەبەر محەجەرە ناقۆڵاکەی قوتابخانەکەدا دیتبوو کە چاوەڕوانی کوڕەکەیان دەکرد ، ناسییەوە ، هەر دووکیان

پیر ، قژیان سپی بوو بوو ، مات و خەمبار بوون . باب و داکی گالار . بۆ ساتێک خەیاڵ بردمییەوە ، وامدەزانی خەونێکی ترسناک دەبینم ، لە وەهمێکی سەیردا بووم ، بەڵام نا ئەوە پیاوەکەیە ، دەستکێشە زەردەکانی لە دەستە ڕەقە ئارەق کردووەکانی دادەکەنێ ، و ژنەکەش سەرپۆشێکی وەنەوشەیی بە سەر سەر ودەم وچاوە چرچ ولۆچ و پڕ بۆدرەکەیدا دەدات . ئیدی هیچ جێگای گومان نەبوو کە داک وبابی لێرە بوون . ئەو جووتەی کە ئەویان هێنابووە دنیا و بە خودانیان کردبوو و دابوویانە دەم ڕەوتی ژیانەوە . ئەو جووتەی هەموو شتێکیان دەربارەی دەزانی . ئەو جووتەی کە ئەو بەلایانەوە نەمرد بوو و مردنی ئەویان بە ئەفسانە دەزانی ، ئەو جووتەی کە ڕەزامەندییانم بەلاوە پێویست و زەروری بوو تا بتوانم ببمە گالار و بەگالاری بمێنمەوە ! ئەی جووتە نیگابانە بێ بەزەییەکەی بیرەوەری ، ئەی ئەوانەی کە کەونە خەونان کاوێژ دەکەنەوە ، من بەوپەڕی سەرسامی و حیرەت چاودێری ئێوە دەکەم ! چاوەڕوان بووم لە دنیای گونگ و تاریک و نادیاری ئێوە وەربگیرێم . لە گەمەکەتاندا بەشدار بم و پەی بە ڕازو ڕەمزی ئێوە بەرم ! بەئومێد بووم کە پەرچوویەک — نازانم چتۆ پەرچوویەک — ڕوو بدات ، لە ناکاوا من بکات بە کوڕی ئێوە !

خێرا ، لە خەیاڵی خۆدا وام وێناکرد چەند سەیر دەبێ ، کە ئەگەر ئەو پیرەمێرد وپیرەژنە بە ئامادەبوونی من بزانن ، لە قاڵدرمەکانەوە ، بە لاقە ڕەقەڵەکانیانەوە بێنە خوارەوە ، باوەشم بۆ بکەنەوە و بە یەک دەنگ هاوار بکەن :- جۆرج !

ڕێک لەم ساتەدا هەستم بە ساردی ماچەکانیان لە سەر گۆنام کرد . ترس و شادی ، سینگیان هەڵدەدڕیم ، دەستێکم بە ڕوخساری تاوەگازی خۆمدا هێنا .

باب و داکی گالار ، هێشتا بەرانبەر بە من ، جلەکانیان ڕێکدەخست . ئایا بیریان لە خەم و پەژارە گورچکبڕەکەیان دەکردەوە ؟ یان ئەم نەگبەتی و کارەساتەیان دامرکابووەوە و بڕابووەوە ؟

کە زانیم تەمەشام دەکەن ، لە کانگای دڵەوە تووشی شۆک بووم . چاوم هەڵبڕی ، نیگامان لێکدی هەڵەنگوت . ئایا ئەوان منیان ، مێردی دووەمی سوزان ، ئەو نووسەرەی بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی ( غەزەب ) ەوە سەدان وێنەی بڵاوبوو بووەوە ، هەڤڕکی بەختیاری ڕۆح و تاپۆی کوڕەکەی خۆیان ، ناسییەوە ! پاشان ڕوخساری پیر ونەگبەتیان وشک بوو ، نیگایان بوو بە بەرد ، ودەرگاکە ، وەکو زللەیەک بە ڕووما درا و داخرا .

بەو جۆرە ، دەرکرام ، قەبووڵ نەکرام ، ترۆکرام و ئابڕووم چوو ، خەم و پەژارەیەکی گونگ دایە لاقم و سستی کرد . پاشان خۆم لە ماڵەوە بینییەوە بێئەوەی بزانم چۆن ئەو ڕێگایەم بڕی بوو کە گەیاندبوومیە ماڵەوە .

## فەسڵی هەشتەم

بە ئاسانی گۆڕەکەیم دۆزییەوە . کێلێکی مەڕمەڕی سپی ، بەسەرەوە بوو . خاچێکی بەرجەستەی لە سەر نەخشێنرابوو ، ناو و بەرواری مردنەکەی لە سەر تۆمار کرابوو . دوو چەپکە گوڵی تازە بە سەر پەرژینە نزمەکەی گۆڕەکەوە بوو . تۆ بڵێی داک و بابی ، ئەو کاتەی من دیتمن بە نیازی ئەوە بووبن بێنە سەر گۆڕەکەی ؟ پاشان من بووبمە بایسی بەینی وان و کوڕەکەیان ؟

ئەمە یەکەمجارم بوو کە بۆ دۆزینەوەی گالار دەچووم بۆ ئەو گۆڕستانە . پێشتر بیرم لەم شتە نەکردبووەوە . بەڵام بە هەموو حاڵ و حیسابێک سەردانی ئەم شوێنە زەرووری بوو . تەنکە دووکەڵێکی کاڵ وگەرم بەری ئاسمانی گرتبوو . درەختانی سەروو ، پێکەوەو لە شیوەی تۆپەڵێکی ڕەشدا ، سەریان کردبوو بە باوەشی ئاسماندا . ئەو وێستگەیە بە فارگۆنە بەردینەکانیەوە بۆ هەمیشە بێدەنگ و بێ جووڵە بوو . لەم شاری مەرگەوە ، کە تەنیا سەربانەکانی دەگەییە عاردی ، بێدەنگییەکی قورس بەرز دەبووەوە . جا لەم شارە پان و بەرین و داخراوەدا ، لەم شارە کەڕ ولاڵەدا ، من ، تاقە زیندووی مێمڵ بووم بە سەر شارەوە .

لە سێبەری کەڵەکەچنی ئەو چاڵە تاریکەدا کە ناوی گالاری لە خۆ گرتبوو وەستابووم . بە خەیاڵ هاتبووم تا لە ئاستانەی دوا بارەگا و مەنزڵی ئەودا چاودێری بکەم و لە میانی ئەم خۆڵ و بەردەوە ، سواڵی جووڵەیەک یان نیگایەکی ئەو بکەم .

شنەبایەکی خۆش ، خۆی بە ناو لق وپۆپی درەختانی ئەو بۆلڤارەدا کرد ، کە ئەم بەرو ئەو بەری یەکپارچە گۆڕستانی خانەوادەیی دەوڵەمەندان و پەیکەری سپی بوو ، هەرچی تەپ و تۆزی ئەو ناوە هەبوو بردی بە ئاسمانا . لە دوورەوە ژنێکی ڕەشپۆشم بینی کە لە دەوری گۆڕێکی تازەدا خەریکی باخەوانی و گوڵکاری بوو . گوڵدانەکانی دەگۆڕی . وردە کاغەز و زڕ و زبڵی ئەو ناوەی کۆدەکردەوە و دەیخستە تەنەکەی خۆڵەوە . ئەرزەکەی بنکۆڵ و شی دەکردەوە ، گیا کەڵەکانی ئەو ناوەی هەڵدەکەند و بژار دەکرد . سەرقاڵ و ڕازی دیار بوو. پێدەچوو ، گلەیی خەمساردی و بێ موبالاتی ، لە مردووەکە بکات :

– ئەی بابە ، دیسان لێگەڕایت ئەم گیا کەلانە دەربێنەوە ! .. ئەم پەلانەی سەر کێلەکە چییە ! .. باشە ئەگەر من لێرە نەبوایەم ! ...

من بەغیلیم بەو خانمە دەبرد کە بەو ئاسوودەیی و ئارامییەوە بەرخوردی دەگەڵ کەسێکی مردوودا دەکرد . ئەم ژنە لە هیچ ڕاز و ڕەمز و نا دیارێک نە دەترسا . ئەو دەگەڵ مێردەکەی یان مەعشووقەکەیدا ، کەجل وبەرگی خاکی

و مەڕمەڕی لەبەر بوو و ، رووی کردبووە مەعریفەتی ڕەها و بۆ هەمیشە و هەتا هەتا ڕۆیی بوو ، بە جۆرێ مامەڵەی دەکرد کە لە تۆ وایە ئەو پیاوە هێشتا هەمان ئەو پیاوە دەست و پێ سپی و خەمسارد و ڕدێن نەتاشراوەیە کە بادە هەڵدەدات و سمێڵی لە بادە دەنێ . ڕەنگە هەق بەو ژنە بووبێ .

بەڵام من نەمدەتوانی ئەو حاڵەتی ڕێز وحورمەتە وشک و ساردەی ، کە لە کاتی دانەوانەوەما بە سەر قەبرەکەی گالارا هەمبوو ، لە خۆم دوور بخەمەوە . ئەژنۆم نایە سەر عاردی ، وەک ئەوەی بمەوێ لەو نزیکتر ببمەوە . هەنگێ هەنیەم نایە ناو هەردوو دەستم . لە درزی پەنجەکانمەوە کەوتمە دزە نیگا ، جگە لە توێژاڵە لمێکی سپی هیچی دیکەم نەبینی . تەنیا ئەم چینە بەرد و گڵە منی لە گالار جیا دەکردەوە . ئەو چینە بەرد و گلە ڕێگای دیتنی دەگرتم و توانامی سنووردار دەکرد . پڕ بە دڵ حەزم دەکرد بە لەقەیەکی توند ئەو بەرد و خاکە لابەرم و پاشماوەی گالار بدینم ، و تا ئەو مشتە چڵ و چێوەی کە قەبری تەنگ و تار بۆی هێشتبووەوە ، لە چاو تروکانێکا بۆمن کەشف بێ و بێتە منەوە .

وام دەهاتە خەیاڵ ، کە بە زەبری هۆش و سەرنج ، بەرەو خۆمی ڕادەکێشم ،لە قووڵایی ئەرزەوە بۆ سەر زەوی ڕادەکێشم. وام دەهاتەبەر خەیاڵ ، کە نیگا نیگەرانەکانم هێناویانەتە لەرزین و بەکاوەخۆ ، وەکو تەنێکی ئاوێزان لە بۆشاییدا ، بەرەوخۆ بکێشی دەکەن . وام دەهاتە خەیاڵ کە هەر ئێستا وەچنگی دەخەم . لە ناکاوا ئەم خاک وخۆڵ و دارو بەردەی سەر گۆڕەکەی دەتەقێتەوە و وەلا دەکەوێت . ئەو لە ناو قەبرەکە بێ جوڵە و تۆزاوی ڕاکشاوە ، وێڕای بۆنی ناخۆشی بە کاوەخۆ و لە چاو تروکانێکا دەری دێنم و بە دەم هەناسەیەکی قووڵەوە ، دەیخەمە قاڵبی خۆمەوە و هەنگێ بە کەماڵی ئیسراحەت ، بەخەیاڵی ئاسوودەوە ، بەو مردووەوە کە لە ناخما دەست بە جووڵان دەکات ، لەوێندەر دەڕۆم .

من کاتێ کە بە دیار قەبرەکەیەوە وەستابووم و ئەو هەموو هۆش و زیرەکییەم تیادەبینی کە هیچ سوودێکی لێ وەرنەدەگیرا ، چاوەڕوان و ئومێدی ڕووداوێکی وام دەکرد . سات بە سات هەستم دەکرد کە شتێک لە ژێر پێمدا ، بە شێوەیەکی گۆنگ و ئاڵۆز ، بە دەنگمەوە دێ . لە سەرەتادا تەنیا جۆرە پەیوەندییەکی لەرزۆک بوو لە نێوان دوو ئاستدا . تەنیا جۆرە پرسیار و وڵامێکی لەرزۆک بوو لە نێوان دوو دنیادا ، تەنیا من و ئەو بووین کە هەستمان بە حوزووری خۆمان لەوێندەر دەکرد . ئەو ومن . بە هەموو هێزی خۆمەوە ڕامکێشا کە بێتە ناومەوە ، لە منا تەجەلی بکات . بۆیە بۆ ئەوێ چوو بووم تا لێی بگەڕێم ، بیدۆزمەوە . دەبوایە بە هەر نرخێ بووە بیدۆزمەوە . ئەو ئەمەی دەزانی ، تێی دەگەیشت ، و بەرە بەرە و بەکاوەخۆ خاک و ساڵەکانی دەبڕی .

بایەک هەڵیکرد ، دەست و سەرو چاوی فێنک کردمەوە . ژنە ڕەش پۆشەکە سەتڵێک و بێڵێکی بە دەستەوە بوو و لەوێندەر دوور دەکەوتەوە ، ڕەزامەندی بە دەم وچاوە وشک وڕەقەڵەکەیەوە دیار بوو . هیچ ترسێکی پێوە دیار نەبوو ، لە هیچ نە دەترسا . چونکە ئەو مردووەی ئەو هاتبووە سەر قەبرەکەی مردوویەکی ئاسایی ، وەکو هەر مردوویەکی دیکە بوو ، پیرەژن پەیوەندییەکی باشی دەگەڵی هەبوو ، ئەمە لە هەموو شتێکی دی گرینگتر بوو .

بەڵام من ، ئایا بە ئامادەکردنی گالار ، بە جووڵاندنی گالار ، بە بێدارکردنەوەی گالار ، خۆم نە دەخستە تالووکە و مەترسییەوە ؟ ئایا گالار منی بە مورید و میراتگری مەعنەوی و قالبێکی ئامادە ، بۆ زیندوو کردنەوە و زیندوو بوونەوەی خۆی دەزانی ، یا بەو دزە ترسنۆکەی دەزانیم کە شاکارەکەی ئەو و شۆرەت و شانازی ئەوی بە تالان بردبوو ؟ ئایا لە هەنبەر منا ڕادەبوو تا لە باوەشم بگرێت یان دەس بخاتە بینم و خەفەم بکات ؟ لە ناکاوا وام خەیاڵ کرد کە وەکو جادووگەرێکی نا بەڵەد ، تەلسمێکی پڕ هەرا و هەنگامە و شوومم کردووەتەوە . ترسێکی بەترەفم کەوتە دڵ و دەروون ، وەکو مەلعوونێک کەوتمە لەرزین و لەترسا هەموو گیانم وەسەر ئاو کەوت .

ئاسمان بە پەڵە هەوری سپییەوە ، بە تیشکی قامچی ئاساوە ، بە پۆلە مەلانی گۆشتخۆرەوە ، بە سەرما دادەڕوخا . درەختان وەکو چۆن هاودەستان لە تاوانێکا یەکدی دەگرن بەو ئاوایە لە دوامەوە یەکیان دەگرت . زەوی لە ژێر پێمدا بەجۆرێ دەلەرزی وەکو ڕووداوێکی ترسناکی پێ بێ . وام هەستدەکرد من تەوەری جووڵەیەکی نا ئاسایی ژێر زەوی و کۆکەرەوەی سۆز و مەترسیانی جیاوازم . من بەو زووانە دەمردم و ئەو شوێنی منی دەگرتەوە . چیوای نەما بوو من بکەومە ناو ئەو تاریکییە قووڵەوە ، ئەو مەڵبەندی کرمەوە ، وپێیدا بڕۆم ، چاو وگوێیەکانم بە مۆمی بێدەنگی پڕ بکەمەوە ، قامکەکانم لە ناو سەرمای دیوارانی بەرزدا ، بچایەنم و سەرەنجام ببم بە مشتێ ئێسک و پروسکی بەدەر لە هەر بیر و ژیانێک ، و هەنگێ گالار ، بە کەش وفشەوەو بە سۆلە زەردەکانییەوە بێ . تا لە سەر حیسابی مەرگی من بژی و بە بەر ماڵەکاندا بە کاوەخۆ بە بەرچاوی خەڵکەوە پیاسە بکات .

هەڵبەتە هەنگێ دەرگایانی لێدەکرێتەوە ، ڕوخساری نەرم و بە خەندە ، دەستێن پڕ لە دیاری ، دووکانانی گەرم ودڵگیر ، هەتاوی پرشنگدار ، پێشوازی لێدەکەن و کەس نازانێ کە ئەو جێگای منی گرتووەتەوە . ژیان و بەختی منی بە تالان بردووە . من لە گۆڕە تەنگ و تاریکەکەی ئەودا لە حاڵی مردندام . تەنانەت باوکم یا سوارنیش گومانیان لە هیچ نەدەکرد .. خودایا ، خەریکە بە دەم سووکە لەرزین و هەژینەوە ، بە ناخی تاریکیدا ڕۆدەچم !

هاوارێکی ترسناک ، لە ئەرزەکەی ڕاپەڕاندم ، بە ناو هەموو مردووە ئارام و بە نەزاکەتەکاندا ، دەستم بە غاردان کرد . بە ناو کێلی قەبرەکان و پەیکەری فریشتەکان و کوختەی ڕێو ڕەسمی بە خاک سپاردنەکاندا بە پەلە تێپەڕیم . ڕچە ڕێگا پڕ لە بیرەوەریەکان ، درەختە بە فرمێسک ئاو دڕاوەکان ، ئاسمانی مردووەکان و زەوی مردووەکانم

بەجێهێشت ، هەموو شتێکم بەجێهیشت ، و زارم بۆ هەوای شادی زیندوو کردەوە . وەکو شێتێک بەناو هەرا و زەنای شاردا غارم دا . ماوەیەکی زۆر لە خۆشی ئەوەی هەستم دەکرد کە هێشتا زیندووم و خۆمم ، خۆمم بە شەپۆلی جوولەی ئاپۆڕاکە سپارد ، کە بە ئارەزووی خۆی و بە دەم وردە پاڵەوە ، بە بەر دووکان و پەنجەرەکاندا ڕای دەدام

بێگومان ئەم شەوە ، یەکێکە لە شەوە هەرە کاریگەرەکانی ژیانم . هێشتاش کاریگەری شوێنەواری ئەم شەوە بە ژیانمەوە دیارە . دەڵێی ڕووبارێکە لە مەرەکەبی ڕەش و لە پەستا و بێ برانەوە لە ناو چەوانمەوە هەڵدەقوڵێ و دەڕژێتە ناو گەروومەوە و نایەڵێ بە ڕۆژی ڕوناک لە خەو ڕابم .

خەوم دەبینی ، لەم خەوەمدا ، لە ناوەندی ژوورەکەدا لە سەر بەلەمێکی کەوەیی چارۆکەدار ڕاکشابووم . تاریکی لە میانی دیوارە ڕووخاو و پەنجەرە شکاوەکانەوە تا ئەوپەڕی دنیا دەڕۆیی . جگە لە من هیچ بوونەوەرێکی زیندوو لە دنیادا نەبوو ، سەعاتێکم پێ بوو ، کە چکەچکێکی ڕێک وپێکی دەکرد . بەڵام چاوە نیگەرانەکانم ئۆقرەیان نە دەگرت ، بەرە بەرە تاریکییەکەیان دەبڕی و جادەیەکی گڵم لێدەرکەوت کە لە بەر پێمەوە دەستی پێدەکرد و ڕاستەو ڕاست تا هەتەری چاو دەڕۆیی ، لە دڵم چەسپی کە من لە قەراخ ئەم ڕێگایەدا چاوەڕوانی کەسێکم . کەسێک کە زۆر لە مێژ بوو ، لەوەتای دنیا دنیا بوو ، لەوێ ڕۆیی بوو ، بە درێژایی کات وشوێنان ، بە هەنگاوی هەڕاو ویەکنەواوە هەر دەڕۆیی و دەڕۆیی . سەعاتەکە وەکو تایەیەک بە سەر سەرما دەخولایەوە . بەتەنیا بووم . ئەو بایەی کە دەهات ، جگە لە بێدەنگی تەنیایی هیچی تری پێ نەبوو .

خۆ ئەگەر ئومێدی دیداری ئەوم نەبوایە ، بە هیوای ئەو ئومێدە دانم بە خۆدا نەگرتبایە ، لەوەبوو لە سەر ئەم قەیاغ و بەلەمە تەختەیە بمردمایە .

بەڵام لە ناکاوا ، لەو پەڕی ئەم جادەیەوە ، مێرووییەکی ڕەشم بەدی کرد کە بەرەو من دەهات . بەخێراییەکی سەیر و باوەڕنەکەردەنی گەورە دەبوو . بە تەکان دەهات ، لاق و سەری لێ ڕوا . هێشتا دوور بوو . بەڵام بەرەبەرە شێوەی بەشەری پەیدا دەکرد و ، لە تاریکی شەوەکەدا ، لە تۆقی سەرییەوە تا نووکی پێی ، وەکو پەیکەرێک بەرجەستە و ڕووناک دەبووەوە . دەم وچاوە باریکەکەی لە گەچی بۆر دروست کرابوو ، شەویلاگەی داچەکی بوو . چاوەکانی وەکو شوشە دەبریقانەوە . قژەکەی وەکو داوە دەزووی تێک ئاڵاو ، بە دەم بایەکەوە سەمای دەکرد . ئەم پیاوە جلێکی ڕەشی دەڵبی لەبەر بوو ، دەستەکانی لە نێو قۆڵی کراسەکەیدا ، دیار نەبوون ، جووتێ سۆڵی زەردی لە پێ بوو ، بە دەم هەنگاونانەوە جیرەجیرپیان لێوە دەهات . کاتێ لە من نزیک بووەوە ، هاوارێکی بەرزم کرد : "گالار !" ئەو لە جێی خۆی وەستا . من لە ژێر پەتۆکانمەوە خۆم قانگڵەکرد . دەنگێکی قووڵ و نمداری لێ بەرز بووەوە ، دەتگوت هاڕە هاڕی بۆڕی زێراب و ژێر زەوییە ، گوتی : – وەرە پێشەوە .

لە جێی خۆ هەستام .

لە من بە باڵاتر بوو . بۆسارد وبۆنی قەبر و گەڵای ڕزیو لە جەستەی دەهات . ئەوسا هەردوو بازووی بەرز کردەوە و دەستەکانی لە ژێر قۆڵی جلەکانیەوە دەرکەوتن . دوو دەستی قورس و سپی ، سست وتێک ئاڵاو وەکو دوو گلۆڵە داو و دوو دەستی قورس ، لە ڕادە بەدەر قورس ، دەگەڵ جەستەیدا نەدەگونجان . دوو کەڵەموستی جیاوازی هەبوو ، ژێر نینۆکەکانی یەکپارچە خۆڵ بوو . دوو دەستە قورسەکە لە سەرشانی من گیرسانەوە و بە ئەسپایی منیان بۆ سینگ و بەرۆکی ئەو ڕاکێشا . من لە گالار نزیک دەبوومەوە . ئەو دەستەملانێیەم پێخۆش بوو ، بە شادییەوە پێمگوت :- هەنووکە ئاوێتەی یەک بووین .

- هێشتا ، نە .

وێڕای ئەوەش ، وام دەهاتە بەرچاوی خەیاڵ کە مەحاڵە لەوەی پتر لێی نزیک ببمەوە . هەنیەم بە سەر شانیەوە نووسا بوو ، ئەژنۆکانم بە ئەژنۆ ڕەق و بەردینەکانییەوە چەسپا بوون . قۆڵ و باسکەکانی لە پشتم تووند کرد بوو . لە ناکاوا وام هەستکرد کە بازووەکانی دەمگوشن ، پان و پلیشم دەکەنەوە و بە گوشاری بەردەوام و بێ کۆتایی هەناسەم لە بەر دەبڕن . بە دەنگی بەرز گوتم :- بەسە .

گالار ، سەرە زلە لە گەچ چێکرییەکەی لەقاند وگوتی :- هێشتا نە .

وام هەستکرد ، گەمە دەکات ، بۆیە دەستم بە پێکەنین کرد . پاشان ترسێکی سەیر ناخی هەژاندم ، سەراپای داگرتم . گوێم لە خرمەخرمی ئێسقانەکانم بوو کە لە ژێر بەدەنی پتەوی ئەودا وەکو پسکیت دەشکان . ماسوولکەکانم هەڵدەوەرین ، لێک دەترازان ، وەکو گلۆڵەبەن خل دەبوونەوە و هەڵدەوەشانەوە . جەستەم وەکو پارچە کەرەیەک لە نێو دەستا بگوشرێ ، بەو ئاوایە دەتوایەوە . زۆر لاواز و بچووک بوو بوومەوە ، جۆرەها زیچاو ، خوێن ، ڕوندک و ئارەقە لە بەدەنم دەچۆڕا . پارچە پەڕۆیەک بووم لەو گۆڕە . نەهەناسەم بۆ دەدرا و نە هیچ بارستێکم هەبوو ، ئەو بوونەوەرە هیچەش، ئەو پارچە پەڕۆیەش ، هێشتا بۆ ئەو دەست وپێگیر بوو . بە دەنگێکی گڕ گوتم :- بەزەییەک حا !

- جارێ .

ماسولکە گەورەکانی ، درێژەیان بە کاری خۆ دەدا ، چەناگەم وەکو هەویر بە سەر سینگ و بەرۆکییەوە دادەهێزرا . چاوم بە ڕوخسارمەوە نەدەوەستان . کاژێرەیەکی قیروقاج و ترسناکم بەسەر خۆمەوە بینی کە ڕدێنێکی کەسکی

پێوە بوو . دەمێکی زل ، بە پووکێن ئاوساوەوە . دوو چاوی خڕ و درشت ، کە گڕی کینە و لە هەمان کاتدا خۆشییان لێدەبووەوە .

هەنگێ ، مات و حەپەساو ، ترساو و بێ توانا ، بۆم دەرکەوت کە گالار هەڵم دەڵووشێت ، دەمباتە ناو خۆیەوە . ئەوەی ڕاستی بێ خەریک بوو دەچوومە پێستی ئەوەوەو پاشان لەودا ، لە قاڵبی ئەودا دەتوامەوە . لاقەکانم ، سکم ، سینگم و شانەکانم ، چوونە پێستی ئەوەوە ، لە لاق و سک و سینگ و شانی ئەودا گیرسانەوە و قاڵبیان گرت . ئەنجام ڕوخسارم گۆڕاو بە شێوەیەکی ترسناک چووە قاڵبی ڕوخساری ئەوەوە . هیچ شتێک لە من نەمایەوە . بووم بەکەسێکی دیکە .

هەستی تەنیاییەکی ترسناک ، ڕای چڵەکاندم . لە بنەبانی گەروومەوە ، هاوارم کرد ، هاوارێکی خەفە ، لە پڕ بێدار بوومەوە ، سەرم قوت کردەوە ، سەیرم کرد ، هەردوو دەستم لە ئەوکم تووند کردوون .

# فەسڵی نۆیەم

دەمەوێ ببم بە گالار و ، دەترسم ئەو ، جێی من ، لە بوونما بگرێتەوە . جورئەت ناکەم لەبەینی ژیانی ئەو و مەرگی خۆما ، یا مەرگی ئەو و ژیانی خۆمدا یەکێکیان هەڵبژێرم . یەکێکمان زیادەین ، بەڵام کاممانین ؟

وا خەیاڵ دەکەم کە ڕۆیشتنی سوزان ، هاوسەنگی دنیای تێکداوە . لەوەتای ئەو ڕۆیشتووە ، ناتوانم بە تەواوەتی شتە حەقیقیەکان ببینم ، دەگەڵ دەور وبەری خۆما ناگونجێم . سەرم لێتێکچووە . هەستدەکەم لە دنیایەکدا دەژیم، کە تێکەڵەیەکە لە واقیع و لە خەون و خەیاڵان . لە نێوان خەو بێداریدام نە بە تەواوەتی خەوتووم و نە بەتەواوی بێدارم . نە مردووی تەواوم و نە زیندووی تەواوم ، نە بە تەواوی سوربییەم و نە بە تەواوی گالارم . دەڵێی گوزەرگایەکم ، ژینگەیەکی لەبارم ، تێکەڵەیەک لە فەرهەنگان ، ئەنگیزەیەکی کیمیایی .. جگە لەوانە هیچی دی نیم . من لە هەموو شوێنێ تەنیام ، تەنیای تەنیام ، لە سەر ڕێگاوە تا ناو جێگا ، لە جادەی قیرەوە تا ژێر نوێنان ، لە قاڵدەرمە پێچاوپێچەکاندا ، لە پیادە ڕێیەکاندا ، لە میترۆ و هەوراز و نشێوەکاندا ، لە دووکانە پڕ زەنگۆڵەکاندا ، تەنیام . بە درێژایی ڕۆژ لە نێو چوارچێوەی سەعات و ڕەفەکانیماڵەوە ، بە تەنیا پیاسە دەکەم . یەک بیرۆکە بە بەردەوامی بە ددانە وردەکانی مێشکم دەکرۆژێت .

- ئایا ڕۆژی دێ ببم بە گالار ؟ ئایا دەبێ لەم ڕووداوە بترسم یان بە ئاواتی بخوازم ؟

من ڕادەی نزیکی و دووری ئەو لە خۆمەوە ، بە ڕەوتی قەڵەمەکەمدا دیاری دەکەم . ئەم قەڵەمە بووە بە پێوەر و ئەوزاری پێوانە . کاتێ گالار خۆی بە مندا بکات و تا نووکی قامکەکانم بێت ، قەڵەمەکەم ، بەجۆش و خرۆشەوە ، بەسەر کاغەزەکەدا دەڕوات و گرێی نایەتە بەر . هەر کاتێ گالار پاشەکشە بکات و لە من دوور بکەوێتەوە ، قەڵەمەکەش لە جۆش و خرۆش دەکەوێت ، وەکو نەخۆشێک تازە لە حاڵی چاک بوونەوە بێ ، بەو ئاوایە سست و خاو دەبێتەوە .

بۆ نانی نیوەڕۆ خۆم کرد بە ڕێستۆرانێکی هەرزان بایی نزیکی گەڕەکی بورسدا . ڕێستۆرانەکە ، جگە لە گارسۆن و پێشخزمەتەکان ، کە بە بەرکۆشەی سپییەوە ، دەهاتن و دەچوون ، لە خەڵکانی نە ناسا جمەی دەهات . تیشکی هەتاو ، هەرا و زەنا ، هات وچۆ ، فاتورە و لیستی حیساب و سوسیسی بێتام بە ناو ڕێستۆرانەکەدا بڵاو بوونەتەوە . بە دەم جوینی شفتەیەکی ڕەقەوە، ڕوخساری خۆم لە ئاوێنەیەکی بەرانبەردا بینی . ڕێک لە گالار دەچووم ، هات بە سەرما ، بە ڕێزەوە سڵاو لە خۆم بکەم . ئەوسا بێ ئەوەی خۆشاوی سێو بخۆم ، لە خوارنگەکە وەدەرکەوتم .

**

هەڵبەتە بۆ ئەوەی لەم مەشغەڵەتە زەینییە ڕزگار بم ، دەتوانم ، بچمە دیدەنی بواسییر ، پریور یان باوکم . بەڵام لە بەردەم ئەواندا ناچارم ڕۆڵی نووسەری خۆشەویست ببینم . کە بیرم لەم درۆیە کردەوە ، ئیشتیای خواردنم نەما . تاقە ژینگە و کۆڕ و مەجلیسێک کە بتوانم لەگەڵیا هەڵبکەم ئەو ژینگە و مەجلیسەیە کە هەموو شتێک دەربارەی من دەزانن . بۆیە ژمارەی ئەو کەسانەی کە هەڵس وکەوت وتێکەڵاویم دەگەڵیاندا هەیە ، زۆر کەمە ! بریتیە لە سوزان ، گالار و خۆم . واتە ئێمە لەم گەمەیەدا تەنیا سێ کەسین ، سوزان دوورە ، کەواتە من و گالار دەمێنینەوە . واتە خۆم و خۆم . چونکە گالار لە ڕاستیدا جگە لە ویژدان و دەروونی من هیچی تر نییە . دەبێ وریابم ، وادیارە بەلای ئەخلاقیاتدا ، دایدەکێشم ! و ئەمە بۆ من مایەی عەزابە .

**

نامەیەکی سوزانم بۆ هات ، وەکو ئەوەبوو دەرگای بەهەشتم لێکرابێتەوە . بیرم چوو بووەوە کە ئەو ماوەو لە ژیاندایە و دەتوانێ بە دەستی خۆی نامە بنووسێت . ئەوەی زۆر دەگەڵ دنیای خەیاڵ و ڕۆحاندا بژی وا خەیاڵ دەکات کە خەڵکی دەستیان بڕاوە ، کوێر و کەڕ و لاڵ بوون و تەنیا وەکو تاپۆ و بیرەوەری هەن . لەبن پێیان دەنەین ، هەنگێ هاواریان لێهەڵدەستێ و ئێمەش بە سەرسامی دەڵێین :- سەیرە ، ئێوە ماون ، لێرەن ؟!

دەبێ ، بۆ پێشوازی سوزان ، بڕۆم بۆ وێستگەی قیتار .

ویستم درێژە بە گێڕانەوەی بیرەوەریانی منداڵیم بدەم ، بەڵام گالار لە خاڵێکی دیاریکراودا ، ئامبازم بووەوە ، ئیدی نەمتوانی باسی خۆم بکەم . ئەو منی لە بوونی خۆمدا وەدەرناوە و جێگەکەی منی بۆ خۆی داگیرکردووە . لە جێگای من ئاکنجی بووە . من ئەمەم قەبووڵ نییە . هەڵبەتە من جاک سوربییەم ، خۆم دەناسم و بێ هیچ ڕووبینی و سۆزدارییەک مامەڵە دەگەڵ خۆمدا دەکەم . من ئەم ڕۆحە سواو پواو و ڕزیوەی خۆم دەناسم ، من دەزانم هەر لقێک لەو لقانەی لە من دەبێتەوە لە کوێ دەوەستێ . هیچ لقێک نییە کە لە من ببێتەوە ، من بتوانم دەربارەی بڵێم :- ئەم لقە زۆر دەڕوات ، زۆر بەرز دەبێتەوە .

نا نەخێر ، تواناکانی من سنووردار و بچووکن ، وردە بەهرەی سەرکوتکراو ، وردە میهرەبانی نابەجێ ، وردە ترسنۆکی و پڕ دوو دڵی ، ئاوات و ئومێدێن ناچیز و لاواز ، ناجسنی بێ بایەخ ، هەر هەموو ئەم خەسڵەتانە لە بوونی مندا ، لە خۆدی مندا ، کەڵەکە بوون . یانی من بنیادەمێکی گرینگ و گەورە نیم . بەڵام وێڕای ئەوەش حەزناکەم ببمە کەسێکی دی . ئەگەر لەم سەوداو مامەڵەیەدا قازانجیش بکەم ، نامەوێ ماڵ و سامانە ناچیزو عەمارە پۆیەکەی خۆم بە گەنجە بەهادارەکانی گالار بگۆڕمەوە . نامەوێ نەمێنم و کەسێکی دیکە جێگەم بگرێتەوە .

ئامادەم کە گالار لەبوونی مندا و لەگەڵ مندا بژی ، بەڵام ئەوەم قەبووڵ نییە کە من هەڵ لوشێت و لە درەوشانەوەی خۆیدا هەرسم بکات . بەڵام ئەو وێڕای بەرگری من ، وێڕای تکا و پاڕانەوەم ، لە هەوڵی مەحکووم کردنەوە ونەهێشتنی مندایە . ڕێک وەکو ئەو خەونە ترسناکەی دیتم ، بۆخۆیم ڕادەکێشێت و من لەودا دەتوێمەوە ، وەکو چۆن لە گۆڕستانەکەدا دیتم ، من بە ناخی ئەرزە خامۆشەکەدا دەچم ، ئەو دێتە سەرەوە و جێگەی من دەگرێتەوە . ئەو خەون و ئەو خەیاڵە ، بۆ خۆیان نیشانەی ئەو بویەر و ڕووداوەن کە من لێی دەترسم .

دەستم لە نووسین هەڵگرت . لەبەر ئاوێنەکەدا وەستام و بە ئەسپایی گوتم :- جاک سوربییە .. من جاک سوربییەم ..

پاشان نقورچکێکم لە سووچێکی گوێم گرت . هێشتا هەبووم .

# فەسڵی دەیەم

پیرە قیتار ، غەرق لە هەڵم و تەمتومان ، سەری دانەواندبوو ، بە بریسک و هۆڕی پۆڵای ڕەشەوە ، بە چریسکە چریسکی گڵۆپانەوە ، بە خشەخشی لە گەروودا تاساو ، ڕێک بەرەو من هات . پاشان لە نێو هەرا و زەنا و نیگا و تەمەشای خەڵکیدا ڕاوەستا . کەوتە داوی خشتەی سەعاتان و چاوەڕوانییەوە . بەرە بەرە تووڕەیی خۆی خواردەوەو ڕێبوارەکان خۆیان هەڵدایە سەر شۆستەکە . من گێژ و حەپەساوی قەرەباڵغی خەڵکەکە و زۆری جانتا و شتەکان بووم ، من دەمڕوانییە ژنێک کە بە مانتۆیەکی ئامال زەردەوە بەرەو من دەهات ، هاوسەرەکەم بوو . من تەمەشام دەکرد کە لەو سەری داڵانێکی درێژەوە ، بەرەو من دەهات . من لە هەستێکی بێ موبالاتی ئەوتۆدا نقوم بوو بووم کە نەم ناسییەوە . دڵم ، وەکو یەکێک کە گوێ بە هیچ نادات بەو ئاوایە ئارام بوو. هەستی دووری و سەرگەرانی باڵی بە سەر جەستەمدا کێشا بوو .

کاتێ سوزان ، گەییە دوو شەقاوی من ، هاوارێکی کرد و دەستە بە دەستکێشەکەی خستە سەر زاری . هاوارەکەی ئەو لەم گێژی وحەپەسانە بێداری کردمەوە . گوتم :- چیتە ؟

سوزان ، چاوانی ئەبڵەقی تێبڕیم و گوتی :- تۆ .. تۆ سەرو سیمایەکی غەریبت پەیدا کردووە .. تەواو گۆڕاوی ، چیت بە سەر هاتووە ؟ ئەم سەرە چییە ؟

لەپڕ زانیم ، کە گالاری لە مندا ناسیوەتەوە ، دەمامکی گالار لەو دیو ڕوخساری منەوە دیاربوو . چاوەکانی لە میانی چاوە شووشە ئاساکانی منەوە دەیانڕوانی ، قژی تێکەڵ بە قژی من بوو بوو ، دەمی لە ژێر دەمی منەوە ، دەجووڵا و ، هەندێ وشەی دەدرکاند کە وشەی من نەبوون .

سوزان ، بە دەمەلاڵکێوە گوتی :- جاک .. ئەمە چیە ، زۆر ترسناکە ، تۆ تەواو گۆڕاویت .. شتێکی غەریب لە تۆدا بەدی دەکەم .. چاوت .. دەنگت .. لەوەیە ..

گوتم :- دەزانم .

سواری تاکسی بووین . سوزان ، بە درێژایی ڕێگا ، کڕو کپ و ترساو سەیری دەکردم ، دەتگوت تابووتێکی شووشەیی دەگەڵ خۆیدا ، بە ناو شاردا دەگێڕێت . ترس و لەرزەکەی ئەوەندە دیار و ئاشکرا بوو ، کە منیش ، دەربارەی خۆم ، بووم بە شەریکی ترس و لەرز ونیگەرانییەکانی ئەو . لە ئاوێنەی ڕوخساری ئەودا کەوتمە تەمەشاکردنی خۆم ، دەتگوت تەمەشای یەکێک لەو ئاوێنانە دەکەم کە دەم و چاو دەشێوێنن ، کە خۆم لە ڕوخساری ئەودا بینی زۆر لە خۆم ترسام . ئەو ڕاستی دەکرد ، خراپ گۆڕابووم . باشە ئەمە حەقیقەت بوو ؟ گالار

بە ئەندازەیەک خزی بووە ناو ڕۆحمەوە ، کە خەڵکی جم وجوڵی ئەویان لە مندا بەدی دەکرد ، وەکو ئەوەی لە پشت پەردەیەکی تەنکەوە بجوڵێتەوە . ئیدی نەمدەتوانی پەنا بۆ خەیاڵ بەرم و بیکەم بە پاکانەی ئەو هەستەی کە هەندێجار وام هەستدەکرد شتێک دێتە ناو منەوە ، دێتە کڵێشەمەوە .

" مردوو ، زیندوو دەگرێت ، داگیری دەکات" ئەم دەستەواژەیە چەند ترسناکە ، ئەم بیرەوەریە کۆنەی قۆناغی خوێندنم لە لقی مافدا ، لە ناکاوا وەکو نێزەیەک چەقی بە مێشکمدا . ڕوونی و ڕەوانی بابەتەکە دڵی هێنامە ژان و لەرزم لێهات . سوزان هێشتا بێدەنگ بوو ، بەڵام وام دەهاتە خەیاڵ کە دەم و چاوی گەورە دەبێت ، درێژ دەبێت و لە ترس و نەفرەتا گرژ و چرچ دەبێت ، ئیدی لەو هەنیە سپییە درەخشانەدا ، لەو جەستەیەدا کە بەسەر کوشنی ئوتومبیلەکەدا خاو بوو بووەوە ، تەنیا یەک بیرۆکە هەبوو . هەموو شار شێت ئاسا بە دەوری تەنیایی کارەساتباری ئێمەدا دەسووڕایەوە . وام هاتە خەیاڵ هەموو ماڵەکان ، گشت سەربانەکان ، هەموو شووشە وپەنجەرەکان ، هەموو ڕوخسارەکان ، ئاسمانی هەورین ، هەرا وزەنا و ژاوە ژاوی تێکەڵ وپێکەڵی شار ، بۆنی تیژ و ناخۆشی دنیا ، هەر هەموویان لەم ڕیسک و سەربهوردەی ئێمەدا شەریکن و تەنیا لە بەر خاتری ئەمە دەژین و درێژە بە ژیان دەدەن . هەزاران نیگا وەکو ئەوەی بەردی تیژ بن ، بە ڕوخسارم دەکەوتن . کونجکاوی ، سەرسامی ، نەفرەت و بیزاری بێ شومار ، بە سەرو ڕووما دەڕژا ، تیشکی نیگاکان ، وەکو چۆن هەتاو لە سوزگییەکەوە دەگوزەرێ ، بەو ئاوایە دیواو دەری دەکردم . دەنگی مەکینەی ئوتومبیلەکە ، دەگەڵ ئەم دەستەواژە شوومەدا تێکی دەکردەوە :

- مردوو .. زیندوو دەگرێت .. مردوو .. زیندوو داگیر دەکات .

سەرم لە نێو دەستە سست و گەرمەکانم نا ، لە نێو تاریکی دەستەکانمەوە لە ناکاوا ، دەنگی سوزان لە گوێمدا گیرسایەوە :- ئەم جووڵەیە .. ئەم جووڵەیەی کە ئێستا کردت .. جووڵەی تۆ نییە ..

بە ئازارێکی زۆرەوە خۆم ڕاستکردەوە . دیتم بە ئارامییەکی ڕق ئامێزەوە چاوی بڕیوەتە چاوم ..

شوفێرەکە ، یارمەتی داین و جانتا و شتەکانی لەگەڵماندا هێنایە ماڵەوە . کاتێ هەموو دەرگاکان لە دوامەوە داخران ، هەستم کرد کە دەگەڵ دوژمنێکی خۆمدا ، لە کارتۆنێکی مکوومدا ، کە لە گەچ و پەڕۆ دروستکراوە ، حەپس کراوم . سوزان کڵاوەکەی داکەند ،ئەوسا چوو بۆ ژوورەکەی . دووی کەوتم . گوتی :- بۆچی لەدووم دێی ؟

- دەمەوێ بۆتی ڕوون بکەمەوە .

- شتێک نییە پێویست بە ڕوون کردنەوە بکات . هەموو شتێک دەزانم ، بە گوێرەی خۆت قەزاوەتت دەربارە دەکەم .

به دەنگی بەرز گوتم :- تۆ هیچ شتێک نازانی ! تۆ نازانیت کە ئەو ، بە بێ پرسی من ، خزیوەتە ناومەوە ، هاتووەتە کلێشەی منەوە . لەمندا ئاکنجی و جێگیر بووە ، ئەو هەڵس و کەوتم ئاراستە دەکات ، ئەو دەم وچاوم دەجووڵێنێ تا تۆڵەم لێبسەنێ ! .. هەموو زەین و بەدەنی حەقیقی من ، پارچە پارچە دەکات تا خۆی بەهێز ببێت . من دەیکورهێنم چونکە ئەم لە من بەهێزترە . پێت وایە کە من دزیم لەو کردووە ؟ بەڵام ، حاڵی حازر ، ئەو دزی لە من دەکات ! ئەم بایە لەم کونەوە بێ ، زۆری پێناچێ ، جاک سوربییە نامێنێ . مەحوو دەبێتەوە ! لە زەرفی چەند ڕۆژ و چەند هەفتەیەکی دیدا ، گالار دەیدزێ ! هەڵبەتە ئەو کاتە من کتێبانی زۆر جوان دەنووسم . بەڵام ئیدی لە دنیادا نابم ، تا لەزەتی ئەم سەرکەوتنە بچێژم . تەنانەت ئێستاش بوونی تەواوم نییە . ئێستاش کە قسە دەگەڵ تۆدا دەکەم ، بە تەواوی خۆم نیم ..

تووشی شێتایەتیەکی ئاگایانەی ئەوتۆ بوو بووم ، کە سەراپای هێنابوومە لەرزە ، ئازای بەدەنم ڕادەجفری ، بەرزونزم دەبووەوە و هەرەسی دێنا .

سوزان ، خۆی گەیاندبووە ئەو پەڕی ژوورەکە . خۆی بە دیوارەکەوە چەسپاندبوو ، هەر دوو دەستی بۆ گەرووی بەرز کردبووەوە و بە چاوانی حەپەساو و ترساوەوە ، لە منی دەڕوانی . من لەزەتم لە ترس و هەراسانییەکەی ئەو دەبینی . هەستم دەکرد شکۆ و بایەخێکم پەیدا کردووە . گوتم :

- گوێ بگرە .. تەقریبەن شتێکی ئەوتۆم نەماوەتەوە . بەڵام ئەم تۆزەی لە من ماوەتەوە ، ئەم تۆزەی هێشتا لە ژێر دار و پەردووی منەوە هەناسە دەدات و زیندووە ، ئەمە کە دوا شایەدی مەرگی بەرە بەرەی منە ، تۆبانگ دەکات ، داوای یارمەتیت لێدەکات . ئەویش زۆری پێناچێت . دادەمرکێتەوە و هەنگێ گوێت لەدەنگی نابێت.. کەواتە خێرا گوێ بگرە سوزان .. تکایە گوێم لێبگرە .. تکایە فریام بکەوە ، ڕزگارم بکە ..

خۆم هاویشتە بەر پێی ، لە هەنبەریا کەوتمە سەرچۆکان و بە سینگە خشکێ چوومە پێشەوە . لەزەتێکی سەیرم لە نواندنی ئەم هەرەس و ناکامییەی خۆم دەبینی ، بە هەر دوو دەستی دامیە دواوە ، وام وێنا کرد ، یەکسەر هاوارم بە سەردا دەکات . بەڵام بە دەنگێکی نەرم و ناسک گوتی :

- جاک ، تۆ زۆر ماندوویت .. بێگومان تات لێهاتووە ، کەمێ ئیسراحەت بکە و کتێبی قورس و جەنجاڵ مەخوێنەوە . هەنگێ چاک دەبیتەوەو هاوسەنگی خۆت بە دەست دێنیتەوە .

قەناعەتی وا بوو کە شێت بووم . بە ڕاستی من ئەم بۆچوونەم قەبووڵ نەبوو . هەستام ، شانم بە قەراخ پەنجەرە کراوەکەوە دا . سوزان بە دەنگێکی میهرەبان ، وەکو پەرستارێکی دڵسۆز گوتی :

- بەو جۆرە پاڵ بە بۆشاییەوە مەدە .

گوتم :- من دەزانم تۆ چ بیرێ دەکەیتەوە سوزان .. باوەڕت وایە کە من شێت بووم ، خۆ هەق بوو دوای ئەم بوویەر و ڕووداوانە شێت بم . بەڵام سوێندت بۆ دەخۆم کە لە کەماڵی ئەقڵی خۆدام .

سوزان ، بە پەلە گوتی :- بەڵێ .. بەڵێ ...

بە دەنگێکی هێدی لە سەری ڕۆیشتم :- گالار تاقیبم دەکات .

- چونکە تۆش سوراخی دەکەی .

- نە ! ئەو سوراخی من دەکات ، ئەو دێت بۆلای من .. هەندێ بویەری سەیر ڕوو دەدەن . بۆ نموونە قارەمانی ڕۆمانی ( غەزەب ) ، نیکل دومینی ، بوونی حەقیقی هەیە ، لە ژیاندایە ، لە بلوکی ژمارە یازدە ، گەڕەکی پواسونیر دا دەژی و ئاکنجی یە .. دەزانی هاتە دیدەنیم ..

- ئێ چی ڕوویدا ؟

- ئیدی لەو ڕۆژەوە ، هەستم کرد کەوتوومەتە داوی چارەنووسی گالارەوە .. لەو ڕۆژەوە بە دواوە گالار دەستبەردارم نەبووە و نابێ .. لەو ڕۆژە بە دواوە ، من بەرە بەرە ، هێدی هێدی و بە ناچاری دەگۆڕێم و دەبم بە گالار .

- خۆت حەزت دەکرد ، خۆت ئەمەت ئارەزوو دەکرد .

- بەڵێ .. بەڵام نەمدەزانی بەم ئارەزووەی کە لەو بچم ، خۆم لە دەست دەدەم . من خەونی پێوە دەبینم .. کە سەیری ئاوێنە دەکەم ، ئەو دەبینم .. لە گۆڕستانیش دەیبینم ..

- لە گۆڕستان ؟

- بەڵێ ، من سەری گۆڕەکەیم دا .

بە کاوەخۆ و لەبن لێوانەوە گوتی :- یانی تۆ چوویت بۆ سەر قەبرەکەی ؟

چاوەکانی لە ترسا ئەبڵەق بوون . بە ناو ژوورەکە کەوتم ، بە دەمەلاڵکێ گوتم :

- بەڵێ .. چی تیایە ؟ ها ؟ .. چی ؟ .. بەڵێ ؟

سوزان سەرێکی لەقاند و گوتی :- کەواتە چیدی هەقی گلەیی و گازندەت نییە .

لەو ساتەدا ، زەنگی تەلەفۆن لێیدا . زەنگ زەنگ نەبوو ، دەتگوت گوللە بوو و بە بەدەنما چزا . کۆنتێس میکادە بوو کە دەیویست دەگەڵ سوزاند قسە بکات . سوزان بە چاپوکی و شادی خۆی گەیاندە تەلەفۆنەکە ، کە سەیرم کرد وەک یەکێک ئوکسیجینی پاکی تێبکرێ بەو ئاوایە بوژایەوە . چاوانی دەنووقاندن و دەکردنەوە و هێواش و لە سەر خۆ دەیگوت :- بەڵێ گیانەکەم .. بێگومان ، بە کەماڵی ئارەزوو .. گیانەکەمی ... ڕۆحەکەمی ! ..

دەبوایە ئەو ئێوارەیە لە ماڵی مەدام میکادە شێو بخۆین . دۆستە گەوج و قەڵەوەکەی ، جەنابی کوهین ، ماوەیەکی زۆر دەربارەی (غەزەب) قسەی دەگەڵ کردم . گالار لە ناخی مندا پێدەکەنی . ئەوەندە پێدەکەنی پەراسووەکانم خەریک بوو لێک دەبوونەوە .

# فەسڵی یازدەیەم

گالار ، ڕۆژ بە ڕۆژ ، کەمێکی تر لە بوونم داگیر دەکات . منیش زەقاو زەق و بە تەواوی هۆشیارییەوە دەبینم کە کەوتوومەتە ئاویلکە و گیانەڵڵا . من بۆ ئەوەی گالار لە نێو بەرم ، لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە ، دەبێ پەشیمانی خۆم لە نێوبەرم ، واتە دەبێ ویژدانم بێدەنگ بکەم ، چونکە گالار جگە لە تەجەلی بابەتیانەی ویژدان و پەشیمانی من هیچی تر نییە . پەشیمانی من ژیان و بوونی بۆ ئەو دابین کردووە ، پەروەردەی دەکات و سەراپای ئەو دەپارێزێ .

ویژدانی من ؟ بیرکردنەوەی کوت وپڕ لەم شتانە چەند خۆشە ! من هەمیشە ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە فریوم داون ، سەیری دزییە ئەدەبییەکەی خۆم دەکرد . لە دڵی خۆمدا دەمگوت تاوانێکی کۆمەڵایەتیم کردووە . بەزەییم بەو خەڵکە فریوخواردووەدا ، دەهاتەوە کە ئەو هەموو متمانەیەیان بە من کردبوو . بۆ وەهمەکانی بواسییر ، وەهمەکانی ئەو کچۆڵەیەی تونن ، بۆ وەهمەکانی باوکم دەگریام . بەزەییم بە واندا دەهاتەوە . پێدەچوو ، بمەوێ مەسئولیەتی خۆم بدەم بە ملی جم و جوڵ و بزووتنەوەی جەماوەردا . بەڵام ئەدی خۆم ، خۆم لەم بەینەدا دەکەمە چی ؟ من بەر لە هەموو کەسێک لە هەنبەر خۆمدا بەرپرسم . من دەبێ بدرێم بە دادگای خۆم ، کەچی کەرکەر حیساب بۆ دادگای خەڵکانی دی دەکەم ! ئەوەیە کەرێتی ! هەموو کارەساتەکە لە ناخی مندایە ، لە دەروونی مندایە و سەرچاوەی ڕزگاربوونیش لە خودی من و لە دەروونی مندایە .

نازانم چۆن توانیومە تا ئەمڕۆ لە گەڵ خۆمدا بژیم ؟ چۆن توانیومە دەگەڵ ئەم کەش و هەوا ناساز وپیسەدا ، دەگەڵ ئەم ڕەواڵەتە دروین و دزێوەدا ، دەگەڵ ئەم زەوییە گەندەڵ و فشەڵەی کە لە سەریا وەستاوم ، هەڵبکەم ؟

ناتوانم بە بێ نەفرەت و بێزاری ، تەمەشای هیچ سووچێکی ڕۆحی خۆم بکەم . هیچ جووڵەیەکی بەدەنم ، ئەوە نییە بتوانم کەمۆکەیەک شانازی پێوەبکەم ، خۆمی پێوە بابدەم ، سەرم بەرز بکاتەوە . لە درۆدا نقوم بووم . غەرقی شەرمەزاریم ، بە بانگەشەی ساختە لەوتاوم . کەچی وێڕای هەموو ئەوەش دەژیم . وێڕای هەموو ئەم سووکی و چروکیانە درێژە بە ژیان دەدەم .. بۆچی ؟

بە چاوانی نووقاوەوە ، لە کاتێکا کە سەرم لە نێو هەردوو دەستم ناوە ، بە قاڵدرمەی تەنیاییمدا دادەگەڕێم وبەرە بەرە و بە دەم هەر هەنگاوێکەوە بەرەو قوڵایی چاڵێکی تاریک و بێدەنگ دادەخزێم ، بەرەو چاڵێک کە جگە لە زەمزەمەی خوێنی خۆم ، هیچ سرتەیەکی دی لیوە نایەت ، لەو چاڵەدا نقوم دەبم . لە بنەبانی ئەو چاڵەدا کەس ناتوانێ فریام بکەوێ . بە تاقی تەنیام ، تەنیام لە پێست و گۆشتی خۆما تەنیام ، لە چارەنووسما تەنیام ، لەو ئان و ساتەدا ، هەر کەسێک لە جێگای من بوایە دڵی بە حاڵی خۆی دەسووتا و پاکانەیەکی بۆ ترسنۆکیەکانی ، بۆ بێ تواناییەکانی ، بۆ خووخدە منداڵانەکانی خۆی ، دێنایەوە و سووکە گلەییەکی لە خۆی دەکرد . کەچی من تەنیا

نەفرەت لە خۆم دەکەم ، خۆم دەبوغزێنم . هیچ سۆز و بەزەییەکم بەرانبەر بەخۆم نییە . لە بەرچاوی خۆم ڕەش بووم . خۆم بەخۆمم گوت :- یانی تۆ ئەم کارەت کردووە و هێشتاش دەتەوێ بژی ؟

ئیدی گفتوگۆیەک لە دەروونمدا چێدەبێت . من ئەم وشە و ڕستانە وەکو ئامێرێک ، لە وەزع و حاڵێکا دەنووسم کە یەکەمین گەنگەشە لە ناخمدا بەرز دەبێتەوە . ڕاستە بە ڕواڵەت و لە ڕواڵەتدا دەنووسم ، بەڵام ژیانم هەر هەمووی لە قوڵایی و لە ژێر ئەم ڕواڵەتەوەیە ، بریا هیچ شتێک لە خۆمی دوور نەدەخستمەوە ! بریا دنیای دەرەوە ، دنیای دەور وبەرم ئەوەندە کڕوکپ و بێدەنگ و بێ جووڵە بوایە ، کە بمتوانیایە بە تەواوی فەرامۆشی بکەم !

- تۆ ئەم کارەت کردووە ؟ ئاخر بۆچی ؟ ئیدی هیچ شۆرەت و نێوبانگێ تۆ خۆشحاڵ ناکات . ئیدی هەر شادییەک بە سەر تۆدا دەڕوات و بۆ گالار دەڕوات ..

تۆ بڵێی ئەم ترسە خاڵیسەیە ، ترس لە تاوانەکەم لە کوێوە بێ ، ئەم تینوویەتیە لەزەت بەخشە بۆ سزا ، لە کوێندەرەوە هەڵبقوڵێ ؟ ئەم ئومێدە کوت وپڕە ، ئومێد بە عەدالەتێکی ترسناک و قورس و گزوگومەت چەند خۆشە پیاو وا وێنا بکات بە ئاوێکی ئاسمانی ، ئاهەنگداری موزیک ئامێز ، پاک بووەتەوە ! بیرکردنەوە لە عوزرخوایی و پەشیمانی بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی گالار پاشەکشە بکات .. گالار چاک دەزانێت ، هەرکە کەفارە و سزای هەڵە و گوناحەکەم بدەم و بێمە بەخشین ، هەنگێ وەکو لاسکە گیایەکی ناسک لە بەینی پەنجەکانییەوە دادەخزێم و ڕزگار دەبم ، من دەزانم کە ئەو لە هەنبەر دەنگی بەرزی ویژدانی مندا بێدەنگ دەبێت . هەست دەکەم لەبەر بای هەڵچوون و شۆڕشی پیرۆزی مندا خۆی ناگرێت و دەرەڤێ و لێم دوور دەکەوێتەوە و وازم لێدێنێ . ئەم هەستە تەنیا یەک سات بەردەوام بوو ، ئەویش ئەو ساتە بوو کە بیرکردنەوەکەم خایاندی . چەند خۆش بوو ، بەڵام ئەو دووبارە ، گەڕایەوە و خوێنی ناو دەمارەکانم بە توندی کەوتەوە لێدان .

ڕەنگە سبەی یا دوو سبەی ، بە زەبری زۆر ، لە خۆمی ، لە ناخمی ، بکەمە دەرەوە . ئەمە هیچی ناوێ ، تەنیا ئەوە نەبێ ئیعتراف بە گوناحەکەم بکەم . بەڵام لە لای کێ ئیعترافی پێبکەم ؟ شەیتان بەنەحلەت بی ، فەرق ناکات ! لای جەماوەری خەڵکی ، لای هەموو خەڵکی . دەبێ پەنجەرەکە بخەمە سەرگازی پشت و هاواربکەم :

- دۆستان ، برادەران ، من بابایەکی ئەدەب دزم !

یان دەبێ بۆلای بواسییر بڕۆم و لەبەردەمیا و بەدەنگی بەرز بڵێم :- غەزەب ، بەرهەمی من نییە !

هەڵبەتە زۆرم لە بەر گران و ناخۆش دەبێ ، کە دەبینم ڕوخساری بەویقار و خانەدانانەی لە سەر سامیا دەگۆڕێت ، گازندە و سەرزەنیشت دەنێشێتە سەر چاوانی و لێوەکانی وەکو لێوی کوڕیژگەیەکی سەرزەنشتکراو ، دەکەوێتە تەتەڵە و دەڵێت :- تۆ ؟ .. تۆ ئەم کارەت کردووە ؟

کە کارێکی پڕ سوێ و بە ئازارە ! بەڵام ئازارێکە جوان ، جوانییەکەی لەوە دایە لە کاتێکا هەست بە شەرمەزاری و ڕیسوایی دەکەم ، ئەم ئازار و عەزابە پاکم دەکاتەوە . لە کاتێکا لە بەردەم خەڵکیدا سووک و چرووک دەبم ، لە بەردەم خۆما سەنگ و ئیحتوبار پەیدا دەکەم . لە کاتێکا لە بەردەم خەڵکیدا دەبم بە تاوانبار ، لە بەردەم خۆمدا دەبم بە کەسێکی پاک و بێتاوان . کاتێ ناوی گالاریان بۆ ئاشکرا دەکەم ، بۆ هەمیشە لە گالار ڕزگار دەبم .

بەڵێ ! بەڵێ ! کاتێ کە خەڵکی لە بوونی گالار ئاگادار بکەمەوە ، ئەو لەناخی خۆم وەدەر دەنەم ، هەنگێ مافی خۆی لە قولەمستانی دەنەم و ئەوەی لێم دزیوە ، وێی دەدەمەوە و هەنگێ خەڵکی بە یاد و یادەوەری ئەوەوە سەرگەرم دەبن ، ومن پاک ، بێگەرد ، و بوغزێنراو ، بەختەوەر و نەفرەت لێکراو ، تەنیا و سەر بەرز .. دەخزێمە پشت پەردەکانی دنیاوە و، هەموو شتێک ، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ ، ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێتەوە .

ئیعتراف ، لێوەکانم تامەزرۆی ئیعترافن ، کەڵکەڵەی ئیعتراف لێوەکانم دەسووتێنێ . هەستدەکەم ، من تەنیا بۆ ئەو دەم وساتە دەژیم ، کە ئەم نهێنییە سەربکات و بڕژێت . وەختێ ببینم ئەوانەی خۆشیان ویستبووم ، چەند شەرمەزار دەبن ، هەنگێ لە خۆشیا لە خۆ دەبمەوە .

بەڵام ئەدی سوزان ؟ ئایا سوزان پیرۆزبایی ئەمەم لێدەکات کە جورئەت و شەهامەتی ئەم چاوپۆشییەم هەبووە و دەستبەرداری هەموو شتێک بووم یان سەرکۆنەم دەکات چونکە بەم ئیعترافەم ئەویشم ناو زڕاو و ڕیسوا کردووە ؟ هیچ گرینگ نییە ! من لەبەر خاتری خۆم نەک لە بەر خاتری ئەو ، قوربانی بە خۆم دەدەم . من دەبێ تەنیا باجی خۆم بدەم .

من ئازادم .. ئازاد ، ئازاد ...

من لە هەوەڵین دەرفەتدا ، لە بەردەم هەرکەسێکدا ڕێک بکەوێ ، گرینگ نییە چ کەسێک بێ ، دان بە هەموو شتێکدا دەنەم .

# فەسڵی دوازدەیەم

بەیانی یەک شەممەی ئەم هەفتەیە سوزان ، لەگەڵ یەکێک لە دەستە خۆشکەکانیا ، بۆ چوونە جەنگەڵ و گەڕان ، لە ماڵ دەرچوو بوو . من لە ماڵەوە مامەوە ، بەتەنیا بووم و دەمویست کەمێک خەریکی نووسین بم . لە ناکاوا لە زەنگی دەرگا درا . باوکم بوو . ڕوخساری شپرزە و سەراسیمە بوو ، گوپەکانی داتەکی بوون و پیری پێوە دیار بوو ، گڕ لە چاوەکانی دەبووەوە . هەناسە برکێی پێکەوتبوو ، ئارەقە بە لاجانگەکانیا دەچۆڕایەوە . کە دەرگام داخست ، تووند دەستەکانی گرتم و گوتی :- جاک ، جاک .. بیستوومە کە .. خۆئەوە ڕاست نییە .. وانییە ؟

لێوەکانی دەلەرزین . دڵۆپە ڕوندکی پیری ، پێڵوەکانی تەڕ دەکرد . جلەکانی بۆنی ئارەقەیان لێدەهات .

- خۆ ئەوشتە ڕاست نییە .. وانییە ؟

گوتم :- چ شتێک ؟

خۆی دا بە سەر قەنەفەیەکدا . پەیتا پەیتا دەستە وشکەکانی ، بە یەخەی چاکەتە خورییەکەیدا دێنا ، دەمارەکانی دەستی ، درشت ، لە دوورەوە سەوزی دەکردەوە ، گوتی :

- سوزان ، دوێنێ دوای نیوەڕۆ ، هات بۆ بانق بۆلام .. قسەی بۆ کردم .. گوتی گوایە تۆ خەمین و هیلاک و تووڕەیت .. کە سەرسامی و نەباوەڕی خۆم دەربڕی ، تێی گەیاندم کە تۆ کارێکی زۆر ، دزیو و زۆر ترسناکت کردووە ، جۆرە تاوانێکت کردووە کە زۆر عەزابت دەدات و ناڕەحەتی کردوویت .. پێی وایە کە تۆ نووسەر و خاوەنی کتێبەکەت نیت . دەستنووسی کەسێکی دیکەیە و تۆ بە ناوی خۆتەوە بڵاوت کردووەتەوە .. تۆ پێم بڵێ کوڕەکەم ، سوزان درۆدەکات .. وانییە ؟

هەموو دەم و چاوی گرژ بوو ، هیوایەکی بێهودە نیشێتە سەر سیمای ، نیگەرانییەکی مەند دایگرت ، زاری داچەقی بوو ، ڕوندک لەچاویا قەتیس مابوو ، زۆرم خەفەت بۆ خوارد .

باشە سوزان بۆچی ئەم هەستە نابەجێیەی لاچێ بوو بوو کە لە قاوم بدات ؟ ئایا ئەویش من ئاسا لێبڕابوو کە کۆتایی بەم سیناریۆ و نمایشە بێنێ و ڕاستییەکان بە هەموو خەڵکی بڵێ ؟ بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبوایە من ئاگادار بکاتەوە تاپێکەوە ڕێک بکەوین و خۆمان ئامادە بکەین و هەنگێ دەمانتوانی مدارای ڕەوشی خەڵکی بکەین . بە هەرحاڵ دەمانتوانی خۆ لەوە دووربگرین کە ئەم هەواڵە یەکەم کەس بە باوکم نەڵێین . نە دەبوو ئەم پیاوە ترسنۆک و هەستیارە ، بریندار بکەین و یەکەم جەزرەبەی ڕۆحی و دەروونی ، ئەم ڕیسواییەی ئێمە بخوات . چونکە ئەو بە

ڕاستی بەرگەی ئەمەی نەدەگرت و شایەنی شتی وا نەبوو . دڵم بەحاڵی ئەم پیرەمێردە باریک و بنێس و داماوە دەسووتا کە بە دەم قووت دانی تفەکەی دەمی و بە دەمەلاڵکێوە ، بەردەوام دووبارەی دەکردەوە :

– ئێ ؟ .. قسە بکە .. قسە بکە کوڕەکەم .. ئاخر ئەم بێدەنگییەی تۆ ئازارم دەدات ..

بۆ ساتێک وام هات بە خەیاڵدا کە ئەم تەحدایەی سوزان قەبووڵ بکەم ، مەگەر بڕیارم نەدابوو لە هەنبەر ئەو کەسانەدا کە لە ماوەی ئەم مانگەی ڕابردوودا ، شەیتانانە فریوم دابوون ، خۆم سووک وچرووک نیشان بدەم ؟ لە پڕ دڵم خۆشبوو . حەز و ئارەزووی فیداکاری ، کەوتن و ژێوان بوونەوە و ئامادەگی بۆ دانی باجی ئەو هەڵەیەی کردبووم ، سەراپای داگرتم . شانازیم بە بوێری و شەهامەتی خۆمەوە دەکرد ، کەیفم بەو ئازارە دەهات کە بە هۆی ئامادەگیم بۆ گوتنی هەموو حەقیقەتەکان ، سەراپای داگرتبووم .

ساتێکی بەسام و شکۆ بوو ، وام دەهاتەخەیاڵ کە کات لەو ڕۆژەدا وەستاوە و من و بابم کەوتووینەتە دەرەوەی ئەم زەمانە و لە سەر شانۆی ئەبەدیەت ، لە دیمەنێکی یەجگار جوان و بە شکۆدا دەور دەبینین . لە بابم نزیک بوومەوە و دەستم خستە سەرشانی . هەنگێ هەستم کرد ، شانەکانی لە ژێر قورسایی دەستی مندا ، کەمێک نەوین . ئەو لاوازی و سستی ئەندامە ، ئەو گرژ بوونە کوت وپڕەی جەستەیەکی بریندار ، ئەو ترس و پەشۆکان و عەزابە کوت و پڕە ... دەقاو دەق لە ترس و لەرزی قوربانییەک دەچوو ، کە جەلاد لێی نزیک دەبێتەوە ... یان لە لوول بوونی نێچیرێکی ماندووی ژێر جەزرەبەی تەڕدەستی ڕاوچییەک دەچوو .. نە ، قابیلی تەحەموول نەبوو ! هەستم کرد نائومێدییەکی بە ئازار چەقی سینگمی کون کرد . هەناسەم سوار بوو . ڕوندکی میهر وخۆشەویستی چاوەکانمی سووتاندەوە .

بابم لە ژێر ڕەحمەت و دەسەڵاتی دەنگی مندا بوو ، لە بەر ئاراستەی خەنجەری وشەکانی مندابوو . سەرگەردان و ترساو و پەشۆکاو هەناسەسوار ڕاوەستا بوو ، لەگین بوو ئەم پیاوە بە تاقە جووڵەیەکی من ، بە تاقە وشەیەکی من بمرێت . ئەو پیاوەی کە شۆرەت و ناوبانگی من ، بوو بووە هۆی دووەمی ژیانی . من مافی ئەوەم نەبوو لە بەر خاتری ئارامی و ئاسودەیی ویژدانی خۆم ، بابم ، بەو کەرێتییە ، بکوژم . لە بەر خاتری ئاسوودەیی ئەو و لە بەرخاتری بەختەوەرییە ناچیز و ڕۆتینییەکەی ئەو ، دەبوایە چاوپۆشی لەو سزایە بکەم کە منی لە خۆم ڕزگار دەکرد . دەبوایە ئەو ڕاز و نهێنییەی کە بە زیندوویەتی کەوڵی دەکردم ، توێ توێی دەکردم و لە نێوی دەبردم ، لە قووڵترین خاڵی بوونمدا پەنهان بکەم . دەبوایە ئەم مەرگە قەبوول بکەم تا بابم بتوانێ بە ئەرخایەنی و ئاسوودەیی درێژە بە ژیان بدات . دەبوایە جارێکی دیکە قوربانیم بە خۆم بدایە . باوکم هێشتا هەر بە دەم مینگەمینگەوە ، دەیگوت :– ئێ ؟ .. بۆ شتێک ناڵێی ؟ .. ئەم شتە ڕاستە ؟

لە ناکاوا بە دەنگێکی نامۆ ، تووڕە و داهێزراو کەوتە هاوار :- تۆ ئەم کارەت کردووە ؟ .. تۆ .. تۆ ؟ ..

یەکسەر و بە پێچەوانەی حەزو ویژدانی خۆمەوە ، سەرم بەرزکردەوە ، خۆم قیت کردەوە ، بە دەنگێکی هێور وساف کە لەم ژوورەدا دەنگی دایەوە و تا ئەوپەڕی دنیا ڕۆیی ، گوتم :

- باوکە ، سوزان هەڵەی کردووە ، نەیزانیوە وەکو پێویست تێت بگەیەنێ .

گوپەکانی پیاوەی داماو سوور هەڵگەڕان ، بزەی شادی لێوەکانی لیک ترازان و لەبن لێوانەوە گوتی :

- منیش پێم وابوو سوزان هەڵەیە .. بەڵام تۆ زاتی خوا بۆمی ڕوون بکەوە کە مەسەلەکە چییە ! ..

- کاتێ دەستم بە نووسینی ڕۆمانی غەزەب کرد ، ئیلهام و سەرۆم لە حیکایەتێکەوە وەرگرت کە گالار بۆ سوزانی گێڕابووەوە و سوزانیش پاشان ، بەو ئومێدەی کە خۆشم لە حیکایەتی ناوبراو بێت ، بۆ منی گێڕایەوە . ئیدی لەو کاتە بە داوەوە سوزان ، کە ئەعسابی تەواو نییە ، وا وێنا دەکات کە تیمە و بیرۆکەی غەزەب هی من نییە ، و هی گالارە .. دیارە ئەمە شتێکی ئاساییە و هیچ کێشەیەکی تیانییە و تیا نابێ ..

باوکم گوتی :- هەر ئەمەیە ؟ دیارە ئەم ژنە شێتە !

ڕووی گەشایەوە . بە شادییەکی زۆرەوە کەوتە هەڵگلۆفینی دەستەکانی و گوتی :- ئەم ژەن شێتە ، سەیرە ! ..

گوتم :- دەمارێکی شێتی هەیە .

- هاتبوو بۆ بانق تا ئەوە بە من بڵێ !

- وای وێناکردووە کارێکی باش دەکات .

بابم بە سەرسامی گوتی :

- من ئەمەم پێخۆشە ! بەڵام تۆ زۆرت ترساندم . بە جارێ زراوت بردم ! ببورە کە گومانم لێکردوویت ، بەڵام ئاگام لە مەسەلەکە نەبوو . دەبوایە گوێ لە قسە هەلەق ومەلەقەکانی نەگرم ! .. بەڵام خۆت چاک دەزای کاتێ پیاو کوڕەکەی خۆش بوێ ، بەبیستنی بچووکترین گلەیی دەربارەی ئەو ، نیگەران دەبێ ، شێت دەبێ ، دەمرێت ! .. گەوج دەبێت ، من شانازی بە تۆوە دەکەم . منی گەوج خۆشحاڵم ، زۆر خۆشحاڵم ! ..

بابم ، لە جێی خۆی هەستایە سەرپێیان و بە تاسەوە لە هەمێزی گرتم ، ڕوندک بە چاویا هاتە خوارێ و دەم وچاوی تەڕکرد . پەیتا پەیتا دەیگوت و دەیگوتەوە :

- جاک ، خوا ڕاوەستاوت بکات کوڕەکەم .. خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ ! ..

حەزم دەکرد ئەرزەکە شەق بەرێ و قووتم بدات . بە سەر دنیاوە نەمێنم . ئێستا ئەو بوو بوو بە جەلاد و من دەوری قوربانیم دەبینی . ناچار بووم تەحەمووڵی زنجیرەیەک پرسیاری بە سوێ و ئازار ، سەبارەت بە کارەکانم و نەخشە و پرۆژەکانم ، بکەم . بابم بۆ ئەوەی قەرەبووی هەڵەکەی بکاتەوە ، هەوڵیدەدا وا بنوێنێ کە لە ڕادە بەدەر بە خەمی کاروچالاکییە هونەرییەکانمەوەیە . گوتی :

- خۆت زۆر ماندوو مەکە . کاتی خۆی کە باسی کتێبێکت ، سەبارەت بە بیرەوەریان بۆ کردبووم .. چی بە سەرهات ، کاری لە سەر دەکەیت ، هیچ چۆتە پێشەوە، یان هێشتا هەر نەخشەیە ؟ ..

هەڵبەتە هەوڵیدەدا ، وشە و زاراوەی پیشەکەی من بە کاربێنێ تا من هەست بە ئاسوودەیی بکەم . خەمین و دڵتەنگ بوو . ناچار بووم ، بە دڵی ئەو وەڵام بدەمەوە ، درۆیان بکەم تا ئەو ڕازی بکەم . باسی فەسڵە دژوارەکان ، دووبارە بوونەوەی تیمە و ناوەڕۆک ، سووکە گومان و دوو دڵی و تەقسیمبەندی بەشەکانی کتێبەکەی بۆ بکەم ، بابم ، بە وشە و زاراوەی پڕ لە سەرسامی کەسێکی بەڵەد وپسپۆڕ ، قسەکەی دەبڕیم :

- شەیتان بە نەحلەت بی ! نەحلەت لە شەیتان ! بەڵێ ، پێموایە هەقی خۆتە نیگەرانی درێژ دادڕی و حەشو ... جوانی وەسفان فیدای لایەنێن سایکۆلۆژی مەکە .. سوود لە وردەکاری واقیعی وەربگرە ... ڕاوێژ و پرست بە کەسانی بەڵەد و شارەزا کردووە ؟ ..

نزیکەی چارەکە سەعاتێک ، شەرمەزار و تەریق و بێتاقەت دەوری نووسەرێکی داهێنەر و بلیمەتم بۆ بابم گێڕا . بە دڵی ئەو قسەم دەکرد . زەینیم تەژی کرد لە ئومێد و شانازی ، شەوق و شادی لێدەڕژا . بابم شاد وشەنگوڵ ، بە کەیف و بە دەماخ ، بە سمێڵی قیتەوە ، لەبەر دەرگاکەوە بۆلای پەنجەرەکە دەڕۆیی و دەگەڕایەوە . دەگەڵ هەر هەنگاوێکا ، پێڵاوە نوێیەکانی جیڕەجیڕێکی ناخۆشی لێ بەرز دەبووەوە . ئەنجام گوتی :

- خۆشحاڵم کوڕەکەم ، خۆشحاڵم . تاقە شتی خەمناک ، شەڕی تۆ و سوزانە . دیارە قەرقەشە و سووکە دەمە قاڵەیەکتان بووە و ئەمە وای کردووە بێت بۆ بانق ، تا خەم و پەژارەی خۆی بۆ من هەڵڕێژێ !

لەم بارەیەشەوە دڵنیام کردەوە و گوتم کە سوزان ئەعسانی تەواو نییە و لەوە پەستە کە هەندێجار لەبەر نووسین ، نامپەرژێتە سەر ئەو ، ئیدی وەکو هەر ژنێکی جوان بیانوو دەگرێت ، دیارە ئەم دیاردەیە مایەی پێکەنینە ، نەک نیگەرانی .

هیلاک و ماندوو خوام نەمابوو ، خواخوام بوو بابم زوتر بڕوات . بەڵام ئەو پەلەی نەبوو ، کڵاوەکەی هەڵگرت و لە سەرمێزەکەی دانا ، دەستکێشە ڕەشەکانی لە نێو دەستیا لوول دەدا . سەرەنجام تەمەشای سەعاتەکەی کرد و گوتی :- یازدە ونیوە .. دەبێ بڕۆم .. هاوڕێیەکی ئازیز چاوەڕوانمە ، دەچین بۆ خواردنەوە . دەزانی ئەگەر سوزان ڕاستی کردبا ، چ نەگبەتییەک ڕووی دەدا ؟ چ جەنجاڵی و ڕیسواییەک دەقەوما .. ڕۆژنامەکان ! .. دۆست و بناژۆکانی تۆ ! .. هەموو ئاشنا و ڕۆشناکانی تۆ ! وا باشە چیتر بیر لەوە نەکەمەوە .. خودا حافیز .. باسی ئەم دیدارەمان بۆ سوزان مەکە ..

کاتێ بابم ڕۆیی ، خۆم دا بە سەر قەنەفەکەدا ، سەرم بە بەینی گۆشەکانیا کرد ، تا ڕوناکی ڕۆژەکە لە چاوم نەدات . بەم چاوپۆشی کردنەم لە ئیعتراف ، لە ڕاستیدا دووبارە ڕادەستی گالار بوومەوە ، کردبوومەوە بە کەڵەگای خۆم ، بە جوڵەیەکی شان ، ئەوم وەکو بارێکی قورس هەڵدابووە سەر کۆڵی خۆم . هەڵبەتە مەحکووم بووم بەوەی کە تا کۆتایی تەمەنم ئەو بارە قورسەم بەشانەوە بێ .

سوزان بۆ فراقین ، بۆ ماڵ ، هاتەوە . هەڵبەتە باسی هیچ شتێکم بۆ نەکرد ، بەڵام هەر دووکمان هەستمان بە بێزاری و ڕقی خۆمان ، لە یەکدی دەکرد . کەسمان بوونی ئەویترمان پێ قەبووڵ نەبوو ، یەکترمان پێ قووت نە دەچوو . کە ئەو ئاڕایشتی کردبوو و شۆخ و شەنگوڵ وەکو سەدەفێک لە بەردەمما وەستابوو ، ئەمەم وەکو جۆرە سووکایەتی و جنێوێکی قورس دەهاتە بەرچاو . ئامادەبووم بە خۆشحاڵییەوە ئەو بکوژم .

ئەو وشانە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی لە سەر کاغەزەکەی بەردەستم ڕیز بوون . بۆیە حەزم دەکرد سوزان بە ئاسانی بکوژم ، چونکە لای بابم کەشفی کردبووم و بە شێوەیەکی ناڕاسەوخۆ بۆی سەلماندبووم کە ئیعتراف کردن مەحاڵە و چونکە لە دوا ئەنجامدا ، بە هۆی ئەوەوە ڕادەی ترسنۆکی و بێ غیرەتی خۆمم بۆ دەرکەوت . تۆ بڵێی ترس لە خەم و پەژارەی خزمان و لەو حوکمەی کەس وکار و خزم بە سەر منیا دەدەن ، جۆرە ترسنۆکییەک بێ ؟ یانی وا باشتر نەبوو سۆزەکانم فەرامۆش بکەم و تەنیا خەم لە ڕزگارکردنی خۆم و پاککردنەوەی ڕۆحی خۆم بخۆم ؟ یانی وا باشتر نەبوو لە ڕای شەوکەت و شکۆی ڕاستەقینەی خۆمدا ، هەموو شتێک ، هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشم دەویستن ، بن پێیان بنەم ؟ خەڵکی پاک وبێگەرد ، هەمیشە بێ بەزەیی و سەختگیرە . مرۆڤی دادپەروەر و پاک گوێی لە هیچ ڕەحم و بەزەییەک نییە ..

من ئەم قسانەم لە دڵی خۆدا دەکرد ، بۆیە ڕقم لەو بوو چونکە ئەو ناچاری کردم ، ئەو قسانە دەرک بکەم ، لێیان تێبگەم . بەڵێ .. بە ڕاستی کوشتنی ئەوم بەلاوە زۆر خۆشبوو .

* *

دوێشەو کە چاوم کردەوە ، دیتم کە چرای سەرمێزە بچووکەکەی تەنیشت سوزان ، ڕوناکە . یەکسەر چاوم نووقاندەوە تا لە درزی برژانگەکانمەوە چاودێری بکەم . وام دەنواند گوایە خەوتووم و ئاگام لە هەناسەدانی خۆم بوو . سوزان ، ڕێک دانیشتبوو و تیشکی چراکە ، سەری زوڵفە ڕەشەکانی ڕوناک دەکردەوە و چاوی بڕی بووە بەردەم خۆی و لە فکران ڕۆچووبوو . شان وملی ڕووت و سینگ و بەرۆکی ، لە بەر ڕۆشنایی چراکەدا لە مسی سیقاڵ دراو دەچوو . پشت ملی ساف و نیگای ڕاستەوخۆ بوو ، بە تەواوەتی لە فکران ڕاچوو بوو . من دەمزانی کە بابەتی ئەم بیرکردنەوە شەوانەیەی ئەوم . وام زەن دەبرد کە سوزان لە خەیاڵ و زەینی خۆیدا ، هەموو بەدەنمی داوەتە بەر ڕوانین و نیگا ، تا نەفرەت و بیزاری خۆی لە من تێر بکات .. بەڵێ .. من کاتێ کە لە لایەوە پاڵ دەکەوم ، خەو دەمباتەوە و هۆشم لە خۆ نامێنێ . هیچ چەکێکم لە دەسدا نابێت ، وا هەستدەکەم کەوتوومەتە ژێر دەسەڵاتی جادوویەکی شوومەوە . ئەو ژنە دژی من کار دەکات ، بە قازانجی خۆی بە کارم دەبات ، بیرکردنەوەی ئەو دەربارەی خۆم دەخوێنمەوە ، بە جۆرێ هەست بە بیرکردنەوە پەنهانەکانی دەکەم ، وەکو ئەوەی دەستێک بێ و بە سەر بەدەنما بهێنرێ ، هەرگیز پێشتر وەکو ئێستا ، کە نەیدەزانی ژێراو ژێر تەمەشای دەکەم ، لە بەرچاوم ترسناک نەبووە . چونکە وای خەیاڵ دەکرد لە نیگای من و لە هەموو نیگایەکی دی بە دوور وئازادە ، ڕێگەی دەدا ، ترسی تەنیایی بە ڕوخسارییەوە دەربکەوێ و هەموو دەمامکەکان لە خۆی دامالێ و بە ڕووت وقووتی ، بێ هیچ پەردە و پۆششێک ، زبر و سەختگیر ، هۆڤی ودڕندە ، وەکو چۆن هەیە ، بەو ئاوایە دەربکەوێ . ئیدی ئەمە ئەو پەڕی بوو ، نەدەکرا لەوە هێوەتر بڕۆی .. ئەمە ئەوپەڕی قووڵایی بوونی بوو . خودایا ، لە هەنبەر ئەو ژنە بەڵایەدا چ ترسێکم هەبوو ! چەند لێی دەترسام ! هەر هەموو ئەو شتانەی کە دەربارەی ئەو دەمزانی ، وەکو ئەوەی جل وبەرگ بن ، لەبەر پێیەکانمدا کەڵەکە دەبوون . ئیدی هیچ قەرار و پەیمانێک ، هیچ خۆشەویسی و مەحەبەتێک ، هیچ پەیوەندییەک لە نێوان من و ئەم بوونەوەرەدا نەبوو . ئێستا ، هەر کارێکی لێدەوەشایەوە ، هەر کارێکی لە دەست دەهات . ئەگەر پێویستی بکردایە دەیتوانی جاڕم لێبدات ، بمکات بە گەپجاڕی ئاشنا و بێگانە ، بمکوژێت و تەنانەت دەیتوانی خۆیشی لە نێو بەرێ ، ترس و لەرزێکی نا ئاسایی ئەوکی گرتبووم . هەستم دەکرد ئارەقە لە سەراپای بەدەنمەوە هەڵدەقوڵێ و بە ئارامی دێتە خوارەوە . سوزان تەمەشایەکی کردم . خێرا چاوم نوقاندن . چەند چرکەیەکی پڕ ترس و لەرز بوری . لەو ماوەیەدا وام هەستکرد سوزان لەو ماوەیەدا دەمانچەیەکی لە ژێر بالیفەکەی دەرهێناو ڕووی کردە من ، یان چەقۆیەکی بە دەستەوە گرتووە ، یان چەند شووشەیەکی چکۆلەی پڕ ژەهری بە دەستەوەیە و .. بە گوێرەی توانا درێژەم بە چاو نووقاندنەکەی خۆم دا . پاشان وەکو کەسێک بە دەم خەوەوە خەون بدینێ ، بەو ئاوایە بازووم جوڵاند و ، پاشان چاوانم هەڵێنان . سوزانێکی دی ، جیاواز و لێو بەخەندە ، دەستی گرتم و گوتی :- وادیارە خەوێکی ناخۆشت دەبینی .. هاوارت کرد . ئیدی خێرا چراکەم هەڵکرد ...

ماوەیەکی زۆر خەوم لێنەکەوتەوە . ئەم بەیانییە سوزان پێی گوتم بە نیازە بچێت بۆ شانتیللی ، چونکە مەدام میکادە ، خانوویەکی قەیمەی بۆ ڕاو و شکار لەوێندەر کڕیوە و ، گوتی چەند ڕۆژێک لەوێندەر دەمێنێتەوە . ئایا ئەو لە من ترساوە یان لە خۆی ؟

ئاە ! خۆزگە ، جورئەتی ئەوەم دەبوو دان بە تاوانەکەی خۆمدا بنەم ، تا بە چاوی خۆم ئەو ئازارەم دیتبا ، کە دەنیشێتە سەر سیما و ڕوخساری هەمووئەوانەی کە فریوم دابوون .

# فەسڵی سیازدەیەم

نامەیەکی خێرام لە پریورەوە پێگەیی ، لە نامەکەدا دەڵێت بواسییر کە چەند مانگێک بوو نەم دیتبوو ، زۆر نەخۆشە . قەیرانی زیاد بوونی یوریای خوێن ، کە زۆر مەترسیدارە دووچاری تەنگەنەفەسی ، ڕشانەوەو ئیسهالی کردووە . دەست و لاقەکانی ئاوساوە . پزیشکان ئومێدێکی ئەو تۆیان بە چاک بوونەوەی نییە . ئەم پیاوە داماوە ، وێڕای دەردو ئازاری خۆی ، هەموو ڕۆژێ سۆراخی من دەکات و پریور ، داوای لێکردووم . لە بەرخاتری خوا ، بۆ دواجار بچنە دیدەنی ئەم دۆستە بەلەنگازەمان .

ئەم هەواڵە نیگەرانی کردم . من لەو کاتەوە لە بواسییر دوورکەوتمەوە کە گوێم لە داوەرییە توندەکەی بوو دەربارەی دوا کتێبم . بەڵام ئیستا کە دەزانم ڕەوشی خەتەرەو حاڵی باش نییە ، هەستدەکەم کە زۆر لام خۆشەویست بووە . وام دێت بە خەیاڵدا ، کە بەڕۆیشتنی ئەو ، دوا تواناو جورئەتی من ئاوا دەبێت و هەموو دونیا لە ژێر پێمدا خاڵی دەبێت . ئەم پیاوە بۆ من ، بەبێ ئەوەی بە خۆ بزانم ، نموونەیەکی بەرزی پاکی و بێگەردی و سەر ڕاستی و ئابڕوومەندی بوو ، ئەو نموونە زیندووە بوو کە لەمیانی هەزاران شۆڕش و یاخی بوونەوە ، لە میانی هەزاران پاشەکشەو هەزاران کەوتنەوە ، هەوڵمدەدا لێی نزیک ببمەوە ، بگەم بە بای قولانیا .

ئەم وشانە بلەز دەنووسم . دەبێ یەکسەر بڕۆم ، چونکە هەر خاوە خاوێک ، لەوەیە من لە دوا دیداری وی مەحرووم بکات .

❊❊

ژوورێکی چکۆلە لە نهۆمی حەوتەمی ئۆتێلێکدا ، ڕوکارێکی تەنگ و بارێکی هەبوو ، لە شکەفتێک دەچوو لە موقەباو لەوح دروستکرابێ ، دەستشۆرێک لە سووچێکیدا هەبوو ، چەند خاولییەکی چڵکن بە سەر موحاجەرەکانەوە هەڵخرابوو . ڕەفەین پڕ لە کتێب ، پارکێتی قاوەیی و سەوز . پەنجەرەیەک بە پەردەیەکی شاڵی زەردی خاڵ خاڵی قاوەییەوە ، قەرەوێڵەیەک ، هەر هەموو ئەمانە پێکهاتەی ژوورێکن کە مرۆڤێک بە ئارامی و بە بێدەنگی تیایدا لە حاڵی مردن وگیان سپاردندایە ، مرۆڤێک بەو هەموو ڕۆشنبیرییەوە ، بەو هەموو شادی و ویقارەوە ، بەو هەموو داهێنانەی ، دنیای دەوڵەمەند کردبوو .

پڕیور ، لە بەردەرگا پێشوازی کردم ، بەرەو قەرەوێڵەکە ڕێنوێنی کردم و لەبن لێوانەوە گوتی :

– تەنیا دە دەقیقە دانیشە ، زیاتر نا .

ڕەبەنیتەیەک کە بە دیارییەوە دانیشتبوو ، هەستاو شوێنەکەی بۆ من بەجێهێشت . بواسییر ، لە ناو جێگا سپیەکەیدا ڕاکشابوو ، پڕ چنگێکی لێ مابووەوە ، لە کوریژگەیەکی پیر دەچوو ، دەست و دەموچاوی ئاوسا بوون ، دەتگوت لە مۆمی شەفاف دروست کراون . داوە لیکاوێک بە سەر لێوەکانیەوە دەبریقایەوە . بە زەحمەت و پچڕپچڕ هەناسەی دەدا ، چاوە شینەکانی بە سەرسامی و خەمینی دەیانڕوانیە ئەو دیو دیوارەکە . بە جۆرێ دەیڕوانی کە دڵم هاتە ژان . کاتێ کە لە نێوان ئەو و ئاسۆی ڕوانینیا وەستام ناڵەیەکی بە سوێی کرد، لەزرێکی بە ئازاری لێهات و سەری بردە بەینی شانەکانیەوە . من بەبێ جوڵە لە جێی خۆ وەستابووم . بەرە بەرە هەستم کرد . بە دەم زنجیرەیەک خەون و خەیاڵەوە بۆ لای من دەگەڕێتەوە . تەقەلایەکی دا ، گۆناکانی سوور بوونەوە ، ماسوولکەیەک وەکو تەنافێکی گۆشتین بە ملە لاوازەکەیا شۆڕ بووەوە ، مینگە مینگێکی لێوە هات و گوتی :

- مەمنوون سوربییەی ئازیز ... چاوەڕوانی دیداری تۆ بووم...

بزەیەکی بە سوێ نیشتە سەر لێوی . چاوەکانی نوقاند، دەنگی هەناسەدانی بڕا ، نە دەبیسترا ، دوو بارە بە تامەزرۆییەکی منداڵانەوە کەوتە هەوا هەڵمژین .

ژوورەکە بۆنی سرکە و ئارەق و دەرمانی لێدەهات . ڕۆشناییەکی کز لە پەنجەرە پیسەکەوە دەڕژایە ژوورەوە . لە ڕاڕەوەکەوە دەنگی چرکە چرکێکی وشک دەهاتە گوێ ، دەتگوت دەنگی چرکە چرکەکە ، بواسییر دەبوژێنێتەوە و دەتگوت بواسییر وەکو ئەو سەعاتە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کۆک کرابوو و هەرکە سەعاتەکە لەکار بوەستێ ، ئەویش لە ژیان دەوەستێ . دەقیقەکان دەبورین . من دەمڕوانییە ئەو پیاوەی کە بە پشتا کەوتبوو ، دەچوو بە قوڵایی نا دیارەکاندا . جل و بەرگی دنیایی لە خۆی دادەماڵی و هێدی هێدی ماڵاوایی لە دنیا دەکرد . بواسییر ، ئیدی لە شکۆو جەلالی دنیا ، لە جوڵەو هەراو زەنا دوور کەوتبووەوە . لە ئێمە دوور کەوتبووەوە ، دەتگوت لە سەر کەشتیەکەوە ، کە بەرەو قوڵایی دەریا دەچوو ، تەمەشای ئێمەی دەکرد . بچووکی دەکردینەوە . تا سووکترین توێشوو لەم سەفەری ئاوابوونەدا لە گەڵ خۆیدا بەرێ . ئێمە بەلای ئەوەوە دوا دیمەنی دنیا بووین و بواسییر ئەمەی چاک دەزانی . ئێمە ئیدی لە یادگەی ئەودا جووڵەمان تیا نەدەما لە جوڵە دەکەوتین . ئیدی دوای ئەوەی بووین بە مومیای زەرد و ڕەش . لە ئێستاوە بوو بووین بە بەشێک لە تەنیایی ئەو . لە بن لێوانەوە گوتی : -وەرە پێشەوە.

لێی نزیک بوومەوە ، دەستی ، کە چنگێ دەمارو پێستی ساردو سڕ بوو ، نایە سەر دەستم . ئەم جوڵەیەی بواسییر، میهر و مەحەبەت و متمانەیەکی ئەوەندە زۆری پێوە بوو . کە هەستم بە ئازار دەکرد . من هەقی ئەوەم نەبوو ، لە گەڵ ئەم پیاوە نەخۆشەدا ، کە لە ئاوزینگدا بوو ، درۆبکەم . نە مدەتوانی بیەڵم وێنەیەکی پڕ شانازی و

درۆینە سەبارەت بە من لە گەڵ خۆیدا بەرێتە گۆڕەوە . ئەم پیاوە کە لە ئاستانەی ڕازە گۆنگەکەدا ڕاوەستا بوو و بە هەموو بوونیەوە لەو ڕازە ڕۆ دەچوو ، دەبوایە  ڕاستی پێ بڵێم . لە دڵی خۆدا گوتم :

– ئیعتراف! ئیعتراف!. .

ئەم وشانە وەکو مەشخەڵی ئاگر بە مێشکمدا دەڕۆیی . دیسان لە دڵی خۆمدا گوتم :

– ئەگەر لە لای ئەو ئیعتراف بکەم ، دەمبەخشێت ، ئامۆژگارییەکم دەکات و هەنگی من لەوی دی ڕزگار دەبم .

بێدەنگی باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا بوو . کات درەنگ دەبوو و نەخۆشەکە هێشتا چاوەڕوانی ئیعترافی من بوو . بە پشتا ڕاکشابوو ، چاوەڕوانی ئیعترافی من بوو ، سات بە سات ، هەناسە بە هەناسە لە مەرگ و ماڵاوایی نزیک دەبووەوە . تا چەند دەقەیەکی دی ، دەچوو بۆ جێگەیەکی دی ، هەنگێ نەیدەتوانی گوێی لە دەنگی من بێ.

پشتم ڕاست کردەوە . خۆم لە تەماشاکردنی روخساری دەپاراست ، دەدزییەوە . بەڵام چاوم . لە دیوارە ساف و بە تاڵەکەی سەرووی قەرەوێڵەکەی بڕی بوو . ئەو دیوارە سپیەی کە کە ڕووی هەڵێنابوو و شۆرە لێی دابوو و مەگەسانی لێدەنیشت ، لە پڕ گۆڕا بوو بە ئەبەدیەت . بواسییر، دوای هەزاران کەوتن و هەستانەوە ، هەزاران پێچ وپەنای سەیر ، وا دیار بوو پەنای بۆ ئەوێندەر دەبرد . هەموو ئینسانەکان ، یەک یەک و دانە دانە لەوێندەر لە یەکدی خڕ دەبوونەوە . خواوەند ، لە غیابێکی سەیرو درەخشاندا ، لە وێندەر جێگیر بوو . من دەبوایە لە بەردەم هەموو ئەوانەدا قسەم بکردایە . جۆش و خرۆش و هەڵچوون و خرۆشانێکی ئەنتیکەو سەیر ، جۆرەها پەردەی سەر دنیای نا دیارو نە ناسراوی لە بەرانبەرمدا هەڵدەدایەوە ، منی بە ژیانی  ( دونیای باقی ) وە دەبەستەوەو لە درزی کراوەی گورستانەکاندا ، لە گۆڕە بە کۆمەڵ و نەخۆشخانەکاندا ، جێگیر دەکرد . " ئیعتراف بکە .. ئیعتراف بکە .. هەموو شتێک بۆ ئیعتراف کردنی تۆ ئامادەیە . گوێ لە قسەکانت دەگرن . بە لوتف و میهرەبانییەوە ڕەفتارت لەگەڵدا دەکەن . بە ڕۆشنایی و بێدەنگیەکی شەفافەوە تۆ لە خۆ دەگرن . بە گوتنی تاقە وشەیەک ، دێیتە بەخشین . بە گوتنی تەنیا یەک وشە لە درۆو ساختەکاری پاک دەبیتەوە . بە گوتنی تەنیا یەک وشە ، دەبیت بەخۆت .. ئیعتراف بکە .. ئیحتراف بکە... " .

حەیران و سەرسام ، بەلارەلار چوومە پێشەوە ، لە بەر قەڵەوێرەکەدا چۆکم داداو سەرم لەو سەرەی کە هێشتا زیندوو بوو ، بردە پێشەوە تا گوێ لە قسەکانم بگرێت . ڕوخساری وشک و بێ حاڵی بواسییر ، ورد و ڕەق ، وەکو بەرد ، لە هەتەرو مەدای هەناسەمدا بوو . هەستم بە بۆنی ترشی هەناسەی ئەو دەکرد . دەنگی هەناسەی سواری دەگەییە گوێم و دوا گەرمای لەشی بە سەر ڕوخسارو دەستەکانمدا بڵاو دەبووەوە . بە دەنگێکی کز گوتم :

- پێویستە لەبەردەم تۆدا ئیعتراف بکەم.

هەناسەی خاو بووەوە ، برا . لە ناکاوا دووبارە دەستی پێکردەوە . سینگی بەرز کردەوە ، کەمێک لەرزی و بایەکی وایکرد خەریک بوو بتەقێ . پێدەچوو بواسییر پەلەی مردنی بێت . دەترسا دێر بکەوێ . کاتی نەبوو کە گوێ لە قسەکانم بگرێ و لێیان تێبگات . ئەم مرۆڤە زیندووە چی لە گیانی ئەو دەویست ؟ خێرا خێرا ! چاوەکانی کردنەوەو بە نیگای گیانلەبەرێکی بە داوەوە بوو، تەمەشای کردم . دوای تەقەلایەکی زۆر گوتم : تۆ رۆمانی ( غەەب )ی منت بەدڵ بوو ؟

لەو ساتەدا ، دەنگە کپ و ناڕەساکەیم گوێ لێبوو :

- غەزەبم بە دڵ بوو ....من ... من متمانەم بە تۆ هەیە ... بنووسە ، بەردەوام بە ....بۆ من ، ئیدی هەموو شتێک تەواو بوو بەڵام تۆ ... تۆ..خۆشحاڵم کە تۆ لە دوای من دەژیت .. من ....

بواسییر، دەستە زەردەکەی ، کە لێی بوو بوو بە بارێکی قورس ، هەڵبڕی وگوتی : -هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم .

لە رزێکی ترسناک دایگرتم . هەستام تا لەو پیاوە دوور بکەومەوە . ئەویش ئیعترافەکەی منی ڕەتکردەوە . باوەڕی بە گوناحکار بوونی من نەبوو ، بۆ ئەوەی تا دوا هەناسەی بە دڵخۆشی بژی ، پێویستی بەوە بوو کە درۆیەکەم قەبووڵ بکات ، لە دەف ئەویش نەمدەتوانی دان بەهەڵەکەی خۆمدا بنەم . چاوەکانی بڕی بوونە لایەکی دی تا بیسەلمێنێ کە باوەڕی پایەدار وجێگیرە و بەم دڵنیاییەوە ماڵئاوایی لە دنیا دەکات و نایەوێ هیچی دی دەربارەی من بزانێ .

من لەم ساتەوە ، بۆ ئەو جگە لە بیرەوەرییەک هیچی دی نەبووم . تەنانەت نەیدەتوانی لە یادگەشیا کارێ بۆ من یا دژی من ئەنجام بدات .

بەم شکستە تازەیە ، گالار بە سەرما سەر دەکەوت ، هێندەی دی گونی بە سەرما شۆڕ دەکردەوە ، بە هەموو قورسایی خۆی پایە ماڵی دەکردم . من بە دیار ئەم نوێن وجێگە خەمەنگێزەوە ، بەلەنگازو نەفرەت لێکراو ، شکست خواردوو بەسترابوومەوە . سەرم لەبەر خۆنا . ڕەبەنیتەکە بە ئەسپایی بەپێ خشکێ ، هات بۆلام ، بە هێواشی گوتی : - بەڕێز ، دەبێ بڕۆیت . دەدەقیقەکە تەواو بوو .

وەکو شێت لەژوورەکە وەدەرکەوتم . هەرئاوڕیشم نەدایەوە . دەرگاکە بەسەر دۆستەکەما ، کەکەوتبووە ئاویلکە داخرا . لە ڕاڕەوەکەدا تووشی پریور بووم کە دەگەڵ چەند ڕۆژنامەوانێکدا خجڵی قسەبوو . قۆڵی گرتم و گوتی :

–هیوادارم لەحاڵی کارکردنا بی بۆ ئێمە .... بە پەرۆشەوەچاوەڕوانی کتێبەکەتم.

یەکێک لە ڕۆژنامەکان لێی پرسیم :– دەکرێ بزانم چ پڕۆژەیەکت بەدەستەوەیە ؟

ئەم پرسیارە بازرگانیانەم ، لە چەند مەتری ئەو مرۆڤەوە کە لەسەرە مەرگ و گیانەڵادا بوو ، پێ پەسەند نەبوو . کابرا هێشتا بە تەواوەتی نەمردووە و ئەمان یەکسەر دێنە سەر کەسێکی دی و بایەخ بەم دەدەن .

ئیدی ئەمە یاساو ڕێساو سونەتی ژیانە . ژیان دەستبەرداری مافی خۆی نابێت . ژیان خوێندنەوە ، نووسین ، وتار ، گرێبەست و قەراردادان ، پارە و .... هەموو ئەوانەی دەوێ . چەرخی ژیان دەچەرخێ ، دەگەڕێ ، خەڵکانێک دەگەیەنێتە لوتکەو حەوێقی ئاسمان و خەڵکانێکی دی ، بەو پەڕی خەمساری و بێ موبالاتی نغرۆ و نقومی عاردی دەکات . بە بێ موبالاتیەوە شانەکانم هەڵتەکاند . گوێم لێبوو پریور دەیگوت :

– بەڵێ ، من دوای مەرگی بواسیر بەرهەمەکانی ، چاپی تازە دەکەمەوە . دوو کۆمەڵە....

حەپەسام ، پشتم تێکردن و ، بە هەڵەداوان و نیمچە غاردان ، لە پلیکانە پڕ سەرو سەداکانەوە داگەڕام و خۆم گەیاندە سەرجادەکە . لە شەقامەکەدا ، وەکو یەکێک بەدەم خەوتنەوە ڕێ بکات ، بەو ئاوایە ڕاست و ڕاست دەچوومە پێشێ . لە باتڵاخی دیوارو پەنجە ڕەشەکان ڕۆ دەچووم . لە مەیدانەکاندا ، لە باخچەی ناوەندی مەیدانەکاندا ، لە چوار ڕیان و شەقامەکاندا ، ئەم بەرو ئەو بەرم دەکرد . پاشان گەییمە بولڤاری سن میشێل . لەوێ کەوتمە نێو ئاپۆڕای پەیاپەی ڕێبوارانەوە ، بە ئارەزووی خۆیان ڕایان دەماڵیم . هەورێکی تاریک و خەست بەری ئاسمانی گرتبوو . کوڕان و کچان دەستە دەستە پیاسەیان دەکرد و بە ڕەنگ و ڕووی گەنجانە وگەشەوە بەبەردەممدا ڕەت دەبوون . بۆنی باران ، بۆنی بۆدرەو عەترێن خۆڕایی ، بۆنی بەنزین کەپووی پڕدەکرد . ئەوەندە شەکەت و خەمگین بووم . خواخوام بوو دنیا تاریک بێ و شەو زوو بێت . نازانم کێوە بچم ، چی بکەم ، گالار دووبارە خەریک بوو دیل و ئەسیری خۆی دەکردم ؟! نازانم لە کام ئاوی پاکدا ، لە کام سەرچاوە وبیری حەقیقەتدا ، دەمتوانی ئەم دەعبا هۆڤەی سواری کۆڵم بوو بوو ، غەرق بکەم ؟

بۆ ماڵ چوومەوە ، بەڵام ماڵەکە ، بەتاڵ و خاڵی ، گرژ ومۆن . پێشوازی نەکردم . بە ڕادەیەک چوببوومە پێستی گالارەوە ، بوو بووم بە خودی گالار، بە ڕادەیەک بوو بووم بە گالار کە تەنانەت ماڵەکەش نەیدەتوانی بمناسێتەوە . تەنگ و باریک دەبووەوە ، دەبوو بە سەهۆڵ بەندان ، وەکو ئەوەی دەگەڵ مندا ، دزێ یا درۆزنێکی تێبچێت . کورسییەکم گواستەوە ، وام هەستکرد لە جاران قورسترە . پێم لە فەرشێک گیرا کە جاران بەرزی پێی منی دەناسی . لە قەراخ مێزەکەدا ، نەمتوانی جێگای ئاسایی ئانیشکم بدۆزمەوە .

ماوەیەکی زۆر ، لە ناوەندی ئەو ژوورەدا ، کە لەوە دەرچوو بوو ، ژوورەکەی من بێ ، ڕەق ڕاوەستام . بینایەکە بە هەزاران هەراو زەنای بێزاری و نەفرەت دەوری دەگرتم . دەرگای ژوورەکان بە یەکدا دەدران . ئاسانسۆرو بالاڕۆ لە هەر نهۆمێکدا ، دەنگێکی ناخۆشی لێ بەرز دەبووەوە دەنگێکی وشک لە پلیکانەکانەوە بەرز دەبووەوە . هەموو بینایەکە وەکو کۆشکێکی ، لە وەرەقی یاری وا بوو ، کە لە ژێر قورسی بەدەنما ، هەرەشەی هەرسهێنانی لێدەکردم . ئەوێ جێی من نەبوو ، شوێنێکی دیکە بوو ، ئەو شوێنە بوو کە گالار تیایدا ژیا بوو ، ئەو ماڵە بوو کە دۆستەکانی گالار تیایدا ژیابوون . لە ناکاوا نیکل دومینیم بیرکەوتەوە ، ئەو کێژەی کە ماوەیەکی زۆر دەعوەتەکەیم فەرامۆش کرد بوو . دەمتوانی لە تەک وی ئارامی بە دەست بێنم . دەمتوانی گرێی دڵمی بۆ بکەمەوەو هەموو شتێکی لەلا بڵێم . سەیرە ، چۆن زووتر بیرم لەم بابەتە نەکرد بووەوە . بە کەماڵی ئارەزوو ، جلەوم بۆ خۆ شلکرد ، کە بەم ئاواتە تازەیەوە بژی و ئیعترافی تەواو بۆ ئەو کچە بکات و ئەو بارە قورسە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە .

کڵاوەکەم و دەستکێشەکانم هەڵگرت و وەکو بێگانەیەک لە ماڵەکە وەدەرکەوتم ، ماڵەکە وەکو ئەوەی مۆتەکەیەکی لە کۆڵ بوو بێتەوە زۆر بە ئاسانی ڕێگەی بۆ کردمەوەو بە پەلە دەرگاکانی خستە سەرگازی پشت و بە ڕۆژی ڕوناک وەدەری نام و تفاندمییەوە ناو خەڵکەکە .

لەبولڤاری سوڵت ، تاکسییەکم ڕاگرت و بە شوفێرەکەم گوت :- ژمارە پازدە ، گەڕەکی پواسونیر.

لە کوشنەکەی دواوە دانیشتم ، یەکسەر زانیم کە قەدەرو چارەنووسێکی شووم ، هێشتا ، بە ڕووی پیاوەکەی ترمدا دەبات ، باران ، دایکرد ، بە خەیاڵ ئاهەنگ و ڕیتمی بارانەکەم لە سەر پەنجەرەی یارۆی لەحاڵی مەرگا ، هێنایە بەرچاوی خۆم . ڕەنگە لەو کاتەدا بواسییر ، جەستەیەکی بێ گیانی سارد وسڕ بوو بێ ، پاک شۆرا بوو بێ و قژی شانە کرابووبێ و بۆ سەفەرە گەورەکە ، سەفەری یەکجارەکی ئامادە کرابوو بێ .

نیشانەیەکی خاچم کێشا . بارانەکە توندی کرد . ماڵەکان لە بەر چاوم دادەخزین و ڕوناکی گڵۆپەکان بە جێ دەمان و تاکسیەکە بەرەو شوێنی مەبەستی دەبردم .

**

-خاتوو دومینی لێرە دادەنیشێت ؟

-پێ پیلکەی ب ، نهۆمی حەوتەم ، ژمارە شەش.

ژنە دەرگاوانەکەم ، بە قژە خەنەیی و گوارە نقێم کەسەکانیا ، کە بە گوێیدا شۆڕ بوو بووەوە ، ناسییەوە . ئاسانسۆرە تەنگ و باریکەکەم کە دەتگوت تابووتە بیرکەوتەوە . دەرگای شوقەکان ، بە ژمارەکانی سەریانەوە ، بە

زەنگە پاک و بریقەدارەکانیانەوە ، دالآنە تایبەتیەکەی کارەکەرەکان لە نهۆمی حەوتەما ، کەنیگارێن نەنگین لە سەر دیوارەکانی نەخشێنرابوو ، گەردوو تۆزی زەمینەی دالآنەکە ، بۆنی تەوالێت و دۆڵمەی کەلەرم ، هەر هەموویم دەناسی و بیرم کەوتنەوە . خانووەکە هەمان خانوو بوو کە لە رۆمانەکەمدا وەسف کرابوو وئێستا بە ڕاستی تیایدا دەسوڕامەوە . هەستم دەکرد ، بە شێوەیەکی ڕازئامێز مەحکوومم بە واقیعی لەو دنیایەدا بژیم کە کاتی خۆی لە خەونا بینی بووم . سەیرە دوو دنیا کوت ومت چوون یەک بوو ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکا ، زیاتر لە کابووسی ئەو لێکچوونەدا نقوم دەبووم . لە چاو تروکانێکاو بۆ یەک سات گومانی ئەوەم لاپەیدا بوو کە ڕابردوویەکم هەبووە ، کە بیرم ناکەوێتەوە ، بەڵام وێڕای ئەوەش دەبێ مەسئولیەتی تەواوی ئەو ڕابردووە لە ئەستۆ بگرم . ڕابردوویەک بەو خانووەوە ، بەم ژوورەوە . بەم کیژەوە کە لە مێژ بوو ، بە بێدەنگی چاوەڕوانی من بوو . باشە چۆن هۆی هاتنەکەمی بۆ روون بکەمەوە ؟ چۆن عوزرخوایی دوا کەوتنەکەمی لێبکەم . وەکو منداڵێک پەشۆکام ، دڵم کەوتە لێدان.

تاریکی باڵی بە سەر ڕاڕەوەکەدا کێشا ، ژمارەی دەرگای ژوورەکان فەرق نە دەکرا . لە بەر دەرگایەک وەستام ، دەنکە شقارتەیەکم پێکرد : دەرگای ژمارە شەش بوو . بە هەڵە نەچوو بووم . بە ئاسپایی لە دەرگام دا ، وام بەخەیاڵدا هات لە سەر سەرمەوە سێ لێدانە تەقلیدییەکەی دەستپێکی هەر شانۆیەک دەژنەوم و سەرەتای دیمەنی یەکەم ڕادەگەیەنێ . دەنگێکی ناسک وتی :- فەرموو .

پاڵم بە دەرگاکەوە نا . هەوەڵجار جگە لە ژوورێکی نزم هیچی ترم نەبینی ، دیوارەکانی بە کاغەزی تەخت زەردی گوڵە نیلوفەڕی وەنەوشەیی داپۆشرابوون . تەختێکی نزم کە بە پارچە کەتانێکی سپی ومکوومی کەتان داپۆشرابوو . مێزێک ، چەند کورسییەکی سپرتۆکراو ، دووفەرشی کۆنە ، لە گەڵ چەند وێنەیەکدا کە بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون ... ئەمە هەموو ناو ماڵەکە بوو و تەواو . بەڵام ئەوەی من لە چیرۆکەکەدا خوێندبوومەوەو بە گوێرەی چیرۆکەکە ، چیخ و لەمپەرێک دەستشۆرەکەی لە ماڵەکەی نیکل دا ، دەخستە نەدیوی . پارچە قوماش و داو و دەزووی سپی ڕژابووە سەر ئەرزەکە . سەعاتێکی زەنگدار، لە سەر موغەیریەکە لە نێوان دووگوڵدانی بەخت ئازمایی دا ، دانرا بوو. لەم ژوورەوا ، هیچ شتێک بۆ من تازە نەبوو . دەستەکانم شارەزای هەموو شتەکان بوون ، وەکو ئەوەی پێشتر تاقییان کردبێتەوە . هەموو ئەو شتانە هەم سەیرو هەم جوان بوون . سەیر وەکو ئەوەی لە خەونا بورجێکی هەڵواسراو و پەیژەیەکی بێ پلیکانە بدینی وام هاتە بەر خەیاڵ لەو ئاوێنە بچووکەدا ڕوو بە ڕووی پەنجەرەکە هەڵواسرا بوو ، پیاوێک دەبینم کە دەمێ ساڵ بوو لەو ژوورەدا دەژیا . ئەم پیاوە جگە لە من کەسی دی نەبوو . وەکو چۆن هەندێجار پیاو بیرەوەرییەکی بیردەکەوێتەوەو بزەی دێتێ ، بەو ئاوەیە بزەیەکم بە ڕووی یارۆی نێو ئاوێنەکەدا دا ، ئەویش بزەکەی سەندمەوە . هەردووکمان لە دەرێی کات و شوێندا ، لە جۆرە کەشف و

تەجەلییەکی بروسکە ئاساو ئارامدا ، یەکانگیر بووین . ئەم گەمەیە لە تاقە یەک سات پتر درێژەی نەکێشا . لە هەمان ساتدا چیغ و لەمپەرەکە لەو سەری ژوورەکەوە جوڵاو نیکل ، کە بەرهەڵبێنەیەکی بچووکی شینی لە ناو قەدی بەستبوو ، بە دیارکەوت . ئیدی من یەکسەر بە گوێرەی داب و نەریت و ئەتەکێتی ڕۆژ ، وەخۆ هاتمەوە ، سوور بوومەوە و گوتم :

– بەم گەڕەکەدا دەڕۆیشتم.، دەعوەتەکەی تۆم بیرکەوتەوە..

گوتی :– پێویست بە عوزرخوایی ناکات . لە مێژە چاوەڕوانت بووم .

کورسییەکی بۆ من هێنایە پێشەوەو خۆیشی لە سوچێکی تەختەکە دانیشت . ڕوخسارە سپیە زێڕینەکەی و چاوە قووڵە شینەکانی ، بە شێوەیەکی دڵگیر دڵنیایی و متمانەیان بۆ گێڕامەوە . دیدارەکەمان لە هەوەڵەوە، شەقڵێکی ئاسایی وەرگرتبوو ، دەتگوت ، کات و بەروارمان بۆ ئەم دیدارە دانا بوو . لە هەنبەو ئەو ژنە بێگانەیەدا هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد . ئیدی لەگەڵ هەموو شتەکانی دەورو بەریا ، لەگەڵ ڕەنگ و دەنگیا گونجا بووم ، لە ماڵەکەیدا هەستم بە ئارامی دەکرد . هێوربوومەوە، ڕووم کرایەوە ، بە متمانەیەکی جادووییەوە ، گرێی دڵم کردەوەو گوتم :

–خانم ، کاتی خۆی کە هاتیتە ماڵەکەم ، من لەوساوە ئیدی هەرتۆم لەبیر بووەو ئەگەر سەبارەت بە قەبوولی دەعوەتەکەت تائێستا سەبرم کردووە..

– دیارە بە ئەندازەی پێویست هەستت بە کڵۆڵی نەکردووە ؟

گوتم: – بێگومان .

–ئەدی ئێستا ؟

– بەڵام ئێستا ... بە ڕاستی کڵۆڵ و بە دبەختم .

نیکل ، بە مێهرو مەحەبەتێکی دایکانەوە ، بزەیەکی بە ڕوومادا وگوتی :

– دەی باسی خۆتم بۆ بکە ! من بە بێئەوەی بزانم تۆ ئەم زانیاریە خەمناکەت سەبارەت بە ژیانی من لە کوێ پەیداکردووە ، تۆم بەجێهێشت . کێ ئەم ڕازو نهێنیانەی بۆ گێڕاوێتەوە تا بەو ڕادەیە لە منەوە نزیک بیت و من بەو ڕادەیە بناسیت . چونکە پێموایە ، ئیدی نکۆڵی لەوە ناکەیت کە من بابەتی کتێبەکەتم .

گوتم : – نەخێر

- ئێ ؟

دووباره کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە هەموو شتێک بگێڕمەوە و ئیعترافی تەواو بۆ ئەو بکەم ، کەچی دووباره ترس و دوودڵی ، کردیە کارێک خۆم لەم فیداکارییە بدزمەوە . گوتم: - دوایی ... پاشان هەوڵدەدەم بۆتی ڕوون بکەمەوە .

بە دەم پێکەنینەوە گوتی : - تکایە ، بەدڵی خۆت ، چەند بیر دەکەیەوە بیربکەوە ... بەڵام من دەبێ بڕۆم بەلای ئامادەکردنی شێوی خۆم و شێوی تۆشەوە ، چونکە حەز دەکەم میوانی من بیت ، نانم لەگەڵ بخۆیت .

هێندە تەنیاو دڵتەنگ بووم ، کە یەکسەر و بێ هیچ پەڵپ و بیانوویەک پێشنیازەکەیم قەبووڵ کرد . ئەویش بەدەنگی بەرز گوتی :- سوپاس

و لە پشت پەردەو چەپەرەکەوە ، کە کۆمەڵێک لق و گەڵای شوومی لێ نەخشێنرابوو ، ون بوو . نیکل ، بەدەم جوڵاندن و هەڵگێڕو داگێڕی قابلەمەو ئامانەکانیەوە ، لە پشت پەردەکەوە قسەی دەکرد و پرسیاری ئەوەی دەکرد کە حەزم لە چ خواردنێکە ، پرسیاری کارو پرۆژەکانی دەکردم . منیش بە گوێرەی توانا بەرسڤم دەدایەوە و لە پەستاو بێ پستانەوەش سەرنجی ژوورەکەم دەدا .

گالار ، چەندین مانگ هاتبووە ئێرە . لە سەر ئەم کورسییەی کە من لە سەری دانیشتووم ، دانیشتبوو . لە سەر ئەم مێزە نانی خواردبوو و ڕەنگە لە سەر ئەم سیسەمەش خەوتبێ . دیوارەکان و کەلوپەلی ناو ئەم ژووره . دەنگ و ڕەنگیانی دەناسی ، کە بەو ئاسودەییە پێشوازی منیان دەکرد ، چونکە من بوو بووم بە وێنەی دووەمی ئەو ، پەیڤداری ئەو یان نوێنەری زیندووی ئەو .

نیکل ، چۆن هەستی بە گۆڕانی روخساری من ، بەو لێکچوونە زۆرەی نێوان من و گالار نەکردبوو ؟ چۆن هەستی بەوە نەکرد بوو کە گالار لە گەڵ مندا هاتووەتە ژوورەکەی ؟ چۆن هەستی بە نزیک بوونەوەی ئەو نەکردبوو ، گوێی لە زایەڵی دەنگی نەبوو بوو ، هەستی بە تیژی نیگای نەکردبوو ؟

کاتێ کە نیکل ، بە خۆو بەلەمێکی گەورەی پڕ لە ماکەرۆنی گەرمەوە گەڕایەوە ، بە قورگی نوساوەوە لێم پرسی :

-گالار ، لێرە سەری دەدایت ؟

-بەڵێ ، هەڵبەتە ... بۆچی ؟

نیکل ، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات . یان سەری لەو پرسیارەی من بسوڕمێ کەوتە پڕکردنی قاپەکەی بەردەمی من لە ماکەرونی و باسترمە . ئەوجا پەرداخەکەمی تەژی شەراب کرد ، برێک نان و زەیتوونی لەلامەوە دانا . بەڵام من جوڵەی ( نیکل )م نە دەبینی ، چاوەکانیم نە دەبینی . لە وەهم و خەیاڵاتی گێڕانی دەورێکا ، لە دیمەنێکا کە سەد جار ئەو دەورەم گێڕابوو ، لە تەمەنێکا کە سەد کەڕەتم بەسەر بردبوو ، غەرق دەبووم . سەرم لەم گەڕانەوە سەیرەی زەمان ، لەم دووبارە بوونەوەو سەر لەنوێ دەست پێکردنەوە غەریبە دەسوڕما ، پێدەچوو هیپنوتیزە کرابم . دەتگوت نەوارێکی هەڵکراو لە مێشکما ، لێدەدرێتەوە . سەرم بە گێژەوە دەچوو ، لەزگ بوو بکەومە سەر عاردی .

نیکل هەر قسەی دەکرد . باسی کارە قورسەکەی خۆی دەکرد . ناوی هەندێ لەو درونگایانەی دەبرد کە جلیان دەدایە تا بۆیان تەواو بکات ، ناوی هەندێ لە مشتەرییە تایبەتیەکانی خۆی دەبرد . حەزی لە خوێندنەوە بوو ، هاوڕێی کەمی هەبوون ، یەک شەممان لە گەڵ دۆتمامەکەیدا دەچووە سینەمایان شانۆ ....

بەڵام .. گالار ، گالار لەم بەینەدا کێوە چوو ؟ هەموو ئەو قسانە بە ڕادەیەک کۆن و سواو بوون کە دڵم تێک هەڵدەهات . من بە تەمابووم دەگەڵ کەسێکدا بەرخورد بکەم ، کە بیرەوەریە جوان و درەخشانەکانی گالار . هەموو خۆش و گۆشی ، هزرو بیری داگیرکردبێت و ، بوو بێت بەجۆرە خەون و خولیایەکی خەیاڵی ئەو . بەڵام کە دیقەتی ژنەیی گەنجم دا ، وەکو کابانێکی بە زەوق و نەوسن ، وەکو میوەیەکی ئاودار ، گەش و شەنگوڵ دەهاتە بەرچاو . کاتێ قاپ و پەرداخەکانی کۆکردەوە . وام وێنا کرد ، بە بێ ویستی خۆم ماکەروون و باستورمەو ترێیەکی زۆرم خواردووە ، شەرابێکی زۆرم خواردووەتەوە ، قسەم کردووە ، پرسیارم کردووە ، وەڵامم داوەتەوە .

نیکل قاوەی هێنا ، لەو کاتەدا کە قاوەکەی لە فینجان دەکردو بەدیقەت شەکری تێدەکرد ، سەرنجم دایێ ، وام دەهاتە بەر خەیاڵ کە کابانێکی باش و جدیە . ئارامی و بێخەمییەکی سەیر باڵی بە سەردا کێشابوو ، ئەمەم کەمێک لە بەر گران بوو . لە ناکاوا لێم پرسی : - زۆر جار بۆ ئێرە دەهات ؟

-کێ ؟

-دەتەماشا ، مەعلوومە کێ دەڵێم ، گالار !

نیکل جگە لەو . بیری لە کێ دەکردەوە ؟ هەستم بە جۆرە بێزاری و ناڕەحەتیەک لەم خەمساردیە فریشتە ئاساییەی ئەو کرد .

گوتی :- زۆرت مەبەستە ؟

-بەڵێ .

- دەتناسی ؟

-لە قۆناغی ئامادەییدا پێکەوە بووین . بەڵام بیرەوەرییەکی ئەوم لایە قەت لە بیرم دەرناچێت . حەزدەکەم باسی ئەوم بۆ بکەیت .

ماوەیەکی زۆر لێم ڕاماو لە ناکاوا وام وێناکرد ، هاکا ئەوی لە مندا ناسییەوە . تەزوویەکم پێدا هات . چاوم داخست . بەڵام نیکل لە هەمان ساتدا ، بە دەنگێکی نەوی و بێتاقەت کەوتە قسان :

-وەکو پێم گوتی ، کاتێ کە من تووشی سینە پاڵو ( ژان وبرک لە سەرماوە ) بووم و نەخۆش کەوتووم ، ئەو سەرپەرشتی و مالیجەی دەکردم .

زۆر جار بۆ ئێرە دەهات . پێکەوە قسەمان دەکرد ، بوو بووین بە هاوڕێ . هەر ئەوەندەو تەواو .

یانی هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ گالاردا ئەمە بووە ؟ لەمە زیاتر نەبووە ؟ نا .. نا .. بێگومان پێمی ڕا دەبووارد !

به پرسیار دامگرتەوە . بە وەڵامەکانیا بۆم دەرکەوت کە کەسێکی ڕاستگۆو جدییەو ، گالار بۆ نیکل و بەلای ئەوەوە پیاوێکی داهێنەرو بلیمەت نەبوو ، بەڵکو پیاوێکی نەگبەت و بەدبەخت بوو . وەکو پیاوێکی نەگبەت باسی دەکرد ، وەکو ئەوەی باسی هەر پیاوێکی دیکەی نەگبەت بکات . لە میانی گوتەکانی نیکلەوە ، ئیدی ئەو گالارە نائومێد ، زبر ، گۆنگ و ئاڵۆزەم نەدەبینی کە سوزان ، باسی دەکرد . لە مینای گێڕانەوە ئاساییەکانی نیکلەوە ئیدی ئەو گالارە هۆڤیەم نەدەبینی کە چەند هەفتەیەک بوو وەکو دێوێکی سوورو ڕەش ، هەراسانی کردبووم و ئەزێتی دەدام ... نیکل بیرەوەری تایبەتی خۆی لەمەڕ گالار هەبوو ، گالارەکەی ئەو کەم و زۆر ، نە دەشوبهایە سەر گالارە تایبەتیەکەی من .

کە ئەمەم بۆ کەشف بوو ، هەستم بەلاوازی و ئازارێکی زۆر کرد . یانی هەردۆست و بناژۆیەکی گالار ، هەر مشتەری و نەخۆشێکی ئەو ، هەر خزم و کەسێکی ، وێنای تایبەتی خۆی بۆ گالار هەبوو . بەم پێودەنگە سەدان گالار هەبوو کە شتاقیان لێکدی نەدەچوون و بۆیە من لە خۆڕایی وام وێنا دەکرد کە گالاری ڕاستەقینە ، گالاری واقیعی ، گالاری گۆنک و ڕازئامێز لای منەو تەنیا من دەیناسم . هەموو ئەوانە هەقیان بوو وا بیربکەنەوە ، بەڵام هیچکەسێک بە تەواوەتی نەیدەناسی . تەنیا گالار دەیزانی کە گالار کێیە و ، ڕەنگە ئەویش نەیزانی بێ .

لە سەرەتاوە ، زۆر لەوە پەست بووم کە بۆ چوون و وێنای نیکل ، سەبارەت بە گالار ، دەگەڵ بۆ چوون وێناکەی من دەربارەی ئەم پیاوە مردووە ، تێکی نەدەکردەوە . بەڵام ئەم جیاوازی وێناو بۆ چوونە ، ئێستا بەلامەوە بوو بوو بە شتێکی باش و ئەرێنی . هەستم دەکرد ، کە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەو تاپۆیانە ، ئەو خەیاڵانە ، بوونەوەرە درۆ

ودڕندەکەی ناخم لە نێو دەبات . هەستم دەکرد کە گەمەی ئاوێنەکان ، ئەو تاپۆیەی کە دەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتبوو ، لاواز دەکات ، وردو خاشی دەکات ، بە هەرچوارنکالی دنیادا پەرتی دەکات . هەستم دەکرد کە تاوانێکی قورس ، سەخت و نورانی لە دەرێی مندا دەتەقێتەوە . بارم سووک دەکات ، وەکو سەدەفێک خاڵیم دەکاتەوە ولێم دەگەڕێ .

گالار ، ئیدی یەک گالار نەبوو ، گالار ئیدی نەیدەتوانی ببێتەوە بە یەک گالارو لە یەکەیەکی یەکپارچەدا بەرجەستە ببێ . گالارەکەی لەمەڕ من تەنیا یەکێک بوو لەو سەد سێبەرەی گالاری ڕاستەقینە . من گالار نەبووم ، ئیدی گالار نەبووم و نەمدەتوانی گالار بم . کەس نەیدەتوانی ببێتە گالار ، چونکە مەرگ ئەو بوونەوەرە سادەیەی هەڵپرواند بوو . گەوهەرو کرۆکی لە نێو بردبوو ، ڕازو ڕەمزی گوم کردبوو . گالار مردبوو ، بڕابووەوە ، بۆ هەمیشە مردبوو ! وەکو پارچە بەردێک ، وەکو کۆتەرە دارێک ، وەکو بنە پێڵاوێک ، وەکو جادەیەک مردبوو ، وەکو هەموو شتێک ، هەموو شتێک جگە لە من ... !

ئیدی هەر بیر بوو و وەکو تیر بەر دیواری کاسەی سەرم دەکەوت . هانکە هانکم پێکەوتبوو ، ئارەقەم لێدەچۆڕا . بە شانا کەوتمە سەر عاردی . دووبارە هەستامەوە ، بە ئاسپایی سەرم بەرەو هەتاوەکە بەرزکردەوە خودایا ! شتی وادەبێ ؟ ئایا ئەو بە ڕاستی لە بەدەنم وەدەر کەوتبوو ؟ ئایا نیکلی میهرەبان ، بێئەوەی پێ بزانێ ، ئەم پەڕجووەی ئەنجام دابوو و منی ڕزگار کردبوو ؟ بە منەتباری و پێ زانینی زۆرەوە ، تەماشام کرد . بە تاسەو تامەزرۆییەوە ، لە پرسیارم گرت :

– پێویستم بە هەندێ ڕوونکردنەوەی دیکە هەیە .. تۆ گۆتت کە لای تۆ گلەیی و گازاندەی نەدەکرد ...

– نا ، هەڵبەتە هەندێ شەوان خەمین بوو .. ئەو کاتانە هەوڵمدەدا بێ هێمنە پێکەنین و دڵی خۆشبکەم . ئیدی بە قسەیەک یا ڕەفتارێکی سادە ئەوەم دەکرد ، بۆ نموونە نوکتەیەکم دەربارەی مشتەرییەکی بزێو دەگێڕایەوە ، یان بەدگۆییەکانی کارگەم بۆ دەگێڕایەوە ...

– پێدەکەنی ؟

– بەڵێ هەڵبەتە پێدەکەنی ...

منیش حەزم دەکرد پێبکەنم . بە دەمەلاڵکێوە گوتم :

– چەند جوانە ! هاوسەرەکەی ئەم لایەنە شادەی لەودا نەدەبینی باوەڕبکە ..

- بێگومان لەبەر ئەوە بووە کە خۆی دڵخۆش نەبووە . گالار زۆرجار باسی ئەوەی بۆ دەکردم . بەچاکی هەستم دەکرد کە بەینیان خۆش نییە ، زۆر ناکۆکن ، و لە یەکدی بە بیانوون .

- بۆچی ؟

- گالار هۆی ئەمەی نەدەزانی ، هەندێ ژن و مێرد هەن ، بە درێژایی تەمەن سەنگەر لە یەکدی دەگرن و سەدەم و هۆی ئەم کارەشیان نازانن . ئیدی ئاوایە ..

ئیدی لەزک بوو لە کەیف و خۆشەویستیدا باڵم دەگرت ، لەبن لێوانەوە گوتم :

- چەند شتەکانت بەلاوە سادەو ڕوونن ، وا هەست دەکەم تۆ پەرستاری دڵانی ، نهێنیەکانی دڵ دەزانیت ، پیاوێک دێتە نک تۆ ، سەراپای گومان و دوو دڵییە ، نیگەرانی و شەرمەزارییە ، کول و کۆڤانە ، داخ و کەسەرانە ، خەم وپەژارەیە ، هەموو شتێکی بەلاوە پیس و تاریکە ، هەموو خەڵکی بە نەحلەتیان کردووە ، دەست بەرداری بوون ، کەچی بە دوو قسەی تۆ ، دەگۆڕێت ، دەگەشێتەوەو دەگەڕێتەوە سەر باری سروشتی خۆی . هەستی پاک و خاوێن دەبێتەوە ، پەنجەرەکانی ئومێدی لێ دەکرێتەوە ، ئەو پیاوە وەکو خانوویەکی خاوێنی لێدێت ، کە حەزبکەی تیای دانیشیت . ئەو پیاوە دەتوانێ هۆشیارو بێدار ببێتەوە .

- ئەوە کارێکی زۆر زەحمەت نییە ....

ڕوخساری سەرسام و میرەبانی نیکل بۆ من وەکو جۆرە پاداشتێک وابوو ، گوتم :

- ئەوەی تۆ بۆمنت کرد ، کەس بۆی نەکردووم . تۆ حەزو ئارەزووی ژیانت بۆ گێڕامەوە ، تامی ژیانت لا زیندوو کردمەوە ...

- چۆن ؟

- ئەمە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە !

- بەڵام خۆ ئێمە باسی تۆمان نەکرد .

- نیکل ، بە پێچەوانەوە ، تەنیا باسی منمان کرد !

- تۆ کەسێکی سەیریت ....

تاریکی شەو باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا . ڕوخساری نیکل خەریک بوو بەئ ەسپایی لە تاریکیەکەدا ون دەبوو . زوو بە زوو ، جگە لە دەم و زارو چاوەکانی هیچی دی لە ڕوخساری دیار نەما . هەرچەندە دەمامکەکانمان ، بە ئاستەم بە دەم و چاومانەوە بەند بوون ، بەڵام هەستم دەکرد تەنیا بیرەکانمان لە ویژدانماندا ، ئاشکرابوون و سەمایان دەکرد . هەراو زەنای ئۆتۆمبیلان ، لە پەنجەرە هەڵم گرتووەکانەوە ، بە ئاستەم دەگەییە گوێمان . کەل و پەلی ناو ژوورەکە ، بنمیچەکەی ، پارکێتەکەی و ، دیوارەکانی لە سنووری هەناسەماندا دەتوانەوە . لە بەلەمی بێدەنگیدا گیرمان خواردبوو . هەستم دەکرد ، کە ساتی ئیعترافی تەواو هاتووەتە ئاراوە ، وەختیەتی . دڵم بەجۆرێ لێیدەدا ، لەوە بوو لە سینگمەوە بێتە دەرێ . دەستەکانم بە سەر دەستەکانی نیکلەوە گەرم دادەهاتن و گەورە دەبوون . ناسکە وشە لە ناخما وەکو زەنگی شادی . دەنگی دەدایەوە . گوتم :

– نیکل .. هەر چەندە من تۆ بە تەواوی ناناسم ، بەڵام متمانەم  بە  تۆ هەیە . حەزدەکەم لە بەردەم تۆدا خۆم لە نهێنی و ڕازێکی گەورە ڕزگار بکەم .

نیکل . بە دەست چەپکی لە قژە زەردەکەی هەڵدایەوەو هەستم کرد ، دەمە سوورەکەی کەمێک جوڵا.

– نازانم ، ئایا ڕازڤانێکی ( رازگر ) باشم یان نا ..

بە دەنگی بەرز گوتم : – بێگومان ڕازڤانی باشیت ! .. جا گوێ بگرە .

بە ڕادەیەک ڕوخسارم لێی بردە پێشەوە ، کە لە پرشنگی مەند وجوانی چاوەکانیا نقوم بووم . ئەوسا بە دەنگێکی پتەو گوتم : – نیکل ، ئەو کتێبەی بڵاوم کردووەتەوە هی من نییە ، بەڵکو هی گالارە . سوزان دەستنووس و ڕەشنووسەکەی پەیدا کرد . من پاکنووسم کردەوەو بە ناوی خۆمەوە بڵاوم کردەوە ، ئەم کارە زۆرم ئەزیەت دەدات .

ئاهێکی سووکی هەڵکێشا ، روخساری لە تاریکیەدا چووە دواوە . بەڵام من ، هەستم کرد ، هەرچی هێزو توانام هەیە ، بە خوێنەکەشمەوە ، لێم جیا دەبێتەوە . لەوێ بووم ، هەناسە سوار ، بۆش و بە تاڵ ، حایرو حەپەساو وەک کەسێک لە حاڵی مەرگا بێ . نەمدەتوانی قسەبکەم . خۆ ئەگەر توانای قسەکردنیشم هەبوایە ، هیچ شتێک نەما بوو تا بیڵێم . دوای وتنی ئەو قسانە ئیدی مردن هەق بوو . دەمتوانی بمرم . دەنگێکی ناسک ، هێواش ، خەفە وەکو ئەوەی لە ئاسمانەوە بێ ، گەییە گوێم کە دەیگوت : – تومەز لەبەر ئەمەبوو کە خۆم لەکتێبەکەدا ناسییەوە !ناوەکەم و ناوی شەقامەکە ... هەموو شتێک !.. کاری ئەو بوو ! .. تومەز کاری ئەو بوو .. هەموو شتێکی تۆمار کردبوو ! .. جۆرج .

ئەمە یەکەم جار بوو کە نیکل بە جۆرج ناوی دەبرد . ئازارێکی تیژ بە بەدەنما هات . هەنگێ دەستم بە گریان کرد . لەبن لێوانەوە گوتم :- بێدەگ بە .

بێدەنگیەگی سەر ڕێژ لە هرزو بیران ، لە ئەندێشەو خەیاڵان ، باڵی بە سەرماندا کێشا . هەستم دەکرد بیرەکان بە دەورماندا دەسوڕێنەوە ، وەکو ڕووەکی دەریایی ، وەکو گیانلەبەرانێک خۆیان لێمان هەڵدەسووە . هەندێکیان دەیانگوت :

- تازە .. تەواو .. ئیدی ناتوانی بگەڕێیتەوە ، پاشگەز ببیتەوە .. تازە جگە لە چاوەڕوانی هیچ چارێکی دیکەت نییە ..

ئەم بیرە سووکە ئارامییەکی پێدام . ئەنجام پرسیم :- لە من بێزاری ، ترساندمیت ، وانییە ؟

- نەخێر .. بەڵام لێت تێناگەم . بۆچی ئەم تاوانەت کرد ؟ بۆچی ئەم تاوانەت بە ملی خۆتا هێنا ؟ بە تەمابووی بە دزینی بیرەوەری پیاوێکی دی ، چ شتێک بە دەست بێنی ؟

- خۆشم نەمدەزانی چ دەکەم .. بەتەمای چیم .. پارەم دەویست . شورەتی فەوریم دەویست .. خۆم هیچ کارێکم لەو کارانە لە دەست نەدەهات ، ئیدی ڕادەستی وەسوەسان بووم ...

- ئەدی ئێستا ؟

- ئێستا ئیدی ناتوانم بە درۆو ساختەکاری بژیم ! لەوەی پتر ستایش و ڕێزو حورمەتی درۆینەم پێ تەحەموول ناکرێ ! .. بەسە ، کە بەخۆدا ڕۆدەچم ، هیچ خاڵێکی پاک و سوکنایی بەخش نادۆزمەوە ! لە خۆم بێزارم ! وای کە لە خۆم بێزارم !

- ئەدی دوای ئەمە ؟

- ئیدی ویستم دەستەبەرداری هەموو شتێک ببم . سزای خۆم بدەم و لە ڕێگەی ئیعترافەوە خۆم پاک بکەمەوە . چەند جارێک هەوڵی ئەمەم دا ، بەڵام ئەوانەی ڕووم تێکردن ، ئامادە نەبوون گوێم لێبگرن . ئەنجام ، ئەمشەو وام هات بە ئەقڵا کە دەتوانم قسە بکەم ....

- لە لای من ؟

- بەڵێ

– ئەدی هاوسەرەکەت ؟

– ئەو ئاگای لە نەخشەکانی من نییە . ئەو ڕقی لێمە . چونکە ئەویش بە ئەندازەی من تاوانبارە . ئەو ڕۆییوە ، سەفەری کردووە ، لەوەیە جارێکی دی نەگەڕێتەوە . یان لەوانەیە من جارێکی دی بۆ ماڵ نەگەڕێمەوە . ئیدی نازانم ، بۆ من هیچ فەرقێ ناکات . ئێستا ئیدی هەمووشتەکان بۆ من و بەلای منەوە وەکو یەکن ...

تایەکی گەرمم لێهات ، ئارەقە بە سەرو چاو و گۆناکانما هاتە خوارێ و ڕژایە دەمەوە . وام وێنا کرد لە نائومێدی و شەرمەزاریدا دەبورێمەوە . نیکل هەستا بوو ، دەموچاوە وردیلەکەیم بە دیار سەرمەوە دەبینی ، گوتی :

– چۆن توانیت کەسێکی دیکە بە سەر خۆتدا پەسەند بدەی ؟

– ئاخر من هیچ نەبووم ... و ئەو هەموو شتێک بوو !

– پیاو هیچ نەبێ ، نەک قەرزارباری کەسێکی دی بێ . هەڵبەتە من ناتوانم وەکو پێویست گوزارشت لە مەبەستی خۆم بکەم .. وەک دەڵێن سەری مێش بە ، کلکی شێر مەبە ..

لەبن لێوانەوە گوتم :

– با ، با ، قسەبکە ... تۆ لە منی دوور دەخەیتەوە ، لە یەخەمی دەکەیتەوە ... خۆم بۆ من دەگێڕیتەوە .. ئەو تۆی خۆشدەویست ، وانییە ؟

– بۆچی هێشتاش خۆت بەوەوە مژوول دەکەیت ؟

– بەرسڤی من بدەوە .

– بەڵێ ... منی خۆشدەویست .

– یانی دەیویست لەبەر خاتری تۆ دەستبەرداری سوزان ببێت ؟

– بەڵێ. بەڵام من قەبووڵم نەکرد.. ئیدی لێم زویر بوو .

چەندین ساڵ یەکترمان نەبینی ، تامرد....

– تۆ ماشقەی ئەو نەبوویت ؟

– نەخێر .

بێدەگی دووبارە هەواری هەڵدا ، بوو بوو بە شەوی تەواو . هەنووکە تەنیا چاوەکانیم دەبینی کە بڕیبوونیە من . بای هەناسەی لە دەم و چاوی دەدام . ئەنجام گوتی : – بە تەمای چ بکەیت ؟

– هیچ بەرهەمێ بڵاو ناکەمەوە .. خۆم زندە بە چاڵ دەکەم .. دەست بە ژیانە سادەو ئابڕوومەندانەکەی جارانی خۆم دەکەمەوە .. مۆڵەتم بدە چەند ساتێکی دیکە لای تۆ بمێنمەوە .. و پاشان ، دەڕۆم .. دەڕۆم .. سوێندت بۆ دەخۆم

نیکل دیار نەما . من لە تاریکیەکەدا ، بە تاقی تەنیا خۆم دەدواند . لە بەردەم ویژدانی ڕەشی خۆما بەتەنیا بووم . ئازارم دەشت و بەد بەخت بووم . حەزم دەکرد لە وێندەر . لە سەر ئەو تەختە نادیارەدا ، لەو ژوورە تاریکەدا ، دوور لە سوزان ، دوور لە باوکم ، دوور لە هەمووان بمرم .

لە ناکاوا ، گڵۆپێک لە سووچێکی ژوورەکەدا هەڵبوو ، لە گەڵ ڕووناکیەکەدا ، بوژامەوە ، ژیانم تێگەڕایەوە . گڵۆپێکی چکۆلە بوو کە پارچەیەک حەریری سووری تێوە ئاڵا بوو ، بە ئاستەم ژوورەکەی ڕوناک دەکردەوە . بەڵام ، بە هەر حاڵ ، من ئیدی تەنیا نەبووم . نیکل لێم نزیک بووەوە . ڕەنگی زیاد لە پێویست زەرد هەڵگەڕابوو . زۆر شەکەت و ماندوو دیار بوو . وام وێنا کرد گریاوە . بەدەنگێکی نەوی گوتی :

– چیرۆکەکەت زۆر گەوجانەو دزێو و زۆر بێهودەیە .

قسەکانی ئەو ئاهێکی وەبەر هێنامەوە ، ژیاندمییەوە . چاوەکانم لە روخسارە هێور و غەمگینەکەی ، لە قژە ئاگرینەکەی پڕ بوون . دەستەکانیم گرت و بۆ دەمم بەرز کردنەوە . لە جێی خۆی ڕاچڵەکی . گوتم :

– سوپاس .. مەمنوونم .. تۆ هەموو شتێکی منیت .. دەمەوێ لە ئێستا بە دواوە ، تەنیا لە پێناوی تۆدا بژیم .. لە دنیادا جگە لە تۆ کەسی دی نەناسم .

سەرەگێژەیەکی هەم میهرەبان و هەم ترسناک گرتمی . لێوەکانی نیکل بە ئاستەم لێکدی ترازان و ددانە زۆر سپی و درەخشانەکانی وە دیار کەوتن . پێڵوەکانی وێک هاتنەوەو تیلماسکە روناکییەک لە درزی چاوەکانیەوە بە دیارکەوت . جادوویەکی بەهێز ئەفسوونی کردم . دووبارە گوتم : – نیکل ، نیکل ...

تەحا لەو جوانیەی کە لەو جەستەو قەدو باڵایەوە ، لەو دەمە جوان و نوقڵییەوە پرشنگی دەدا ! بە ئاسپایی لە جێی خۆ هەستام . کەمێک لە بەردەمیا وەستام . هەستم کرد کە ژێر چاوم گەرم و سوور دەبێتەوە . بە ترسەوە پرسی : – چیتە ؟

من بە دەم ئاە هەڵکێشانەوە گوتم : – نیکل .. نیکل ..

چاوم له ڕوندکا تەڕو سەرم ئاوسا . گەرووم هیشک بوو . دڵم کەوتە بەر پێم . بە ئەسپایی گوتم :

– من خۆشم دەوێی

بە دروستی لە بیرم نییە کە دوای ئەوە چی ڕوویدا . هەردووکمان مەست و مەنگی ئەم لێکدی کەشفکردنەی من بووین . ئیدی ئەم دوو مرۆڤەی کە ئەشق یەکی دەخستین ، لە کەیفان لە پێستی خۆ نە دەهیورین . پێکەوە پاڵکەوتین ، لەرەو جوڵەی دەستەکانی من و ئەو ژوورەی کە لە سۆنگەی ماچ و موچ و یەکدی گەوزانا ، کەوتبووە هانکە هانگ و .. هەموو ئەم دیاردانە ، ناواقعی و خەیاڵی دەهاتنە بەر چاو .

ماوەیەکی زۆر ، پێکەوە پاڵکەوتین ، یەکێک لە بازووەکانم لە دەوری شانی ئاڵابوو . ئا لە سەر ئانیشک خۆم بەرز کردەوە تا باشتر تەمەشای بکەم . نیکل بە قژە زێرین و پرەکەیەوەو بە چاوە گەشەکانییەوە ، نموونەیەکی باڵای جوانی و ئاسوودەیی بوو . گوتی :– هەست بە شادمانی دەکەم .

–بە هەموو ئەو قسانەشەوە کە کردم ؟

برۆکانی وێکهێنایەوەو گوتی :

– تۆ هیچت بە من نەگوت . من هیچ دەربارەی تۆ نازانم . تۆ ئاشقێکی ڕێبواری و تەواو ...

دەنگی . لە گوێما هێندە ناسک ودڵگیر بوو دەتگوت نەوازشە . من گەنج و بە هێزو تازە دەبوومەوە . حەزم دەکرد پێبکەنم . لە پاڵ ئەودا خەوم لێکەوت . ئەوسا بێدار بوومەوە تا بە دەست سەحی بکەمەوە . دەترسام وەکو خەونێک ، لە ژێر دەستمدا بتوێتەوەو دیار نەمێنێ . لەبەر خۆوە دەمگوت :

– لێرەیت ! . هێشتا لێرەیت ! .. ئاهە لەم هەستە خۆشە .

نیکل ، بەیانی پێش من هەستا ، تا تێشت ئامادە بکات . ئەوسا بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاروباری خۆی چوو بۆ ناو شار . من لە ماڵەوە مامەوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوم دەکرد . ئیدی لەو ماوەیەدا کەوتمە نووسینی ئەم دێڕانە لە سەر کاغەزە بۆرەکانی ئەو .. سەعات یازدەیە . بەم زووانە دەگەڕێتەوە . خۆشحاڵم کە ئیدی تەنیا خۆمم !

# فەسڵی چواردەیەم

سێ ڕۆژ و شەوە ، من و نیکل پێکەوە دەژین . من خوو بە شادی و ڕاستگۆیی و دروستکارییەوە دەگرم . پەشیمان نیم لەو شەڕەی کە بە هەموو سام وشکۆیەکیەوە ڕۆی و تێپەڕی ، سووی لێناخۆم ، تەقریبەن بیر لە سوزان ناکەمەوە . نیکل سادە ، ناسک و میهرەبانە ، سەر ڕێژە لە خۆشەویستی ، من لەگەڵ ئەودا ئاسوودە و خۆشحاڵم . ئەو هەستەی نێوان ئێمە ، ئەشق نییە ، بەڵام حاڵەتێکی جوانترو بە سوودترە لە ئەشق . پێموایە دەوری نیکل لە هەموو ژیانیا دەوری میانچی یان هاندەر بووە .

زۆر بە وردی و بێگەردی ، بێئەوەی پێبزانێ ، دەخزێتە ناو ژیانی پیاوەوە ، لە ناکاوا ئەو پیاوە بە خۆی دەناسێنێتەوە ، تامی ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە ، پەیوەندی ئەو پیاوە بە خۆی و بەو شتەوە کە لە بوونیا سەرەکی و بنەڕەتی بووە ، تازە دەکاتەوە . دوای ئەو هەژاندنە توونە وخۆشە ، وەکو ئەوەی بە ئەنجامدانی ئەو کارە خۆی کوشتبێ ، ون دەبێت و دیار نامێنێ .

نیکل بەم شێوەیە . گالاری بێدار کردەوە ، هاندەرو ئەنگیزە خودییەکانی ڕوحی بێدار کردەوە ، هەروەها منی بۆ خۆم گەڕاندەوە . ئەو هەمیشە ، بێئاگا لە تواناو دەسەڵاتی خۆی ، سەری لەوە دەسوڕما ، کە خەڵکی بۆ چی سوپاسی دەکەن و لێی منەتیان و دەڵێت :- بۆ چی سوپاسی من دەکەی ؟ من چ کارێکم بۆ کردوویت .

❊❊

ژیانم دەگەڵ نیکلدا یەجگار سادەیە ، شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە کە شایەنی تۆمارکردن بێ . مجێزو تەبعی هەمیشە یەکسان و نەگۆڕە . یەکترمان خۆشدەوێ . بە درێژایی ڕۆژ بۆ خۆ قسەی گەوجانەو خۆشدەکەین . واهەست دەکەم کە بەختەوەرم.

❊❊

هیچ ڕووی نەداوە . باران دەبارێ . نیکل کڵاوێکی بۆ خۆی کڕیوە . کەوتوومە بیری ئەوەی کورتە چیرۆکێک بۆ یەکێک لە گۆڤارە ئەدەبییەکان بنووسم . ئەوسا سوێندەکەمم بیرکەوتەوەو ئەوسا چاوپۆشیم لەم سەرگەرمییە بێگەردەکرد . حەیف !

❊❊

هێشتا باران دەبارێ . نیکل ، بۆ شام دۆڵمەی تەماتەی لێناوە . لە ڕۆژنامەیەکدا ، وتارێکی زۆر بە ئاو وتاو و پڕ لە مەدح و ستایشم دەربارەی کتێبە تازەکەی کوانییە خوێندەوە . هیچ بەلامەوە گرنگ نییە .

❊❊

ئەم بەیانییە ، کەسێک بابەتێکی دەربارەی کتێبێکی دی لە ڕۆژنامەدا بڵاو کردووەتەوەو لەو گوتارەدا ئاماژەی بۆ (غەزەب) کردووە . هێشتاش باسی من دەکەن . منیان فەرامۆش نەکردووە . هەستم بە شانازی و نیگەرانییەکی زۆر کرد . گوتارەکەم بەنیکل نیشاندا ، گوتی : – باشە کەی دەستبەردارت دەبن !

هەڵبەتە لە خەمساردی و بێ موباڵاتیەکەی ئەو ناڕەحەت بووم . ڕاستە (غەزەب) بەرهەمی من نییە ، بەڵام ناوی من لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکەنەوە . نیکل ، هەر نەبوایە ، دەبوو بە خوێندنەوەی ناوەکەی من گەشکەی بکردایە .

پێموایە نیکل ، جگە لەو شتانەی کە پەیوەندییان بە عەشقەکەمانەوە هەیە ، ئیدی گوێ بە هیچی دی نادات . تەنیا ئەوەی بەلاوە گرینگە کە من دۆست و ئاشقی ئەوم . ئەمە شتێکی خۆشە ، خاڵێکی ئەرێنیە ، بەڵام بایەخێکی ئەو تۆشی نییە !

❊❊

سەرێکیماڵەوەم دا تا هەندێ فانیلەو دەرپێ و جل و بەرگ ، و کتێب و کاغەز بێنم . سوزان ، هێشتا لە سەفەر نەگەڕابووەوە . کارتێکی ئەو و نامەیەکی پریورم ، لە دەرگاوانە ژنەکە وەرگرت . پریور سەرسامی خۆی لە بێدەنگی من دەربڕی بوو . بە ڕاستی زۆر زەحمەتە پیاو ژیانی خۆی بگۆڕێت ! خەڵکی ، کەل و پەل و ناوماڵ ، خانوو ماوا ، بە جۆرێ پێتەوە دەلکێن و گەمارۆت دەدەن ، لە تۆ وایە ئەگەر دەستبەرداریان ببیت ، دنیا دەڕوخێت ، ژێرو ژوور دەبێت !

ڕەنگە ئەوە ڕاست بێ ، لە ماڵەوە ، لە ناوجەرگەی تاریکیدا ، لە چۆڵەوانی شووم و ترسناکی ژوورەکەدا ، دڵم گوشرا ، دڵم تەنگ بوو . وام هاتە بەر خەیاڵ سەردانی ماڵێک دەکەم کە خاوەنەکەی مردووە . جیوای نەمابوو ، دڵم بەحاڵی ئەو بوونەوەرە کلۆڵە – کە من بووم — بسووتێ کە لە نێو ئەم چوارچێوارەدا دەژیا . کە هەستم کرد خەریکە سوو لەو شتە تووڕەهاتانە ، کە نامەوێ باسیان بکەم ، بخۆم ، خێرا دەرگاکانم داخست و لە ماڵەکە وەدەر کەوتم .

گەورەیی فیداکاری و چاوپۆشیەکەی خۆم ، بەو شتانە پێوانە دەکەم . کە دەست بەرداریان بووم . خەڵکانێکی زۆر کەم هەن و دەناسم ، کە سەرکەوتنێکی وەکو ئەو سەرکەوتنەی منیان بە دەست هێنابێ و جورئەتی ئەوەیان

کردبێ کە وەکو من خۆیان پەنهان کردبێ و لە هەموو شتێک دوور کەوتبنەوە . من بۆیە ئەم کارەم کرد تا پەشیمانی لە خۆما بکوژم و گالار لە خۆما بسڕمەوە ، شانازیش بەمەوە دەکەم . بەڵام ئەوەی ئازارم دەدات ، ئەمەیە کە پێناچێت نیکل ، ئاگای لەو دەرد و ئازارە بێ ، کە پێش ئەوەی بێم بۆ ئەم ژوورە چکۆلەیەو لێرە لەنگەر بگرم ، چەشتوومە . نیکل ، کەمێک گەمژەیە ، شایستەی ئەو ڕۆڵە نییە کە لەگەڵ گالاردا گێڕاویەتی و ئێستاش لە گەڵ مندا دەیگێڕێ . نیکل ، جگە لە خۆشەویستی ، هیچ کارێکی دی بەڵەد نییە .

❊❊

دوا کتێبی کوانییەم کڕی . خراپ نییە . بەڵام بە هەرحاڵ ، بە هەرحاڵ ! ..

❊❊

تا پتر نیکل دەناسم ، زیاتر سەرم لەوە دەسوڕمێ کە چۆن توانیویەتی ، ببێ بە سەرۆ و ئیلهامبەخشی گالارو شاکارێکی وەکو (غەزەب) بنووسێت . گالار . چ شتێکی لە نیکلدا بینی بوو ، کە بەو ڕادەیە بەهرەو خەیاڵ و خەونی گالاری گەیاندبووە کەشکەڵانی فەلەک و کردبووی بە توحفەیەک لە جوانی ؟ بوون و ژیانی ئەم کیژە هەتیوە ، لە نێو دەرو دراوسێیانی کینەکێش و بێگانانی گرژو مۆن و دڵڕەش ، لە نێو دەستێن هەرزەدا ، هیچ شتێکی ئەوتۆی تیا نەبوو کە سەرنجی هونەرمەندێک ڕابکێشێت ! هەموو شتێک لێرەدا ، ئاسایی و سواو پواو و بێهودەیە . من بوایەم . بێگومان لەم ژینگەیەدا هەڵم نەدەکرد ، خۆم بەم جۆرە ژنیگەیەوە نە دەبەستەوە . بەڵام گالار ، لەم واقیعە دزێوو ناخۆشەدا کاری کردبوو ، هونەراندبووی و جەلال وشکۆی پێبەخشی بوو و شاکارێکی جوانی لێ دروست کردبوو ، کارێکی ئەدەبی زۆر بەرزتر لە خودی بابەتە سەرەکیەکەی لێدروست کردبوو . درۆیەکی ئەبەدی پێشکەش کردین ، قەسیدەیەکی دەگمەنی دابووە دەم باوە . نیکل دومینی بچووک ، لە سەر ئەم بینا جوانەوە ، زۆر بچووک و بێ نموود و بێ بایەخ دەهاتە بەرچاو !

گالار ، نیکلی ڕاستەقینەی لە نێو بردبوو . تا کاراکتەرێکی خەیاڵی بئافەرێنێ ، پیاو کاتێ بە درێژایی شەش سەد لاپەڕە دەگەڵ ئەم کیژەدا دەژی ، ئیدی ناتوانێ بیر لە نیکلی ڕاستەقینە بکاتەوە . من حەزم دەکرد نیکلەکەی دی ، نیکلەکەی گالار بدینم و شیفتەو شەیدای خۆمی بکەم ، دڵی فەتح بکەم .

نیکل چۆتەدەرەوە . من لەبەردەم ئەم مێزەدا کە چەند پارچە قوماش و دەستەیەک سنجاق و چەند کڵافەیەک دەزووی سپی بە سەرەوەیە ، دانیشتووم و بیر لە نیکل ناکەمەوە . بەڵکو بیر لە وێنە دەگمەنەکەی دەکەمەوە . لەمیانی لاپەڕە چاپکراوەکانەوە ، نیکلێکی زندووترو جوانترو پڕ بۆن و بەرامەتر لە نیکلی ڕاستی بەرجەستە دەبێت . من بۆیە خۆشم دەوێ چونکە زۆر جیاوازترە لەو نیکلەی کە هەموو ڕۆژ دەیبینم . من ئەوم لەبەر نیگەرانییەکانی ،

ئازارەکانی ، کول و کۆڤان و هەڵچوون و سەرکێشیەکانی خۆشدەوێ ، چونکە هیچ یەکێک لەو هەستانە ، لەم کیژەدا بەدی ناکرێ ، کە خۆی ڕادەستی من کرد . ئەوم لەبەر گۆنگییەکەی خۆشدەوێ ، چونکە لەم ژوورەدا ، هەرچیەکم لە دەورە ، هەر هەمووی لە ڕادە بەدەر ، ڕوون و ئاشکرایە . من نیکلی گالارم لەبەر ئەو ژینگە پڕ هەراو هەنگامەیە ، پڕ ڕێگاو ڕێچکەیە ، ئەو ڕاگوزار ، سەروسیما ، ئەو عامودی گڵۆپ و ئەو بارانە خۆشدەوێ کە ئەو تیایاندا دەژی ، دەلەرزێ ، دێ و دەچێت . بۆیە خۆشمدەوێ چونکە نازانم کەی نان دەخوات ، کەی دەخەوێت ، چۆن بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوێ ، چۆن کەپووی دەسڕێت و نازانم ئایا نینۆکی پێیەکانی درێژن یان کورت و بۆیە خۆشم دەوێ چونکە بێکارو لە بەردەستایە . بۆیە خۆشم دەوێ چونکە گالار بۆ منی ئەفراندووە ، بۆیە خۆشم دەوێ چونکە هی منە ، بۆیە خۆشم دەوێ چونکە تەنیا بە نەمانی من نامێنێ .

کە بەراوردی ئەو خەون و خەیاڵە دەگەڵ ئەم ژیانە هیچەدا کە تیایا دەژیم ، دەکەم، تووڕەییەکی کوت و پڕو سەیر باڵم بە سەردا دەکێشێت ! دەنگی پێی نیکل لە ڕاڕەوەکەوە دێت . هاکا خۆی بە ژووردا کرد و بە دەم وچاوە وردیلەکەی ، جەستەی بچووک و قەڵەوی ، بە جم و جۆڵی زیتەڵ و زیندووی ، هەموو شتێک پایەماڵ دەکات . ئاخر من چۆن دەتوانم لە گەڵیا بەختەوەر بم ؟

گالار ، بە هەر کوێیەکدا ڕۆیی بێ ، خاک و خۆڵەکەی سووتاوە ، بووە بە سووتماک ، بەردەکانی دەرکەوتووە . دەم وچاوەکان تا سەر ئێسقان ڕووتاونەتەوە ، هەوا لە کەڵک کەوتووەو بۆ هەناسە نەشیاوە ، هیچ شوێنەوارێکی شادیی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتووە . ئەو کەسانەی گالار بەکاری بردوون ، لە جەوهەر وخودی خۆیانی ، بە تاڵ کردووەتەوە ، قاوغی بۆش و بە تاڵن ، مۆرکی خۆی پێوە ناون ، ئەوانە ئیدی ناتوانن خۆشی و بەختەوەری ببەخشن . سوزان ، نیکل ، من نامەوێ و ناتوانم پیاوی دووەم بم لە ژیانی واندا ، نامەوێ ئەو پاشماوە ژەهراویە کۆبکەمەوە کە لە گالار بەجێماوە .. نامەوێ ببم بە میراتگری ئەو . نیکل وەژوورکەوت ، شەپقەکەی لە سەر موغەیرییەکە دانا ، ئەوسا گوتی : – پەحا لە قەرەبالغی میترۆ ! تووشی ژانە سەر بووم !

سەرم وەرگێڕا . ژاڕۆ نیکل .

**

دەبێ سوزان لە شانتللی گەڕابێتەوە ، دەبێ بڕۆم بیدینم تا هەندێ پرسی دارایی لە گەڵدا ببڕێنمەوەو لێی جیاببمەوە و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لەو پیاوە بکات کە ئەو ناسی و من بە نەفرەتی دەکەم . زەرورەتی ئەم دوا دیدارەم بۆ نیکل شەرح کرد . دەستی بە گریان کرد ، دانیشتبوو بلوزێکی سپی چکۆلەی گوڵدۆزی دەکرد ، لە ناکاوا ڕوندک لە چاوانی هاتە خوارێ . گوتی : – یانی ئیدی ناگەڕێیتەوە !

- با ، دەگەڕێمەوە ! .. قسەی بەلاش ! هێز نییە لای سوزان بم هێڵێتەوە ! هێز نییە ! گوێت لێیە ؟

ئاهێکی هەڵکێشا . موستیلەکەی کرد بە سەری قامکییەوەو پشتی دانەواندو دەستی بەکارەکەی کردەوە . من بە ناو ژوورەکەدا کەوتمە هاتوچۆ ، لە لاوازی ئەو و لە سۆزوگودازی خۆم بێزار و تووڕە بووم . ئیدی وەک ئەوەی بمەوێ قەناعەت بەخۆم بێنم ، دەمگوت و دەمگوتەوە :

- هەموو شتێک بە شێوەیەکی ئاسایی دەبڕێتەوە .. سوزان ، کەسێکی زۆر لۆژیکییە .. ڕۆیشتنی من بۆ ئەو سەرسووکییە ، حەزیش دەکات ...

هەڵوەستەیەکم کردو ئەوسا گوتم : - ئەمشەو دەڕۆم .

نیکل گوتی : - بە دڵی خۆت ، چۆنت پێخۆشە وابکە !

و دوو بارە دەستی بە گریان کردەوە .

# فەسڵی پازدەیەم

سۆزان پێی گوتم :- تۆ ئازادی لەوەی هەرکارێکت دەوێ بیکەی . دوێشەو کە هاتمەوەو ماڵەکەم بە چۆڵی بینی هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت . تەنانەت وام مەزەندە دەکرد دەگەڵ ژنێکای . بەڵام وێڕای ئەوەش ، دەمزانی کە دەگەڕێیتەوە تا خوا حافیزیم لێبکەی ، بە درێژایی ڕۆژەکە چاوەڕوانم کردیت .

دەموچاوی باریک ولاواز ، وشک و سارد بوو ، هیچ جدییەتێکی پێوە دیار نەبوو . ڕاستەو ڕاست دەیڕوانییە دوڕ چاوم ، هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەرچاوم ، لێوەکانی بە ئاستەم دەبزوان .

دووبارە گوتی :- چاک دەزانم تۆ بڕیارت داوە کە وازم لێ بێنی ، من ئەمە دەزانم ، چونکە وەکو جاران خۆشت ناوێم ، بەڵام بە دوورکەوتنەوەت لە من ، ئومێدی ئەوەت نامێنێ درێژە بە کارو پیشەکەت بدەیت و من ناتوانم ئەم مەسەلەیەت لێ قبووڵ بکەم !..

بە دەنگی بەرزگوتم :- درێژەدان بە کار و پیشەم ؟ بەڵام بەچی درێژەی پێبدەم ؟ من بەخۆم توانای نووسینم نییەو نامەکانی گالار ...

- نامەکانی گالار ؟

- بەڵێ ، تۆ ئامادەیت نامەکانم وێدەی !

- بەڵام لەم ماوەیەدا ، بیرم لەو مەسەلەیە کردووەتەوە. .

سۆزان ، بزەیەکی ناسکی بۆ کرد ، دەستم کەوتە لەرزین . لە بن لێوانەوە گوتم :

- مەبەستت چییە ؟

- مەبەستم ئەمەیە کە ئەگەر لە گەڵمدا وەمێنی و دوو بارە داوا بکەیت کە نامەکانت بدەمێ ، لەگینە بە کەماڵی ئارەزوو بتدەمێ .

- چی ؟

حیرەت و حەپەسانێکی کوشندە باڵی بە سەرمدا کێشا . بە جۆرێ چاوم بڕییە ، چاوانی ئەو ژنە گۆنگ و ئاڵۆزە ، لەزگ بوو چاوانم دەرپۆقن . بۆچی لە سەرەتادا نامەکانی نەدابوومێ و هەنووکە خۆی پێشنیازی دەکرد کە بمداتێ ؟

بۆچی خواخوای بوو بڕۆم و لێی دووربکەمەوەو ئێستا دەیەوێ بمێنمەوە ؟ ئایا پێی ڕادەبواردم ؟ ئایا ڕاستگۆ بوو ؟ چ گەمەیەکی بە دەستەوە بوو .. لە بری ئەو لوتف و نەرمکێشیەی خۆی ، چی لە من دەویست ؟

گوتم :- لە مانای قسەکانت تێناگەم !

- تۆ زۆر سەیری گیانە ! من ڕای خۆم گۆڕیوەو تەواو . دوای ئەوەی کارێکی وامکرد کە کتێبەکەی گالار بە نێوی خۆتەوە بڵاو بکەیتەوە ، ئیدی هەقی ئەوەم نییە ، وازت لێبێنم بە تەنیا لە سەرکەوتنەکان و لە ناکامیەکانتا لەقەفرتێ بکەێ . من لە سەرمە ، ئەوەندەی بتوانم ، لە هەنبەر هەر هەستێکی بێزاری و پەشیمانیدا یارمەتیت بدەم

دەنگی ، لەو ژووره کپ و بێدەنگەدا ، زایەڵەو دەنگدانەوەیەکی لە ڕادە بەدەر ، درۆینەی هەبوو . سوزان لە ناوەندی ژوورەکەدا وەستا بوو ، لە بەر تیشکی گڵۆپەکەدا ، چەناگە تیژە سێ گۆشەکەی ، سەری کەپووی و کەوانی برۆکانی زەقتر دەر دەکەوتن . لەبەر ئەم ڕۆشناییەدا وەکو ئەکتەرێکی درێو و نەفرەت ئەنگێز دەردەکەوت و خۆی دەنواند و درۆی دەکرد ، درۆی دەکرد ، دڵنیا بووم کە درۆی دەکرد . گوتی : - نامەکان لە خزمەتودان .

خەریک بوو مێشکم تێکدەچوو ، هەستم دەکرد باتڵاخ و زەلکاوێکی زۆرم بڕیوەو لە دوا قۆناغدام . ئیدی توانای بیرکردنەوەو قسەکردنم نەبوو . تەنیا بەعادەت دەژیام ، خووم بە ژیانەوە گرتبوو . بۆڵاندم :

- نامەکان بۆ خۆت هەڵبگرە .. من نامەوێن!.

هەستم کرد کە هەموو بەشە شەڕانیەکەی بوونم ، بەگژ ئەم بۆ چوونەمدا دەچنەوە . سوزان گوتی :

- بوویت بە کەسێکی زۆر سەر سەخت !

- نا ، بووم بە کەسێکی ئابڕوومەند .

- ئینسان لە شەو و ڕۆژێکا ناگۆڕێت

- ئاخر هەڵەکەت لەمە دایە !

- پێموایە ماشقە تازەکەت جادوو بازە.

گوتم :- بەڵێ وایە .

سوزان ، جگەرەیەکی دەرهێنا ، پێی کرد ، دەنکە شقارتە داگیرساوەکەی خستە ناو تەپڵەکەکەوە . من خۆ بە خۆ ، کەوتمە تەمەشاکردنی ئەو گڕە زەردە بچووکەی ، کە لە دەنکە شقارتەکەوە بەرز دەبووەوەو بە دەم سەماوە بەرەو خامۆش بوون دەچوو . سوزان ، دووکەڵی جگەرەکەی ، لە شێوەی بازنە دا ، بەرەو میچی ژوورەکە دەردا .

گوتی :- حەیفێ .

هەستم بە سەرگەردانی و گومڕایی خۆم دەکرد ، دەتگوت ئەم ژنە هەموو شەیتانە کۆنەکانی لە ناخما بێدار کرد بووەوە : بەرزە فڕی و تەماعکاری و چاوچنۆکی ، سستی و بێ ئیرادەیی ، تینویەتی ناو و شۆرەت ، ناوبانگی کۆمەڵایەتی .. لە بوونما بێدار کردبووەوە.. هەموو شەیتانەکان لەوێ بوون ! تاقە یەکێکیان دوا نەکەوتبوو . ئەمانە ، لە دوامەوە دەیان لوراند ، خەریک بوو زیڕەم دەکرد ، دەنگیان دەنگ نەبوو ! وەکو گەردەلوول ، لوولی دەدام ، گێژی دەکردم . سۆزان گوتی :- قەبووڵی بکە .

خۆم لە بەردەم ئەم تەماحەدا گرت ، بەڵام چۆن خۆ ڕاگرتنێک . خەریک بوو سەراپام لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە لە بن لێوانەوە گوتم :

- هیچم لە تۆ ناوێ . دەڕۆم ، بەجێت دێڵم .

- لە بەرچی بەجێم دێڵیت ؟ باشە بیرت لەوە کردووەتە کە ژیانت لە دووری من ، دوور لە شۆرەت و سەرکەوتن ، چۆن دەبێت ، چی لێدێت ؟

- دەگەڕێمەوە بۆ راتاپلان .

- ئافەرین ! ئەو کاتە دەبی بە پیاوێکی چکۆلە ، بێ تەماح ، جل وبەرگ شڕۆڵە ، شڕو شەپڕێو ، بە قەناعەت و قاییل بە کەم . پابەندی پرەنسیپە ئەخلاقیە وشکە خانەوادەییەکان . ژیانت لە گومناویدا بە سەر دەبەیت ، دەخەرەفی ، ماندوو دەبی ، لە بێتاقەتیدا دەمریت . ڕۆژێ لە ڕۆژان ، ئەگەر هۆش و گۆشێکت بە بەرەوە بمێنێ ، کە تەمەشایەکی ئەو ژنە بکەیت کە لە بەر خاتری ئەو چاوپۆشێت لە شورەت کردووە ، لە داخ و کەسەردا شەق دەبەیت ، بە هۆی ناکامی کارو پیشەکەتەوە ، بەهۆی ناوبزری خۆتەوە ، گلەیی لەو ژنە دەکەیت ! ئیدی پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت ، فرمێسکی خوێنین بۆ ئەو کەرێتیە گەورەیە دەڕێژی کە کردووەتە ، هەنگێ خۆزیا دەخوازی کە بۆلای من بگەڕێیتەوە .. بەڵام بێهودە ...

به ترسەوە گوێم لەو دەنگە تیژە دەگرت و هەر وشەیەکی برینێکی تازەی تێدەکردم . سوزان ، هەموو ئەو شتانەی دەگوت کە ترسیان دەخستە دڵ و دەروونم و هەراسانیان دەکردم . دەستی دەخستە سەر پەنهاترین زامم و دەیکولاندەوە . بە دەنگێکی بەرزتر گوتی :

– کەمێک بیر لەو شتە بکەوە کە پێشکەشتی دەکەم ! ئەمەکتێبێکی تازەیە ! ئەوجا کتێب نەگاڵتە ! وێنەت لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبێتەوە!. . ناوت دەکەوێتە سەر زاران .. شۆرەت ، ناوبانگ پەیدا دەکەیتەوە! .

سۆزو گودازێکی شێتانە ، دەم و چاوی هێنابووە جۆش . بە قژی پەرێشان ، چاوانی درەخشان ، و لێوی تەرو نمدارەوە ، لە گەڵ خۆیدا بۆ دنیای خەونانی جوانی دەبردم . گوتی :

– جاک ، خۆزیا ئەم نامانەت دەخوێندەوە ! .. بە ڕاستی نامەی زۆر جوان ! زۆر سەنگینن ! هەر هەموویانم هەڵگرتووە ! درێژەی یەکترن ، هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوەی پێش خۆیەتی!. غەزەب ، لە چاو ئەم نامەدا ، هیچ نییە ...

لە بن لێوانەوە گوتم :– بێدەنگ بە ، بێدەنگ بە .

– نا .. بێدەنگ نابم .. چونکە هەستدەکەم دواوتەتە باریکی ، خەریکە دێیتە ڕەداو بۆ لای من دەگەڕێیتەوە .. جاک سوربییە !.. کتێبە تازەکەی جاک سورییە! ..

ئازای بە دەنم کەوتە لەرزین . بۆ ساتێک ، وێنەی نیکلی وردیلەو ئارام و قژزەرد ، کە چاوی بڕی بووە سەعاتەکەو ، پارچەیەک قوماشی بە دەستەوە گرتبوو وبیری چوو بوو گوڵدۆزی بکات و، چاوەڕوانی گەڕانەوەی من بوو ، بۆ ساتێک هاتە بەر چاوم . بەڵام نیکل زۆر لە منەوە دوور بوو ! نیکل لە چاو سوزانی ، هارو هاج و دەماوەردا ، ژنێکی زۆر بێ دەسەڵات وبێ هەست وگیان دیار بوو . هەر بۆ ئارام بوونەوەی ویژدانم ، دووبارە گوتم :

– هەر ئێستا دەڕۆم ....

ئەرزەکە لە ژێر پێما دەگەڕایەوە . گێژاوی کابوسێکی ترسناک خەریک بوو قووتی دەدام . سەرم پڕ بوو لە هاڕەو هاژە و ڕوناکی . هەستم بە لەزەتێکی زۆر دەکرد ، لەزەتم لە شتی خۆم دەبینی . تەواو گۆڕا بووم ، ئیدی خۆم نەبووم ، بوو بووم بە کەسێکی دی . بەڵێ .. بەڵێ .. هەق بە سوزان بوو . دەبووا ئەو کتێبەم چاپ و بڵاو بکردباوە . دەبوو درێژە بەپیشەکەم بدەم ، بە تایبەتی کە بە شێوەیەکی زۆر باش دەستم پێکرد بوو . دەبوا خۆم لە سەرووی گەرداوی پەشیمانی ویژدانەوە دابنەم . خۆ ئەگەر گەورەپیاوان ، لە گوناح وتاوان سڵیان کردباوە ، ئیدی کەڵە پیاوان لە دنیادا نە دەبوو . هەموو گەورە پیاوان ، لە گوناح و تاوانەوە دەستیان پێکردووە ، پاشان

که له کارەکانیاندا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە ، ئیدی خەڵکی لێیان خۆشبووە . سەرکەوتن شفاعەتم بۆ دەکات ، لە بەردەم خۆما شەفاعەتم بۆ دەکات . خۆ سەرکەوتن لە ئێستاشدا بووەتە مایەی بەخشینم ، من بەخشراوم .

ئەدی تەگبیری نیکل چیە ؟ چەند کەر بووم ، دەمویست بایەخ بە ژنێکی خەیات بدەم ، لە حاڵێکا ئایندەی خۆم لەمەترسیدا بوو ؟

ناوی من ، ناوی من بە پیتی درشت لە سەر بەرگی کتێبان و لە رۆژنامان و لە سەر تابلۆی بانگەشەو ئاگاداریان ! ئارەزوویەکی وای لەناخما بێدار کردبووەوە ، حەزم دەکرد بە هەر نرخێک بووە ، ببمە مایەی ئافەرین و ستایش . لەزگ بوو ، لە غروورو شازیدا لە هۆش خۆ بچم . چاوم نوقاند . دڵم بە توندی کەوتە لێدان ، خەریک بوو لە گەروومەوە بێتە دەرێ . سوزان گوتی :- ئێ ، دەڵێی چی ؟

لە بن لێوانەوە گوتم :- قەبووڵ دەکەم . قاییلم.

سۆزان خۆی قیت کردەوە ، پرشنگی سەرکەوتن لە چاوانی بووەوە. گوتی :- دەمزانی.

پاشان بە ئەسپایی لە ژوورەکە وەدەرکەوت . بە بەستەیەک نامەوە گەڕایەوە ، بە ستەیەکی گەورە بوو و بەپەتێکی ئەستوور بە سترابوو . بەستەکەی خستە سەر ئەژنۆم و گوتی :- ئەمەش نامەکان .

بە سەر ئەو کۆمەڵە کاغەزەدا ، کە زەرد هەڵگەڕابوو . دانەویمەوەو بە دوو دەستی لەرزۆکەوە ، کەوتمە هەڵسەنگاندنیان و لە بن لێوانەوە گوتم :- بەڵێ .. بەڵێ .. کتێبێکی جوانی لێدەردەچێ .

لە هەمان کاتدا هەستم بە کمی و بە سەرکەوتن دەکرد . هێڵنجێکی تاڵ دەمی پڕکردم . بەترس وشەرمەوە پەتەکەم داماڵی ، چەند نامەیەک کەوتنە سەر فەرشەکە . کاغەزی شین و زەردو قاوەیی بوون ، بە هەمان خەت نووسرابوون ، خەتی ئەو پیاوە مردووە ، نامەکانی ئەو پیاوە مردووەم بە دەنگێکی نەوی خوێندەوە :

" سوزان ، ئازیزەکەم.... "

نیگەرانییەکی شووم هەناسەی سوارکردم . گالار ، ئەم وشانەی لە ساتێکی تەژی و سەر ڕێژ لە ئەشق و دڵنیایی دا نووسیبوو ، من بە دەستە زەلام و ناقۆڵاو لەرزۆکەکانی خۆم ، کە لە دەستی دز دەچوون ، ئەو وشە موبارەکانەم دەسکاری دەکرد ، دەم لەوتاندن ، دوایەمین ، بەری بیری ئەوم دەدزی . ئازیزترین گەنجینەی سۆزی پەنهانی ئەوم تاڵان دەکرد . هیچم بۆی نەدەهێشتەوە ، گسکم لێدەدا . بەڵام سوزان کە بوو بووە مایەی هەموو ئەم ئیعترافانە ،

خوێنسارد وبێ موبالات ڕاوەستا بوو و تەمەشای ئەم دوا دزییەی دەکرد . دووبارە ترس وەکو پەردەیەک لە پشتمەوە کرایەوە . دووبارە هەستم بە قورسایی عەزابی ئەو دنیا لە سەر شانم کرد . سەرم لەقاندو گوتم :

- سوزان .. بۆ چی تەماحم دەخەیە بەر ، بۆ هانم دەدەی ؟ بۆچی بۆ تاوانێکی تازەم هاندەدەیت ؟

- چونکە دەمەوێ ، لای خۆمت گل بدەمەوە .

- یانی خۆشت دەوێم ؟

سوزان ، بە دەم بزەیەکەوە گوتی :-لەوەیە ...

- باشە وێڕای هەموو ئەو کارانەی کە کردوومن ، وێڕای هەموو ئەو کارانەی کە ناچارت کردم بیانکەم ، لێم بێزاری نیت ، قێزت لێم نابێتەوە ؟

- نازانم ....

- ئەدی ئەو ؟ بیر لەوە ناکەیەوە بەم کارانەمان روحی عەزاب دەدەین ؟

سوزان ، کەوتە لەرزین ، چاوەکانی ئەبڵەق بوون ، گوتی : - باسی ئەو مەکە .

- تۆ بۆیە دەت بوغزاندم چونکە لەو دواییانەدا ، سیماو ڕوخساری ئەوم وەرگرتبوو . چونکە حاڵەت و ڕەفتاری ئەوم دزی بوو . نەتدەویست من ببینی ، چونکە وات هەستدەکرد ، کاریکاتۆری گالارت لە بەردەم خۆتا دەبینی ... بۆیە منت دەردەکرد ، چونکە من تاپۆیەکی زندووی ئەو بووم ، ئەوم بیر دێنایتەوە. بەڵام ئێستا ....

شانەکانی ڕاجفرین ، سەری لە تاریکیەکەدا دانەواند بوو . بەڵام من دەنگی هەناسەیەم دەژنەوت کە بەزەحمەت دەهات و دەچوو . گوتی : - ئێستا پێموایە ناتوانم دەست بەردارت بم ، ڕێک لە بەرئەوەی . ئەوم بیر دەخەیتەوە . تۆبڵێی بەبێ ئەوەی بەخۆم زانی بێ ، خۆشم ویستبێ ؟ تۆ بڵێی لە بەر ئەوە ناچارم کردبیت کتێبەکەی ئەو بە ناوی خۆتەوە چاپ و بڵاو بکەیتەوە . تا واهەست بکەم ئەو زندووەو هێشتا لە گەڵمدایە ؟ ... نازانم ... پێدەچێ شێت بووبم ... بەڵام ئەم بیرۆکەیە ، لە ماوەی جودایی ئێمەدا بە رۆکی گرتم و ئیدی ناتوانم لە مێشکی خۆمی دەربکەم....

بە زەحمەت گوێم لە قسەکانی دەبوو . وام وێنا دەکرد دەگەڵ خۆیدا دەدوێ . لە سەری ڕۆیی :

- بەڵێ ، بەڵێ ، مەسەلەکە ڕێک وایە ، من نەمدەزانی کە خۆشم دەوێ ، نەمدەزانی پیاوێکی ئەوەندە مەزنە . تەنانەت لە کاتی مردنەکەشیا ، نەمزانی بە ڕۆیشتنی ئەو چ شتێک لە دەست دەدەم . سەرکەوتنی کتێبەکەی ئەو ، یان کتێبەکەی تۆ ، بەرەبەرە بەرچاو ڕوونی پێبەخشیم ... هەمووان ، ستایشی تۆیان دەکرد و منیش ، بە دزییەوە ، بۆلای ئەو دەگەڕامەوەو هەموو ئەو ئافەرین و ستایشانەم ، بە سەر ئەودا هەڵدەدا . تۆ زیاتر شۆرەتت پەیدا دەکرد ، ئەو لای من گەورەتر دەبوو ، کەس جێگەی پڕ نە دەکردەوە ! دەبوو بە مەعبودم ! خۆشەویست تر دەبوو ! .... خودایا ! چەند سووم لەم بێدادیە خوارد ، چەند گریام ! .. چەند بەغیلیم بە شانس و یەغباڵی تۆ دەبرد ، چەند ڕەقم لێت بوو !..

- سوزان ..

- وازم لێ بێنە ، وازبێنە با هەموو شتێک بڵێم . بەڵێ لە تۆ بێزارو وەڕز بووم ، ڕەقم لێت بوو و ، ئێستا دەمەوێ لە لام بمێنیتەوە ، چونکە تۆ وێڕای هەموو شتێک ، بەوەوە پەیوەستی و تا ڕادەیەک خودی ئەوی ... تۆ لێرەی ... لە نزیکی من ... نامەکانی ئەوت بە دەستەوە گرتووە ... کارەکەت گەیاندووەتە ئەوەی ، وەکو ئەو جلی ڕەش لە بەردەکەی و ، وەکو ئەو قۆڵۆنیاو بۆنی ، لە ئاوی سمڵ و مێخەک بە کار دەبەی ... و دەنگت ، دەنگت .... هەرچەندە ئەمە گەوجانەیە . بەڵام هەندێجار بیرم دەچێ کە تۆ هاونشین و هاودەمی منیت. دەمەوێ بانگت بکەم : جورج ، جورج ..

ئەم ئیعترافە ، هەناسەی تەنگ کردم . بە پەستیەوە پرسیم : - ئاگات لێیە ، قسەکانت چەند ڕەق وناخۆشن ؟

ناڵەیەکی کردو گوتی : - جاک ، ئازارم مەدە، من کەسێکی زۆر کڵۆڵ و نەگبەتم ..

ئەم جارەیان ڕاستگۆ بوو ، ئەمجارەیان تا سەر مۆخ ، تاقولایی ناخ ، خۆی بۆ من ئاشکرا دەکرد ، گومانم لەوە نەبوو . بە کردەگی دنیام جەڕپاندبوو ، بەڵێ .. بەڵێ ، هەنووکە هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا بوو ، من بۆ سوزان و بەلای سوزانەوە ، تەنیا بووکەڵەیەک بووم ، بە شێوەی گالار ، تەنیا ئەوزارێک بووم بۆ وەبیر هێنانەوەی ئەو ، جا لە بری ئەو نامانەی کە پێی دابووم ، داوای لێدەکردم ئەو ڕۆڵە بدینم . دڵم پڕ بوو لە عیب و شوورەیی ، لە ڕق و کینە . هاوارم کرد :

- دەتەوێ بەم نامانە بمکڕی و دەمکوتم بکەی ؟ دەتەوێ دەرفەتی سەرکەوتنێکی تازەم بدەیتێ و نیازتوایە لە بری ئەوە بکەومە لێبۆکبازی . دان وسانم دەگەڵ دەکەی ، وایە ؟ ها ؟ وەڵام بدەوە ، دەی وەڵام بدەوە! .

توووند مەچەکی دەستیم گرتبوو ، زۆر بە داماوی گوتی :

- نازانم جاک ، من بیرم لەم شتانە نەکردووەتەوە .. دەمەوێ تۆ لە گەڵما بمێنیتەوە ، هەر ئەوەندەو بەس ! ... من پێویستم بە تۆ هەیە !.

- پێویستت بەمنە ، یان بەوە ؟

- بەتۆ .. بەو .. چ فەرقێ دەکات !

قژەکەی بە سەر دەم و چاویا ڕژا بوو ، هەموو بەدەنی لە دەستی مندا جگە لە جەستەیەکی خاو، جگە لە کۆمەکا گۆشتی بێ ماسولکە دەمار، جگە لە جەستەیەکی بێ گیان هیچی دی نەبوو ، پاڵێکی توندم پێوەی ناو لە خۆمم دوورخستەوە . بەمنگە منگێک گوتی : - جاک ، لە لام دەمێنیتەوە .. جاک ..

گوتم : - بەڵێ .. دەمێنمەوە .

بە مەلوولییەوە ، بزەیەکی ساردی کرد . سپیاوەکەی دەم و چاوی ، پەڵە پەڵە تەڕ بوو بوو . ماتیکەکەی دەوری لێوی تواوبووەوەو بە دەم و لێویا هاتبووە خوارەوە ، لە کچۆڵەیەکی داماوی کوتەک خواردوو دەچوو ، پیس ، بۆن ناخۆش ، حەیوانی و نەفرەت ئەنگێز بوو بوو .

چەند بەزەیی و سۆزی دەبزواندم . ئەوەندەش بێزاری دەکردم و داوی گۆرەوییە نایلۆنەکەی دەرهاتبوو ، نووکی قامکی تەڕکردو لە پێی کرد . بزەیەکی سارد کەوتە سەرلێوی و گوتی :

- جاک ، چۆن سوپاست بکەم ؟ چۆن چاکەت بدەمەوە ؟

- بەوەی بۆ ماوەی یەک سەعات بە تەنیا لەم ژوورە بەجێم بێڵی.

- دەتەوێ چی بکەی ؟

- دەمەوێ بیرکەمەوە !

مۆڕەیەکی توندی لێکردم و تەنانەت بە قامک هەڕەشەی لێکردم . ئیدی نەمدەتوانی بەبێ نەفرەت و بێزاری تەمەشای بکەم . گوتم : - برۆ .

ئەنجام ژوورەکەی بەجێهێشت .

***

سوزان ، وەدەرکەوت ، ئێستا من بەتەنیام . لە بەرانبەر ئەم مێزەدا وەستاوم ، کە جۆرەها ئومێد ، جۆرەها گومان و دوودڵی ، جۆرەها هەڵچوون و تووڕەبوونم لە بەردەمیا جەرپاند ، مێزێک کە رێکەوت بۆ دواجار هێناومیەتیەوە بەردەمی . سوزان لە ژوورەکەی تەنیشتەوە جلەکانی دادەکەند . دەنگی ئامیرانەو تەقریبەن سەرکەوتووانەی هاتە گوێم ، گوتی : – جاک من دەچمە ناو جێوە ، نایەی لەگەڵم بخەوی ؟

گوتم : – با .

ژارۆ سوزان ! فەقیر ، بە ڕاستی وا تەسەور دەکەی دوای ئەو قسانەت ، دەتوانم لە گەڵتا بمێنمەوە ؟ دەتوانم لێرە بمێنمەوە ؟ تەسەور دەکەی دەتوانم ئەوە قەبووڵ بکەم ، کە بۆ تۆ تەنیا سێبەرێکی گالار بم و تەواو ؟ تەسەور دەکەی دەتوانم چاوپۆشی لە خۆم بکەم ، لە پێستی پیاوێکی دیکەدا قسەت لەگەڵ بکەم ؟ و گوێت لێبگرم کە بڵێی : " گالار چاکەتێکی تەنگتری لەبەر دەکرد ... جۆرج حەزی لە شەرابی سوترن نەدەکرد ... جۆرج ڕەقی لە کۆمیدی و پەندی پێشینان بوو .. حەزی لەمە بوو ... ڕەقی لەوە بوو" چ گاڵتە جارێکە ئەمە ! و پاشان کە بە تەواوەتی شێوەی ئەوم وەرگرت ، لە قاقای پێکەنین بدەیت وبڵێیت : " ڕێک ئاوها بوو " و پاشان کە دنیا تاریک دەبێت ، تۆ لە پەنای منەوە . لەمیانی منەوە ، ئاشقێنی دەگەڵ ئەو تاپۆیەدا دەکەیت کە من نوێنەرایەتی دەکەم ! هەڵبەتە کاتێ ئەمەم قەبووڵ کرد ، ئەم دەورەم بینی ، مەگەر خوا بزانێ لە دڵی خۆتا چەند بەکەمم بزانی . خەیاڵت خاوە مل بۆ ئەم گەمە خەمناکە بدەم ! تۆ دەبێ چەند من بەسووک بزانی ، کە جورئەت دەکەیت ، ئەم قەرارادە پڕ فریوەم بۆ پێشنیاز دەکەیت !

دەزانم ، دەزانم ، ئەم نامانە لە ئارادایە ، چاپ و بڵاوکردنەوەیان شۆرەت و شانازی تازەم بۆ پەیدا دەکات . دووبارە ناوم دەکەوێتەوە ناو ناوان و سەر زاران ، هەڤپەیڤینم دەگەڵدا دەکەن ، وێنەم لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە . دەبم بە ئەستێرەی پرشنگدار، دەبم بە ناوی ڕۆژ ، خۆشەویستی جەماوەر ... تیشکم دەخرێتە سەر ... و جۆرەها خەیاڵ .. بەڵام تۆ کە سەرکەوتنی گالار بە سەرمندا دەبینی ، ختوکەت دێ و بسکەی سمێڵت دێت و لە کەیفان لە پێستی خۆت ناهێوری .

نە ! نە ! سوزان ، من دەمەوێ لە بەر خاتری خۆم خۆش بویستریم ، گەرەکمە بۆ خۆم و بە خۆم بژیم ، شکۆ و سامانی گالار هەرچیەک و هەرچۆنێک بێ ، من هەژاری و نەداری خۆمم پێ پەسەندترە . هەر مرڤێک بگرێت ، کبریا و مۆرک و جەوهەرێکی سروشتی خۆی هەیە کە ناتوانێ دەستبەرداری بێ . لە ژێر کەڵەکەی چاکە و خراپەی هەرکەسێکدا ، بوونێکی قووڵ هەیە ، کە لە هەر خۆشەویستی ، هەر ڕق و نەفرەتێک ، لە هەر ئەندێشەو بیرێک ڕەهایە ، لە هەر فکرێک هێوەترە . ئەم کبریاو بوونە قووڵە ، وەکو پشکۆیەکی بە گڕ و گەرم ، پتەو و گەرمە ،

نیشانەیەکی تایبەتیە کەخوا لە منیا داناوەو من لە خەڵکانی دی جیا دەکاتەوە . من ناتوانم خیانەت لەم مۆرک وشەقڵە بکەم ، دەستبەرداری ببم ، ناتوانم بیگۆڕم یان لە خۆمی داماڵم ، مەگەر بە مردن ، وانییە ؟ من ئیستا لەم .. خاڵە تێدەگەم ، هەڵبەتە دوای ئەوەی کار لە کار ترازاوە . بەڵام سەرەنجام ئیدی دەزانم کە لەمەدا هەڵە نیم .

وازبێنە با بە تەنیا بم . هەر شانازییەک لە خودی خۆمەوە هەڵنەقوڵێت ، دەبێت بە بار بەسەر شانمەوە . هەر ساتێک دوور لە خۆم بە سەری بەرم ، ساتێکی بە فیڕۆ چووە . حاڵی حازر هیچ شتێک لەوە جوانترو خۆشتر نییە کە خۆم وەدەست بێنمەوە . ببمەوە بە خاوەنی خۆم . ئیدی کەس نەوازشم ناکات ، مەدح و ستایشم ناکەن ، ناوم فەرامۆش دەکەن ، بەڵام چ قەیدیە ! بەس نییە بە تەنیا لەگەڵ خۆما دەبم ، دەگەڵ خۆمدا دەژیم ، وەکو پیسکەیەک لە ژوورێکی تاریکدا ، بەڵام خۆم حوکمی سەرانسەرەی ئەم ژوورە دەکەم . بێگومان لە ڕوانگەو تۆڕینی خەڵکانەوە بێ تواناو بێ بایەخ دەنوێنم ، بەڵام لە ڕوانگەی خۆمەوە ، هاوتای شازادەیەک ، پێشە وایەک و هاوتای خواوەندێک دەبم و دەنوێنم .

سوزان ، هەوڵبدە تێبگەی کە من دەتوانم خۆم بە سەر گالاردا پەسەند بدەم . هەوڵبدە تێبگەی کە من ببم بە گالار ، وەکو ئەوەیە دەستبەرداری ئەسڵی خۆم بم و بەوە ڕازی بم ببمە سێبەر . هەوڵبدە تێبگەی کە ڕوحی من تەنیا تا ئەو کاتە بە شکۆ و بێ هاوتایە کە هی خۆمە . بە خۆما ڕۆدەچم ، بە هەموو تەنیاییەکی خۆمەوە هەڵسوکەوت دەکەم ، ئەمە سەرمەستی و لەزەتێکی دەگمەنە !

هەست بە شانازی دەکەم کە لە هنری ، ئالبیر یا شارل ، یا ئەوەی کە خەڵکی تەسەوری دەکەن ، جیاوازم .. ئیدی بە هەموو هەستێکی خۆش و ناخۆشەوە خۆمم و خۆم و خوای خۆمم و بەم شێوەیەی کە هەم ، بۆ خۆم جێی هەمووشتێک پڕدەکەمەوە .

لە کاتێکا ئەم دێڕانە دەنووسم ، دەلەرزم . بە دەستی چەپاو لە سەر مێزەکە ، بەستەی نامە بەنرخەکان دەبینم . ڕێگە بە خۆ نادەم کە ئەم نامانە بمکەن بە دوو لەتەوە . چۆن توانیم بۆ ساتێک بیر لەوە بکەمەوە کە ئەم کاغەزە شڕ وشوومانە پردێک لە نێوان من و تۆدا دروستبکەن .

دەستم لە نووسین هەڵگرت ، تا بە قامکەکانم نامەکان کۆ بکەمەوە . نامەکان وەکو بیرەوەرییەک ، وشک و سووک بوون . هەر هەموویانم بە سینگمەوە گرت ، بەو حاڵەوە لە موغەیرییەکە نزیک بوومەوە ، بارەکەم خستە ئاگردانەکەوە . بلەز ، بە ڕەفتارێکی ترس ئامێزەوە ، دەنکە شقارتەیەکم پێکرد و فرێم دایە سەر ئەم کۆمەڵە نامەیە . پاشان بە بازێک هاتمە دواوە . ڕێک وەک ئەوەی گڕەکە لە گالار بەر بوو بێ و ئەو بە ڕاستی دەیویست بە چنگ ، بە هاوارێک کە لە کانگای دڵییەوە دەردەچوو ، پەلاماری من بدات .

ئێستا لە بەردەم مێزەکەم ڕۆنیشتووم ، دەڕوانمە ئەم تۆپەڵە ئاگرەی کە هەرچی پاشماوەو شوێنەواری گالار هەیە دەیسووتێنێ . دەبینم کە دوا جێ پێی ئەو ، دوا شوێنەواری ئەو لەم سەر زەوییە دەسووتێ ، کوێر دەبێتەوە ، ڕەش دەبێتەوە ، لوول دەبێ ، گڕ دەگرێ و دەبێ بە دووکەڵ و دەچێ بە ئاسمانا . زەخیرەیەکی فراوانی ئەو بیرو ئەندێشانە دەبینم کە ڕەفزم کردن ، و ئێستا بە بەرچاومەوە ون دەبوو و نە دەما . دەبینم کە دوا هیوام بە شورەت و نێوبانگ ، گەوجانەو شکۆمەندانە لە دەست دەدەم . ئەم گڕانە چەند جوان و رەخشانن ! چ ڕوناکییەکی نایاب و خەمناک لەم کاغەزە شڕو تاریکانەوە بەرز دەبێتەوە ! بڵێسە سەندنی کاغەزەکان هێشتا بەردەوامە . لێک دەبنەوە ، بە سەر یەکدا لوول دەبن و گرژ دەبن و دووبارە ساف دەبنەوە . ئازار دەکێشن و ژیانیان دەگەڵ ئەو گورزە گڕە پیرۆز و ئاسمانیەدا ، ئاوا دەبێ ...

***

من کە ئەم ڕستانە دەنووسم ، لە هەنبەر ئەم فەسڵەدا کە لە تەواو بووندایە ، ترس لە ناخما بێدار دەبێتەوە . ترسێک کە وام زەن دەبرد لە بیرم کردووە . ئایا من ئەو مافەم هەبوو ، کە یادگاری ئەو ئەشقە پڕ جۆشە بسووتێنم و خەڵک و خواو دنیا لەم شاکارە نادیارە بێبەش بکەم و گەمە بە ژیانی کەسێکی دیکەوە بکەم ، وەکو ئەمەی کە ئیستا کردوومە ؟ ئایا من بە شێوەیەک لە شێوەکان بکوژ نیم ، دوژمنی زانست نیم ، خەراپکارێکی هۆڤی نیم ؟ لەبەر پرتەوی ئەم ئاگرەدا هەستدەکەم مەسئولیەتێکی ترسناک باری سەرشانم قورس دەکات .

حەزدەکەم بکەومە سەرچۆکان و حەوت چەلان نیشانەی خاچ بکێشم و بپاڕێمەوە تا ئەو چارەنووسە کارەسەتبارەی کە ئەفسوونم دەکات لە خۆم دوور بخەمەوە . خودایا ، تۆ چاک دەزانی ئەوەی من دەیسووتێنم شەیتانە ، شەیتانی بەرجەستە ، خودایا ! تۆ چاک دەزانی کە من هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو . خودایا ! تۆ لە گەڵ من و دژی ئەویت ، وانییە ؟ تۆ لە تۆڵەی ئەوم دەپارێزیت ! چونکە تا ئەو کاتەش کە نامەکان دەسووتێن ، ئەو هێشتا دەکارێت تۆڵەم لێ بسەنێ . نازانم چۆن . بەڵام دڵنیام کە دەتوانێت ! کەواتە پێویستە ئەم گڕە سست و خاوانە زیاتر بگەشێنمەوە ! بۆنی کاغەزی سووتاو ئەوکم دەگرێت . دەنگی چرکە — چرکی سەعاتەکەم بە جۆرێ دێتە گوێم کە ، دەڵێی ، مێروویەکی گەورەیەو خوێنی دەمارەکانی مەچەکم دەمژێ . وام دێتە بەرخەیاڵ کە گالار بۆ دواجار قسەدەکات ، بەسە ... بەسە !..

ئەمە چ گیانەڵایەکی خاوە ! دەتوانم گڵۆپەکە بکوژێنمەوە و لە بەر ڕۆشنایی گڕی لەزرانی ئاگردانەکە درێژە بە نووسین بدەم .

***

گڵۆپەکەم کوژاندەوە . گالار هێشتا ڕوحم روناک دەکاتەوە . پاشان شەو دێت ، هەنگی دەڕۆم ، هەنگی لە هەر یادگارێک کە ئەوم بیربخاتەوە ، هەڵدێم و دوور دەکەومەوە .

با لە دەوری ماڵەکە دەلورێنێ ، بڵێسەکان نەوی دەکاتەوە . بێدەنگی دەگاتە لوتکەو سەرانسەری بوونم کۆت و زنجیر دەکات . ژوورەکە وەنەوز دەدات و دووبارە بە دەم ڕوناکییەکی داد خوازانەوە ، بێدار دەبێتەوە .

سوزان ڕەنگە تۆ چاوەڕوانی ئەوەبی من بێم بۆلات ، بەڵام من وەکو دزێک لە سەر نووکی پێیان لە ماڵەکە وەدەر دەکەوم . بۆ کوێ دەڕۆم ؟ نازانم .. تۆ بڵێی بۆ لای نیکل بڕۆم ؟ بەڵام ئەویشم وەکو تۆ ، وەکو کتێبەکەم لە گالار دزیوە . وەکو هەموو ژیانم ، تا ئەم ساتی یاخی بوونە . ئیدی نامەوێ ، بە هیچ شتێک قەرزارباری ئەم پیاوە بم . باشە ؟ ئایا پەنا بۆ ژنێکی دیکە دەبەم ... ژنێکی نەناس ... یان پەنا بۆ کەس نابەم ؟ ...

کەمێکم پارە هەیە ، دەگەڕێمەوە بۆ گۆڤارەکە ، دەست بە کارەکەی خۆم دەکەمەوە . هەوڵدەدەم بە پشتوانی خۆم بژیم . هەوڵدەدەم لە گەڵ خۆما بەختەوەرو سازگاربم . پشوو درێژ و بەردەباربم .

سوزان ، کاتێ لە جیاتی ئەو گەنجینەیەی کە بەمنت بەخشی ، ئەم کاغەزە سووتاوانە بدۆزیتەوە ، مەگەر خوا بزانێ چ ئازارێک دەکێشیت ! چەند دەگریت ! بەڵام وێڕای ئەمەش ، خێر لەمەدایە ژنی داماو ، ژنە شێتەکەم ! کەس نازانێ خێر لە چیدایە ، تۆ گالارت خۆشدەویست ، کاتێ کە ئیدی من لە بەینتاندا نەمێنم ، کاتێ کە شایەدێکی بە کرێگیراوی ئەشق و ڤیانی ئەنگۆ نەبم ، تۆ ئەوت زیاتر خۆشدەوێ ، پڕ بە پێستی خۆی خۆشتدەوێ .

گڕی ئاگرەکە خەریکە دەکوژێتەوە . دەبێ پەلە بکەم و ئەم سەربهوردە تەواو بکەم . سوزان ، ئەم دەفتەری یاداشتەی کە لە لای تۆ دەستم پێکرد ، بۆ تۆ بەجێ دێڵم بیخوێنەوە . لێی ڕامێنە ، بیری لێبکەوە . تۆ چیرۆک و سەربوردێکی کارەساتباری تیا دەبینی ، کە ناچارم دەکات لە تۆ دوور بکەومەوە . دڵت بە حاڵم دەسووتێ و لەوەیە بمبەخشیت ، دڵت نەرم بێ و لێم ببوریت . دڵم بەم بیرۆکەیە خۆشە کە ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان لێم تێبگەیت و لێم ببوری ، بمبەخشیت .

ئاگرەکە لە ناکاوا کوژایەوە . گڵۆپەکەم هەڵکردەوە . هەموو شتێک بووە بە دووکەڵ و خۆڵەمێش ، ئەوە ڤیتارەکە تێدەپەڕێ و گەڕەکە لە دووکەڵ هەڵکشاوەکە دەلەرێنێتەوە .

دەیسا خواحافیز سوزان.

سەرچاوەکان :

١- نشر قطره . سرقت ادبی / هانری ترویا ، ترجمه مهوش قویمی چاپ اول : ١٣٨٤ .

٢ — المیت الحی/ تالیف هنری ترویات / ترجمه موسی بدوی / مطابع الاهرام التجاریه / رقم الایداع بدار الکتب / ١٩٧٢/٥٠٢٨ .

تێبینی : رۆژی ٢٠١٨/٦/٥ . لە سلێمانی / گەڕەکی چوارچرای نویێ ، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە ، کە بە شێوەیەکی بەراوردکاریانە ، لەو دوو سەرچاوەیەی سەرەوە کراوە بەکوردی . جا ئەگەر ئەمە کەم دابیژێک ، بوو بێتە هۆی ئەوەی کە هەندێ دەستەواژە وڕستە و پەراگرافی دەقە کوردییەکە ، لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێک نەکاتەوە ، ئەوا دەگەڵ دەقی دووەمدا تەواو تێکدەکاتەوە و پێچەوانەش پێچەوانەیە و بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەقە کوردییەکە کە ئەگەر لە هەردوو دەقە فارسی و عەرەبییەکە پوختەتر نەبێت ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەند و چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە .

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆک،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، بە فارسی، وەرگیڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک

٢٠- زنده خەون، كۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موكریانی

٢١- چیرۆكستان ،كۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی كەركوك

٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆكڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی كە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی كەركوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر كامۆ

---

٢٦- مەسەلەی كورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، د. كوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەكەم ٢٠٠٦

٣٠- كورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،كریس كۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ –كورد لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەكەم ١٩٩٨

٣٢- چینی كۆن، چ١ (           )دەزگای موكریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی — کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١ (٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ (١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ١،٢٠٠٤،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ١،٢٠٠٦دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١ (٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، (چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، ژمارە (٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆک، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوک

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم ()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، (جانتا) کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل ال×وت و ق×× اخرى، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارک توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی

٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆک بۆ مندالآن

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆک................کۆمەڵێک نووسەر

١٠٦- كۆكۆرۆ...............ڕومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆک بۆ مێرمندالآن /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ............حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق وەرەخنە)

١١٦- ڕۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە................حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠-پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی

١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی

١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف

١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی

١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جیرۆکی شاریک ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.

١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا